دیداری: ئاریان محەمەد



# زەکاتی ئەزموون

## گەڕان بەکونوکەلەبەرەکانی ئەزموونی (ستران عەبدوڵڵا)دا

دیداری: ئاریان محەمەد

زەکاتی ئەزموون

گەڕان بەکونوکەلەبەرەکانی ئەزموونی (ستران عەبدوڵڵا)دا

2021

گفتوگۆ لەگەڵ هەڤاڵو هاوپیشەم (ستران عەبدوڵڵا) کە خۆی هەم فەقێیەو هەمیش میرزا پڕ چێژە، چونکە ئەزموونی دەوڵەمەندو پڕ لە بەخششی ئەو لەناو میدیا، لەراگەیاندنی حزبەوە بۆ پەیوەندییە گشتییەکانی میریی، لەوێوە بۆماڵی (شەریف پاشای خەندان)و دروستکردنی هێڵی سێیەمی میدیای کاغەزی، سەرباری ئەوەش بەجێگەیاندنی ئەرکی حزبیش لە رۆڵ بینینی وەك میرزا چەندی خوا حەز بکات پڕ یادەوەرییە، ئاخر ئەو وەکچۆن (وەفایی) شاعیر باش کاتبی رەسائیلەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)بووە، سترانیش قاڵبی ئامادەی وتارو چوارچێوەی لە قوتونراوی داڕشتنەوەی هەڵوێستو هەڕەمی هەڵگەڕاوەی هەموو هەواڵێکی شێخ عوبەیدوڵڵاکانی ئەو زەمەنە بووە، بۆ هەمووانو بەقەولی مام جەلال لەپێناو کوردایەتیەکی پێشکەوتوخواز دەستو قەڵەمو بیرە نوڵەکەی داوەتە یەکێتی.

# زەکاتی ئەزموون

گەڕان بەکونوکەلەبەرەکانی ئەزموونی (ستران عەبدوڵڵا)دا

# زەکاتی ئەزموون

## گەڕان بەکونوکەلەبەرەکانی
## ئەزموونی (ستران عەبدوڵڵا)دا

**دیداری: ئاریان محەمەد**

٢٠٢١

**ناوی کتێب: زەکاتی ئەزموون، گەڕان بەکونوکەلەبەرەکانی ئەزموونی (ستران عەبدوڵڵا)دا**
**دیدار: ئاریان محەمەد**
**دیزاینی: شۆڕش ئەحمەد**
**نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٢١ سلێمانی**
**چاپخانە: شڤان**
**تیراژ: (٥٠٠) دانە**
**ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٨٩١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێ دراوە.**

# لەبری پێشەکی

## وەرگرتنەوەی پێشەکی لەمیرزا

فەقێ تەیرانو فەقێ ستران، یەك ئاوازی ناونانو یەك سروشتی تۆمارو بەخشین، یەکەمیان فەقێی گەڕۆکی گێڕانەوەی چیرۆكو سەرگوزشتەی کوردەواریو دووەمیان فەقێی گەڕیدەی شاربەشاری کۆڕو کۆبوونەوە، تەیران خاوەن چاکەو شکۆی گۆڕینی ئەدەبی کوردی لە گێڕانەوەی زارەکیەوە بۆ نووسینو ستران خاوەن خەونی کۆکردنەوەی هەموو بەرهەمو بەخششێکی زارەکی لەپێناو رزگارکردنی لەفەوتو نەمان، هەردووکیان بە جیاوازی زەمانو مەکان چێژ لە ناو و ئاکاری فەقێیایەتی دەبینن، ئاخر خۆ پاش پێنج سەدە تەیران هەر فەقێ ناوەو سترانیش چەند هەڵکشێ، هەر وەك (مام جەلال)و (نازم حیکمەت)و (محەمەدی مەلا کەریم) پەسنی شێوازی فەقێیایەتی لەنووسینو فێرکردنو راهێنانی ئەوانەی تەنانەت بەتەنیشتیشدا رەتدەبن. خۆ ئەو بەرهەمەش کە گفتوگۆی نێوان دوو سەرنووسەرە هەر بە لۆژیکی فەقێیانە لە نێوان ناو مەلایەكو میرزایەکی میدیایی لەسەر من تاقیکراوەتەوە.

گفتوگـۆ لەگـەڵ هەڤـاڵو هاوپیشـەم (سـتران عەبدوڵـڵا) کـە خـۆی هـەم فەقێیـەو هەمیـش میـرزا پـڕ چێـژە، چونکـە ئەزموونـی دەوڵەمەنـدو پـڕ لـە بەخششـی ئـەو لەنـاو میدیـا، لەراگەیاندنی حزبـەوە بـۆ پەیوەندییە گشـتییەکانی میریـی، لەوێـوە بـۆ ماڵـی (شـەریف پاشـای خەنـدان)و دروسـتکردنی هێڵـی سـێیەمی میدیـای کاغـەزی، سـەرباری ئـەوەش بەجێگەیاندنـی ئەرکـی حزبیـش لـە رۆڵ بینینـی وەك میـرزا چەنـدی خـوا حـەز بـکات پـڕ یادەوەرییـە، ئاخـر ئـەو وەکچـۆن (وەفایـی) شـاعیر بـاش کاتبـی رەسـائیلەکانی (شـێخ عوبەیدوڵـڵای نەهری)بـووە، سـترانیش قاڵبـی ئامـادەی وتـارو چوارچێـوەی لـە قوتونـراوی دارِشـتنەوەی هەڵوێسـتو هەرِەمـی هەڵگـەرِاوەی هەمـوو هەواڵێکـی شـێخ عوبەیدوڵڵاکانـی ئـەو زەمەنـە بـووە، بـۆ هەمـووانو بەقەولی مـام جـەلال لەپێنـاو کوردایەتیەکی پێشـکەوتوخواز دەسـتو قەڵـەمو بیـرە قوڵەکـەی داوەتـە یەکێتـی.

چێـژی دیـدارو دیدەنـی (سـتران عەبدوڵـڵا)، رۆچوونـی پێکەوەیـی لەنـاو ئەزموونـی قوڵـی ئـەو قەڵەمـە بەبرِشـتەی میدیـای کـوردەواری، بەتەنهـا بـەو دیـوەدا جێـی سـەرنج نیـە کـە هەڵکشـانو داکشـانی زۆری بەخۆیـەوە دیـوە، ئـەو دیـوەش نـا کـە سـتایشو سـەرکۆنەی زۆری روبەرِوبۆتـەوەو لـەزۆر وێسـتگە (حەپـی ئەسـپرین)ی دەرخـوارد دراوە، بەڵکـو بـەو دیـوەدا کـە بەرِاسـتگۆییو سـەر رِاسـتیەوە سەرگوزشـتەکان دەگێرِێتـەوەو دانیـش بـەوەدا دەنێـت کـە (زەردەچـەوەی نهێنیەکانـی پیشـەکەی) لەنـاو قوتـوی عەتـاری ئەزموونـدا هەڵگرتـووەو جاروبـار زەکاتـی لێـداوەو هەمیشـەش خسـتویەتیە خزمـەت ئـەو شـوێنەی کاری تێـدا دەکات. راستیەکەشـی بایەخـی گفتوگۆکـردن لەگـەڵ هەڤـاڵ (سـتران عەبدوڵـڵا) لەوەدایـە، کـە نایەوێـت مێـژوو تەنهـا بـۆ سـەرکەوتنەکانی

بنووسرێتــەوە، بەڵکــو لــەو پنتانــەی روبــەڕووی نشوســتی بۆتــەوەو ئــەو کاتانەی لەپیشــەی ســەر ئێشــەی رۆژنامەنووســیدا هەڵەیەك شــانی گرتووە، بەرلــەوەی بــەر گۆپاڵــی تورەیــی مــام جــەلال بکەوێــت، بەفەرمایشــتو ئامۆژگارییەکانــی چەوتیەکانــی راســتکردۆتەوەو شانیشــی داوەتــە ژێــر بەرپرســیاریەتی، خــۆ هــەر ئــەوەش لــەو چاوەڕێدەکرێــت، چونکــە خــۆی جگــە لــەوەی قوتابیەکــی مەدرەســەی (مــام جــەلال)ی رۆژنامەنووســە، هــاودەم فێرخوازێکــی تیــۆری (بەرپرســیاریەتی کۆمەڵایەتــی) میدیاشــە، کــە بــە بەرپرســیاریەتیەوە مامەڵــە لەگــەڵ پرســەکان دەکاتو بــە قەولــی خــۆی «پانایــی شــتەکان باشــتر دەخوێنێتــەوە».

هەڵزنانــی (ســتران عەبدوڵــڵا) بــە پەیــژەی رۆژنامەنووســیدا دوورو درێــژە، لــە نوســینی وەرزشــیەوە دەســت پێــدەکاو دەچێتــە ســەر ئابــووری سیاســیی، لەجامــی جیهانــی مەکســیکەوە دەپشــکوێو دەچێتــە ســەر نووســین لەســەر (شــێوازی بەرهەمهێنانــی ئاســیایی)، لەوێــوە بــۆ گۆڤــاری (کازیــوە)و ئاخاوتــن لەبــارەی لیبرالیــزم، پاشــان بــۆ (کوردســتانی نــوێ)و گەشــتەکەی (ویلایەتــی بــۆ چیــن)، دواتــر حەســانەوەی وەك کرێــکاری کــۆگا لەراگەیانــدنو پاشــان ســەرکەوتنی بەســەر پلەبەندییەکانــی رۆژنامەیەکــی رۆژانــە، لەوێــوە بــۆ میــرزای ســەرۆکی حکومــەتو کارکردنــی لــە راگەیانــدنو پەیوەندییــە گشــتیەکان، پاشــان بــە خەیاڵــی «دروســتکردنی نەتەوەیــەك لەســەر کاغــەز» لــەماڵــی رۆژنامــەی (ئاســۆ)دا خــۆی دەبینێتــەوەو دواجاریــش وەك حەنینــی قەدیمــە دەگەڕێتــەوە ماڵــە گەورەکــەی رۆژنامــەی کاغــەزیو لــە کوردســتانی نوێــدا، کوردســتانێکی نــوێ بەفــۆڕمو ســتایلێکی جیاوازتــر، بــە بەکارهێنانــی زەردەچەوەکــەی خــۆی دەســت پێدەکاتــەوە، ئێســتاش لەســەرو هەرەمــی راگەیاندنــی

یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان قوتویەکــی گەورەتــری ڕەنگڕێژکردنــی میدیــای بەدەســتەوەیەو دەیەوێــت بــە خەونــی (نوێبوونــەوە) دروشــمە گەورەکــەی کۆنگــرە لەســەر جەســتەی میدیــای یەکێتــی تاقــی بکاتــەوە.

حیکایەتخوێنەکانــی کوردەواریــی، هەمیشــە لەکۆتایــی چیرۆکــەکان ئولفەتیــان بــە بەکارهێنانــی دەســتەواژەیەکەوە گرتبــوو، کــە دەیانــووت «هاتمــەوەو هیچــم پێنەبــڕا»، بــەڵام ڕاســتیەکەی مــن لــە تۆمارکــردنو دارِشــتنەوەی چیرۆکــی ژیانــی پیشــەیی هاوڕێــم (ســتران عەبدوڵــڵا) کــە پرۆســەی دیــدارو تۆمارکردنــە لەکۆتایــی (٢٠١٩) دەســتی پێکــردو ئێســتا چــاو دەتروکێنــێ، ئەزمــوونو تەکنیــكو چێــژی زمــانو قوڵــی بیرکردنەوەیــم پێبــڕاو دواجاریــش توانیــم هونــەری نووســینی (پێشــەکی) لــێ بســەنمەوە، کــە ئــەو دەمێکــە وەك پادشــای بەخششــی پێشــەکی دەســتی بــەڕووی کەســەوە نەنــاوەو بــۆ هەمــووان پێشــەکی نووســیووە، ئاخــر خــۆ نابێــت بــۆ کتێبــی دیــداری خــۆی، خــۆی پێشــەکی بنووســێت.

ئــەو ئەزموونــە شــیرینە ڕاســتە لــە ناوەڕاســتی (٢٠١٩)ەوە دەســت پێــدەکات بــۆ نووســینەوەی مێــژووی ڕاگەیانــدنو ئەزموونــی ڕاگەیاندکارانی یەکێتــیو دەشــێت وادابنرێــت هەنــگاوی یەکەمــە، بــەڵام وەك خــۆی دەڵێــت «نــەك وەك نەریــتو ئیدیۆمــە کۆمەڵایەتییــە باوەکــەش کــە بەرامبەرێکــیو پــاك لەپاکــە»، هیــوادارم لەگــەڵ ئــەو و هەڤاڵانــی ترمانــدا، ئــەو ئەزموونــە بــۆ ســەربازی وونــی تــری ئــەو مێــژووە تاقــی بکەینــەوەو لــە پرۆژەیەکــی گــەورەدا مێــژووی پاڵەوانەکانــی ڕاگەیاندنــی یەکێتــی لــە شــەرارەوە دەســت پێبکەیــن بــۆ ئێزگــەو لەوێشــەوە بــۆ وێســتگەکانی داهاتــوو، بــەم چەشــنەش بنەمــای زەکات دەرکــردن لــە ئەزموونــی نــاوازەی هەمــووان دەبێتــە پاشــخانێکی گــەورەی مێــژووی ڕۆژنامەگەریــی کــوردی.

# تەقولباب بۆ هاتنە ناو ماڵی دیدەنی

دڵشـادو خۆشـبەختیە کـە دوو سەرنووسـەر بـۆ یەکەمجـارو وەک ئەزمونێکــی نــوێ، لەرێگــەی ژانرێکــی رۆژنامەنوســییەوە، چیرۆکـی ئەزمـوون‌و یادەوەرییەکانـی نـاو جیهانـی رۆژنامـەو کاغـەز بــۆ یەکتــر دەگێڕنــەوەو دواجاریــش وەک زەکات بــە هاوپیشــەو خوێنەرانـی دەبەخشـن، لەپـای ئـەوە سـەرەتا زۆر سوپاسـت دەکەم کاک ئاریـان کـە دەرفەتـی ئـەو چاوپێکەوتنەکـەت پـێ بەخشـیم، ئـەوە بـۆ مـن زۆر بەچێـژو بەسوودیشـە، نـەک تەنهـا لەبەرئـەوەی باســی ئەزموونــی رۆژنامەگــەری خــۆم بکــەم، کــە لەراســتیدا بــە بـەراورد بـە ئەزموونـی باوکـە دامەزێنەرەکانـی رۆژنامەگەریمـان زۆر بچووکــەو هیچــی وای تێدانییــە، بــەڵام پێمخۆشــە بەڵکــو ئەمــە چانسـێک بێـت بـۆ بەنـدە تـا ئـەو هێنـدە بچووکـەی لەنـاو ئـەو جیهانـە پـڕ سەرئێشـەیەدا فێریبـووم، هەندێکـی وەک ئەمانەتێـک، وەک زەکاتێــک، بگوازمــەوە بــۆ ئەوانــی دیکــە. راستیەکەشــی لەســەر شــانمانە، چــۆن خەڵکــی تــر، کــە ئێمەیــان فێرکــردووەو رایانهێناویـن‌و ئەزموونـی خۆیـان بـە ئێمـە بەخشـیووە، هـەر بـەو چەشـنەش دەبێـت هەمـان ئەزموونـی پێشـینان‌و کارەکتەرەکانی ناو رۆژنامەگەریـی کـوردی لـە فێرکـردن‌و گواسـتنەوەی زانیارییـەکان

دووبـاره بكەینـەوە. لەپـای ئـەو دەستپێشـخەرییەتدا مـن سوپاسـت دەكـەم، بەتايبەتـی كـە ئـەم زنجیـرە پرسـیارو تەوەرانـە، دەبنـە دەرفەتێـک بـۆ وێسـتگە جیاجیاكانـی ژیانـی رۆژنامەنوسـی خـۆمو لەگەڵیشـیدا ژیانـی رۆژنامەنووسـیی دوای راپەڕیـن، تـا قسـەیەكی دەربـارە بكرێـت.

نـەک وەک نەریـتو ئیدیۆمـە كۆمەلایەتییـە باوەكـەش كـە بەرامبەرێكـیو پـاک لەپاكـە، بەڵكـو لەژێـر رۆشـنایی هەمـان پێویسـتی تۆماركردنـی ئەزموونەكانـی رۆژنامەنووسـێک، هیـوادارم دەرفەتێكیـش هەبێـت، منیـش هەمـان دیـدار لەگـەڵ تـۆدا بكـەم، بـۆ ئـەوەی ئـەو ئەزموونـی نـەوەی ئێمـە لەبـواری رۆژنامەنووسـیدا بـگات بـە قۆناغـی تەواوكاریـیو مـنو تـۆو زۆر هاوڕێـی دیكـەش ئەزموونەكانمـان بگێڕینـەوەو یادەوەرییـەكان بـۆ نـەوەی دوای خۆمـان بـە تۆماركـراوی بهێڵینـەوە.

# چیرۆکی من و رۆژنامەگەریی و کتێبخانەکەی نەسرینی خوشکم

چیرۆکـی مـن‌و رۆژنامەگـەری، ئەوینـی مـن‌و ئـەو پیشـە پـڕ لــە سەرکێشــی‌و سەرئێشــییە، وەک ئەزموونــی زۆر کەســی تــر، قۆنـاغ‌و وێسـتگەی جیاجیـای بەخـۆوە بینیـووە، هەمـوو مرۆڤێـک چیرۆکەکـەی لەشـوێنێکەوە دەسـت پێـدەکات، ئـەوەی مـن لەقۆناغـی خوێندنـی ئامادەیـی لەشـاری کەرکوکـەوە دەپشـکوێت، حەڤدەسـاڵی تەمەنـم، ئـەو سـاتەوەختەیە کـە مـن بەجیهانێکـی نوێتـر ئاشـنا دەبـم، ئـەو جیهانـەی کـە کتێـب‌و خوێندنـەوە لـەلای بەشـێکمان دەبێتـە ئەویـن، راسـتییەکەی (نەسـرین)ی خوشـکم، کتێبخانەیەکـی لـە ماڵـەوە دروسـتکردبوو، ئـەو ئێسـتاش هـەر لـە کەرکـوکو لەنـاو کتێبەکانیـدا ماوەتـەوە، بـۆ ئـەودەم نەسـرینی خوشــکم یەکێــک لــە خوێندەوارەکانــی هەشــتاکانی کەرکــوک بـوو، ئەگـەر هـەر نـا یەکێـک لـە خوێندەوارەکانـی گەڕەکەکـەی خۆمــان شــۆڕیجە بــوو، لەنــاو کتێبخانەکــەی نەســرین تەنهــا کتێبـی عەرەبـی‌و کـوردی هەبـوو، وورده وورده‌و بەهێمنـی رۆژانـە لەنـاو ئـەو هۆڵـە بچووکـەی ماڵەکەمانـدا دەسـتم بەخوێندنـەوەی کتێبــە عەرەبییــەکان کــرد، چونکــە خوێندنــم بــە عەرەبــی بــوو، پتـر توانـام بەسـەر خوێندنـەوەی ئـەو جـۆرە کتێبانـەدا دەشـکاو

دەرەقەتیان دەهاتم، راستییەکەشی چێژیشم لە خوێندنەوەیان دەبینی، بەڵام کاتێک لە کتێبە عەرەبییەکان بوومەوە، بە ناچاری دەستم بەخوێندنەوەی کوردییەکان کردو تەنانەت هەر ئەودەمیش ژمارەیەک کتێبی کوردیم کڕی. ئەوە راستە سەرەتای چیرۆکێک بوو، بەڵام پاڵنەرگەلی جیاواز، هۆی جودا منی زیاتر وابەستەی خوێندنەوە کردو چەند چەشنێکی جیاوازی حەزو خولیای رۆژنامەنووسی لەلام چەکەرەی کردو هەر ئەوانەش بوو، دواجار منی هێنایە بواری رۆژنامەنووسییەوە. ئەو بوارانە جۆراوجۆرو هەندێک جیاوازیش بوون لە یەکتر. یەکەمیان زۆر گرێدراوی چەمکی ئابووری سیاسی بووم، لەو تەمەنە کەمەدا وەک گەنجێک پێموابوو مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی بەکەڵک و باش و باشیش لە ژیان تێبگات، دەبێت ئابووری بخوێنێتەوە، بەتایبەتیش ئابووری سیاسیی. خولیای دووەمم ئارەزووی خوێندنەوەی مێژوو بوو، ئەو کتێبانەی کە پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەبوو دەمخوێندنەوە، تەنانەت ئەو خولیایەم لە قۆناغی ناوەندییەوە دەرکەوت، بەوپێیەی هەمیشە خواستی وانە وێژەییەکانم زیاتر بوو تا بوارە زانستییەکان، بۆیە ئەمە وایلێکردم ئارەزووم لێبێت هەم ئابووری بخوێنمو هەمیش مێژوو، ئارەزووم لە خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەش بوو بواری سێهەمیش کە جیاواز بوو، پەیوەندی بەحەزو ئارەزووی وەرزشییەوە هەبوو، وەک کەسێک لەو تەمەنەدا کە خواستی دەرکەوتنو بە ستاربوونی هەبوو لەبواری وەرزشدا، خواستێکی هاوبەشە، بەڵام بەهۆی لاوازی جەستەییو شیاویی و

نەشـیاوی لـەشو لاری مرۆڤـەوە هەمیشـە ئـەو خواسـتە نایەتـەدی، هــەرزوو بۆمدەرکــەوت، ئــەو خواســتەم بەدینایــەت کــە ببمــە وەرزشـکارێکی بـاش، کاتێـک لەگـەڵ برادەرەکانمـدا یاریـم دەکـردو ئـەو یارییـەی لـە خەیاڵـی خۆمـا دەمکـرد گوایـە ئـەم سـەرو ئـەو سـەری گۆڕەپانەکـەم تـەی دەکـرد، بـەڵام لـە واقیعـدا وانەبـوو، بونیـەم لاواز بـوو بۆیـە ئـەم سـێ ئـارەزووە بەجۆرێکـی تـر تێکـەڵ بـوو.

# نووسين بۆ رۆژنامەی (ئەلجەماهیری کوەیتی)

هەنگاوە دەست پێکەکانی نووسینی من بە وەرزش دەستی پێکرد، چونکە بەدەنم رێگەی نەدەدا ببمە وەرزشکارێکی باشو ئەوەی لەخەیاڵمدا یاری دەکەم، لە گۆڕەپان نەمدەتوانی، ئیدی خۆم سەرقاڵکرد بە نووسین لە بواری وەرزشدا، لەسەرەتا حەزم چووە نوسینی وەرزشی، بەو مانایەی ئەو ئارەزووەی بۆ ئەنجامدانی وەرزش هەمبوو، وەرگۆڕا بۆ خواستی نوسینو خۆدۆزینەوە لەبواری نوسینی وەرزشیدا، ئەو عەرەبیەی دەمزانی وایلێکردم لەسەرەتای سالانی (١٩٨٥) بۆ (١٩٨٦) هەوڵی سەرەتاییم هەبێ لە نوسینی وەرزشی دا، ئەوکاتە بەو پێیەی هەموو رۆژنامە وەرزشییەکانی عێراق لەژێر دەستی (عودەی کوڕی سەدامدا) کۆنترۆڵکرابوو. دەرفەت بۆ بەشداریکردنی مێردمناڵێکی وەک من نەبوو، بەڵام هەندێک رۆژنامەو گۆڤاری دەرەوەی عێراق دەهاتنو دەفرۆشران، بیرمە رۆژنامەیەکی وەرزشی کوەیتی هەبوو بەناوی (ئەلجەماهیر)ەوە، ئەگەرچی ناوەکەی بۆ رۆژنامەیەکی وەرزشی تۆزێک نامۆبوو، بەڵام دواتر تێگەیشتم، یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی هەموو جۆرێکی وەرزش هاندەرانو جەماوەرە. ئەوکات کاریگەری ئەو رۆژنامەیە

لەســەر ئاســتی وەرزشــیی وەک کاریگەرییــە سیاســییەکانی ئێســتای رۆژنامــەی (ئەلحەیات) و (شــەرق ئەلئەوســەت)ە لەســەر وەرگرانــی عــەرەب، ئەوکاتــە رۆژنامــەی وەرزشــی لــە عێراقــدا وەخــت بــوو دەربکــەون‌و گەشــە بکــەن، ئــەو رۆژنامــە کوەیتییــە کاریگــەری لەســەر وەرزشــکارانی عێراقیــش هەبــوو، بیرمــە چەنــد ژمارەیەکــی (ئەلجەماهیــر)م کــڕی‌و بوومــە خوێنەرێکــی بــەردەوام، یەکــەم شــت کــە لــەو رۆژنامەیــە بــۆ مــن جێــی ســەرنج بــوو، یەکــەم رۆژنامــەی کاغــەزی بــوو بــە زمانــی عەرەبــی کــە بــە شــان‌و باڵــی بەعســدا هەڵنــەدات، هــەروەک تایبەتمەندییەکــی تــری ئــەو تەکنیکــە نوێبــاوە بــوو، کــە ئەوکاتــە لەرۆژنامەکانــی عێــراق بەدینەدەکــرا، زیاتــر لــە مۆدێــل‌و تەکنیکیــی رۆژنامــەی میســر و لوبنانــی دەچــوو، خەســڵەتێکی تریــش هەمەڕەنگــی‌و جۆراوجــۆری روماڵــە وەرزشــییەکان بــوو، دوور لــە تێکەڵکردنــی سیاســەت‌و دڵڕەقــی سیاســی بــە وەرزش. جــا دوو لەلاپەڕەکانــی ئــەو رۆژنامەیــە تەرخانکرابــوو بــۆ بەریــدی خوێنــەران، یەکەمجــار بــوو بەشــداریکردنی خوێنــەران ببینــم لەدەرچوونــی رۆژنامەیەکــدا. رەنگــە کاتــی خــۆی هەندێــک ئەزمــوون لــە رۆژنامەگەریــی عێراقیــدا هەبووبێــت، ســوچێک یــان پانتاییەکــی بچــووک بــۆ هاوبەشــیکردنی خوێنــەران تەرخانکرابێــت، بــەڵام رۆژنامــەی (ئەلجەماهیــر) پانتاییەکــی زیاتریــان بــۆ ئــەو جــۆرە هاوبەشــییە تەرخاندەکــردو وتاریشــیان بــۆ خوێنــەران بڵاودەکــردەوە.

کاتێــک ئــەو ئەزموونــە نوێیــەم بینــی، بــۆ مــن ســەرنج راکێــش بــوو، بۆیــە بڕیارمــدا لەرێگــەی بەریــدەوە دەردەڵێکــی

وەرزشـی بنووسـمو ئینجـا نـاردم، نووسـینەکەم بەنـاوی (سـاڵح عەبدوڵـڵا محەمـەد ـ عیـراق– کەرکـوک) نووسـیو تەنانـەت نـاوی گەڕەکەکەمانـم، شۆڕیجەشـم بـۆ زیـاد کـرد، هەفتـەی دواتـر بینیـم بڵاوببـۆوە، لەگـەڵ ئـەوەی بڵاویانکردبـۆوە سوپاسـی بەشداریکردنەکەشـیان کردبـوو، ئـەوەش یەکەمیـن ئەزمـوونو یەکـەم هانـدان بـوو، دواتـر زانیـم کوەیـت وڵاتێکـە گرنگـی بـەو جـۆرە شـتانە دەدات. بیرمـە لـەو سـاڵەدا (١٩٨٥) بـە زنجیـرە شـەش وتارۆچکـەم لەسـەر ئـەو تیـپو وڵاتانـەی بەشـداری جامـی جیهانـی تۆپـی پێـی (١٩٨٦) دەکـەن، نووسـی، ئـەو پاڵەوانیەتییە بەناوبانگـەی لەمەکسـیک بەڕێوەچـوو بیرمـە لەسـەر ئەرجەنتیـنو بەرازیـل نوسـیمو لەسـەر هەڵبـژاردەی عێراقیـش شـیکردنەوەم ناردبـوو، ئاخـر ئـەوە بـۆ ئەوکاتـە زۆر گرنـگ بـوو، گەنجێکـی کـورد لەشـارێکی تەعریبکـراوی وەک کەرکـوک بەدەسـتنووسو لەرێگـەی بەریـدەوە پۆسـتێکی قەبـە، چونکـە خـەتو رێنوسـم گەورەبـوو، رەوانـەی گۆڤـارو رۆژنامەیەکـی کوەیتـی بـکاتو بڵاویـش بکرێتـەوە، کـە بڵاودەکرایـەوە وەک پێشـانگای گـەڕۆک بەدەسـتمەوە بـوو پێشـانی هاوڕێکانمـدەدا، ئێسـتا کـە بیـری لێدەکەمـەوە پێکەنینـم دێـت، ئاخـر ئـەو قسـە گـەورەو قەبانـە لەسـەر وەرزش لەگـەڵ بەدەنـی ناوەرزشـی مـن زۆر نەدەگونجـا، بـەڵام دەرگایەکـی باشـیش بـوو کـە لێـوەی تێکـەڵ بـە دنیـای نووسـینو رۆژنامەگەریـی ببـم، سـەیرەکە لەوەبـوو، نووسـینەکان بـە وێنـەی خۆشـمەوە بڵاودەکرانـەوە. ئەمـە وایکـرد توانـای خـۆم لـە نووسـیندا بەزمانـی عەرەبـی تاقـی بکەمـەوە، راسـتییەکەی

ئـەو ئەزموونـە بـۆ مـن لـە دوو سـەرەوە هانـدەر بـوو، یەکەمیـان چونکـە وەرزش زۆر نەدەکەوتـە ژێـر چاودێـری سیاسـییو تووشـی چەرمەسـەری نەدەکـردیو دووەمیـش لەبەرئـەوەی لـە رۆژنامەیەکـدا بڵاودەبـۆوە کـە لەرێگـەی سوپاسـگوزارییو دەستخۆشـییەوە هانـی دەدای دووبـارەو چەنـد بـارە ئاسـتی بەشـداریکردنەکەت لەگـەڵ ئـەوان بەرزتـر بکەیتـەوە. لـەدوای ئەزموونـی بڵاوکردنـەوەی بابەتـە وەرزشـیەکانم لـە رۆژنامەکـەی کوەیـت، ئیـدی خەیاڵـی خوێندنەوەشـم گـۆڕا، ئیـدی ئولفەتـم بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بـە رۆژنامـەو میدیـا کوەیتییەکانـەوە گـرت. بیرمـە ئەوکاتـە گۆڤـاری (ئەلعەرەبـی کوەیـت)ی و گۆڤارێکـی علومـی ئینسـانی هەبـوو، کـە گۆڤارێکـی ناسـراوی تـەواوی جیهانـی عەرەبـی بـوو، داوامدەکـرد ئابوونـە بـدەمو گۆڤارەکـە بەدەسـت بهێنـم، بـەڵام رێوشـوێنەکانی ناردنـی پـارەی کڕینو هاوبەشـیکردن لەگەڵ گۆڤارەکە زۆر ئەسـتەم بـوو، ئێمـەش لـەو کاروبارانەمـان نەدەزانـیو هەروەهـا گۆڤارەکـەش زۆر لەگـەڵ تەمەنـی مـن نەدەگونجـا، وایکـرد دەسـتبەرداری بیرۆکەکـە بـوومو وازم لەکڕینـی گۆڤارەکـە هێنـا بـە پۆسـتە تەنهـا ئـەو نەبێـت کـە لـە بـازاڕی کتێبخانـەکان هەبـوو.

# لەوەرزشەوە بۆ مێژوو، لەوێشەوە بۆ ئابووری، ساتی خۆساغکردنەوەیە

بـۆ مــن ئــەو قۆناغــە، قۆناغێکــی راگــوزەرو جیــاواز بــوو، پێویســت بــوو لەنێــوان ئــەو خواســتو خەیاڵــە میدیاییانــەم خــۆم یەکلایــی بکەمــەوە، ئــەم سێ شــتەی پێشــتر باســمکردنو خەیاڵــی منی داگیرکردبوو، ووردە ووردە دەســتمکرد بە تاقیکردنەوەیان، کە چوومــە قۆناغــی ئامادەیــی دەســتبەرداری وەرزشــکردن بــووم، بەڵام ئــارەزووی مــن بــۆ نووســینی وەرزشــی، چەکــەرەی کــرد، هەرچــی پەیوەنــدی بــە ئابوورییــەوە هەبــوو، کاتێــک ئامادەییمــان تەواوکــرد، چەنــد برادەرێــک بوویــن هەمیشــەو بــەردەوام گفتوگــۆی سیاســیو ئەدەبیاتــی ئابــووری جیاجیامــان دەکــرد، یەکێــک لــەو کەســانە کــە هەمیشــە لەگفتوگۆدابوویــن، کاک (موعتەســەم نەجمەدین)بــوو، کــە تائێســتاش هاوڕێمــەو نوســەرێکی دیــاری کوردســتانە. ئــەو یەکێــک بــوو لــەو کەســانەی ئــەو قۆناغــە زۆربــەی کاتەکانمــان بــە گفتوگــۆی رۆژانــە لەســەر چەمکــە ئابــووریو سیاســییەکان بەســەردەبرد، بــەڵام ئەفســوس دوای تەواوکردنــی ئامادەیــی، ئــەو لــە بەغــداد وەرگیــراو منیــش لــە موســڵ، کــە چوومــە زانکــۆی موســڵ بەتــەواوی شــۆک گرتمــی، ئــەو شــۆکە بــۆ مــن ئاســان نەبــوو، بەتایبــەت کــە ئەدەبیاتــی خوێندنــەوەی ئابــووریو فۆڕمەکانــی وابەســتەبوون بــە

سەرچاوە ئابوورییەکانەوە لەلای ئێمە شتێکو لەزانکۆش شتێکی تر بوو دەرکەوت کۆلێژی ئابوری زیاتر لە کۆلێژی بازرگانی دەچوو. ئەوکاتانەی بە گروپ بەرهەمو تێزە ئابوورییەکانی (ئۆسکار لانکا)مان دەخوێندەوەو پێمانوابوو کلیلی تێگەیشتن لە ئابووری سیاسی دەبێت بە سەرچاوەکانی ئەودا تێپەڕێت، بەڵام لەناو زانکۆو لەناو ئەو پرۆگرامانەی کە سیستەمی زانکۆیی ئەوسای عێراق بۆ خوێندکاری دەستەبەر کردبوو، وانەکانی (ژمێریاریو ئامارو زانستی ئابووری) بوو، بۆیە من لەو بەشە پتر لەهەر شتێکی تر بە ناچاریی خولیام چووە سەر مێژووی ئابووریو سیستەمە ئابوورییە سیاسییەکان، بەو واتایەی کە ئیدی خولیای مێژووم ئاوێزان کرد بە خولیای ئابووریو ماوەیەکی زۆر خوومدایە ئەو بوارە، راستییەکەی نەوەی ئێمە، هێندە بە بەرهەمەکانی (د.کەمال مەزهەر) سەرسام بووین، ئەوەندە خولیای خوێندنەوەی شەنوکەوە مێژوویىو بەدواداچوونە دیرۆکییەکانی بووین، لەوەوە مێژوو بۆ ئێمە ببوو بە عیشق، بەڵام چونکە دەرفەتی درێژەدان بەخوێندن لەو بوارە بە ئێمە نەبڕا، ناچار ئەو ئارەزووەم لەدەرەوەی زانکۆ بە خوێندنەوەی کتێبەکانی (کەمال مەزهەر) پڕکردەوە، ئەوە سەرەتایەکی باش بوو، کە مرۆڤ لەرێگەی ئەو کتێبە بەنرخانەوە بە مێژووی نەتەوەکەی، بە رابردووی خۆی ئاشنا بىو ئەو دیووە پەنهانانەی مێژوو بخوێنێتەوە، کە تەنها پیاوی گەورەی وەک کەمال مەزهەر هێزی کەشفکردنو ئاشکراکردنی هەیە. ئەو قۆناغە بۆ من قۆناغێکی سەیرو

ئاڵـۆز بـوو، بەریەککەوتـن لەنێـوان حـەزو خولیاکانـم هەمیشـە ئامادەبـوون، بـەڵام دەسـتبەرداری هیچیشـیان نەبـووم، بەداخـەوە لەگـەڵ ئـەوەی بەشـی ئابووریـم تەواوکـرد، بـەڵام شکسـتم هێنـا لـەوەی ببمـە کەسـێکی تیـۆری بـاش لەبـواری ئابـووری و نـە توانیشـم دەوڵەمەنـد بـم، ئیـدی مایـەوە سـەر ئـەوەی لەنێـوان وەرزشو مێـژوودا پەسـنی کامیـان دەکـەم، ئەمـەش چیرۆکێکـە تـا دێـت لـقو پۆپـی زیاتـری لێدەبێتـەوە.

ئـەو قۆناغانـەی ژیانـی مـرۆڤ، هەمیشـە سەرکێشـیو تاقیکردنـەوەی زۆری تێدایـە، ئەزموونکردنـی زۆر شـتی تێدایـە کـە رەنگـە مـرۆڤ نەیهەوێـت تـا سـەریش پێیانـەوە پەیوەسـت بێـت، ئێسـتا ئەگـەر جارێکـی تـر بگەڕێمـەوە قۆناغـی ئامادەیـی، بیرمـە، چونکـە بونیـادە جەسـتەییەکەم بـۆ وەرزش لەبـار نەبـوو، بۆیـە بەشـوێن پڕکردنـەوەی خولیـای وەرزشـیدا دەچـووم، هاوشـان لەگـەڵ بەشـداریکردنم لەرۆژنامـەی (ئەلجەماهیـر)ی کوەیتـی، بـەڵام پـاش ئـەوەی لەجامـی جیهانـی (١٩٨٦) هەڵبـژاردەی وڵاتـی عێـراق دۆڕاو لـە پاڵەوانیەتییەکـە کرایـە دەرەوە، بیرۆکـەی سـەیرو سـەمەرە لەخەیاڵـی ئـەو نەوەیـەی ئێمـە دروسـت دەبـوو، کـە داخـۆ بۆچـی کوردیـش لەنـاو ئـەو کەرنەڤاڵـە نێونەتەوەییـە بوونـی نییـە، تەنانـەت پرسـیارە وەرزشـیەکەی ئێمـەش هـەر رەهەنـدی سیاسـی هەبـوو، ئێمـە دەمانپرسـی ئاخـۆ بـۆ لەنـاو جامـی جیهانیـدا نیـن؟، بۆچـی وەرشـکاری کـورد لەنـاو ئـەو رکابەرییـە جیهانییـەدا بوونـی نییـە؟، بـۆ دەبێـت وڵاتێکـی دونیـای سـێیەم وەک جەزائیـر یـان مەغریـب و کامێـرۆن بەشـێک بێـت لـەو پاڵەوانیەتـەی نەتـەوەکان،

بۆچـی دەبێـت کـورد نەیبـێ؟، تـا دەهـات ئـەو خەیاڵـە وەرزشـیە تەژییـە بـە سیاسـەت لـەلام زیاتر دەبـوو، بەتایبەت کـە پاڵەوانیەتی ئاسـیا یـان پاڵەوانیەتـی عەرەبـم بـەر گـوێ دەکـەوت، مەگـەر کوردیـش نەتەوەیـەک نییـە تـا جـامو رکابەرییـەک بەناوییـەوە هەبێـت؟.

پێموایـە هـەر مرۆڤـەو شـتێک هەیـە لـە ژیانیـدا خزمەتـی دەکات، ئـەو شـتەی لەژیانیـدا خزمەتـی منـی کـردووە، نـاوی دەنێـم رێکـەوتو زەمـەن، کـە چوومـە ئامادەیـی، تـازە بەتـازە (گۆرباتچـۆڤ) هاتبـووە سـەر حوکـم، لەگـەڵ قۆناغـی حوکمڕانـی ئـەودا، پرسـیاری ئاڵـۆزو سـەیر لەنـاو خەڵکـدا دروسـت دەبـوو، گریمانەکانـی هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتـی سـۆڤیەت، کەوتنـی بلۆکـی رۆژهـەڵات، کۆتایـی جەنگـی سـارد، شکسـتی مۆدێلـی سۆسیالیسـتی لـە بەڕێوەبردنـی وڵات، ئـەو پرسـیارانە بـوون، کـە هەمیشـە تەنانـەت لەسـەر ئاسـتی میللیـش دووبـارە دەکرانـەوە، هەمیشـە لەخەیاڵـی خۆمـدا بـە شـوێن وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە دەکەوتـمو خۆشـم پرسـیارم لەپرۆسـەیەکی ئاڵـۆزدا دروسـت دەکـرد. پێدەچـوو، دەسـتکەوتنی ئـەو وەڵامانـە بـۆ گەنجێکـی وەک مـنو لەجوگرافیـای تەعریبکـراوی کەرکوکـدا چەنـگ کەوتنیـان ئاسـان نەبێـت، بەدڵنیاییـەوە، ئـەو چەشـنە گفتوگـۆو سـەرهەڵدانی ئـەو دیـاردە نوێیـە بۆمـن چەشـنێکی تـری هەڵکشـانی خواسـتو ویسـتو گـەڕان بـوو بـەدوای نووسـینو خوێندنـەوەو پێگەیشـتندا.

# کاری خۆبەخشی لەخانەی دابەشکردنی
# رۆژنامە لە کەرکوك

هــەر لــەو ســاڵانەدا بــوو، کاتێــک لەگــەڵ دوو هاوڕێــی ئازیــزم چوویــن بــۆ دار وەتەنییــە (خانــەی دابەشــکردن)، کــە ئەوکاتــە لەهەمــوو پارێزگایــەک لـقو بنکەیــان هەبــوو، هەرچــی ڕۆژنامــەی عێراقــیو عەرەبــیو جیهانییــە دەهاتنــە ئــەو لــقو بنکانــەو لەوێــوە بەســەر فرۆشــیارو کتێبخانەکانــدا دابەشــدەکران. بەڕێوەبــەری ئــەو دامەزراوەیــە لــە کەرکــوک عــەرەب بــوو، بــەڵام فەرمانبەرەکانــی بەشــی هــەرە زۆریــان کــوردو تورکمــان بــوون، ڕۆژانــە کاتژمێــر دەی بەیانــی بــە بەریــد ڕۆژنامــە عێراقــیو عەرەبییــەکان دەگەیشــتنە دەزگای نیشــتمانی دابەشــکردنی ڕۆژنامــەکان، ئەگەرچــی نەمتوانی ســەرەتا لــەوێ دابمەزرێم، بەڵام لەگــەڵ چەنــد گەنجێکــی تــری کەرکوکــی وەک خۆبەخــش لــەوێ هەڵدەســوڕاین، ئەوکاتانــەی ڕۆژنامــەکان دەگەیشــتن، قەرەباڵغــی زۆر لــەوێ دروســت دەبــوو، بــۆ ئێمــەش عەشــقی ڕۆژنامــە ناچــار بــەوەی دەکردیــن وەک خۆبەخــش هــاوکاری فەرمانبەرانــی ئــەو دەزگایــە بکەیــن، ووردە ووردە ئــەو ڕەفتــارە خۆڕســکەی ئێمــەو ئــەو خۆنەویســتییەی بــۆ ڕۆژنامــەو هاوکاریکردنــی ئــەوان هەمانبــوو، وایکــرد لــە پشــووی ســەری ســاڵدا دەرفەتــی

دامەزراندن بەگرێبەستمان بۆ بڕەخسێنن. ئەوە دەرفەتێک بوو کە بە گەرماو گەرمی ڕۆژانە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان بەدەست بگات، بەتایبەتی ڕۆژنامە وەرزشییەکان بۆ ئەوەی لەوردەکارییەکانی جامی جیهانی بە ئاگا بین.

(ئیسماعیل بێشکچی) لەکتێبی کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتی لەهەڵسەنگاندنی وەها دۆخێکدا، ئاماژە بە هەڵکشانی هەستو نەستی کوردایەتی بەلای کوردی باکوور دەدا، کە ڕۆژانە مرۆڤی کورد سەیری ڕۆژنامەو گۆڤارە تورکیەکان دەکات، ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە چیرۆکی هەموو نەتەوەکانی دنیا دەگێڕێتەوە تەنها کورد نەبێت، ئەو هەستی پەراوێزیو ئەو خەمی فەرامۆشکردنو پشتگوێخستنە دواجار وادەکات، کاتێک خوێنەری کورد خۆی لەناو ڕوپەڕەکانی ڕۆژنامەیەکدا نەبینێتەوە، دەربارەی خۆی پرسیاری لا دروست ببێت. ئەو چیرۆکەی بێشکچی، لەچیرۆکی ئەوساکەی ئێمەی کەرکوکییەوە نزیکبوو، ئاخر تەواوی ئەو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی دەهاتنە کەرکوک، چیرۆکی هەموو نەتەوەکانی دنیای تێدا بوو تەنها چیرۆکی کورد نەبێت، لەبەرئەوە هەمیشە، پرسیاری دەربارەی بوونمان وەک نەتەوە لەلا دروست دەکردین. ڕەنگە هەندێک شوێنی تر، ئەگەر بە زەحمەتو مەحاڵیش بووبێت، بڵاوکراوەکانی شۆڕشی لەچەشنی (ڕێبازی نوێ) یان (شەرارە)، یان بڵاوکراوەکانی تری هێزەکانی تری کوردایەتی پێگەیشت بێتو بەو فۆڕمە لەخواستی نەتەوە لەلای کوردانی ئەو ناوچانە دروست بووبێت، بۆ ئەوەی

ئێمـەی کەرکوکـی لەنیـوەی دووەمـی هەشـتاکاندا دەسـت ڕاگەیشـتن بـەو ئەدەبیاتانـە ئەسـتەم بـوو. جارێکـی تـر بـا لـەو بەراوردکارییـەی ئیسـماعیل بێشـکچی بڕوانیـن، ئەوکاتێـک دەڵێـت «گەنجـی کـورد لـە دیاربەکـر یـان ئەسـتەمبوڵ، کـە ڕۆژنامەیـەک دەخوێنێتـەوە، چـاوی دەچێتـە سـەر پرسـی فەلەسـتین یـان کەمبۆدیـاو ڤێتنـام، هەمـوو سـتەملێکراوانی دنیـا دەبینـێ، خـۆی نەبێـت»، ئیـدی هەمـان ئـەو پاسـاوەیە، کـە مـرۆڤ لەنـاو ئـاوەزی خۆیـدا ناچـار بـە بەراوردکـردن دەکات، داخـۆ چیرۆکەکانـی ئێمـە، ئەگـەر لەنیشـتمانی خۆمانـدا نەبنـە جێـی بایـەخ، لەکوێـی دنیـا فۆکەسـیان دەخرێتـە سـەر؟ هەمـان ئـەو پرسـیارانەی گەنجەکـەی دیاربەکـر یـان ئەسـتەمبوڵ لـەلای منیـش دوبارەدەکرایـەوە، کـە ئایـا ئێمـە لەکوێـی میدیـای عەرەبـیو عێراقیدایـن؟ لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ناخۆشیانەشـدا، بەڵام دواجـار وەک ئەزموونـی کەسـی خانـەی نیشـتمانی دابەشـکردنی ڕۆژنامـەکان خزمەتێکـی زۆری منیـان کـرد، هـەم لەبەرئـەوەی گۆڤـارو ڕۆژنامـە وەرزشـییەکانم پێدەگەیشـتو هەمیـش گۆڤـاری (عەرەبـی) کوەیتـی، کـە ئەوپـەڕی دە نوسـخەیەک دەهاتـە کەرکـوکو بـۆ دەسترۆیشـتووەکانی ئـەو شـارە دەچـوو، جاروبـار بەدەسـتمان دەگەیشـتو دەمانخوێنـدەوە. هـەر ئـەو قۆناغـە هەندێـک ڕۆژنامـەو گۆڤـاری تـری عەرەبیمـان دەسـتدەکەوت، کـە لای کـەم لەوانـەی عێـراق باشـتربوون، لەوانـە گۆڤـاری (تەزامـون) و (کـول ئەلعـەرەب)، تـەواوی ئەوشـتانە پێکـەوە ئێمـەی ئازاتـرو هۆشـیارتر کـرد. ڕاسـتە ئـەو گۆڤارانـە دوورو

نزیـک باسـی سـەدامو رژێمـی بەعسـیان نەدەکـرد، بـەڵام بـۆ ئێمـە گرنـگ بـوو، کـە ببینیـن سـەرۆکو رابـەری هیـچ وڵاتێـک موقـەدەسو پیـرۆز نییـەو ئەوەتـا رەخنـە لەسـەرۆکی فـڵانو فیسـار جێگـە دەگیـرێ، ئـەوەش بەدڵنیاییـەوە دەرفەتێکـی باشـە کـە خوێنـەر تێبـگات لـەوەی کـە سیسـتەمی سیاسـی وڵات پیـرۆزو کارەکتەرەکانیشـی خواوەنـد نیـن وەک ئـەوەی میدیـای عیراقـی بەعـس و سـەددام وێنـا دەکـرد.

# گۆڤارەکەی من و براکانم شەرەفەدین و رەحمان

ئـەو قۆناغـە مێژووییـە وێـڕای دەردەسـەریو هەسـتی پەراوێزیـی وەک کـورد، سـەرباری سـوربوونم لەسـەر خوێندنـەوەی هەمـە چەشـنەی هەمـوو بـوارەکان، بـەڵام هـەر ووردە خەیاڵـی وەرزشـیم مابـۆوە، هـەر چۆنێـک بێـت دەمەویسـت ڕۆژانـە مومارەسـەی ئـارەزوی نووسـینە وەرزشـیەکانم بکـەمو لـەو جیهانـە دانەبڕێـم. ڕاستیەکەشـی سـاڵانێکی خـۆش بـوون، ئەزموونـی ڕۆژنامەنووسـیم وردە وردە بـەرەو لەدایکبـوون دەچوو، هەر ئەوکاتە لەماڵەکـەی خۆمانـدا لەگـەڵ (شـەرەفەدینو ڕەحمـان)ی برام، سـێو چـوار گۆڤـاری دەستنووسـی وەرزشـیم بەنـاوی (کاس) دەرکـرد، گۆڤارەکـەم ڕاسـتەوخۆ دوای تەواوبوونـی جامـی جیهانـی سـاڵی (١٩٨٦)و سـەرەتای سـاڵی (١٩٨٧) بـوو، تەنهـا لەنـاو ماڵەکـەی خۆمانـدا لەگـەڵ براکانـم دەسـتاو دەسـتمان پێدەکـردو تەنانـەت نەمـان دەهێشـت گەڕەکەکـەی خۆشـمان ببیینـێ، بەڕاسـتی دۆخـی ئەوکاتـەی کەرکـوکو سـایکۆلۆژیای نەوەکـەی ئێمـەش ئاوابـوو، ڕەنگـە ئەگـەر بـڵاوم بکردبایـەوە، تانەیـان لێدابـامو گاڵتەیـان پێکردبـام، چونکـە نـە هاوڕێکانـمو نـە کوڕانـی گەڕەکەکەشـم زۆر حـەزو خولیـای ئـەو بوارەیـان نەبـوو، گۆڤـارە دەستنووسـەکەی

مـن هەشـت لاپـەڕەی قەبـارە بچـووک بـوو، کەچـی عێـراق تەنهـا ڕۆژنامەیەکـی چـوار لاپەڕەیـی هەبـوو، پێموابـوو ئـەوە هەنگاوێکـی تۆزێـک لـە پێشـترو تازەتـر بـوو لـە نەشـرەی قوتابخانـەکان، پێشـتریش هەوڵێکـی تـری سـەرەتاییم هەبـوو بەنـاوی (البطولـة ـ پاڵەوانیەتـی)، هـەر ئەوکاتـە بەخـۆمو مقەسـتێکەوە خەریکـی بڕیـنو کۆکردنـەوەی زانیـاری بـووم لەسـەر ئـەو هەڵبژاردانـەی بەشـداری جامـی جیهانیـان کـردووەو هەموویانـم لـە دەفتەرێکـدا کۆکـردەوەو تائێسـتاش لـە کەرکـوک لەلایـەن براکانمانـەوە ئـەو یادگارییـە پارێـزراوە.

هاوڕێـم ئاریـان، تـۆ دەزانـی ئـەو قۆناغـەی تەمـەن، مـرۆڤ کاتێـک بەرهـەمو بەخششـێکی خـۆی دەبینـێ زۆر دڵشـاد دەبێـت، ئەوەنـدە هەسـتی خۆباڵایـی لـەلا دەپشـکوێت کـە پێیوایـە داهێنانێکـی مەزنـی کـردووەو شـایان بەوەیـە سـتایش بکرێـت، دڵنیـام تـۆش هەمـان ئـەو هەسـتەت تاقیکردۆتـەوە، ئیـدی ئـەو هەسـتە لـە نەشـرەی سـەر دیـواری قوتابخانەکانیـش هـەر بـۆت دروسـت دەکات، مـن لەگۆڤارەکـەی ماڵەکـەی خـۆم ئـەو هەسـتەم تاقیکـردەوەو تـا ئەوپـەڕی چێـژم لێدەبینـی، ئێسـتا کـە بیـری لێدەکەمـەوە دەزانـم چەنـد کارێکـی پـڕ چێـژو خـۆش بـووە.

# خوگرتن بە رۆمانەوە، چەکەرەی خەیاڵی نەتەوەیی

سروشــتی ئــەو تەمەنــەو دەستپاگەیشــتن بەســەرچاوەو کتێبیــش لــەو قۆناغــە بەجۆرێــک بــوو، کــە پێویســت بــوو، هەمــوو کــەس خــۆی لەنــاو ئەدەبیــاتو رۆمانــدا بدۆزێتــەوە، مــن ئیــدی بەشــێکی زۆر لەکاتەکانــم بــۆ خوێندنــەوەی رۆمــانو کتێبــە ئەدەبییەکانــی تــر تەرخانکــرد، هــەم بەهــۆی ئــەو خــووە باشــەوە، کوردییەکــەم پتــر دەمــەزەرد دەکــردەوەو هەمیــش دەمتوانــی باشــتر لەمێــژووی نەتەوەکــەم تێبگــەم، ئەگەرچــی لــە پێشــتر بازمدایــە ســەر قۆناغــی زانکــۆو دەردەســەرییەکانم بەدەســت زانســتی ئابوورییــەوە ئامــاژە پێــدا، بــەڵام جارێکــی تــر ئــەوە بەیاندەکەمــەوە، کــە یەکــەم ســاڵ (١٩٨٨- ١٩٨٩) بەهــۆی ئــەو ژینگــە نوێیــەوە، بەهــۆی ئــەو جیاوازییــە زۆرەی لەنێــوان خەیاڵــی مــنو واقیعــی زانکــۆ هەبــوو، لــە قۆناغــی یەکــەم دەرنەچــوومو مامــەوە، ســاڵانی دوای ئــەو، بــۆ کوردێکــو کەرکوکییــەکو غەریبەیــەک لەنــاو زانکۆیەکــی پــڕ خوێنــدکاری عــەرەب زانکــۆی موســڵ، لەســەردەمێکدا کــە ســتەمکاری دژ بــە کــورد لــە هەڵەبجــەو پاشــان ئەنفــال گەیشــتە لوتکــەی دڵڕەقــی، ئێمــەی کــردە مرۆڤێکــی تــر، وەک رۆڵــەی نەتەوەیەکــی

بێکـەس‌و بـێ پەنـا خۆمـان دەهاتـە بەرچـاو، هەرچـی دەهـات، هێـزو باڵادەسـتی خـۆی لەسـەر ئێمـەی کـورد تاقیدەکـردەوەو. ئـەو قۆناغـە دەیـان برینـی لەسـەر دڵـی ئێمـە دروسـتکرد، وایکـردوو تەنهـا بـە جەسـتە لەنـاو حەرەمـی زانکـۆدا بێیـن‌و بچیـن، گۆڕانکارییـەکان لەسـەر ئاسـتی جیهـان بـە ئەندازەیـەک خێرابـوون، سـۆڤیەت تـا دەهـات لـە کەوتـن نزیـک دەبـۆوەو سەرکێشـییەکانی سـەدام تادەهـات گەورەتـر دەبـوون، گرتنـی کوەیـت، ئەوجـی سەرکێشـییە هەرێمییەکـەی بـوو، کـە دواجـار دۆخێکـی نوێـی لەناوچەکـەو جیهانیـش هێنایـە گـۆڕێ، بـۆ مـن هەمـوو روداوەکانـی ناوخـۆ پێچەوانـەی دوخەکـە نێودەڵەتییەکـە بەسـوێ‌و پـڕ ئازاربـوون، بـەڵام راسـتییەکەی بەهـۆی دۆخـە ئابـووری‌و سیاسـییە نوێیەکـەی پـاش گرتنـی کوەیـت‌و شـەڕی کەنـداو، رێگایـان دایـن هەرکەسـەو دەتوانـێ خوێندنـی بگوازێتەوە ئـەو شـارەی کـە لـە پارێزگاکـەی خۆیـەوە نزیکـە، مـن زانکـۆی سـەڵاحەدینم لـە هەولێـر هەڵبـژاردو بەمـەش قۆناغێکـی نـوێ لـە ژیانـم دەسـتی پێکـرد.

بەرلـەوەی بگەڕێمـەوە هەولێـر، لـە دوا دواکانـی مانـەوەم لەموسـڵ، هەندێـک بابـەت‌و پـرس زۆر کاریگـەری بەسـەر نـەوەی ئێمـەوە جێهێشـت، یەکەمیـان بڵاوبوونـەوەی زنجیـرە وتارەکانـی (حیلمـی عەلـی شـەریف) بـوو لەسـەر پرۆیسـتریکای نەتـەوەکان، لـە یەکێتـی سـۆڤێت کـە حەڤـدە بـۆ هـەژدە ئەڵقـەو زنجیـرە بـوو لەرۆژنامـەی هـاوکاری، لەنێـو چەنـد خوێندکارێکـی کـورد دەسـتاو دەسـتی پێدەکـراو بـۆ ئێمـەش شـتێکی نـوێ بـوو،

کــە ئەدەبیاتــی سیاســی بــە زووبانــی کــوردیو بــە ئاشــکرایی بڵاوببێتــەوە، دووەمیــش گفتوگــۆی نێــوان (د. کەمــال مەزهــەر) و (حەمــەی مــەلا کەریــم) بــوو لەســەر (عەزیــز نەســینو نــازم حیکمــەت)، نــازم حیکمەتــی کۆمۆنیســتو چــەپ، عەزیــز نەســینی دیموکراتخــوازی بــۆرژوازی، بڵاوبوونــەوەی ئــەو ئەدەبیــاتو گفتوگۆیانــە، بــۆ ئێمــە پراوەیەکــی دیکــە بــوو کــە بەهۆیــەوە دەمانتوانــی ســەرباری بەرینکردنــی هۆشــیاری سیاســیمان، پــەرە بــە تێگەیشــتن لــە تەکنیکــی نووســینو ڕۆژنامەنوســیش بدەیــن. هــەر لــەو قۆناغــەدا، ئیــدی کڕیــنو خوێندنــەوەی ڕۆژنامــەی هاوکاریــش تەنهــا بــۆ ئــەوە نەبــوو، دوو تێکســتو دەقــی ئەدەبــی بخوێنینــەوە، بەڵکــو لەتــەک ئەوەشــدا بەهــۆی کەوتنــی یەکێتــی سۆڤیەتەوە، دیــوە سیاســییەکەی ڕۆژنامەکــەش کەڵکــی خوێندنــەوەی پەیداکردبــوو. لەدیــدگای ئەوســای ئێمــەوە، کەوتنی ســۆڤیەت، بەتەنهــا کەوتنــی دەوڵــەتو جەمســەرێکی دنیــاو کەوتنــی جۆرێــک نەبــوو لــە بیروبــاوەڕی سیاســیو ئایدیۆلــۆژی، بەڵکــو بەچەشــنێکی تــر ســەرهەڵدانەوەی کێشــەی نەتەوەکانیــش بــوو، هــەر لەبەرئەوەشــە دەتوانیــن بڵێیــن ســاڵی (١٩٩٠)، نەتــەوەکان بــە جۆرێکــی تــر هاتنــەوە مەیدانــەوە، ئــەوەی ئــەو پرۆســەی ســەرهەڵدانەوەی نەتەوەکانیشــی جیاوازتــر کــرد، بەدڵنیاییــەوە ئەمجــارە کوردیشــی تێدایــە. ڕاستییەکەشــی لەگــەڵ گواســتنەوەمان بــۆ هەولێــرو جێگیربوونــم لەزانکــۆی ســەلاحەدین، هــەرزوو بۆنــی ڕاپەڕیــن، دەرکەوتنــی هەلومەرجێکــی نــوێ بــۆ کــورد هەســتی پێدەکــراو هەموانیــش پێشــبینی گۆڕانــکاری

گەورەیان دەکرد، ئەو ساتەوەختە بەهۆی شەڕی کەنداوەوە لە ساڵی ١٩٩١ خوێندن و زانکۆ داخرا و هەرکەسەو گەڕایەوە بۆ شاری خۆی من گەڕامەوە کەرکوکو ئیدی کۆتاییەک لەرێگەی راپەڕینەوە بۆ بەعس دانراو بەشێکی کوردستان کەسەرەتا کەرکوکیش تێدابوو بەتەواوەتی لەژێر چەپۆکی ئەو رژێمە ئازادکرا.

# توێژینەوەکەم لەسەر شێوازی
# بەرهەمهێنانی ئاسیایی

کۆتایـــی هەشـــتاکان و دوای ئەنفـــال و هەڵەبجـــە زەمەنێکـــی سـەیر بـوو، گۆڕانـکاری خێـرا روویانـدەدا، هەمووشـی پریشـکی بـەر ناوچەکـەی ئێمـە دەکـەوتو کاریگەریـی قوڵیان بەسـەر هاوکێشـەکاندا جێدەهێشـت، نەوەدەکانـی سـەدەی بیسـت بـوو کوردەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت دەسـتیان بەچالاکـیو بزوتنـەوەی سیاسـیی کـرد بـۆ ئـەوەی کۆمـاری سـوور بژێننـەوە، د. قاسـملۆ شـەهیدکرا، عێـراق کوەیتـی گـرتو پاشـتریش جەنگـی کەنـداوی دۆڕانـد، ئیمـام خومەینـی وەفاتـی کـرد، ناوەنـاوەش دەمانبیسـت کـە بزوتنـەوەی چەکـداری کـوردی بەسـەرکردایەتی حزبێـک بەنـاوی پەکەکـە لـە تورکیـا دەسـتی بەجموجۆڵـی گـەورە کـردووە، هەمـوو ئەوانـە خەیـاڵو بیرکردنـەوەی ئێمـەی داگیرکردبـوو. چەنـد مانگێکـی کـەم بـەر لەراپەڕیـن، لەکەرکـوکو لەگـەڵ هاوڕێیانـی گەڕەکـم (موعتەسـەم نەجمەدیـن)و برادەرانـی تـر، ئێـواران بـەدەم گفتوگـۆی ئەدەبیاتـی سیاسـیو بـوارو پسـپۆڕی خۆمـان، کـە ئابورییـە، لـە شـەقامەکانی شـۆڕیجە رێمـان دەکـرد، ئەوکاتـە مـن لەپـاڵ عەرەبـی دەسـتم بەنووسـینی کوردیـش کـرد. دەوامـی زانکـۆ نەبـوو هـەر خوێندنـەوەو نووسـین هەبـوو، چونکـە زانکـۆ راگیـرا بـوو توێژینەوەیەکـم لەسـەر

شـێوازی بەرهەمهێنانـی ئاسـیایی نوسـیبوو، شـێوازی بەرهەمهێنانـی ئاسـیایی ئـەو فـۆڕمو تایپەیـە لەبەرهەمهێنانـی ئابوورییانـە کـە هەڵگری خەسـڵەتی رۆژهەلاتیانەیـە، ئـەو چەشـنە لەگـــەشەکردنی کۆمەڵگاکانـی رۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت کـە تەنانـەت (کارل مارکـس)و (ئەنگلس)یـش، پێیانوابـووە جیـاوازە لـەو فـۆڕمو تایپـەی رۆژئـاواو ئەوروپـا. ئـەم تایبەتمەندییـە جیـاوازە لـەو فۆڕمـەی نەتەوەیەکـی بندەسـتی وەک کـورد بیـری لێدەکاتـەوە، چونکـە هێشـتا بـە خەونـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی نەگەیشـتوین، ئەمـەش لـەڕووی فیکـری و ئەدەبیاتـی چەپـەوە بەجۆرێـک شـەرعیەتمان پێـدەدات کـە خەباتـی سیاسـی نەتەوەیـی خۆمـان لەژێـر کاریگـەری ئـەو هەلومەرجـە دابڕێژیـن، ئـەوەی لـە سـەرچاوە کوردییەکانـەوە فێـری ببـووم، تێکەڵ بـەو رۆشـنبیرییە عەرەبیـەی خۆمـم کـردو بـە کـوردی توێژینەوەکـەم نووسـی، سـەرچاوەم بەکاردەهێنـاو لەرێگەیـەوە تەکنیکـی نووسـینی خۆمـم بەهێزکـرد، هـەر ئەوکاتانـەش چیـرۆکو شـعرو پەخشـانم لـە دەفتـەری رۆژمێرمـدا دەنووسـی. لەبیرمـە شـتێکم نوسـی لەسـەر شـەهیدکردنی قاسـملۆ، شـیعرەکەی شـێرکۆ بێکەسـم بەکارهێنـا، کـە دەڵـێ «جارێکـی دیکـەش سـمکۆ ناچێتـەوە سـەرخوانی مـردن»، وتـم نەخێـر ئەوەتـا قاسـملۆ شـەهید بـوو بەنـاوی دانووسـتانەوە، هەرئەوکاتیـش بـوو، کـە ووردە ووردە کتێبەکانـی د. قاسـملۆ دەهاتن، لـە کتێبی (کوردسـتان و کورد)ەکـەی و ئـەوەی تریش لەسـەر مێژووی حزبـی دیموکـرات، کـە (د.عیزەدیـن مسـتەفا رەسـوڵ) پێشـەکی بـۆ نوسـیبوو.

مـرۆڤ هەندێـک جـارو لـەو تەمەنـەدا تـا لەسـەر دنیایەکـی

نوسـین سـاغ دەبێتـەوە، زۆری دەوێـت، ناچـار بەتاقیکردنـەوەی چانسـی خـۆی دەبێـت لـەزۆر بـوارداو سـەرەنجامیش ڕەنگـە هیچیـان هەڵنەبژێرێـت، مـن بـە ڕۆژنامـەی وەرزشـی دەسـتم پێکـرد، کەچـی لەناوەڕاسـتی ڕێـگادا وەک توێـژەر خـۆم بەیانکـرد، توێژینەوەکەشـم پێشـکەش بـە ڕۆحـی (د. قاسـملۆ) کردبـوو، ئـەوەش بەهـۆی ئـەوەی کـە قاسـملۆ لەکتێبـی (کوردسـتان و کـورد)دا لەسـەر قۆناغـی دەرەبەگایەتـی ڕۆژهەڵاتیـی قسـەیکردبوو. دوای ڕاپـەڕیـن بـەزۆر سـەرچاوەی تـری بەپێـز گەیشـتم دەربـارەی بەرهەمهێنانـی ئاسـیایی، سـوودم لەکتێبەکانـی (مەسـعود محەمـەد) وەرگـرتو هەروەهـا دواتـر زانیـم کـە کاک (فەریـد ئەسەسـەرد) لـە سـاڵی (١٩٨٤) کتێبێکـی بەنـاوی (شـێوەی بەرهەمهێنانـی ئاسـیایی) نووسـیووە. هەرچەنـد گۆڤارەکانـی کۆمەڵـەمـان دەسـت دەکـەوت، بـەڵام ئـەو نووسـینەی کاک فەریـدم دواتـر بینـی

دوای ڕاپـەڕیـنو کـۆڕەو و دەسـتپێکردنەوەی خوێنـدن لەزانکۆی سـەلاحەدین، دۆخێکـی نوێـی سیاسـی، ڕوناکبیریـیو ڕۆژنامەوانـی لەهەولێـر بـۆ نـەوەی مـن پەیدابـوو، سـاڵی (١٩٩٢) لەنـاو زانکـۆو لەڕێگـەی (کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان)ەوە چالاکـی هەمـە چەشـنەمان ئەنجامـدەداو سـیمیناری جۆراوجۆرمان سـازدەکرد، بیرمە بـۆ یەکەمجـار ئـەو توێژینـەوەی خـۆم (بەرهەمهێنانـی ئاسـیایی) لەکۆڕێکـدا پێنکەشـکرد. ئـەوەی لـە توێژینەوەکـەدا بەسـوود بـوو بـۆم، یەکەمیـان مێـژوو، دووەم سیاسـەت، سـێهەم ئابـووریو چـوارەم تەکنیکـی نوسـین بـوو، دواجاریـش هێنـدە تێیـدا ڕۆچـووم، کردمـە توێژینـەوەی دەرچوونـم لـە زانکـۆی سـەلاحەدین لـە سـاڵی (١٩٩٣)

دا.

ئــەوەی بیــرم دەکەوێتــەوە، لەنــاو زانکــۆی ســەلاحەدین ســەرەتا مقۆمقــۆی زۆر هەبــوو، لەســەر ئــەوەی لەوانەیــە رژێمــی عێــراق دان بــە بڕوانامەکانــی ئێمــەدا نەنــێ، ئــەوە هۆکاربــوو کــە بەشــێکی زۆر لــە خوێندکارانــی کەرکــوک خۆیــان دەگواســتەوە بــۆ زانکۆکانــی تــری عێــراق، بــەلام بەنــدە ســوور بــووم لەســەر مانــەوەو درێــژەدان بەخوێنــدن، هــەم لەبەرئــەوەی جارێکــی تــر نەمدەویســت بچمــەوە ژێردەســەلاتی بەعــسو هەمیــش پێموابــوو رۆژێــک دێــت بــە ناچارییــەوە مــل بــۆ ئــەو شــەهادەیە دەدەن، بەڵگــەم بــەوە دێنایــەوە، کــە دوای رێککەوتنامــەی ئــازار (١٩٧٠) دۆخێکــی لــەو چەشــنە هەبــووەو دواتــر حکومــەت ملــی بــۆ ئــەو عافواتــە داوە. بــەو پاســاوە نەتەوەیــیو ئەخلاقیــەی خۆمــەوە لەهەولێــر مامــەوەو لەســایەی ئــەو دۆخــە نوێیــەوە دەســتم بــە چالاکــی هەمــە چەشــنە کــرد، راســتە لــەرووی ئابــووریو ژیانــەوە دۆخــم لەوپــەڕی خراپــیو ناجۆریــدا بــوو، جاروبــار دایکــم بــە دزییــەوە دەهاتــە هەولێــرو پــارەی بــۆ دەهێنــام، ئەوەشــم بیرناچێتــەوە، کــە هــاوڕێو هەڤاڵــە هەولێرییەکانــم ئــەو رۆژگارە هەمیشــە گەورەیــی و لوتفــی برایانەیــان دەنواندو هەر شــەوەو میوانــی ماڵــی برادەرێــک دەبــووم، لەوانە مامۆســتا (ئیبراهیــم عومەر) کــە ئێســتا جێگــری لێپرســراوی مەڵبەنــدی پێشــمەرگەیە، هەروەهــا (حاکــم ســەمەدو کاک تەڵعــەتو کاک بورهــان (بابــی هەرمــان) و کاک قــادر نــادر و کاک کاوە نــادر و کاک عەبــاس بریــان)، هەمیشــە لوتفیــان نوانــدووەو ئــەوان دەســتیان بەباڵــی منــەوە گرتــووە لــەو دۆخــە ئابوورییــە شــپرزەو ناجــۆرەی ئــەوکات.

# ئەزموونەکەم لە ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکاران

ئەزموونــی ژیانــم دوای دەرچوونــم لەزانكــۆ لــە هەولێــرو كۆمەڵــەی خوێنــدكاران بۆمــن، ئەزموونێكــی نوێــی كاری رۆژنامەوانــی بــوو، لەگۆڤــاری كۆمەڵــەی خوێنــدكاران (كازیــوە) وە دەســتم پێكــرد، ســەرەتا بــە بڵاوكردنــەوەی وەرگێــڕان شــانم دایــە بــەر ئەركێكــی تــازەو نــوێ لەبــواری رۆژنامەوانــی فەســڵی یەكەمــی، كتێبەكــەی (فوئــاد مورســی) بەنــاوی (ســەرمایەداری خــۆی نوێدەكاتــەوە)، كــە ســاڵی (١٩٩٠) لەزانكــۆی موســڵ گفتوگۆمــان زۆر لەســەر دەكــرد، وەرمگێــڕاو لەگۆڤــاری خوێندكاران بڵاومكــردەوە، ئەوانــەی لــەو قۆناغــەدا لەكازیــوە كاریــان دەكــردو شــتیان بڵاودەكــردەوە، (باوەنــور)و (خــدر ئیبراهیــم خــدر)و (شــیلان دەرگەڵــەی)و زۆر هەڤاڵــی تــر بــوون، (لەتیفــی شــێخ عومــەر) ســكرتێری كۆمەڵــەی خوێندكارانــی كوردســتان بــوو، شــتیان بــۆ كازیــووە دەنووســی، مــن بیرمــە لــەو گۆڤــارە چــوار بەرهەمــم بڵاوكرایــەوە، یەكەمیــان وتارێــك بوو لەســەر (بزوتنەوەی خوێندكارانــی ١٩٦٨) كــە لەگۆڤــاری (ئەلمەنــار) بڵاوكرابــۆوەو منیــش كوردانــدمو بڵاومكــردەوە. دووەمیــش پێشــەكی كتێبەكــەی (فوئــاد مورســی)و وەرگێڕانێكیــش لەســەر لیبراڵیــزم، ئــەو شــتانە

بـوو کـە بڵاوکرایـەوە.

ئەودەمــە چەنــد خــۆشو بەچێژیــش بــوو، بــەڵام دەردەسەریشـی زۆربـوو، جاروبـار توشـی سەرئێشـەیان دەکـردم، چونکـە لەبەشـی ناوخۆیـی دەژیـام، زوو زوو راپـۆرت و ئیخبـاری دەکـرام، کـە کتێبێکـی (ئۆجەلان)یـان بەمـن دیتبـا دەیانـووت بۆتـە پەکەکـە، خـۆ ئەگـەر ئەدەبیاتێکـی (مەنسـور حیکمـەت) یشـیان پــێ دیتبـام، دەیانـووت بۆتــە کۆمەنیسـت، جاروباریـش کتێبێکـی (مـام جـەلال) دڵنەوایـی دەکـردن کـە نەخێـر یەکێتیـە، پێدەچـوو حسـابو ئەژمـاری راپۆرتنووسـەکان لەسـەر کتێبخانـەی ژوورەکـەم بووبێـت، بەهـۆی ئـەو راپۆرتانـەوە چەنـد جارێـک لای کاک (لەتیفـی شـێخ عومــەر) خراپیــان لەســەرم وتبــوو، بــەڵام کاک (کاوان بــرادەری هاوبەشــمان)، هەمیشــە بــە دڵســۆزییو برایەتییـەوە دەیەویسـت ئـەو نێوانـە خراپـە چـاک بـکاتو گومـانو دەردەڵـەکان بڕەوێنێتـەوە، دواتـر لەگـەڵ شـێخ لەتیـف بوویـن بـە دۆسـت و هـاوڕێ، بەخۆشـییەوە هەمـوو ئـەو روداوو دەردەڵانـەم بـۆ گێڕایـەوە.

قۆناغـی دوای گۆڤـاری کازیـووە بـۆ مـن سـەرەتایەکی نـوێ بـوو، بـۆم دەرکـەوت، دەتوانـم بـە کـوردی بنووسـم، هەروەهـا بوومـە ناوێکـی دیـاری کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردسـتان، چونکە چوســتو چــالاک بــووم، کــۆڕم دەکــردو کۆبوونــەوەم بەڕێــوە دەبـرد، ئەوکاتـە کاک (ئیبراهیـم عومـەر) ئەندامـی سـکرتاریەتی کۆمەڵــەی خوێنــدکاران و لێپرســراوی خوێندکارانــی زانکــۆ بـوو، مـن لێپرسـراوی لیژنـەی کۆلێژەکـەی خۆمـان بـوومو کاک

(سـەروەر حەمەمیـن) تێکۆشـەری دێریـن، لێپرسـراوی کۆمیتـەی زانکـۆ بـوو، یەکێـک بـوو لـە زیندانیـە سیاسـییەکان، بەهـۆی دابڕانـی لەخوێنـدن گەڕابـۆوە بـۆ کۆلیژەکـەی خـۆی، بۆیـە کـە مـن کۆبونـەوەم دەکـرد لەگـەڵ کۆمەڵـەی خوێنـدکاران، ئەوکاتـە شـێوازی حزبایەتـی وابـوو هەمـوو ئەندامێکـی ڕێکخسـتنەکان دەبـوو ئەنـدام بێـت لـە کۆمەڵـەی خوێنـدکاران، بـەڵام هەمـوو ئەندامێکـی کۆمەڵـەی خوێنـدکاران مـەرج نەبـوو ئەنـدام بێـت لـە ڕێکخسـتنەکان، کاتێـک کـە من کۆبوونـەوەم دەکـرد قەرەباڵغیەکی زۆر هەبـوو، بەپێچەوانـەی کۆبوونـەوەی ڕێکخسـتن، هەربۆیـە وایلێهـات دەیـان وت بـا کۆبوونـەوەی نوخبـەی هاوبـەش بکەیـن بـۆ ئـەوەی قەرەباڵغـی هەبێـت و لـەو ڕێگەیەشـەوە زیاتـر لەگـەڵ ڕێکخسـتنەکان تێکەڵبـووم.

سـاڵی (١٩٩٣) کاک (حەمیـد بەدرخـان) لەکۆلیژەکەمـان خوێندکاربـوو و لەهەمـان کاتـدا لەچاپخانـەی زانکـۆ فەرمانبـەر بـوو ڕۆژنامەیەکـی بەنـاوی ئابـووری دەرئەکـرد، کۆمەڵێـک خاڵـی هاوبـەش لەگـەڵ حەمیـد ئەبوبەکـر کۆیدەکردینـەوە، لەوانـە، هەمـوو برادەرەکانـی بەغـدای حەمیـد بـرادەری مـن بـوون، هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە مـن حـەزم دەکـرد بیـان بینـم لـە (حەمـەی مەلاکەریـم)و (دکتـۆر کەمـال مەزهـەر) ئـەو دەیناسـین، بۆیـە بـەو ئەزموونـەی هەیەتـی لـە چاپخانـە توانـی ڕۆژنامەیـەک بەنـاوی ئابوورییـەوە دەربـکات، کاتێـک توێژینەوەکـەم کـە لەسـەر وەبەرهێنانـی ئاسـیایی بـوو، نـاردم بـۆ ڕۆژنامـەی (ئـاڵای ئـازادی) کـە ئەوکاتـە سەرنووسـەرەکەی (غـازی حەسـەن) بـوو،

بـەڵام چەنـد هەفتەیـەک بەسـەریدا تێپـەڕیو بڵاونەکرایـەوە، بۆیـە کاک حەمیـد بەردخـان دەستپێشـخەری کـرد کـە لەرۆژنامـە ئابوورییەکـەی خـۆی بـۆم بـڵاو بکاتـەوە، نازانـم و لەبیـرم نییـە بەڕاسـتی ئەویـش بڵاویکـردەوە یـان نـا؟!

# یادکردنەوەی شەهید ئارام و عومەر دەبابە

هەر لەو سەردەمە سەرەتاییەی کۆمەڵەی خوێندکاران، جگە لە گۆڤاری کازیوە، رادیۆی مەڵبەندو تەلەفزیۆنی هەولێریش هەبوون، کە جارو بار شتەکانی منی تێدا پەخشدەکراو بڵاودەکرایەوە، هەر لەو ساڵەدا جارێک لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێو هەڤاڵی یەکێتی دەمانەویست یادی شەهید ئارام بکەینەوە، هاوکاتیش یەکەمینساڵیادی کۆچی عومەر دەبابە بوو، چەند هەڤاڵێک داوایان لێکردم لە ساڵرۆژی یادی عومەر دەبابە هاوکاری ڕاگەیاندنی مەڵبەندی هەولێر بکەین، ئێمەش ئەو هاوبەشیەمان کردە مەرج، بۆئەوەی لەهەردوو یاددا هاوبەشی یەکتر بین تێگەیشتین ئەو شۆڕشو بزوتنەوەی یەکێتی کە ئێمە پێی سەرسامین پەیوەستییەکی مێژوویی گرنگی لەنێوان باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیستو کۆمەڵەی رەنجدەران بەچەشنێک دروستکردووە، کە هەم سەرکردەی وەک عومەر دەبابەی هەبووەو هەمیش سەرکردەی وەکو ئارام، هەر ئەو نەریتەش بووە رێو رێبازێکی بیرکردنەوەمو هەموو ساڵێک لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەردوو یادمان کردۆتەوە، لەو دەستپێشخەرییەی هەڤاڵانی هەولێر، بیرمە ئەو بڕە پارەیەی

بۆ یادی یەک ساڵەی عومەر دەبابە تەرخانکرابوو، بەشێکیمان گلدایەوەو بۆ یادی شەهید ئارام تەرخانمان کرد، لەیادەکەی کاک عومەر دەبابە کە لەهەولێر بەڕێوەچوو، مام جەلال بەشداری مەراسیمەکەی کردو وتارێکیشی خوێندەوە، بەشێوازێکی زۆر خۆش باسی عومەر دەبابەی دەکرد، بەو وتارەی هەم عومەر دەبابەی لای ئێمە خۆشەویست کردو هەم خۆشی زیاتر لە جاران چووە دڵمانەوە، بۆ رۆژی دواتر یادی شەهید ئارام بوو، دکتۆر (فوئاد مەعسوم) هات، ئەوکات سەرۆکی حکومەت بوو، ئێمە لەخەیاڵماندا چەندین پرسیار دروست ببوو، ئایا بۆچی مام جەلال نایەتە یادەکەی شەهید ئارام؟ تومەس مام جەلال بۆیە چووە سلێمانی تا بەشداری یادەکەی ئارام لە سلێمانی دەکات، منو کاک شکور سلێمان وەک ئامادەکاری یادەکە بۆنەو یادەوەرییەکەمان بەڕێوەبرد، دەبوایە چەند هاورێیەکی ئاراممان ببینیایە، یەکێک لەوانە (مام رۆستەم) کە ئەوکات پەرلەمانتار بوو لە هەولێر، لەگەڵ شکور سلێمان کە چوینە لای وتی «من زۆرم پێخۆشەو دێم قسە دەکەم، هەتا لەکاتی قسەکردندا وەسفی شەهید ئارامی دەکرد، کە بونیادی جەستەیی لاوازە، لەوکاتەدا دەستی بۆ من درێژکردو وتی «وەک ئەم کاکەیە وابوو»، ئەوکات من هەم لاوازو هەم چاویلکە لەچاو بووم، بەوە کۆڵێک گەشامەوە و وەسفەکەیم پێ خۆشبوو، سێو چوارناملیکەمان لابوو لەسەر شەهید ئارام، یەکێک لەوانە کتێبێک بوو، چەپکێک لە وتارەکانی شەهید ئارام کە لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوببۆوە، لەسەر

سیاسـەتی نێودەوڵەتـی نوسـیبووی، خەباتـی گـەلان و ڤێتنـامو یەکگرتنـەوەی هـەردوو کۆریـا و زۆر وتـاری تـر. خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە دیسـانەوە خولیـا رۆژنامەنوسـیەکەی تێکـەڵ بـە خولیـا سیاسـیو مێژووییەکـە کـردەوە، هەمـوو نووسـینەکانی شـەهید ئارامـم خوێنـدەوە بـۆ ئـەوەی لەمەراسـیمەکە بـاش تێبگەیـن، سـەردەمی دەستپێشـخەرییەکەی مـام جـەلال بـوو بـۆ یەکگرتنـەوەو یەکخسـتنەوەی چەپـەکان، بۆیـە وەک جۆرێـک لـە تێکەڵکـردنو ئاوێتەکردنـی دنیابینـی ئـارامو دەستپێشـخەرییەکەی مـام جـەلال وتارێکـم نووسـیو دەمهەویسـت بـۆ کوردسـتانی نوێـی بنێـرم، هـاوڕێ و خوشـکم (شـیلان دەرگەڵەیـی)، چونکـە خزمایەتـیو ناسـیاوەتیان لەگـەڵ کاک (ئـازاد جوندیانـی) هەبـوو، لەگەڵـم هـات و بردمانـە کوردسـتانی نـوێ، کـە پێشـتریش وتارێکـی تـرم لەسـەر ئابـووری بـۆ ناردبـوون، ئەوکاتـە کاک (بـەرزان فـەرەج) سەرپەرشـتیاری لاپـەڕەی بیـروڕا بـوو، وتارەکـەی لـێ وەرگرتیـنو بەڵێنـی پێـدام بـۆم بڵاوبکاتـەوە، بەیانییەکـەی بەنـاوی (سـاڵح عەبدوڵـڵا محەمـەد)ەوە بڵاوکرایـەوە. ئەگەرچـی ماوەیـەک بـوو نازنـاوی (سـتران)م بـۆ وتـارە ئابووریو فیکرییەکانـم هەڵبژاردبوو، بـەڵام ئەوەیـان هـەر بەنـاوە راسـتیەکەی خـۆم بڵاوبـۆوە. راسـتیت دەوێـت لەبڵاوکردنـەوەی ئـەو وتـارە سیاسـیەم چەنـد شـتێک بـۆ مـن روونبـۆوە، بـۆم دەرکـەوت کـە هەمیشـە چانسـی بڵاوکردنـەوەی وتـاری سیاسـی و راڤـەی روداوەکانـی رۆژ لەبەرهەمـی دیکـەی ئەدەبـیو بوارەکانـی تـر زیاتـرە، ئـەوە بـۆ مـن پۆڵێنبەنـدی لەچەشـنی وتـارو بەرهـەم بـوو، کـە بەرهەمـی گـەرمو سـارد هەیـە.

سارد ئەو بەرهەمانەیە کە دەشێت بڵاوکردنەوەیان دوابخرێتو گەرمیش ئەو تایپو جۆرانەیە کە پێویستە هەرچی زووە بڵاوبکرێنەوە تا بۆنەکە تێنەپەڕێت. ئەو نووسینەی شەهید ئارام، چونکە، پەیوەندی بەرۆژو یادەوەری ئەو زاتەوە هەبوو، زۆر زووتر لەو وتارە بڵاوکرایەوە کە پەیوەندی بەمێژووەوە هەبوو. کاتێک ناوی خۆمو وتارەکەم لەسەر روپەڕی رۆژنامە بینی، بۆمن هەم هاندانێکی باشو هەمیش چێژێکی گەورەی تێدابوو.

ئەو وتارە دەرهەق بە شەهید ئارام، بە پێچەوانەی نەریتی یادکردنەوەی ساڵانە، کارکردن بوو لەسەر ئەو چەمک گەلانەی باوەڕی پێی هەبووە، کاتێک ئەو زاتە باس لە یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا دەکات، لەسۆنگەی ئەزموونی سۆسیالیستیەوە باس ناکات، بەڵکو لە روانگەی ئارەزوویەکی ناسیۆنالیستی ئەو دابەشبوونە شیدەکاتەوە، فۆکەسی نووسینەکەی ئەو، لەسەر هەردوو گەلو نەتەوە هاوبەشەکەی کۆریایە، لەو گۆشەنیگایەوە تێڕوانینو دنیابینی ئارامم بە دۆزی کوردەوە بەستۆتەوە کە ئارام کوردستانییە، چونکە ئەوەی ئەو زاتە دەیخوازێت یەکخستنەوەی نەتەوەیە، بیرمە لەوتارەکەمدا باسی (جۆرج حەبەش)ی فەلەستینم کردووەو رەخنەم لێگرتووە کە فەلەستین بەم دواییە بوونەتە دۆستی سەددام و لایەنگری کوردیان جێهێشتووە، بەڵام ئەوکاتە کوردستانی نوێ ئەو بەشەی وتارەکەیان سانسۆرکردبوو، قرتاندبوویان، ئەوکاتە بەڕاستی جۆرێک لە هاوسۆزی گەورە هەبوو لەگەڵ

فەلەستینییەکانو هەروەها لەگەڵ (جۆرج حەبەش)یش. ڕەنگە ئەو هاوسۆزییەی کوردو یەکێتی لەگەڵ ئەودا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەڵێن کاتی خۆی هەوڵیداوە شەهید (خاڵە شیهاب)و هاوڕێکانی لەزیندان ئازاد بکاتو داوای لە سەدام حوسێن کردووە بیانبەخشێ، هەروەها پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ مام جەلالیش هەبووە، ڕەنگە لەبەرئەو هۆکارە بووبێت ئەو بەشەی وتارەکەی من قرتابێت، بەڵام دوای چەندین ساڵ مەبەستی قسەکانی منی پشتڕاستکردەوە، ئەوکاتەی پێش مردنی لە چاوپێکەوتنێکدا لە کتێبی (شۆڕشگێڕەکان نامرن)، ڕەخنەی نابەجێ لەمام جەلال دەگرێو بە توانجەوە ئەوە دوپاتدەکاتەوە، کە ئێستا مام جەلال بەدۆستی خۆی نازانێو بە دۆستی ئەمەریکییەکانی لەقەڵەمدەدات.

هەرچۆنێک بێت وتارەکەم لەسەر ئارام بڵاوکرایەوەو کۆدەنگییەکی زۆری لەناو هەمووان دروستکرد، یەکێتییەکانی سلێمانی بەوتارەکەو بە کوردستانیکردنەوەی ئارام دڵخۆش بوون، چەپەکان بەوتارەکە خۆشحاڵبوون، چونکە پێیانوابوو کە دەبێت ئەو سیمبولە چەپانە لەناو دامەزراوە میدیاییەکان بایەخیان پێبدرێت، هەروەها هەڤاڵانی (ئاڵای شۆڕش) یش، کە ئەوکاتە لەگەڵ (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) یەکیانگرتبۆوە، پێیان باشبوو، چونکە خاوەنداریەتیکردنی ئارام لەو قۆناغەدا بۆ هەموو هێزە چەپەکان گرنگ بوو. ڕاستیەکەشی ئەو نەزعەیەی هەموو چەپو کوردستانییەکان ماوەیەک بوو لە سەر کوردستانیبوونی ئارام کەوتبوونە گفتوگۆوە، لەخۆڕا

مـن چوومـه نـاویو لەرێگـەی بەراوردکردنـی بـە دۆخـی هـەردوو کۆریاکـەوە، سـەلماندم، ئـارام هـی ئێمەیـە نەک هـی عیراقچییەکان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا برادەرانـی تـری چـەپ پێیـان خۆشـبوو لـە رۆژنامـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـەو قەبـارە گەورەیـە لەسـەر ئـارام بنوسـرێت، ئـەوان وابیریـان دەکـردەوە کـە مـن چوومەتـە کوردسـتانی نـوێو ئیتـر لەمـەودوا نوێنەرایەتـی جەناحـی چـەپ دەکـەم لـە رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ. راسـتە تائەوکاتـە مـن جگـە لـە یەکێتیبـوون، هیـچ پەیوەندییەکـی میدیاییـم بـەو رۆژنامـەوە نەبـوو، بـەڵام دەرگام بـۆ کرایـەوەو پـاش دوو هەفتـە ئیتـر وتارەکـەی تـرم کـە لەسـەر مێـژوو بـوو ئەویـش بڵاوکرایـەوە.

هـەر لەوکاتـەدا (مامۆسـتا گـۆران) وەک شـیوعیەکی کوردسـتانیی رۆژنامەیەکـی بەنـاوی (نیشـتمان) دەردەکـرد، ئـەوە قۆناغـی سـەرەتا بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەو هەڤاڵـە چەپانـە بگەڕێنـەوە نـاو یەکێتـی، ئـەوان پێشـتر شـیوعییە کوردسـتانییەکان بـوون. بیرمـە توێژینەوەیەکـم هەبـوو لەسـەر کـۆی هێـزە چەپەکانـی کوردسـتان، لـە هـەر چـوار بەشـی کوردسـتان ناوێکـی زبـر و قورسـم لـێ نابـوو (ئەسـپەکەی تـەروادە لەنـاو بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی گەلـی کوردسـتان) ئـەو توێژینـەوەو ژمارەیـەک وتـارم بـۆ رۆژنامەکـە ناردو وردە وردە بڵاویاندەکـردەوە، نـاوی (سـتران)م بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـەو وتارانـە بەکارهێنـا، توێژینەوەکـەم لەسـەر چەپـە کوردەکانـی سـوریاو تورکیـاو ئێـرانو عیـراق و حزبەکانیـان بـوو، ئاخـۆ دیـدگاو دنیابینیـان لەسـەر دۆزی کـورد لـە هـەر پارچەیەکـی خۆیـان چۆنـە، بـۆ ئامادەکردنـی ئـەم توێژینەوەیـە

ناچاربـووم زۆر کتێـب بخوێنمـەوە، لەوانـە بیرەوەرییەکانـی (سـاڵح حەیـدەری)، لەژێـر کاریگـەری ئـەو پرسـە یەکـەم ئەڵقـەی وتارەکەم لەسـەر هەڵوێسـتی (حزبـی شـیوعی عێـراق)ی بـوو لەسـەر پرسـی کـورد، ئەوەنـدە لەوتارەکەمـدا رۆچوبوومـە نـاو مێـژووەوە، هێنـدە زانیـاری ووردم ئامـاژە پێدابـوو، کۆمەڵەکانـی سـلێمانی و ئـاڵای شۆڕشـەکانی هەولێـر پرسـیاریان دەکـرد، ئـەم کابـرا قسـە زلـە کێیـە؟ هەمـان پرسـیار لـەلای شـیوعیەکانیش دروسـتببوو کە داخۆ ئـەو پیـاوە کێیـە بـەو حورمەتـەوە باسـی (هـاوڕێ فەهـد) دەکاتو شـەنوکەوی هەڵوێسـتی شـیوعییەکان دەکات، بـەڵام بـە تونـدی رەخنەشـیان لێدەگرێـت؟. لەنـاو خۆیـان گومانیـان دروسـتکردبوو، کـە رەنگـە ئـەو وتـارە شـیوعییەکی قەدیمـەی خۆیـان نوسـیبیەتیو زۆرجارانیـش ئـەو گلەیەیـان روبـەڕووی مامۆسـتا گـۆران کردبـۆوە، هیچیـان نەیاندەزانـی گەنجێکـی تـازە بابەتـی کەرکوکـی رەقەڵـەو لاوازو ئـەو قسـە قەبانـە دەکـەم. کات هـاتو چـوو، مـن کـە چوومـە کوردسـتانی نـوێ و دامـەزرام جارێـک بـۆ دیـداری مامۆسـتا هـاوڕێ (مـەلا حەسـەن) چوومـە خزمەتـی، کچەکـەی ئامانـج خـان لەکۆلێـژ هاوپۆلمـان بـوو، کـە خـۆم بەمـەلا حەسـەن ناسـاند، وتـی «چمـا سـتران تـۆی، لەوتارەکانتـدا وامزانـی شـیوعیەکی بەتەمـەنو قەدیمـە نوسـیویەتی».

هێشـتا مـن هـەر لەزانکـۆ بـوومو تـا دەهـات هاوکاریـم لەگـەڵ کوردسـتانی نـوێ باشـتر دەبـوو، لەکۆلێـژ (دکتـۆر فـازڵ قەفتـان) مامۆسـتام بـوو، جاروبـار کتێبـی ئابووریـم لێوەردەگـرتو خۆشـی چەنـد کتێبێکـی کـوردی هەبـوو، هەمـوو ئەوانـم خوێنـدەوە، هـەر

ئـەو ماوەیـەش چەنـد وتارێکـی ئابووریـم بـۆ کوردسـتانی نـوێ نووسـی. لەپـای نووسینەکەشـم کـە لەرۆژنامـەدا بڵاوبـۆوە بـۆ یەکەمجـار پاداشـتم وەرگـرتو هەسـتم دەکـرد گیرفانـم پڕبـووە، چونکـە سـی دینـاری ئەوکاتـەم وەرگـرت بـۆ چەنـد رۆژێـک کەلێنێکـی پـڕ دەکـردەوە.

. لەوسەریشـەوە لەگـەڵ کۆمەڵـەی خوێنـدکاران هـەر لـە جوڵـەو چالاکیـدا بـووم، بـۆ ئەوکاتـە ببوومـە چالاکـوانو هەڵسـوڕاوێکی باشـی کاری رێکخراوەیـیو سـەندیکایی، ئـەوە بـوو جارێـک پێشـەنگایەکمان بـۆ شـەهیدانی شۆڕشـی نـوێ و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـردەوە، کاک (ماکـۆک شـێخ محەمـەد) کـە ئەندامـی سـکرتاریەتی کۆمەڵـەی خوێنـدکاران بـوو، ئـەو پێشـەنگاکەی کـردەوەو مـن لەپشـت ئـەو دەڕۆیشـتم، ئەوکاتـە ماکـۆک ئـارەزووی نوسـینی هەبـوو، بـەڵام زیاتـر شـیعرو هۆنـراوەی ئەوینـداری دەنووسـیو بڵاویدەکـردەوە، شـێوازی زۆر تایبـەت بـوو لەنووسـینی شـیعری دڵـداریو زیاتـر لـە کۆپلەکانـی کاک (قوبـادی جەلـی زادە) نزیـک بـوو، دواتـر (تەڵعـەت تاهیـر) بـەو تایـپو فۆڕمـە جوانـە دەسـتی بەنووسـین کـرد، بـەڵام بەداخـەوە سیاسـەت نەیهێشـت ماکـۆک لەسـەر ئـەو فۆڕمـە لەنوسـین بـەردەوام بێـتو حزبایەتـیو ئەرکـی کارگێـڕیو بایەخـدان بەسیاسـەتو شـیکاری سیاسـی ئـەوی بـردو لـەو بـوارەی دابڕانـد. بیرمـە چالاکـی پێشـەنگاکە لـە دوا لاپـەڕەی کوردسـتانی نـوێ بڵاوکرایـەوەو وێنـەی خۆشـم لـە رۆژنامەکـەدا بینـی، راپۆرتـی چالاکیو پێشـەنگاکە رۆژنامەنووس (ئیدریـس لاوە) ئامادەیکردبـوو،

زۆر جــوان هۆنیبوویــەوە.

بەهەرحــاڵ بەرلــەوەی وەک رۆژنامەنووســی پیشــەگەر بچمــە کوردســتانی نــوێ، زۆر شــتم بــە رێکــەوت تاقیکردەوە، لەوەرزشــەوە بـۆ ئابـووریو لەوێـوە بـۆ مێـژوو، لەوێشــەوە بـۆ کاری رێکخراوەیـیو ســەندیکایی، بــەڵام هێشــتاش دڵــم ئــاوی نەخواردبـۆوە، بەتایبــەت لــە مێــژوو کــە ژیــانو چـــارەنووس دەرفەتــی پێنەدام بەشــێوەیەکی ئەکادیمــی رۆچمــە نــاو ئــەو بــوارەوە، بــــــۆیە زوو زوو بـــــە کاک (شــوان ئەحمــەد)م دەوت، هەرگیــز بەخیلــی بەتــۆ نابــەم، کــە کەشــخەو قۆزیــتو رەنگــە ســەرنجی کــچو کاڵ رابکێشــیت، بــەڵام لــەوە حەســوودیت پێدەبــەم، کــە مێــژووت لــەلای (د. کەمــاڵ مەزهــەر) خوێنــدووەو ماوەیەکــی زۆر لوتفــی لەگەڵتــا نوانــدووە. دواتــر خۆشــم لەگــەڵ مامۆســتا (د.کەمــاڵ مەزهــەر) بوومــە هــاوڕێو لەهــەر جێگەیــەک بەخزمەتــی گەیشــتبم، تــا ئەوپــەڕی بەرێــزو شــکۆوە مامەڵەیــم کــردووە.

# ڕۆژێک ستران و ڕۆژێک حەیران،
# کارکردنم لەکوردستانی نوێ

دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی لە ساڵی (١٩٩٣) توشی دڵەڕاوکی بووم، چونکە بەدڵنیاییەوە، هیچ خوێندکارێک دوای دەرچوون داهاتووی رۆشن نییە، کەس نازانێت لە ژیانی تایبەتی چی بەسەردێتو لەکوێ دەگیرسێتەوە، کەس درک بەوە ناکات، کە لەپاش چوار ساڵ لەخوێندن، قەدەرو چارەنووس بەرەو کوێی دەبات؟ ئەوانەی خەڵکی دەرەوەی شاربوون، بە ناچاری دەبوو بچنەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیانو بەشی ناوخۆیی جێبهێڵن. بۆ منێکی کەرکوکی بێ ماڵو بنە، کە دەرگای بەشە ناوخۆییم بەسەردا داخراو نەشمدەتوانی بچمەوە کەرکوک، کە بە دەست بەعسەوە بوو، بەشێک نەبوو لە کوردستانی رزگارکراو، ژیانێکی زەحمەتو ئاڵۆز چاوەڕێی دەکردم، بیرمە لەگەڵ شیلان دەرگەڵەیی چووینە لای کاک ئازاد جوندیانی، بۆ ئەوەی لە کوردستانی نوێ کارێک بۆ من بدۆزنەوەو لەو دڵەڕاوکێیە دەربازبمو ئەو قۆناغە پڕ لەدوو دڵیە تێپەڕێنم، سیڤیو فایلێکی قەبەشم لەگەڵ خۆم برد، ئەو وتارانەی بڵاومکردبوونەوە لە کوردستانی نوێو نیشتمانو کازیوەو ئەوانی تر، لەوێ مژدەیان پێدام، کە داتدەمەزرێنن،

بـەڵام بەمــەرج، مەرجەکــەش ئاســان بــوو، ئەوەبــوو کــە وتــارو نوســینەکانم هــەر بەنێــوی (ســتران)ەوە نەبێــتو جاروبــار بەنــاوی جیــاوازەوە بنووســم بــۆ ئــەوەی هێنــدە نــاوەکان دووبــارە نەبنــەوە، کاک جندیانــی بەزەردەخەنــەوە وتــی: «ئەمــڕۆ بەنــاوی ســترانەوە بنووســەو ســبەینێش بەنــاوی حەیرانــەوە»، تێبینــی ئەوەشــی دامــێ، کــە چیتــر دەســتەواژەو نــاوی (ئێــراق) بەکارمەهێنــە، بەڵکــو بنووســە (عیــراق)، چونکــە ئــەوە تایــپو فۆڕمــی نووســینی شــیوعیەکانە. قسەکەشــی ڕاســت بــوو، چونکــە منیش بە چەشــنێک تەعریبکــراو بــووم دەمویســت دژی عیــراق بــم و ناوەکــەی بکوردێنــم وەکــو شــیوعییە کوردســتانییەکان کــە لەژێــر کاریگــەری ئــەوان ئــەو دەســتەواژەم بەکاردەهێنــا. ئەوکاتــە کاک ئــازاد نامەیەکــی بــۆ نووســیم بــۆ کاک (کاوە محەمــەد) لێپرســراوی بەشــی هــەواڵو سیاســەت بــۆ ئــەوەی ڕێــم پێبــدەن ڕۆژانــە هاتوچــۆی کوردســتانی نــوێ بکــەم، وردە وردە ســەرو دەر لەگــەڵ ئیــشو کارەکانــی ڕۆژنامــە دەربکــەم، دواتــر ســەردانی (فەریــد زامــدار)م کــرد، کــە بەڕێوەبــەری تەلەفزیۆنــی گەلــی کوردســتان بــوو، بەڕاســتی ڕێزێکــی زۆری لێنــام، ئێســتا هەمــوو جارێــک دەڵێــم توخــوا (شــیلان دەرگەڵەیــی) ســەرم بەرزکردیتــەوە، لــەوەی واســیتەکەت بەفیــڕۆ نەچــوو؟ ئەڵــێ ئەڕیوەڵــڵا، بــەس لەگــەڵ تــۆ واســتەکەم بــە زایــە نەچــووە.

ڕۆژانــە دەســتم بــە ســەردانو ملدانــە ئیشــکرد لەڕۆژنامــە، ناوەنــاوە ئەرکــی ســەرەتایی بــۆ ئەزموونکردنــی تواناکانــمو تاقیکردنەوەم دەخرایە ئەســتۆم، لەهەفتەی یەکەمی هاموشــۆیەکەم

بۆ کوردستانی نوێ، بەرپرسی بەشی هەواڵو سیاسەت داوای لێکردم لەسەر سەردانی (ولایەتی) بۆ چین بوو نازانم بۆ کوێ، وتارێکی شیکاری بنووسم، شرۆڤەی ئەو بارودۆخە بۆ من شۆک بوو، چونکە، چۆن زانکۆ لە ئابوری سیاسی بێهیوایکردمو شتێکی تری دەرەوەی کتێبەکانی پێ وتم، بەو چەشنەش، من لەفۆڕمی نووسینی وتارەکەی ئارامەوە، شۆکی نووسین لە سەر ولایەتی گرتمی، ئاخر ولایەتی کێیە؟ لەسەر چی ئەو کابرایە بنووسم؟ ئەمە چ پەیوەندییەکی بە باکگراوندی رۆشنبیریی‌و سیاسیی منەوە هەیە؟ دەمپرسی، لەسەر ولایەتیەکەی ئێران، ئەو ئێرانەی کە سێ و چوار مانگ پێش ئێستا (د.سادقی شەرەفکەندی) تیرۆرکردووە، بەناچارییەوە، وەک ئەرکێکی پیشەیی نووسیم، بە کاکێکی تریشیان وتبوو لەسەر هەمان شت بنووسێ، شیکارییەکەی من بڵاوبۆوەو ئەوەی ئەو هەڤاڵە روناکی بڵاوبوونەوەی بەخۆیەوە نەبینی، هەموو جارێک دەیووت، جیاوازی نێوان وتارەکەی منو تۆ چییە، بۆ ئەوەی تۆ دابەزیو هی منیش فەرامۆشکرا؟، بەڵام خوارەحمی کرد (محەمەد تەها حوسێن) نەیهێشت دڵی شادمان برەنجێو روونیکردەوە، مەسەلەکە تەنها حازر بەدەستیو ئامادەیی وتارەکەی ستران بووە، نەک باشتربوونی، پشدەری وتەنی «خوا وەیحەسێنێ، ئەو شەرەشم لەکۆڵ بۆوە».

هێواش هێواش دەستو پەنجەم لەسەر نووسینی وتاری شیکاری راهاتو ترسیشم شکا. دووەم نووسینم لەسەر کۆریاو چەکی ئەتۆم بوو، هەڵبەت لەنووسینی ئەو وتارە، زۆر سوودم

لــه تێڕوانیــن‌و دنیابینــی (شــەهید ئــارام) وەرگــرتو بەنــاوی (گەرمیــان عەبدوڵــڵا) بڵاوبــۆوە، ئــەو ئۆقــەرە نوێیــەی جوندیانیــم پەیڕەوکــرد، نــە ســترانو نــە حەیرانــم بەکارنەهێنــا، چونکــە لای ئــەو، ئــەو دوو نازنــاوە بەکەڵکــی سیاســەت نەدەهــات.

ئــەو قۆناغــە بــۆ مــن، ئەگەرچــی قۆناغێکــی راگــوزەر بــوو، بــەڵام زەحمــەتو پــڕ سەرئێشــە بــوو، لەترســی بێــکاریو قەدەغــەی چوونــەوە کەرکــوک، جێگــەی خەوتنیشــم نەمابــوو، خــۆ ئەگــەر بــە چایچــی دایانمەزراندبــام هــەر سوپاســگوزاربووم، راستییەکەشــی چایچــی کارێکــی خــراپ نەبــوو، هــەر نــا ئــەوکات ژووری تایبەتــی هەبــوو دەیتوانــی لێــی بخەوێــت. هــەر چۆنێــک بێــت وەک هەواڵســاز بــە چــوار ســەد دینــار دایانمەزرانــدم، ئــەو پــارە زۆر لــەوە کەمتــر بــوو، کــە بەشــی خواردنەکەشــم بــکات، بــەڵام هــەر زۆرم دڵ پێخــۆش بــوو. بــەم شــیوەیە دامــەزرامو هەندێــک جــار گۆشــەی گەرمــاو گەرمــم دەنوســیو تــا ئێــوارە دەمامــەوە، چونکــە شــوێنێکم نەبــوو بــۆی بچــم. ئیتــر ســتافی بەیانیــان کاریــان پــێ دەســپاردم بــۆ ســتافی ئێــواران، ئەگــەر کاک فــڵان هــات ئــەو کاســێتەی بــدەرێ یــان ئــەو نوســراوەی بــدەرێ، ئیتــر ئــەوەی ســکرتێری نوســین دەیــکات مــن بەبــێ ئــەوەی ســکرتێری نوســین بــم ئــەو کارانــەم دەکــرد، هەرچــی ئــەرک بــوو بەمنیــان دەســپارد، چونکــە گەنــج و تــازە بــووم. دەیانــووت بــڕۆ وێنەیــەک بێنــە لەگــەڵ ئــەو وتــارە بگونجــێ. وایلێهــات ئەڵقــەی پەیوەنــدی نێــوان دوو ســتافی نوســین بــووم، بەدڵخۆشــییەوە هەمــوو ئــەو ئەرکانــەم بەجێدەگەیانــد تــا ئــەوەی بــەر مقەســتو بڕینــەوەی یەکەمــی نانبڕاوکــردن کەوتــم.

# بەر مقەستی نانبڕین کەوتم

وەک نەریتێکــی هەمیشــەیی مــام جــەلال، بــۆ لەنزیکــەوە ئاگاداربــوون لەدۆخــی کەنــاڵو ئۆرگانــەکان ناوەنــاوە کۆبوونــەوە دەکــران، مــن هێشــتا جــێ پێــی خــۆم لــە رۆژنامــە قایمنەکردبــوو، لەوکاتانــەدا مــام جــەلال کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ســتافی کوردســتانی نــوێ ئەنجامدابــوو، لــەزۆرو بــۆری کارمەنــدانو ســتافی رۆژنامەکــە بێزاربــوو، فەرمانیکردبــوو رێــژەو ژمــارەی کارمەنــدان کەمبکەنــەوە، خــۆ نەریتیــش لــە ئیــدارەو حزبایەتیــش وایــە، کــێ بــێ پشــتو پەنــاو لاواز بێــت، ئــەو پێــش هەمــووان بــەر ئــەو مقەســتو رنینــەوە دەکەوێــت، ســەرەنجام منیــش بەرکەوتــمو دوورخرامــەوە.

راســتە تەنهــا هــەر مــن نەبــووم بــەر ئــەو شــەپۆلە کەوتــم. لەهــەر بەشــێک یــەک کەســیان هێشــتەوە، یــان دوو کــەس، لەبەرئــەوەی ئێمــە تازەبوویــنو دامەزراندنــی خۆمــان مســۆگەر نەکردبــوو، چــوار بــرادەر بــەر ئــەو هەڵمەتــی لابردنــە کەوتیــن، ئیتــر مــن ناچاربــووم بــەدوای کارێکــی تــردا بگەڕێــم، (ئــازاد جوندیانــی) نامەیەکــی بــۆ نوســیم بــۆ لای (حاکــم ســەمەد)، ئەوکاتــە لــە ئــای ئێــن ســی بــوو، کــە ئەکاتــە کۆنگــرەی ئۆپۆزســیۆنی عێراقــیو لــە حزبەکانــی ئۆپۆزســیۆن پێکهاتبــوونو لــە مەســیف و شــەقڵاوە

بارەگایـان دانابـوو، تەلەفزیۆنێکیـان هەبـوو لـە ئاسـتی عێراقـدا پەخشـی دەکـرد، رۆژنامەیەکیشـیان دەرئەکـرد. منو ئەگـەر بەهەڵە نەچووبـم کاک (محەمـەد تەهـا حسـێن) چوویـن بـۆ ئـای ئێـن سـی دابمەزرێـم لـەوێ، بەدڵنیاییـەوە موچەکـەش زیاتـر بـوو لـەوەی کوردسـتانی نـوێ، بـەڵام مـن هـەر حـەزم لـە راگەیاندنـی یەکێتیـی بـوو، ئیتـر بـاش بـوو رێکنەکـەوت. بۆیـە ئـەم بیرۆکەیـە هـەر مایـەوە و هـەر نەشـبوو، ئەگەرچـی هیـچ پەیوەندییەکـی ئۆرگانیـم بـە کوردسـتانی نوێـوە نەمابـوو، بـەڵام رۆژانـە وەک ئیلتیزامێکـی رۆحـی هـەر دەچـوومو سـەرێکم دەدان. رۆژێکیـان هەواڵـی ئـەوە هەبـوو بەشـێک لـەو کارمەندانـەی دوورخرابوونـەوە بەپێـی پێویسـتی کوردسـتانی نـوێ وەربگیرێنـەوە، چـووم سـەردانێکی کاک (فریـاد ڕوانـدزی)م کـردو بڕیارێکـی دەرکـرد، کـە سـەرلەنوێ مـن وەک فەرمانبـەری کـۆگا وەربگیرێمـەوە. راسـتییەکەی بـەس ناونیشـانەکەم ئەوەبـوو، ئەگەرنـا، مـن دەبوایـە وەک رۆژنامەنووسو هەواڵسـاز کارمکردبـا، ئـەو هەنـگاو و بڕیـارەی ئـەو هەڤاڵـە بـۆ مـن زۆر باشـبوو، چونکـە راسـتییەکەی زۆر لـە دۆخێکـی ئابـووری نابـودو خـراپ بـوومو نەمدەزانـی چـی بکـەم؟

کاتـێ گەڕامـەوە بـۆ کوردسـتانی نـوێو دەسـتم بـەکار کـردەوە، لـەدوای ماوەیـەک نووسـەرەکانی بەشـی سیاسـەت کۆبووینـەوە، (محەمـەد تەهـا حسـێن، هـەوراز شـوانی، کاوە محەمـەد)و دەسـتمان بەکارکـردەوە، دوای ئـەوە بـە ماوەیەکـی کـەم بەرپرسـی لاپـەڕە سـێ (بـەرزان فـەرەج) سـەفەریکردو منیـان لەجێگـەی ئەودانـا، پاشـتریش دکتـۆر (فەرهـاد پیربـاڵ)

هاتە کوردستانی نوێ وەک دەستەی نوسەرانو سەرپەرشتیاری لاپەڕەی لێکۆڵینەوە، بەڵام من بە کردەوە کارەکانم دەکرد، چونکە پیربال ناوێکی گەورەو دیاربوو، هەر ئامادەگی ناوەکەی، خۆی هێزو قورساییەک بوو بۆ رۆژنامە، بەڵام بەردەوام من لاپەڕەکەم بەڕێوەدەبرد، لەلاپەڕە دووش کارمدەکرد، سروشتی کارکردنی لاپەڕەکان بەجۆرێک بوو، کە کارکردنو ئامادەکردنیان لەنێوان بەیانیانو ئێواران رێکخرابوو، من هەردوو تاقی رۆژ لەوێ بوومو سەرقاڵی ئامادەکردنیان بووم، بیرمە رۆژێکیان کۆبوونەوەی بەشی سیاسەت کراو کاک (ئازاد جوندیانی) کە ئەوکات جێگری سەرنووسەر بوو، هەروەها (کاوە محەمەد) کە بەرپرسی بەشەکە بوو، کۆبووینەوەو هەر شتێک باسدەکراو باسی هەر لاپەڕەیەک دەهاتەگۆڕێ، دەیانووت با ستران بیکات، منیش هەر بۆ شۆخی وتم «برادەرینە، دەڵێی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆیە، هەمووی بەسەر مندا شکایەوە». راستە من هەر بۆ خۆشی ئەو قسەیەمکرد، بەڵام راستیەکەی حەزم هێندە لە کارکردن بوو، هەر بە ئەنقەست بەشێک لە ئەرکەکانی رۆژم دەخستە ئەستۆی خۆم، قسەکەشم لەراست دەچوو، پاش ماوەیەکی کەم، کاک کاوە محەمەد نەخۆشکەوتو سەرپەرشتی لاپەڕەکانی ئەویشم وەرگرت. ئەو دۆخە زۆری پێنەچوو، چونکە شەهیدبوونی سەرکردە هەڤاڵ (حەسەن کوێستانی) بۆشاییەکی زۆری لە دەڤەری سۆران دروستکردوو، کاک ئازاد جوندیانی گواسترایەوە بۆ سنووری مەڵبەندی سۆرانو لە رۆژنامەش کاک (فریاد رواندزی) وەک سکرتێری نووسین مایەوە، ئەویش زۆری

نەبردو لەوێوە گواسترایەوە بۆ رۆژنامەی (ئیتیحاد)و لەجێگەی ئەو (دڵشاد عەبدوڵلا) بووە سکرتێری نووسین، هەروەها سەرنووسەرێکی نوێش، کە کاک (فەرەیدون عەبدولقادر) بوو، دەستبەکاربوو، بەڵام چونکە کاک فەرەیدون زۆر سەرقاڵی کاروباری مەکتەبی سیاسی و ئەرکی لێپرسراوی مەکتەب دەکرد، بۆیە دڵشاد عەبدوڵلا زیاتر وەک سەرنووسەر ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد. ئەو ماوەیە سێ لاپەڕەم لەکۆی هەشت لاپەڕە کەوتە ژێر دەستو نیمچە سەرنووسەرێک بووم بۆ خۆم، هەر ئەوکاتانە دڵشاد عەبدوڵلا سیاسەتێکی تازەو باشی پەیڕەوکردو هەندێک گەنجی نوێی هێنایە پێشەوە، لەوانە (شێرکۆ مەنگوڕی)، کە ئەوکاتە لە نووسینگەی سلێمانی بوو، گواسترایەوە بۆ هەولێرو کاری نوێی پێ سپارد، هەروەها (کەژاڵ ئەحمەد)یش ئەرکی پێ سپێردرا، وورده وورده ستافەکەش گەشەی جۆرایەتی بەخۆیەوە بینی. (کاوە محەمەد)و (محەمەد رەنجاو)یش لەناو ستافەکە بوون، ئەو خۆماندووکردنەی من، ئەو هەموو شەونخونیو دڵسۆزییەم بۆ کارەکانم، وایلێهات وەک سکرتێری نووسینی تەنفیزی مامەڵەم دەکردو لەهەر لاپەڕەیەک کەمو کوڕیو خەوشییەک هەبووایە پڕمدەکردەوە. بەیانیانو ئێوارانو شەوانەش هەر دەوامم دەکرد. ئیتر وورده وورده ناوم دەرکردو لەناو رۆژنامەش بەشێک لە برادەران وەک برا گەورە مامەڵەیان دەکردمو ئەگەر کەسێک مۆڵەت بووایە، جێکەکەی ئەویشم پڕدەکردەوە.

## گۆشەی بەتەنیشت سیاسەتەوە،
## یەکەمین ئەزموونی ستوون نووسی

راستە ئەو قۆناغە زۆر سەرقاڵی کاری کارگێڕیو خۆ سەرقاڵکردن بووم بە کاروباری لاپەڕە هەمە چەشنەکان، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لەوەی وەک نووسەری سیاسی کۆڵ بدەم، هەر لەو ماوەیەدا گۆشەیەکم بەناوی (بەتەنیشت سیاسەتەوە) کردەوە، کاک فریادیش گۆشەی (کاتژمێری دووشەممە)ی هەبوو، یادی بەخێر هەموو جارێک دڵشاد عەبدوڵلا دەیووت «ئەوە بەتەنیشت سیاسەتەوە نییە، بەڵکو ناو جەرگەی سیاسەتە»، بەهەر حاڵ وایلێهات، گۆشەم دەنووسیو سەرپەرشتی بەشی هەواڵم دەکردو هاوکاری چاپخانەو دیزاینەرو کارمەندانو ڕێکخستنی کارەکانم دەکرد، ڕێک ڕۆڵی سکرتێری نووسینم دەبینی. هەر ئەوکاتە چەند کتێبێکمان نمایشدەکردو خۆشم لەسەرم دەنووسین، لەوانە یاداشتەکانی خوالێخۆشبوو (میرزا مەنگوڕی)مان بلاوکردەوە کە سەرپەرشتی بلاوکردنەوەشی بەمن سپێردرا، هەروەها کتێبێکیش لەسەر (گورپاتچۆف)، کە باسی ئەزموونی یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد، راستە ئەودەمە کتێب بەئەستەم دەستدەکەوت، بەلام دۆستێکی خۆم ئەو کتێبەی پێدامو خوێندمەوەو لەسەریشیم نووسی، چونکە پێموابوو دەبێت

زەکاتەکـەی لێدەربکـەم بـۆ خوێنەرانـی کوردسـتانی نـوێ. ئـەوە ئەزموونێکـی نـوێ بـوو بەتایبـەت لـەدوای راپەڕیـن بەشـی زۆری حزبـە بچووکـەکان، لەمیدیـاو رۆژنامەکانـی خۆیانـەوە زۆر بایەخیـان بەبیـری چـەپ دەداو ئەدەبیاتـی مارکسـیزمیان زۆر بڵاودەکـردەوە، بـەڵام ئـەوە بـۆ یەکێتـیو میدیاکـەی ئەزموونێکـی تازەو نـاوازە بوو، کـە بایـەخ بـەو پرسـە بیرییانـە بـدات. لەبەرئـەوەش دەنگدانـەوەی باشـی هەبـوو، ستایشـی زۆریـش کرایـن، هەفتانـە خەڵـک چاوەڕێـی بەشـەکانی تـری دەکـردو نـاوو ناوبانگـی منیشـی پێشخسـتن، زۆرێکیـش داوای کتێبەکەیـان دەکـرد، ئەوکاتـە بەدەگمـەن کتێـب دەهاتـە کوردسـتان، مەگـەر سـکرتاریەتی مـام جـەلال یـان حزبـی شـیوعی دەنـا ئـەو جـۆرە کتێبانـە ئەسـتەم دەسـتدەکەوتن.

# قەزافی و سەرکۆنەکردنم

ئـەو ماوەیـە جگـە لەنووسـین لەسـەر ڕووداوەكانـی ناوخـۆ، تادەهـات لەسـەر پرسـە هەرێمیـیو جیهانییەكانیـش دەمنووسـیو بایەخـم بـە زۆر پرسـی جیـاواز دەدا. یەكێـك لەوتارەكانـم لـەو ماوەیـەدا لەسـەر (قەزافـی) بـوو، لـەو نووسـینەدا لەسـەر قەزافـیو كتێبـی سـەوزو ڕۆڵـی لـە پشـتیوانی بزوتنـەوەی كـوردی وەسـتاوم، باسـم لەگرنگـی ئـەو چەشـنە لەگوتـارە كـردووە كـە لەنێـوان سـەركردەیەكی عەرەبـی دەرهـەق بـە نەتەوەیەكـی تـر هەبێـت، بەڵام ئامـاژەم بەوەشـداوە كـە قەزافـی لـە ئاسـتی نێودەوڵەتـی نێـوو نێوبانگـی بـاش نییـە، هەروەهـا یـەك دوو شـتی تـرم نوسـیو دەڵێم قەزافـی ئێسـتە لـە قەیراندایـە، لـە ئاریشـەی لۆكەربـی، ناونیشـانی وتارەكـەم لەژێـر نـاوی (كۆڵۆنێـڵ كەسـی نییـە نامـەی بـۆ بنێـرێ)، باسـمكرد كـە بەهـۆی قەیرانەكانییـەوە دۆسـتەكانی لەبیرچۆتـەوە، كـە بڵاوكرایـەوە، بیرمـە یەكەمیـن كـەس كـە سـەرنجو تێبینـی دامـێ (فەریـد ئەسەسـەرد) بـوو، دڵنیایـی دامـێ كـە مـام جـەلال زۆر پێـی ناخۆشـە لەسـەر قەزافـی بنووسـی، بـەڵام زانیاریـم پێگەیشـت ئیشـەكە بـە ئاسـاییو بـێ هیـچ پەرچەكردارێـك ڕۆیشـتووە، لـە ئەسەسـەردەوە بیسـتم لـە شۆڕشـی نوێـدا، كتێبـی سـەوزی قەزافـی

کرابــووە کــوردیو بڵاوکرابــۆوە، پــاش ماوەیــەک زانیــم، دکتــۆر (عیزەدیــن مســتەفا رەســوڵ) دۆســتی قەدیمــی مــام جــەلال، کــە هەمیشــە ڕێــزی زۆر لەنێوانیانــدا بــوو، تومــەس لــە ســەردانێکیدا دەچێتــە لای مــام جــەلالو قســەو بــاس دروســت دەبێــت، مــام جەلال دەڵــێ دکتــۆر عیزەدیــن نــە دەبوایــە ئــەو کارەو ئــەوە بکەیــت، ئیتــر لــە چوارچێــوەی گلەییەکانــی کــە لای مــام جــەلال دەیــکات، ئەویــش گلەیــی خــۆی دەژمێــرێو یەکێــک لەگلەییەکانیــش لەســەر مــن دەشــێکێتەوەو دەڵێــت «مــام جــەلال، ســتران عەبدوڵڵایــەک هەیــە لــە رۆژنامــەی حزبەکــەی تــۆ کاردەکات، گەنجێکــە وتارێکــی لەســەر قەزافــی نوســیووەو گاڵتــە بــە قەزافــی دەکات»، مــام جــەلال دەڵێــت «چــۆن شــتی وادەبێــت»، ئەویــش دەڵــێ بــا نوســیویەتی «قەزافــی بۆیــە کــوردی لەبەرچــاوە، چونکــە ئێســتا لــە قەیراندایە»، ئــەم نمونەیــە بۆیــە گرنگــە، چونکــە چەنــد کارەکتەرێــک دەردەخات، دکتــۆر عیزەدیــن ئەمانــەی بــۆ مــام جــەلال گێڕایــەوە، مــام جــەلال تورەبــوو، پێــش ئــەوەی باســی کاردانــەوەی مــام جــەلال بکەیــن، بۆچــی دکتــۆر عیزەدیــن ئــەو گلەییــەی کردبــوو لەســەر مــن لای مــام جــەلال. لەراســتیدا ئــەو گلەییــەی دکتــۆر عیزەدیــن مســتەفا بەتەنهــا پێشــبڕکێی گازنــدە نەبــووە لەنێــوان خــۆیو مــام جــەلال، بەڵکــو پەیوەنــدی بــە نوســینێکی پێشــتری منــەوە هەبــوو، لەگۆشــەی لــە تەنیشــت سیاســەتەوە ســتونێکم لەســەر میهرەجانــی خانــی کــە لەبادینــان کرابــوو نووســی، لــە میهرەجانەکــەدا، کۆمەڵیــک ئەدیبــو دکتــۆر عیزەدیــن چوبــوون بۆ ئەوێ، ئەوکاتــە گەنجێکی موتەحەمیس و حزبییەکــی بەجــۆش و خــرۆش بــوومو لەکاتــی شــەڕی ناوخــۆدا

ئـەو بەشـدارییەم بەتەزکیەکردنـی سیاسـەتەکانی پارتـی لـە قەڵـەم دەدا، تائـەوەی بەشـداریکردن بێـت لـە ڤیسـتیڤاڵێکی روناکبیـری، بۆیـە وتارێکـم نووسـی بەناونیشـانی (هەمـوو لـەوێ بـوون، بەتەنهـا خانـی نەبێـت)، لـە نوسـینەکەدا دەڵێـم: خانـی شـاعیرێکە، باسـی یەکبــوونو یەکرِیــزی گەلــی کــوردو هۆکارەکانــی ســەرنەکەوتنی کــورد دەکات، ئــەو کاتــە کــە نوســینم دەنووســی وەک ئێســتە نییــە بــە ئامــاژە تــرشو خوێــی بکــەمو رێکــی بخەمــەوە، بەڵکــو راســتەوخۆ قســەکانم دەکــرد. بەدڵنیاییــەوە بــە ئەزمــوون مــرۆڤ بـۆی دەردەکەوێـت چـی بـکاتو لـە کوێـدا قسـەکان بپچرِێنــێ، جـا لـەوێ دەڵێـم خانـی داوای ئـەم شـتانە دەکات، بـەڵام ڤیسـتیڤاڵەکە لـە جێگایـەک کـراوە کـە ئـەم شـتانەی تێـدا نییـە، ئـەو کەسانەشـی کـە چوونەتــە ئــەوێ بەشــداری دەکــەن لــە ڤیســتیڤاڵی رەوتێکــی سیاســی کــە بەداخــەوە بەقســەی خانــی نەکــردووە، ناونیشــانی وتارەکـەش (هەمـووی لـەوێ بـوون، خانـی نەبێـت)، ناونیشـانێکی چەپانەیــە، دکتــۆر عیزەدیــن ئــەوەی لەدڵگرتبــوو. کاتێــک مــام جەلالــی بینیبــوو، حــەزی نەکردبــوو، بــە پاســاوی وتارەکــەم لــە ســەر خانــیو ڤیســتیڤاڵ لــەلای مــام جــەلال سەرزەنشــتم بــکات، بــەڵام وتارەکــەی قەزافــی پاســاوێکی بــاش بــووە، لەبنەرِەتــەوە، ناونیشــانی ئــەو وتــارەم (کۆلۆنێــل کەســی نییــە نامــەی بــۆ بنێـری)، لـە رۆمانێکـی مارکیـزەوە وەرگرتبـوو، د. عیزەدیـن هـەم کارل مارکــس دەناســیو هەمیــش گابریــل گارســیا مارکیــز، لــە حیکایەتــی یەکەمــدا باســی خانــی دەکــەمو دەڵێــم هەمــوو لــەوێ بـوون، هاوشـێوەی کارل مارکسـی کـە کۆبوونـەی ئەنتەرناسـیونالی

یەکەمکـرا، شـتێکی جـوان دەنوسـێ و دەڵـی «هەمـووی لـەوێ بـوون، بەتەنهـا خاوەنـی قەزییەکـە نەبێـت کـە چینـی کرێـکارە» لـەو کۆنفرانسـەی مارکـس وێنـای دەکات، سـەرۆکی پۆلیسـی پاریـس، فـلان دەوڵەمەنـد هەبـوون، بـەڵام کرێـکاری لـێ نەبـوو. منیـش دەڵێـم هەمـوو لـەوێ بـوون بەتـەنهـا خانـی نەبێـت، واتـا ئـەو روناکبیرانـەی کـە چوونەتـە ئـەو کۆنفرانسـە نەدەبـوو بچـن، کـە بـە سپۆنسـەری کەسـێکە کـە کوردسـتان دابـەش دەکات، ئەگەریـش بـۆ کاری روناکبیـری دەڕۆن، خـۆ خانـی لەگـەڵ ئـەو جـۆرە سیاسـەتە نەبـوو کـە لـە کوردسـتان پەیـڕەو دەکرێـت، خانـی دەڵـی «ئەگـەر ئێمـە ئیتیفاقێکمـان هەبێـت، ئێسـتا دەوڵەتێکمـان دەبـوو»، ئیتـر دکتـۆر عیزەدیـن وەک سـەرۆکی یەکێتیـی نووسـەران چـوو بـوو بـۆ ئـەو ڤیسـتیڤاڵە، ئـەم نوسـینەی مـن بەخـۆی تێگەیشـتووە، ئـی خۆ ناکرێـت لای مـام جـەلال بڵێت ستران لەسـەر فێسـتیڤاڵی ئەحمەدی خانـی نوسـیووە، بۆیـە دەڵێـت مـام جـەلال سـتران لەسـەر قەزافـی نوسـیووە، کـە دۆسـتی کـورد و بزوتنـەوە سیاسـیەکەیەتی، کەچـی ئێـوە لـە رۆژنامەکـەی خۆتـان قسـەتان پێوتـووە، لـە بەرامبـەر ئەوە مـام جـەلال تـوڕە دەبێـتو بروسـکەیەک دەکاتو دەڵێت ئەم سـتران عەبدوڵڵایـە کێیـە ئەمـەی نوسـیووە؟. بروسـکەکەش بەشـێوەیەکی کـراوە ئاراسـتەی هەمـوو سـەرکردایەتیو مەکتـەب سیاسـی یەکێتـی دەکرێـتو هەموویـان وەری دەگـرن، دەقـی بروسـکەکە نازانـم هیـچ جوێنێکـی تێدایـە یـان نـا؟! لـەو جـۆرە خەڵکانـەم بەمـام جـەلال خۆیشـم وت، مـن بەجنێـوی تـۆ قەڵـەو دەبـم، بۆیـە وتـم ئەگـەر دەتەوێـت لاواز بـم جنێـوم پێمـەدە، بەهەرحـاڵ ئـەو بروسـکەی

مـامو ئـەو وتـارەی قەزافـی، بەبـێ ئـەوەی مـن بزانـم دەورێکـی زۆر گـەورەی بینـی بـۆ ناسـاندنی مـن لای هەمـوو مەکتەبـی سیاسـیو سـەرکردایەتی، دەچوومـە هەرجێگایـەک، دەیـان وت ئەمـە ئـەو سـتران عەبدوڵڵایەیـە، کـە مـام جەلالـی تـووڕەو بێـزار کـردووە، ئەمـە دەورێکـی گرنگـی گێـڕا لـە ناسـاندنی مـن، مـام جـەلال وتبـووی دەرییکـەن لـە کوردسـتانی نـوێ، کاک فەرەیدونـم بینـی کـە ئەوکاتـە سەرنوسـەری کوردسـتانی نـوێو لێپرسـراوی مەکتەبـی راگەیانـدن بـوو، رۆژێکیـان کاک سـەعدون فەیلـی هـات بـۆ بەشـی سیاسـەت لەگـەڵ کاک فەرەیـدون بـوو، هاوڕێـی زینـدان بـوون، هاتبـووە لای کاک فەرەیـدون کـە دەرچـوو بـوو هاتـە بەشـی هـەواڵ پرسـیاری مـن بـکات، وتـی «سـتران کێیـە، حەزدەکـەم بیناسـم»، وتـم فەرمـوو «منـم»، وتـی زۆرم پێخۆشـە بتناسـمو نوسـینەکانت زۆر جوانـن»، کاک فەرەیـدون بـەدوای کاک سـەعدوندا دەگـەڕا، منـی بینـی. ئـەو هەفتەیـەک پێـش ئـەوە کۆبوونەوەیەکـی لەگـەڵ راگەیاندنـکاران کردبـوو لـە سـلێمانی وتبـووی بـرادەران یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان نوسـەری لێنابرێـت، تێکۆشـەری لێنابڕێـت، بـۆ نموونـە پێتـان دەڵێـم رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ کـە مـن سەرنوسـەریم، نوسـەرێکی وای تێـدا هەڵکەوتـووە شـانی واو باڵـی وا نـاوی سـتران عەبدوڵڵایـەو خەڵکـی کەرکوکـەو لـە هەولێـر دەژی، وەسـفێکی زۆری کردبـووم، بۆیـە هـەر کـەس لـە سـلێمانی دەهـات دەیانـوت ئـەو کەسـە کێیـە بـا بیناسـین، کەچـی کەهـات بەشـوێن فەیلیـدا بگـەڕێ مـن بینـی، وتـی «کاکـە گیـان بـۆ توشـی کێشـەم دەکەیـت لەگـەڵ مـام جـەلال، تومـەس چـۆن

دکتـۆر عیزەدیـن چـوو بـوو بـۆ لای مـام جـەلال‌و هەندێک نوقتـەی لـە دکتـۆر عیزەدیـن گرتبـوو، مـام جەلالیـش هەمـان ئـەو نوقتانـەی بەکارهێنـاوە، نوقتـەی لـە کاک فەرەیـدون گرتبـوو، وتبـووی ئـەم سـتران عەبدوڵڵایـە کێیـە تـۆ سەرنووسـەری کوردسـتانی نوێـی وتـاری نوسـیووە لەسـەر دۆسـتی کـورد کاک قەزافـی. ئیتـر کاک فەرەیـدون ئـەورۆژە کاک فەرەیدونـی جـاران نەبـوو، ئـەو هەڤاڵـەی کـە هەفتـەی پێشـوو وەسـفی منـی کردبـوو گـۆڕا، وتـی «کاکـە تـۆ چیتکـردووە، ئیتـر بڕیارەکـە وابـوو دەرمبکـەن»، وتیـان مـام جـەلال دڵـی بـاش دەبێـتو زوڵـم لەکـەس نـاکات، بـەڵام ئێسـتە تورەیـە، بـۆ ماوەیـەک بەنـاوی خۆتـەوە شـت مەنووسـە.

ئەوکاتـەی ئـەو کێشـەیەم روبـەڕوو بـۆوە، کاتـی شـەڕی ناوخـۆ بـوو، ژمارەیـەک وازیـان لـە راگەیاندنـی یەکێتیـی هێنابـوو، ئەوکاتـە مـن ئەگەرچـی فەرمانـم بەپێـی بروسـکەیەکی مـام جـەلال بـۆ دەرچووبـوو، کـە دەربکرێـمو لـە کوردسـتانی نـوێ دووربخرێمـەوە، بـەڵام تـا ئەوکاتـەش لاپـەڕەی یەکەمـی رۆژنامـەم بەڕێوەدەبـردو سەرپەرشـتیاری لاپـەڕەی سـێش بـووم، کـەژاڵ ئەحمـەد بەیانیـان دەوامـی دەکـردو منیـش ئێـواران بەلاپەڕەکانـدا دەچوومـەوە، هەروەهـا نەریـت وابـوو پێنـج شـەمموان شـێرکۆ مەنگـوڕی دەرۆیشـتەوەو مـن شـانم دەدایـە بـەر لاپەڕەکانـی ئەویـش و ئەویـش هـاوکاری مـن دەبـوو ئەلهەقـی ئاسـان نەبـوو، بڕیارەکـەی مـام جـەلال جێبەجـێ بکـەن‌و دەرم بکـەن، چونکـە بـە کـردەوە وەک سـکرتێری نووسـین مامەڵـەم دەکـرد، لوتفیـان نوانـدو رێگەیـان بەمانەوەمـدا، بەمەرجێـک بەنـاوی خۆمـەوە هیـچ

بڵاونەکەمەوە، (بەتەنیشت سیاسەتەوە)، کە پێشتر بەناوی خۆمەوە بڵاودەکرایەوە، وێنەیەکی (ئیمۆجی) لەشێوەی خۆمی لەسەربوو، بۆ رۆژی دواتر لەو گۆشەیەدا، لەساڵیادی شەهید (خاڵە شیهاب) و سێ کوچکەی کۆمەڵە وتارێکی بێ ناوم لەو گۆشەیەدا بڵاوکردەوە، بەڵام بۆ نەگبەتی ئەو وێنەیەی وەک لۆگۆی گۆشەکە دامانابوو، کە رۆژنامەنووسێکە لەسەر کورسییەک دانیشتووە، لەمن چووە، رێک مام جەلالی تورە کردبۆوەو بەهەموویانی وتبوو، کاکە ئەوە ستران هەر لەوێیەو دەرتان نەکردووەو ئەوەتا لەگۆشەکەی بەردەوامە .

لەترسی هەیبەتی مام جەلال بۆ خۆپاراستن لە تورەبوونی مام، ماوەیەکی زۆر بەو پەنهانیو نهێنیەوە لە کوردستانی نوێ لە ئیشکردن بەردەوامبوومو بەناوی خۆمەوە هیچم بڵاونەکردەوە .
دوای ماوەیەک مام جەلال گەشتێکی کرد بەرەو تورکیاو ئەوروپا، لەناو ئۆتۆمبێلەکەی رۆژنامەی کوردستانی نوێی پێبووە، لەدوا لاپەرەی ئەو ژمارەیەدا هەواڵێکی کۆمەڵەی روناکبیریی کەرکوک بەوێنەوە بڵاوکراوەتەوە، هەواڵەکە چالاکی چەند کۆرێکی کۆمەڵەی روناکبیریی کەرکوک بوو، کە منیش ئەندام بووم تێیداو کۆرێکیشم لەسەر دۆستایەتی (کورد ـ تورکمان) گێرابوو، دیسانەوە مام جەلال دوپاتیکردبۆوە، کە ستران نەک هەر لە رۆژنامە ماوە، بەڵکو وێنەشی بڵاودەکرێتەوە، پێموابوو، کۆڵان بە کۆڵان بەدوای منەوەبوو، راستییەکەشی ماوەیەکی زۆر من بەهۆی ئەو روداوەوە زۆر بێهیواو دڵشکاو بووم، گەنجێکی بێ پشتیوان، هەموو هیوای خزمەتکردن

بێـت بەیەکێتـیو ڕۆژنامەکـەی، بـۆ دەبێـت ئـەو هەمـوو ئابڵۆقـەی بخرێتەسـەرو بەهەمـووان لـە ڕابـەری خـۆمو سـکرتێری یەکێتییەکـەم بمشـارنەوەو حەشـارم بـدەن. ئـەو باڵاخانەیـەی تەلەفزیـۆن و ڕۆژنامـەی (ئیتیحـاد)ی تێدابـوو، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێشـی لێبـوو، ڕۆژێکیـان لەداڵانەکانـی ئـەوێ پیاسـەم دەکـرد، ئێسـتاش بیرمـە (فریـاد ڕوانـدوزی) لەسـەرەوە هاتەخـوارەوەو لەنیگەرانـیو بێتاقەتـی منـی پێچایـەوە، بـە ڕاشـکاویو ڕاسـتگۆییانە قسـەمکرد، پێمـووت لـەو گەردونـە گەورەیـە تاکە شـوێنێک لێی ئاسـودەبمو لێی یاسـاغ نەبـم ئێرەیـە، تورکیـاو ژێردەسـتی پارتـی لەمـن حەرامـە، ئێـران شـوێنێکە بـە نیشـتمانی خۆمـی نازانـمو دوژمنـی بزوتنـەوەی کوردایەتییـە، عێـراقو بەعـس، شـوێنێکە هەرگیـز نەدەمەوێـتو نەدەشـتوانم بگەڕێمـەوە ژێـر دەسـەڵاتەکەیو لەدەسـتی ڕامکـردووە، ئـەو شـوێنەی کـە دەمەوێـت بمێنمـەوە ئێرەیـە ، کەچـی تائێسـتاش هـەر لەمـام جـەلال قاچاغـم، ڕاسـتییەکەی لوتـفو هاوسـۆزی کاک فریـاد شـتێکە هەرگیـز لەبیـری ناکـەم، زۆری دڵدامـەوەو ستایشـی بیرکردنەوەکـەی کـردمو پێیوابـوو، مـن لەسـەر ڕێـگا ڕاسـتەکەم، هەڵبـەت ئـەو مـام جەلالـی لەمـن باشـتر دەناسـیو نیگەرانییەکانـی تۆزێـک ڕەواندمـەوەو تێیگەیانـدم، کـە مـام پیاوێکـی دڵـڕەق نییـەو تورەبوونەکـەی کاتییـەو هـەر خۆشـی ئاشـتتدەکاتەوە، ئـەو دڵنەواییـەی ئـەو بـۆ مـن خۆشـبوو، بەڕاسـتیش هـەروا دەرچـوو.

# هاتنی عادل موراد بۆ مەکتەبی راگەیاندن

سروشــتی ژیانــی حزبــی وایــە نــاوە نــاوە گۆڕانــکاری دەکرێــتو هــەر جــارەی بــۆ سەرپەرشــتیش هەڤاڵێــک ئەرکــی نوێــی پێدەســپێردرێت، هــەر ئــەوەش بــوو ماوەیــەک دوای ئــەو رووداوانــە خوالێخۆشــبوو (عــادل مــوراد) هــات بــۆ بەرپرســیاریەتی لــە مەکتەبــی راگەیانــدنو بــووە لێپرســـراومان، ڕاســتە پێشــتر واباوبــوو، کــە بەرپرســی مەکتەبــی راگەیانــدن ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی بێــتو سەرنووســەری رۆژنامەکانیــش ســەرکردایەتی، بــەڵام بەپشــتیوانی مــام جــەلال هەندێــک گۆڕانــکاری رادیکاڵانەیــان کــردو کاکــە عادلیــان کــردە بەرپرســـی مەکتــەب، فریــاد رواندوزیــش بــووە سەرنووســەری رۆژنامەکــە، دەمێــک نەبــوو، کاک عــادل لــە سۆسیالیســـتەوە گەڕابــۆوە نــاو یەکێتــیو مــام جەلالیــش بەهــۆی ئــەو مێــژووە هاوبەشــە خۆشیدەویســت. لەگــەڵ دەســتبەکاربوونی رۆژێــک بەدوایــدا نــاردمو لەهــۆکاری تورەکردنــی مــام جەلالــی پێچایــەوە، منیــش ســـەرلەبەری چیرۆکەکــەو سەرگوزەشــتەی وتارەکــەی قەزافیــم بــۆ گێڕایــەوە، کاک عــادل، چونکــە ســاڵانێکی زۆر لــە وڵاتــە عەرەبییــەکان نوێنەرایەتــی کــوردو یەکێتیــی کردبــوو، دەربــارەی چاکەکانــی قەزافــی زۆر شــتی ووردی بــۆ گێڕامــەوە،

هـــەروەک ڕێـــگای ئاشـــتکردنەوەی مـــام جەلالیشـــی نیشـــاندام، ئامۆژگاریشـی کـردم، کـە ترسـم نەبـێ و لەمـەودوا بەنـاوی خۆمـەوە وتـــار بڵاوبکەمـــەوە.

پەیوەنـدی مـنو کاک عـادل تادەهـات بەتینتـر دەبـوو، راستییەکەشـی ئـەو منـی خۆشدەویسـت، چونکـە جاربەجـار بـە عەرەبـی دەمنووسـیو هاوکارێکـی باشـی رۆژنامـەی (ئیتیحـاد) یـش بـووم، کـە خـۆی سەرنووسـەری بـوو، لەبەرئـەوە پشـتیوانێکی بـێ چەنـدو چوونـی مـن بـوو بـۆ ئـەوەی لەمیحنەتـی دابـڕان لـە رۆژنامـەو لـە تورەیـی مـام دەربـازم بێـت، ماوەیـەک دوای ئـەوە، مـام جـەلال میوانـداری کوردسـتانی نوێـی کـردو لەگـەڵ سـتافی رۆژنامەکـەش، هەندێـک دۆسـتی ئەکادیمـیو پشـتیوانی راگەیانـدن بانگهێشـتکران، لەنـاو ئەوانـەدا (د. عیزەدین مسـتەفا رەسوڵ)یشـی تێدابـوو، واش بڕیاربـوو، دوای کۆبوونەوەکـە داوەتـی مـام بیـن، مـن بـە هەڤاڵانـی خۆمـم ووت، دەبێـت لەخوانـی ئەو پیـاوە، هەرچۆنێک بێـت دوور دابنیشـمو خـۆم لـە چـاوی مـام بدزمـەوە، بـۆ ئـەوەی خۆیـم لـێ تـورە نـەکات. لـەو قەرەباڵغییـەدا لەخـواری خـوارێ دانیشـتمو بەحسـابی خـۆم لەپەنایـەک خـۆم شـاردۆتەوە، بـەڵام بـۆ بەدبەختـی مـن، لـەوێ مـام جـەلال وەک سـکرتێر نەدەجوڵایـەوە، بەڵکـو خـۆی سـەرقاڵی خوانەکـە کـردو منیـش کەوتمـە کۆتاییەوەو کورسـیەکەم کەوتـە بەرامبـەر ئـەو زاتـە، مـن سـوور هەڵدەگـەڕامو ئەویـش لەسـەر ئامـۆژگاریو سـەرنجەکانی خـۆی بـەردەوام بـوو، یەکەمیـن رستەشـی هەندێـک رێنمایـی داینـێ کـە چـی بکەیـنو چـی نەکەیـنو بـێ بۆنـەش وتـی نـەک وەک هەندێـک کـەس لەسـەر

قەزافـی بنوسـێت، هەڵبـەت رووی لەمنیـش کردبـوو، مـن پێشـبینم نەکـرد بمناسـێت، بـەڵام چونکـە وێنەکـەی لـە کوردسـتانی نوێ لەو یادەوەرییـە قوڵـەی خۆیـدا جێگـە کردبـۆوەو خـوا بەزەیی نیشـانداو بەهـۆی ئـەوەی مـام میوانـی تـری هەبـوون، هـەر بەوەنـدە نەجاتـم بـوو، کـورد ووتەنـی رۆحـم هاتـەوە بـەر، لەوێـوە لەگـەڵ مامۆسـتا عیزەدیـن، بووینــە دۆســتو یەکترمــان ناســیو تاکۆچکردنەکەشــی پەیوەندییەکـی خـۆشو بەتیـن بەیەکـی دەبەسـتینەوە.

# مام جەلال لەناو فەرماندە سەربازییەکان ستایشی من دەکات

ئـەو دیـدارەی مـام جـەلال بـۆ مـن باشـبوو، بـەڵام هێشـتاش پێموابـوو، تورەییەکـەی بەتـەواوی کۆتایـی نەهاتـووە، روداوەکانـی شـەڕی ناوخـۆ قوڵتربوونـەوەو ٣١ی ئابـی بەسـەرداهات، لـەو روداوە بەشـێکی زۆر لـە حزبـەکانو تەنانـەت کادرو میدیـاکاری یەکێتیـش، بەهـەر پاسـاوێک بوبێـت لەگـەڵ ئـەو هەڵوێسـتە نەکەوتـن، لـە سـلێمانییەوە چوینـە زەڵـێ لەبیرمـە کاک (ئەرسـەلان بایـز) بەسوعبەتەوە پێـی وتـم «سـتران بـۆ کـوێ دەچیـن، هەمـوو رۆژی مـام جـەلال لـە زەڵـێ دەتبینـیو پێـت دەرێـژێ»، بەناچاریـی ملـم دایـە ئـەو شـەڕەو پێموابـوو، ئەگـەر بـە مـام بدۆڕێـم لەبەرئـەوەی شـەڕەکە نابەرابـەرە، پاسـاوێکم دەبێـتو ئەگـەر دڵـی مامیـش لـە ئاشـتبوونەوە بەدەسـت بێنـم، بەدڵنیاییـەوە سـەرکەوتوو دەبـم. ئـەو مـاوە چوومـە رادیـۆ لەزەڵـێ لەبەرئـەوەی مـام سـەرقاڵی چارەنووسـی نەتـەوەو جوگرافیـای کوردسـتانو ئاراسـتەکانی شـەڕ بـوو، نەپرژایـە سـەر تورەییەکـەی لەمـن.

دوای گەڕانەوەمـان بـۆ سـلێمانیو دەسـتبەکاربوونەوەی میدیـای یەکێتـیو دەرچوونـەوەی رۆژنامـەی کوردسـتانی نوێ، من دۆسـیەیەکی گـەورەم لەسـەر سـیو یەکـی ئـاب ئامادەکـردو کۆنگرەیەکیشـمان بـۆی

بەست، رۆژێک بۆ بەرزرکردنەوەی ورەی فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی، مام کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی کردو لەوێ رۆژنامەی کوردستانی نوێی بەرزکردبۆوەو وتبووی «ئێمە لەگەشەداین، خەڵکانی دڵسۆز هەمیشە بەرگری لەرێبازی حزبەکەی خۆیان دەکەن، ئەوەتا ستران عەبدوڵڵامان هەیە گەنجە و ئایندەی هەیە. وتارێکی جوانی نوسیووە بەناوی (دیوەخان یان پەرلەمان)»، ئەوە دەرگای میهرەبانی مامی لێکردمەوە، ئەوەبوو رۆژێک دوای ئەو ماوە، کاک ئەرسەلان بایز پێشنیار دەکات بکرێمە سکرتێری نووسینو داوا لەمام دەکات، ئەویش نیازی خۆی لەو بارەوە نیشانداوە، کە دەیهەوێت پێشمبخات. لە سکرتێری نووسینەوە بوومە جێگری سەرنووسەر و دۆستی مام جەلال.

بۆ ئاشتبوونەوە لەسەر پرسی قەزافی بۆنەی خۆی هەبوو. رێکخراوی ئازادی لاوانمان لە ساڵی (١٩٩٩) دامەزراند، وابزانم لە کۆبوونەوەی دامەزراندن کە چووینە لای مام، مام باسی ستافی دامەزراندنو کاری سەندیکاییو رێکخراوەیی کردو منیش دوو موداخەلەمکرد، ئێستاش بیرمە، مام وەڵامی دامەوەو وتی بۆ تۆ تائێستاش لاوی؟ دڵنیابووم مام مەبەستی ئەوەبوو، کە ئێستا جێگری سەرنووسەرمو دەستم دەڕوات، هەق نییە خۆم بەبێ دەسەڵات نیشان بدەم، دوای کۆبوونەوەکەش مام جەلال رووی لەهەمووان کردو وتی برادەران دەزانن، منو ئەو ستران عەبدوڵڵایە چۆن بووین بە برادەر؟ گێڕایەوە کە شەڕێکمان لەسەر قەزافی کرد، من دەمووت قەزافی دۆستی کوردەو سترانیش لەبەرئەوەی کاریگەرە بە رۆژنامەگەریی لیبراڵی لوبنانی قسەی بە قەزافی

وتـووە، ئـەو لـە لیبڕاڵیـە نوێیەکانـە، بـەڵام دەزانـم بـۆ مامـی خـۆی قەرەبـووی دەکاتـەوەو وتارێکـی تـر لەسـەر هەڵوێسـتەکانی قەزافـی دەنووسـێت، ئـەوە زەنگـی یەکەمـی باجـی ئاشـتبوونەوە بـوو لەگـەڵ مـامو بەزمانێکـی ڕۆشـنو بـێ کێشـە تێیگەیانـدم، کـە مـن قـەرزارمو دەبێـت قەرزەکـە بدەمـەوە، پـاش ماوەیـەک بەبڕیـاری مـام جـەلال کۆبوونـەوەی هەفتانـەی مەکتەبـی ڕاگەیاندنمـان دەکـرد، ئەوکاتـەی کـە مـام جـەلال هەسـتی دەکـرد عـادل مـوراد ناتوانـێ ئامانجەکانـی بـە کـوردی بگەیەنێـت. بەتایبەتـی سیاسـەتی خـۆی بـۆ ئـەوەی کاک عـادل دڵـی گـەرد نەگرێـت، مـام هـەر خـۆی ئیـشو ڕێنماییەکانـی بـە ڕاگەیانـدن دەداو بـۆ ئـەوەش دانیشـتنەکانی کـردە هەفتانـە.

ئـەو شـتە خۆشـانەی بەرهەمـی کۆبوونەوەکانـنو هەرگیـز لەبیـرم ناچێتـەوە، پـاش هەفتەیـەک لەهاوسـەرگیرییم بـوو، مـام وتـی «بـرادەران هەسـت دەکـەن سـتران گـۆڕاوە»، وتـم «نەوەڵـڵا مـام جـەلال نەگـۆڕاومو هەمـان هەڵوێسـتی یەکێتیانـەی جارانـم هەیـە، خـۆ هاوسـەرگیریی نابێتـە ڕێگـر لەکاروبـاری میدیاییـم»، مـام وەڵامـی دامـەوەو وتـی «نـا ڕۆڵـە، لـەوە دڵنیـام، ئـەوە دەزانـم مەخسـەدم ئەوەیـە، عـادل مـوراد لـە ژنەکـەی دەترسـێ یـان نـا لەمنـی پرسـی»، وتـم «وەڵـڵا مـام جـەلال هەموومـان تەقلیـدی لێپرسـراوەکەی خۆمـان دەکەینـەوە»، بێگومـان واتـای عـادل مـوراد لـە ژنەکـەی دەترسـێت، عـادل مورادیـش وتـی «مـام جـەلال ئێمـە هەموومـان وەک جەنابـت وایـن»، تۆپەکەمـان لـەم دەسـت بـۆ ئـەو دەسـت دەگواسـتەوە، ئـەوە بـووە هـۆکار مـام جـەلال بیرەوەرییەکـی خۆشـی خـۆی بگێڕێتـەوە، دەسـتی بەگێڕانـەوەی ئامۆژگارییەکـی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد

کـرد، کاتێـک ئامـاژەی بـەوەدا کـە مامۆسـتا ئیبراهیـم پێیوابـووە، نابێـت مـرۆڤ لەقسـەی هاوژینەکـەی خـۆی دەربچێـت، چونکـە ئەگـەر وابـکات، دەبێتـە ناکۆکـی، کـە بـووە ناکۆکـی دەبێتـە شـەڕ، خـۆ هەمـوو شـەڕێکیش تـا سـەر نیـەو ئاشـتی بەدواوەیـە، کـە ئاشـتی دەکرێـت دەبێـت لایەنـی دۆڕاوی شـەڕەکە قەرەبـوو بداتـو زیانـەکان ببژێـرێ ئیتـر مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد دوپاتیکردۆتـەوە، کـە مرۆڤ لەکورتـی بیبرێتـەوە باشـترە، بـۆ دەبێـت شـەڕ بـکاتو قەرەبـوو بدات، شـەڕ نـەکاتو تـەواو..، منیـش وتـم «مـام جـەلال ئەمـە مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد سـەرکردەی گەلـی کـورد پێـی وتـوی یـان مامۆسـتا برایـم خـەزوور»، وتـی «وەڵـڵا هەرودوکیـان».

دووەمیــن شــتو بەســەرهاتی خۆشــی کۆبوونەوەکــە، هــەر پەیوەنـدی بەمامـەوە هەبـوو، وتـی بـرادەران هەندێـک کـەس فێربـوون لەســەر کۆریــای باکــور یــا قەزافــی دەنووســن، لەســەر ڤێتنــام دەنووسـن، مـام جارێکـی تـر پـلاری لێدامـەوە، بـەلاًم بەڕاسـتی مـام جـەلال لەسـەر حـەق بـوو، خـۆ ئێسـتا مـام وەفاتـی کـردووەو کاک عادلیـش جێیهێشـتووینو قەزافیـش نەمـاوە، بـەلاًم راسـتیو حـەق لـەلای مـام جـەلال بـوو، نەدەبـوو مـن بەنەزعەیەکـی لیبراڵـی لەسـەر قەزافـی بنووسـم، لەبەرئـەوە نـە لەبەرامبـەر تورەییەکـەی مـام جەلالو نـە لەبەرامبـەر گلەییەکـەی د. عیزەدینیـش هیچـم لەبـەردڵ نەمـاوە، بەپێچەوانـەوە، هـەر کاتێـک ئـەو دکتـۆرە نـازدارە دەبینـم، دەسـتی مــاچ دەکــەم، چونکــە بــە مامۆســتای خۆمــی دەزانــمو پێشــموایە پیاوێکــی گــەورەو رۆشــنبیرو ئەکادیمییەکــی گــەورەی نەتــەوەی کــوردە.

# چاپکردنی یەکەم کتێبم لەسەر ئابووری بوو

بیــرەوەری خــۆش لەگــەڵ بەرهەمەکانــی مرۆڤــدا لەدایــک دەبــن، بیرمــە یەکــەم کتێــب کــە چاپمکــرد دەربــارەی ئابــووری بــوو، کۆمەڵێــک وتــاری خۆمــم کــردە نامیلکەیــەکو بڵاومکــردەوە، بــۆ وەرگرتنــی زانیارییــەکان ســەردانی کاک (قــادر عەزیــز)م کــرد، ئــەوکات وەزیــری کشــتوکاڵ بــوو لــە کابینــەی یەکــەم، (بەهــرۆز گەلاڵــی) لەوەزارەتــی ئاوەدانکردنــەوەو (تەحســین قــادر) لــە وەزارەتــی پیشەســازی. کتێبەکــەم چاپکــراو ســەردانێکی هەندێــک لــە هەڤاڵانــم کــرد لەوانــەش ســەردانی کاک (عومــەر فەتــاح)م کــرد تــا دیســان مەســەلەکەی قەزافــی ســەریهەڵدایەوە، هــەر کــە چوومــە ژوور یەکســەر فەرمــووی لــێ کــردم، تومــەز دەیەویســت بزانێــت ئــەو ســترانە کێیــە مــام جەلالــی تورەکــردووە، چەنــد رۆژێــک دواتریــش چــووم ســەردانێکی کاک (مــەلا بەختیــار)م کــرد، هەمــان فەرمــوو، هەمــان حیکایەتــی تورەکردنــی مــام جــەلال خــۆی دووبارە کــردەوە، بــۆ خــوا بڵێــم، کاک بەختیــار هــەزار دینــاری بۆ چاپکردنــی کتێبەکە داپێــم، راســتییەکەی ئەوکاتــە چاپکردنــی کتێــب زۆر ئەســتەمو زۆریــش پــڕ چێــژ بــوو، هەمــوو جارێــک کــە کاک بەختیــار دەبینــم پێــی دەڵێمــەوە، خەڵــک هەیــە شــت دەداتــەوە بــە چاوتــا ئەگــەر

چاکەیەکی لەگەڵ کردی، بەڵام من هەموو جارێک ئەوە بەمەلا بەختیار دەڵێمەوە، کە تۆ یارمەتی منتدا، دوای ئەو یارمەتیەش بۆ چاپکردنی کتێبەکە، پاداشتێکی تری باشیکردم. ئەو ماوەیە لەگەڵ ئەودا، هەندێکجار بەهۆی ئیشەوە زوو یەکترمان دەبینی، چونکە کاک (فەرەیدون عەبدولقادر) بەرپرسی میحوەر بوو، ناوە ناوە مەکتەبی راگەیاندنی جێدەهێشتو لەشوێنی ئەو، کاک بەختیار سەرپەرشتی دەکرد، جارێک وتارێکم نووسی بەناوی (رێگەچارەی ئۆزالیانە بۆ مەسەلەی کورد ـ دۆستایەتی کوردی عێراقو ئاشتبوونەوە لەگەڵ کوردی باکوور)، ئەو وتارە لەکتێبی (مەسەلەی توتنەکە ـ بەرگی یەکەم) بڵاوکراوەتەوە، کاک بەختیار زۆری بەدڵ بوو، دەستخۆشی لێکردمو پاداشتێکی باشیشی کردم، ئیدی ئەو چەند وێستگەیەک پشتیوانم بوو، جارێکیش لە هەولێر یەکترمان بینی، دەستپێشخەریکرد کە قاتێکی جوانم بۆ بکڕێت، من رەتمکردەوە، چونکە وتم، هەرچیم بۆ بکەیت، ناگاتە ئەوەی لە رابردوودا هەزار دینارت پێدام بۆ کتێبەکەم.

# وتاری قەرەبوو بۆ قەزافی، بەڵام لەدڵەوە

بەرلــەوەی لەســەر وتارەکــەی قەزافــیو قەرزەکــەی مــام جــەلال قســە بکــەم، دەبێــت بەراســتگۆییەوە باســی هــاوکاریو پشــتیوانیەکانی مــام جــەلال بکــەم، کــە ســاڵانی (١٩٩٧) بــۆ (١٩٩٨) ئەوەنـدە قەرزاربـاری کـردم نەبێتـەوە، هەمـوو جۆرەکانـی پشـتیوانی، هەمـوو ڕێگاکانـی پشـتگیریی لەسـەر مـن تاقیکـردەوەو تــا پلــەی سەرنووســەر ڕۆیشــتم، ڕاســتییەکەی ئێســتاش دان بــەوەدا دەنێــم، کــە ئــەو لــە مەســەلەی قەزافــی لەســەر حــەق بـوو، ئـەوەی ئـەو دەیەویسـت ئـەوە نەبـوو، مـن لەیەکێتـیو ژیانـی حزبایەتــی دووربخاتــەوە، بەڵکــو دەیەویســت دەرســێکم بداتــیو فێــرم بــکات، فێرببــم کــە مرۆڤــی ڕۆشــنبیر، ڕۆژنامەنــووسو میدیـاکار دەبێـت لەکاتـی نووسـینو بڵاوکردنـەوەدا پانایـی شـتەکان بەباشــی بخوێنێتــەوە، لەراســتیدا ئێســتە هەندێـک گەنـج دەبینـم شــت دەنووســن لەســەر هەندێــک بابــەت، پێیــان دەڵێــم کاتــی نیــە، کــەوا دەڵێـم خۆمـم بیردەکەوێتـەوە، چونکـە ڕۆژنامەنووسـی سیاســی، دەبێــت ئاگاداریــی پانایــی نووســینو وتارەکانــی بێــت، ئەوکاتــە بەهــۆی تەمــەنو کــەم ئەزموونییــەوە ڕەنگــە ڕەچــاوی ئــەو پانایــیو وردبینییــەم نەکردبێــت. جارێــک لەســەروبەندی

بەهـاری عەرەبـی رۆژێکیـان پرسـیارێکیان لەسـەر کوشـتنی قەزافـی لێکـردم، وەڵامەکـەم بەجۆرێـک دایـەوە کـە سـەنگینی جەلالیانـەی پێوەدیاربـوو، ئێمـە ناکرێـت لەبـری لیبییـەکان بڕیاربدەیـن، ئـەوان وەک هاونیشـتمانی لەژێـر سـایەی ئـەو حوکمڕانییـەی ئـەودا، مافـی خۆیانـە بەهـەر چەشـنێک بیانەوێـت مامەڵـە لەگـەڵ قەزافـی بکـەن، بـەڵام ئێمـەش مافـی خۆمانـە، رەخنـەی ئـەو چەشـنە کوشـتنانە بکەیـن‌و هاوسـۆز بیـن، چونکـە لـە یـادەوەری کـورددا، قەزافـی تاقانـەی مێـژووی سیاسـییەکانی عەرەبـە کـە باخچەمـان بەنـاوەوە کردۆتـەوە، پشـتیوانی ئێمـەی کـردووەو کتێبـی سـەوزمان کردۆتـە کـوردی‌و بەرگـری لـە بزوتنـەوەی کوردایەتـی کـردووە، هەڵوێسـتی قەزافـی لەبەرامبـەر نەجمەدیـن ئەربـەکان‌و وتارەکـەی لـەدوای روخانـی رژێمـی سـەدام کـە نووسـی «کـوردەکان بەبێ دەسـتکەوت هاتنـە دەرەوە»، بـە چەشـنێک لـە چەشـنەکان سـەرکۆنەی سیاسـییەکانی کـورد دەکات کـە بـۆ دەوڵەتـی کـوردی دروسـت ناکـەن، بۆچـی ئـەو پلـەو پایانـە لـە حوکمـی بەغـدا وەردەگـرن، سـەرنجی لەسـەر ئەوەبـوو کـە پلـەو پایـە هیـچ نییـەو سـەردەمی پاشـایەتیش لەعێـراق کـورد لـە پۆسـتو پلـەی بـاڵادا بـووە. لەسـەر داوای مـام جـەلال دواجـار وتارەکـەم نووسـی‌و لـەو مـاوەی پێشووشـدا لـە کتێبـی (مەسـەلەی توتنەکـە ـ بەرگـی چـوارەم) بڵاوکرایـەوە.

# وتارەکەم لەسەر عومەر دەبابە و سەعدی گچکە

بەردەوامبـوون لـە کوردسـتانی نـوێو مامەڵەکردنـی ڕۆژانـە لەگـەڵ سـەرنجو سـەرکۆنەکردنەکانی مـام جـەلال، چیرۆکێکـە تەواو نابێـت، دوای ماوەیـەک لـەو ڕوداوانـەی ڕویانـدا، یـادی کۆچکـردوو (عومـەر دەبابـە) بـوو، ئـەو نـەوە نوێیـە کەمتـر بـە نـاوی ئـەو پیـاوە گـەورەی بزوتنـەوەی کوردایەتـی ئاشـنابوون. مـن وتارێکم بۆ یادەکـەی نووسـیو لەگـەڵ کاک (دڵشـاد عەبدوڵـڵا) گفتوگـۆم کردو لەلاپـەڕە چـوار بڵاوکرایـەوە، بەیانییەکـەی هـەر زوو مـام جـەلال تەلەفۆنیکـردو وتـی «سـتران ئـەو وتـارە لەسـەر عومـەر دەبابـە نایابـەو زۆر جوانـە، بـۆ لەلاپـەڕە یـەک بڵاوتـان نەکردۆتـەوە»، وەڵامـم دایـەوەو وتـم مامـە گیـان گفتوگۆمـان لەگـەڵ بـرادەران کـرد پێیـان بـاش بـووە لـەوێ بڵاوبکرێتـەوە»، وتـی کـێ وتـم ڕام وابـوو لەلاپـەڕە چـوار بێـت وتـی «ئـەی کـێ نووسـیوویەتی»، شـەرمم کـرد ڕاسـتەوخۆ بڵێـم مـن نوسـیوومە، وتـم «وەڵـڵا مـام جـەلال جەنابـت وات وەسـفکرد، ڕووم نایـە بڵێـم کـێ؟»، تێگەیشـتو فەرمانیکـرد ڕۆژی دواتـر لەلاپـەڕەی یەکـەم بڵاوبکرێتـەوە. پـاش ماوەیـەک بـە فەرمانێکـی ڕاسـتەوخۆی جەنابـی مـام جـەلال مـن کرامـە جێگـری سەرنووسـەرو لـە فەرمانەکـەش نووسـراوە، ئەگـەر

ستران لێوەشاوەیی لێدەرکەوت، بە یەکجاری لەو شوێنە جێگیریی بکەن، ئەو ماوەیە وابڕیاربوو کاک (دڵشاد عەبدوڵڵا) ببێتە سەرنووسەری گۆڤارێک لەسەردەم، بەڵام هەندێک وورده گرفت ئیشەکەی دواخستبوو، هەر بۆیە بۆ ماوەیەک لە ماڵەوه مابۆوه، پاشئەوه لەرێگەی کۆچکردوو (د. کەمال فوئاد)ەوه، داوا لەمام جەلال کرابوو بگەڕێتەوه بۆ کوردستانی نوێ، ئەوەبوو بە فەرمانێک گەڕایەوه رۆژنامەو سەر ئیشەکەی خۆیو منیش پلەیەک دابەزیم، بەڵام دواتر سیغەیەکیان دۆزییەوه کە هەردووکمان بووینە جێگری سەرنووسەر، ئەوەش ماوەیەکی پێچوو کە وەک تیمێک کارمان دەکردو دوای ماوەیەک بەیەکجاریی رۆژنامەی بەجێهێشتو چووه دەزگای سەردەمو منیش بە جێگر مامەوه. جا بەهۆی ئەوەی کاک فریاد رواندوزیش لەوێ نەبوو، من بوومە سەرنووسەر بە وەکالەت.

ئەو قۆناغەی تاقانەو سەرنووسەری کوردستانی نوێ بەوەکالەت بووم، مام جەلال ناوه ناوه تەلەفۆنی بۆ دەکردمو دەستخۆشی لێدەکردم، بەڵام جاروبار هەڵەی زمانەوانیو سەرنجو تێبینی دارشتنی لێدەگرتم، بەوه دڵخۆشبووم، کارەکە گەیشتبێتە ئەوەی مام جەلال کێشەی لەگەڵ ناوەڕۆکو گوتاری سیاسی کوردستانی نوێ نەمێنێو تەنها لەسەر ڕەهەندی زمانو رێزمان بوەستێت، کەوایە تا ئەو قۆناغەم بە سەرکەوتوویيو بێ کێشەیی بڕیووه، لە بیرمە ساڵی (١٩٩٩) وەک ئەمکاتە، یادی سەعدی گچکە بوو، مام جەلال تەلەفۆنی کردو فەرمانیکرد کە وتارێک لەسەر شەهید سەعدی بنووسم، ئەوەبوو وتارێکم

لەژێرنـاوی «گچکـە ئەممـا، گـەورە» نووسـی. مـام جـەلال زۆر بەدڵـی بـوو، هەروەهـا کەسـوکاری شـەهید سـەعدیش زۆریـان پێخۆشـبوو، ئیتـر مـام جـەلال دڵنیابـوو لـەوەی ڕۆژنامـەی داوەتـە دەسـت کەسـێکی ئەمیـن لاسـاری دەکات، بـەڵام زوو ڕاستیشـی دەکاتـەوە.

لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا، جاروبـار مـام جـەلال هـەر پـلاری لێمـدەدا، ڕۆژێـک لـە بیرمـە لەکۆبوونـەوەی هاوبـەش لەگـەڵ ڕاگەیانـدن و فەرمانـدەکان، وتـی «بـرادەران ئێمـە سـتران عەبدوڵڵامـان کـرد بـە سـکرتێری نوسـین بـۆ ئـەوەی وامـان بـۆ بـکات، کەچـی ئەویـش نەیکـرد»، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە ئەمـە ڕەخنەیـە لـە شـێوەی وەسـف، بەکوردییەکـەی واتـای ئەوەیـە کـە ئێمـە هیوایەکـی زۆرمـان بـە سـترانە، ئومێدێکـی زۆر گەورەمـان پێیەتـی کەچـی وا نـاکات، ئیتـر ئەوەبـوو بەڕاسـتی مـن بڕیارمـدا لـەو هێڵـە دەرنەچـم کـە مـام جـەلال لەمنـی دەخواسـت.

# گۆڕانکاریی و نوێکردنەوەی کوردستانی نوێ

قۆناغـی دوای ئـەوە، لـە کوردسـتانی نـوێ وەک جێگـری سەرنووسـەر دەسـتبەکاربووم، بـەڵام لەبەرئـەوەی کاک (فریـاد ڕەوانـدوزی) سەرنووسـەری ڕۆژنامەکـە لەسـەفەربوو، من دەسـەڵاتی سەرنووسـەرم هەبـوو، ئەوکاتـە (عـادل مـوراد) فەرمانێکـی دەرکـرد بەجێگـری سەرنووسـەرو سەرنووسـەر بەوەکالـەت، ئیتـر دەسـتمان کـرد بـە گۆڕانـکاری ریشـەیی لـە ڕۆژنامەکـەدا، تـا دەرفەتێـک هەبێـت لـە ڕۆژنامەیەکـی ڕۆژانـەی سیاسـی حزبێکـی وەک یەکێتیـدا لـەو فۆڕمـە بـاوەی خـۆی دەرچیـنو هەندێـک ئاڵوگـۆڕ بکەیـن، لـەو پێنـاوەدا هەندێـک هەنـگاوی پراکتیکیمـان نـا، ڕێبەرێکـی عەمەلـی کارکردنمـان دارشـتو سـتراتیژی ئیشـکردنی پیشـەییو حزبـیو یەکێتیانەمـان بـە بنەمـا گـرت، یەکەمیـن کار ئـەو ئەرکـە نەگـۆڕو گرنگەمـان بەهەنـد وەرگـرت، کـە کوردسـتانی نـوێو ڕۆژنامەنووسـەکانی وەک میدیـای حزبێکـی سیاسـی لەسەرشـانیانە ئەنجامـی بـدەن، واتـا پێویسـتە دەسـتبەرداری ئـەو فۆڕمـە لەکارکـردن نەبیـن، کـە پێویسـتە بۆ خزمەتی سیاسـەتو سـتراتیژی یەکێتـی لەسـەر شـانمانە، دووەمیـن هەنگاویـش کردنـەوەی دەرگای ئـەو میدیـا حزبیەیـە بـەرووی ئەوانـی دیکـەداو دۆزینـەوەی هـاوکارو

قەڵـەمو پشـتیوانی نوێیـە، بـۆ ئـەوەی جوگرافیـای ئـەو ڕۆژنامـە کاغەزییـە تەنهـا لەنێـوان کۆمەڵێـک قەڵـەمو نـاودا قەتیـس نەبێـت، سـێهەمیش پێشخسـتنو دەرفـەت ڕەخسـاندن بـوو بـۆ هەندێـک قەڵەمـی گەنـجو نـوێ، بـۆ نموونـە (لاوەنـد نـەوزاد، کاروان عەلـی، هـاوکار قـادر، مەریـوان مەسـعود) لـەو ناوانـە بـوون کـە دەرفەتـی کارکـردنو هاتنـە پێشـەوەیان بـۆ ڕەخسـا، (لاوەنـد نـەوزاد) گۆشـەیەکی بـاشو تەنـزی سـەرنج ڕاکێشـی دەنووسـی هەروەهـا (هـاوکار قادر)یـش کـە ئەوکاتـە تەمەنـی ئەوپـەڕی حەڤـدە سـاڵ دەبـوو، گۆشـەیەکی کورتـی ڕۆژانـەی دەنووسـی، ڕەنگـە ئـەوە یەکەمیـن ئەزمـوون بووبێـت کەسـێک لـەو تەمەنـەدا بـۆ ڕۆژنامەیەکـی ڕۆژانـەی حزبێـک گۆشـەی هەبێـت، سـەرباری ئـەو هەڤاڵانـە، (کاوە محەمـەد، شـێرکۆ مەنگـوڕی، کـەژاڵ ئەحمـەد، نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد، ...)و هەڤاڵانـی تریـش پێکـەوە وەک تیـمو بەرۆحـی هـەرەوەزی خەریکـی سەرخسـتنی پـڕۆژەو خەیاڵـی نوێکردنـەوەی کوردسـتانی نـوێ بوویـن. چوارەمیـن گۆڕانکاریـش کـە هـەر ئـەو ماوەیـە کردمـان، کردنـەوەی دۆسـیەکی نـوێ بـوو لەژێرنـاوی (کـورد لەهـەر کـوێ بێـت)، ئـەوەی لـەو دۆسـیەیە جێگـەی دەگـرتو بڵاودەکرایـەوە، بریتـی بـوو لـە هەواڵـی کـورد لـە هـەر شـوێنێکی دنیـا بێـت، ڕاستییەکەشـی ئـەو هەنـگاوە لەوکاتـەدا قـورس بـوو، چونکـە هـەم تەکنۆلۆژیـا لەو ئاسـتەدا نەبـوو، هەمیش بەهـۆی شـەڕی ناوخـۆوە جوگرافیـای کارکردنمان بەرتەسـک ببۆوە، بـەڵام بـۆ ئێمـە دوو سـەرچاوەمان لەبەردەسـت بـوو، هـەم یەکێتـی ناوەندێکـی گرنگـی ئینتەرتیتـی لـە قەڵاچـوالان هەبـوو، کـە لەوێـوە

زانیـاری‌و وێنـه‌و بابـه‌تو هه‌واڵـمـان پێده‌گه‌یشـتو هه‌میـش پشـتمان بـه‌ که‌ناڵـه‌ ئاسـمانییه‌کان ده‌به‌سـت، هه‌روه‌هـا سـه‌رچاوه‌یه‌کی تریشـمان، نووسـینگه‌و مه‌کته‌به‌کانـی یه‌کێتـی بـوو لـه‌ده‌ره‌وه‌ی وڵات، کـه‌ هه‌میشـه‌ له‌رێگـه‌ی راپۆرته‌کانـی خۆیانـه‌وه‌، لـه‌دوا چالاکـی‌و زانیاریـی به‌سـوود ئێمه‌یـان به‌سـه‌رده‌کرده‌وه‌، هه‌روه‌هـا یه‌کێـک لـه‌ گۆڕانکارییه‌کانـی تریـش دانانـی کاپشـنی وێنـه‌ بـوو، دانانـی کاپشـن زۆر له‌رۆژنامـه‌دا پشـتی پێنه‌ده‌به‌سـترا. هه‌نگاوێکـی دیکـه‌ش، دروسـتکردنی رۆژنامه‌نووسـی پیشـه‌یی بـوو، چونکـه‌ قۆناغـی پێـش ئـه‌وه‌، به‌شـه‌ هـه‌ره‌ زۆره‌کـه‌ی کاره‌کته‌ره‌کانـی نـاو رۆژنامه‌گه‌ریـی، ئـه‌و ئه‌دیبانـه‌ بـوون، کـه‌ له‌دیـدگای ئه‌ده‌بـی‌و به‌زمانـی ئه‌ده‌بییـه‌وه‌ کاری رۆژنامه‌نووسـیان ده‌کـرد، ئێمـه‌ ئیـدی توانیمـان، ئه‌گـه‌ر له‌پنتێکـی بچووکیـش بێـت، رۆڵو ئه‌رکـی هه‌ردووکیـان لێـک جیـا بکه‌ینـه‌وه‌.

# کرانەوە بە رووی قەڵەمی نایەکێتیدا

پێش ئەو قۆناغە واباوبوو، کە میدیای حزبی بەدەست جۆرێک لەداخرانەوە دەناڵێنێ، جگە لە هەندێک ئەزموونی بچووکی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، رۆژنامەی ئەوکاتەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کە بەرووی قەڵەمی دەرەوەی حزبەکەیدا کرابۆوە، لەناو جەستەی تەواوی میدیا نەببووە نەریت، بەتایبەت بۆ هێزێکی وەک یەکێتی، راستییەکەشی پێمانوابوو ئەوە خەوشیەکە، چونکە ئەو رێو رێبازەی مام جەلال رابەرایەتی دەکاتو لە شاخ رێی بە بڵاوکردنەوەی رۆمانی (سەگوەڕ)ی محەمەد موکری داوە، ئەو یەکێتییەی لە ژمارە سەرەتاییەکانی کوردستانی نوێ، مام جەلال فەرموویەتی، رەخنە بگرنو لەکوردستانی نوێش بڵاویبکەنەوە، شتێکی نا پەسەند بوو، دەرگای ئەو رۆژنامەیە بەرووی ئەوانی تردا دابخرێت. لەکاتێکدا مام جەلال لەسەرەتای دەستپێکردنی کوردستانی نوێوە دەیوت تەنانەت هەواڵی حزبەکانیشی بڵاوبکەنەوە ئێمە بۆ ئەم کەانەوەیە پاساوێکی بەهێزمان هەبوو، باوەڕی پتەومان بە دنیابینیو تێڕوانینەکانی یەکێتی و خۆمان هەبوو کە دەشتوانین تا ئەوپەڕی بەرگری

لـەو بەهـاو سیاسـەتانە بکەیـن کـە باوەڕمـان پێـی هەیـە، بـێ ئـەوەی لـەرای ئـەوی دیکـە بسـەڵمینەوە، لەبـەر ئـەوە دەرگامـان بـۆ کەسـانی تریـش خسـتە سـەر پشـت، ڕێگامـان بـەو قەڵەمانـەدا بنووسـنو ڕەخنـە بگـرن، کـە کەیفیـان بـە ئەرکـی حزبـیو ژیانـی حزبـیو دنیابینـی حزبـی نایـەت، چونکـە بـە ئێستاشـەوە باوەڕموایـە، ئـەو پرۆسـەیە کاتێـک دەگاتـە قۆناغـی تەواوکاریـی ڕاسـتەقینە، کـە دەرفەتـی یەکسـان بـۆ هەمـووان بڕەخسـێت قسـە بکـەنو دنیابینـی خۆیـان بخەنـەڕوو، بێگومـان ئـەو سیاسـەتی کرانەوەیـەش، بـێ چەکـوش نەبـوو، بەڵکـو هەمیشـە چەکوشـی وەڵامدانـەوە ئامادەبـوو، مـادام دەرفـەت دەدەیـن ڕەخنەمـان لێبگـرن، بەدڵنیایشـەوە، مافـی ئەوەمـان هەیـە، وەڵامـی ئەوانـە بدەینـەوە کـە بەسیاسـەتی ئێمـە ڕازی نیـن. بەداخـەوە هەندێـک پەرگیـری هەیـە لـە لێکدانـەوەکان لەجێـی ئـەوەی خزمەتـی ڕەوتـی شـێنەیی گۆڕانـکاری بـکات زیانـی پێدەگەیەنـێ و لەنـاو قـەدەوە ڕەوتەکـە دەپسـێنێ.

گۆڕانکارییەکانـی نـاو کوردسـتانی نـوێ، چ لـەرووی نـاوەڕۆکو کرانـەوە سیاسـییەکەی، چ لەسـەر ئاسـتی فـۆڕمو تەکنیکـە ڕۆژنامەگەرییـەکان، شـتگەلێک بـوون، نـەک هـەر لـەلای مـام جـەلال پەسـەند بـوون، بەڵکـو ستایشـی ئـەو ئاڵوگۆڕانەشـی کـرد، چونکـە جگـە لەسـەرنجو تێبینییەکانـی خـۆی، لەخەڵکـی دەبیسـتەوەو لـەو هەڤاڵانەشـی گـوێ لێدەبـوو، کـە سـەردانیان دەکـرد، بەتایبـەت سروشـتی مـام جـەلال وابـوو، کـە هەمیشـە خـوانو دانیشـتنەکانی هەرگیـز لـە ڕوناکبیـرانو نووسـەران خاڵـی

نەبــووە، ئــەو دۆســـتە نووســـەرو ئەکادیمــیو سیاســیانەش، کــە دەچوونــە خزمــەت مــام جــەلالو ستایشــی ئــەو گۆڕانکارییانــەی کوردســـتانی نوێیــان دەکــرد، مــام هــەم دڵــی پێخۆشــدەبوو، هەمیــش ستایشــی دەکردیــن، بــەڵام هەمووومــان بــاش دەزانیــن، هەنــگاوەکان چەنــدە بــاش بــن، جاروبــار سەرکێشــیو ســەرەڕۆیی هەندێــک کــەس دەســتکەوتەکان بەلارێــدا دەبــاتو لەپێنـــاو پەرچەکردارێکــی ناپێویســت، یــان وتارێکــی پــڕ لــە هەڵچــوون، دەشــێت زیــان لــە کــۆی پرۆســـەکە بــدات، راستییەکەشــی لــە هەڵبژاردنــی شــارەوانییەکانی کۆتایــی نــەوەدەکان، بەهــۆی بڵاوکردنــەوەی وتارێکــی کاک، تووشــی سەرئێشــەی زۆر بووینــەوە، ئــەو نووســەرە بــەوە ناســراوە، کــە کەیــف و خۆشــی بــە یەکێتــی نایــەو چەنــدی بــۆی بلــوێ رەخنــەی لێدەگــرێ، بــۆ وەڵامدانــەوەی ئـــەو وتـــارە ژمارەیەکـــی زۆر هەڤاڵـــی یەکێتـــیو ئۆرگانـــەکان وەڵامیـــان دایـــەوە، یەکێـــک لەوەڵامـــەکان شـــەهید (شـــەوکەتی حاجــی موشــیر) بــوو، لەبنەڕەتــدا وتارەکــەی نووســەر لەژێــر نــاوی (عەشــیرەت هــاوارە) بڵاوکرابــۆوەو وەڵامەکــەی شــەهید شــەوکەتیش ناونیشــانەکەی وابــوو (لــەم دیموکراســییەی یەکێتیــی عەشــرەت هاوارە) پێدەچێت نووســەر بە ئەنقەســت ناونیشــانەکەی لــە شــعرێکی پیرەمێــردەوە هەڵبژاردبێــت، ئــەو روداوە وایکــرد ســـنوورێک بــۆ ئــەو جــۆرە وەڵامو وەڵامکارییانــە دابنێیــن کــە زادەی بیــری تەســکی نادیموکراســی بــوو، چونکــە چەنــد رۆژێــک دواتــر لەکۆبوونەوەیەکــدا لەگــەڵ مــام جــەلال، بــە ئامــاژە ئــەوەی پــێ وتیــن، کــە مــەرج نییــە بــۆ ئــەوەی بیســـەلمێنین یەکێتــی

دیموکراسـییە، هەمـوو شـتێک بڵاوبکەینـەوە، ئیتـر ئـەوەش هەمیشـە بـە پێکەنینـەوە کردمانـە بنەمـای ئیـش‌و بڵاوکردنـەوەو قسـەکەی مامـمـان بەجۆرێکـی تـر دوبـارە دەکـردەوە، کـە بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنین یەکێتـی دیموکراسـییە، مـەرج نییـە وتـاری کاک بڵاوبکەینـەوە.

زۆربـەی کۆبوونـەوەکان لەگـەڵ مـام جـەلال واباوبـوو لـە بـارەگای تایبەتـی خـۆی بێـت، مـام لـەزۆر راپـۆرت‌و هـەواڵ‌و وتـار کـە لێـرەو لـەوێ بیسـتبوویەوە ستایشـی کردیـن‌و پێیوابـوو لـە ئاسـتی بەرپرسـیاریەتی قۆناغەکەدابوویـن، هەڵبەتـە بەشـێک لـە فەزڵـی ئـەو چاکـەو پێشخستنەشـی بـۆ مـن گێڕایـەوە، بـەڵام ئەوەی ریسـەکەی تۆزێـک لێکردینـەوە خـوری، وتارێکـی تەنزئامێـزی کاک (شـێرزاد شـێخانی)بوو، شـێرزاد ئـەو ماوەیـە گۆشـەیەکی هەفتانەی لـە رۆژنامەکـە هەبـوو، ئـەو گۆشـە تەنزبـوو، وەک دەڵێـن (ئەدەبـی سـاخیر)بوو، خۆی سروشـتی ئەو فۆڕمە لەنووسـین، لەسـەر بەشـێک لـە زیـادەڕەوی‌و تـرش‌و خوێکردنـی روداوەکان دەژیـت، هەربۆیـە ناکرێـت ئـەوەی لەنـاو وتارێـک یـان گۆشـەیەکی تەنـز دەنووسـرێ‌و بڵاودەکرێتـەوە هێنـدە بـە هەنـدی وەربگـرێ‌و پەرچەکـرداری لێبکەوێتـەوە، یەکێـک لـە گۆشـەکانی شـێرزاد لەسـەر ژن بـوو، لەپـای بڵاوکردنـەوەی ئـەو کۆڵۆمـە، (کـەژاڵ ئەحمـەد)ی هاوپیشـەو سـتاف رەخنـەی لێگرتیـن، پێشـتریش خاتوونی کۆچکـردوو (روناک رەئـوف)و (هاوژیـن مەنمـی) گلەیـی‌و گازندەی خۆیان بـە مام جەلال گەیاندبـوو، رەنگـە ئـەوان وەک پرسـی ژنانـەو وەک مەسـەلەیەکی جێنـدەری لەسـەر حـەق بووبـن کـە تـوڕەو نیگەرانبـوون، بـەڵام

مـن چونکـه لەدیدێکـی ڕۆژنامەنووسـیەوە تەماشـام دەکـرد، هێنـدە لەبەرامبــەر ناوەڕۆکەکــەی هەســتیار نەبــووم. قســەیەکی (خالیــد قشــتینی)م بیرکەوتــەوە، لەســەر هونــەری تەنــز نووســین، ئــەو پێیوایــە وەختــە بگەینــە زەمەنێــک، کــە ئــەو جــۆرە هونــەرە لەنوسـین بـەرەو لەناوچـوونو فەوتـان دەچێـت، چونکـە سروشـتی ئـەو ژانـرە وایـە، لەسـەر نەتـەوەی بچـووکو ژنان پەیـڕەو دەکرێو ئێسـتاش کـە ڕێکخـراوە بەرگریـکارەکان زۆربـوون، ئیـدی سـنوور بـۆ ئـەو تەنـزە نووسـینە سیاسـیو کۆمەڵایەتیانـەش دادەنرێـت. بۆیـە ئـەو چالاکـیو بزاوتـەی ژنانـم پێخـۆش بـوو چونکـە نابێـت بەهیــچ پاســاوێک گاڵتــە بــەژن بکرێــت، بــەڵام ئــەو پرســیارەم هـەر لەمێشـکدا ماوەتـەوە، سـنوری نێـوان گاڵتـە لەگـەڵ کـردن و گاڵتـە پێکـردن چییـە؟. ئـەوەی مـن لێـی دڵنیـام، خـۆمو سـتافی کوردسـتانی نـوێ سـوکایەتی بـە ژن ناکەیـن، ئـەو جـۆرە لەگـەڵ بیروبـاوەڕو تێگەیشـتنی ئێمـە نایەتـەوە، بەهەرحـاڵ لەبەرامبـەر ئــەو ڕووداوە، تێگەیشــتنی مــام جــەلال وابــوو، لــە شــوێنێک پارێــزگاری لــەوان دەکــرد، کــە نابێــت ســووکایەتی جێنــدەریو ڕەگـەزی بەهیـچ کەسـێک بکـرێو لـە شـوێنێکی تریـش پارێـزگاری لـە ئێمـەی ڕۆژنامەنـوس دەکـرد، کـە نابێـت بـە پاسـاوی ئاینیـی یــان کۆمەڵایەتــیو سیاســیو نەریتــی ســنوور بــۆ کارکردنیــان دابنرێـت.

هــەر ئــەو ماوەیــەی پــاش گۆڕانکارییــەکان، جارێکیــان لــە بیرمــە مەلەفێکمــان هەبــوو، کاک (ئاســۆس هــەردی) لەســەری نووسـی، (بەختیـار عەلـی) بەشـداری تێداکردبـوو، ئێمـە وەڵاممان

دایەوە، ڕەنگە وەڵامەکە کەمێک قورس بووبێت، بەس ئەمە بەشێکە لەکاری ڕۆژنامەگەریو نەریتێکی نامۆ نییەو بەدرێژایی مێژوو پەیڕەوکراوە، کاتێک کەسێک بێت قسە بکاتو وەڵامی بدەیتەوە. یەکێک لەو کتێبانەی ڕۆژنامەنووسانو سیاسەتمەدارانیش خوێندویانەتەوە، کتێبێکی (محەمەد حەسەن هەیکەل)ە، بەناوی (بین الصحافة والسیاسة) کە لەسەر ئەزموونی خۆی و لە هەمانکاتدا کێشەکانی خۆی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (مستەفا ئەمین) نووسیویەتی، ئەو کتێبە مام جەلالیش خوێندبوویەوە، چونکە خۆی پێی وتین ئەوەی لەو کتێبەدا بۆ من سەرنج ڕاکێشەو بە هەندی وەردەگرم، ئەو شانازییەی هەیکەلە لە هێنانە پێشەوەو دەرفەت ڕەخساندن بۆ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو سیاسی دیار لەناو ڕۆژنامەی ئەهرام، بۆ ئەمەش لیستێکی درێژی ناوەکانی بڵاوکردۆتەوە، ئەمە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، مرۆڤ لە نوسینی سیاسیدا دەشێت شانازی بە نووسینەکانی خۆیەوە بکات، بەڵام بەشێکی تری شانازییەکانی وەک کەسێکو کارەکتەرێکی میدیایی ئەوەیە کە چەند لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی میدیایی دەرفەتی بۆ نووسەرانی تر ڕەخساندووەو دەرگای بەسەر قەڵەمی تردا کردۆتەوە، ڕاستییەکەی ئەو ماوەیەی باسیدەکەم، بەندە و هاوکارانم سێ جۆری شانازییم پێ دەبڕێ، وەک هەیکەل منیش واچاکە لیستێک بڵاوبکەمەوە، چونکە لەو ماوەیەدا لە کوردستانی نوێ دەرگامان بۆ سێ ئاراستە کردەوە، یەکێکیان گەنجەکانی ناو کوردستانی نوێ،

دووەم ئاراستەی ئەو کەسانەی جیاوازن لەبیرکردنەوە لەخۆمان، سێیەم ئەو کەسانەی قەڵەمی گەورەن، نوسەری ناودارن، بەهۆی دەوڵەمەندی ئەزموونەکەیان خزمەتێکی گەورەیان بە کوردستانو بواری فەرهەنگی کردووە. حەزدەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان بڵێم سەکۆم کردەوە بۆ ئەمانە لە کوردستانی نوێ بنوسن یان لە قۆناغێکی تردا لە ئاسۆ یان لە جێگایەکی تردا بنوسن، بۆیە کردم بە ڕێبازێکی کارکردنمو لە هەر جێیەک بێت، گرنگە خەڵکانێک هەبێت یارمەتیان بدەین بێنە پێشەوە، یان خەڵکانێک هەیە خۆیان قەڵەمن، ناون، شتن، تۆ سەکۆیان بۆ دابین بکەیت، هەم بۆ ئەوان خۆشەو هەم بۆ تۆش و ئەو ڕۆژنامەی کاری تێدا دەکەیت، چونکە بەوە لەگەڵ ئەواندا گەورە دەبیت.

# گەڕان بەشوێن سەرنووسەرێکی نوێدا

سێ ساڵ بەسەر ئەو قۆناغە راگوزەرەدا تێپەڕیو من هەر بەوەکالەت سەرنووسەر بووم، ئەو ماوەیە کاک (نەوشیروان مستەفا) گەڕابۆوە کوردستانو لەسەر داوای مام جەلال هەفتانە دەچووینە خزمەت کاک نەوشیروانو چەند موحازەرەیەکی لەسەر رۆژنامەنووسیو گەشەپێدانی کوردستانی نوێ پێ دەوتین، کۆبوونەوەی هەفتانەشی پێدەکردینو ستراتیژی کارکردنی بۆ دادەڕشتینو رێنمایی دەکردین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆسییە جیاجیاکان بکەینو روماڵی هەواڵەکان بە چ شێوەیەک بکەین گوتم بۆ ئەوەی هەر کوردستانی نوێ نەبێ لەگەڵ کاک نەوشیروان رێککەوتین بیکەینە کۆبوونەوەی ستافێکی راگەیاندن بە کوردستانی نوێییەوە ئەویش پێی باش بوو وتی باشتر با هەڤالانی تریش کەڵکی لێوەربگرن بۆ ئەوەی هەر کوردستانی نوێ نەبێ لەگەڵ کاک نەوشیروان رێککەوتین بیکەینە کۆبوونەوەی ستافێکی راگەیاندن بەکوردستانی، ئەو ماوەیە واپێدەچوو، وەزیفەم وەک سەرنووسەر بەوەکالەت لە کوردستانی نوێ کۆتایی هاتبێ لێرەو لەوێ دەمبیستو دەمزانی بیر لە دانانی سەرنووسەرێک دەکەنەوە، تا ئەوکاتەش

بەهـۆی نەگەڕانـەوەی (فریـاد ڕواندوزی)یـەوە هـەر سەرنووسـەری بەوەکالـەت بـووم، بـەڵام پێدەچـێ لەمەکتەبـی سیاسـی کـە لەگەڕانـەوەی روانـدوزی بێهیوابـوون، لـەو ناوەشـدا نـاوی مامۆسـتا (مەحمـودی مـەلا عیـزەت) وەک بەهێزتریـن جێگـرەوە هاتـە نـاو گۆڕانکارییـەکان، راستییەکەشـی کۆمەڵێـک فاکتـەر رۆڵیـان گێـڕا لـەو ئاڵوگـۆڕە نوێیانـە، یەکێـک لـە هـۆکارەکان ئەوەبـوو، خێرخـوا هەڵـەی بچووکـی ئێمەیـان زیـاد لـە پێویسـت گـەورە دەکـردو مێشـیان لێدەکردیـن بـە گامێـش، دووەمیـش جۆرێـک لەبەریەککەوتـن لەگـەڵ کاک عـادل مـوراد هەبـوو، نەماندەتوانـی رۆژنامەکـە لەدەسـتوەردانەکانی ئـەو بپارێزیـن‌و سـێهەمیش تـازە بـە تـازە مامۆسـتا مەحمـود مـەلا عـززەت لـە ئەوروپـا گەڕابـۆوەو دەیانەویسـت هەرچۆنێـک بێـت ئیشـێکی بـۆ بدۆزنـەوەو کارێکـی بـۆ دابیـن بکرێـت، ئەگەرچـی مامۆسـتا خـۆی بـەو ئیشـە رازی نەبـوو، چـاوی لـە ئـەرکو بەرپرسـیاریەتی شـایانتر بوو کە پێـم وایە پێگەی سیاسـیی ئەرکـی گەورەتـری شـایان دەکـرد. هەمـوو ئەوانـە دواجـار دەوریـان گێـڕا لەدانـان‌و دامەزراندنـی مامۆسـتا وەک سەرنووسـەری نوێـی کوردسـتانی نـوێ، لەراستیشـدا (مەحمـودی مـەلا عیـزەت) پیاوێکـی دیاربـوو، زنجیرەیـەک کتێبـی هەبـوو، مێژوویەکـی درێـژی لەنـاو سیاسـەت‌و سـەقافەت‌و سـەحافە تۆمارکردبـوو، ئەوکاتـە بیرمـە (مـام جـەلال، کاک نەوشـیروان، کاک کۆسـرەت، کاک عومـەر فەتـاح و کاک قـادری حاجـی عەلـی) کـە قـەت واپێکـەوە لەسـەر هیـچ رێکنەکەوتـن لەسـەر دانانـی ئـەو رێککەوتبـوون، ئیـدی لـە رۆژی دەسـتبەرکاربوونیەوە هەمـوو شـتێکم ڕادەسـتکردەوەو بـێ

دەسـەڵات مامـەوە، ئەمـە بـۆ مـن شـتێکی کتوپـڕ و ناخۆشـبوو، چونکـە زەحمەتـە تـۆ لـە بەڕێوەبردنـی دامەزراوەیەکـەوە لەنـاکاو هەمـوو دەسـەڵاتەکان لەدەسـتبدەیت، بـەڵام چونکـە ئەوەیـان بڕیارێکـی حزبییـەو منیـش پابەنـدی دیسـپلینە حزبییەکانـم، لەبەرئـەوە هـەر چۆنێـک بێـت دەبوایـە لەگـەڵ دۆخـە نوێیەکـە خۆم رابێنـم، تـا وایلێهـات، دەرکـەوت مـن لەگـەڵ مامۆسـتا مەحمـود لـە بیرکردنـەوەو تێفکریـن زۆر جیـاواز نیـن، رەنگـە هـەر ئـەوەش هـۆکار بووبێـت کـە رۆژێـک پێـی وتـم «دەبێـت مـن و تـۆ حەلـی خۆمـان بکەیـن، یـان لێـک بترازێیـن یاخـود پەیوەنـدی خۆمـان رێکبخەیـن»، پرسـیاری تەمەنـی لێکـردمو کەزانـی لەدایکبـووی (١٩٦٩)م، پێکەنـیو بـە مەسـجێک نیشـانیدام کـە لەتەمەنـی کورەکـەی خۆیـدام، چونکـە وتـی «ژیلوانـی کوڕیشـم ١٩٦٩) یـە، بۆیـە هیـچ بوارێکـی تێدانییـە مـن و تـۆ دەبێـت مـامو بـرازا بیـن»، ڕاسـتییەکەی ئـەوە بـۆ منیـش پەسـەند بـوو، بەڵێنیشـم پێـدا تـا پێکـەوە کاربکەیـنو لـەوێ بمێنمـەوە یـان بمێنێتـەوە، هەرگیـز بیـر لەهیـچ بەرکەوتنێـک لەگـەڵ تـۆ ناکەمـەوە. زۆر کـەس گرەویـان لەسـەر ئـەو بەریەککەوتنـە کردبـوو، بـەڵام ئـەو گـرەوە بەپێچەوانـەوە کەوتـەوەو بەجۆرێـک هـاوکارو یارمەتـی یەکترمـان دەدا، تەنانـەت هەندێکجـار وتـاری تەواونەکـراوی بـۆ مـن دەنـاردو مـن تـەواوم دەکـرد. ئەوەنـدە لـەڕووی فیکرییـەوە لێـک نزیـک بوویـن.

ئـەو ماوەیـە بـە ئارامـیو بەبـێ گرفـت رۆیشـت، بـەڵام یـەک دوو رووداوی ناخـۆش روویانـدا، شـانەکە لەسـەری کوردسـتانی نوێـدا

شـــكايەوە، یەكــەم رووداوی ناخــۆش وتارێكـــی كاك (نەوشـــیروان مســتەفا) بــوو، لەســەر (حزبــی زەحمەتكێشــانی كوردســتان)و كــە مامۆســتا مەحمــود لەلاپــەڕە یەكــدا بڵاویكــردەوە، بڵاوكردنەوەكــەش لەبەرئــەوەی نــاوی كەســی لەســەرنەبوو، وەك ئــەوەی هەڵوێســتی فەرمــی كوردســتانی نــوێ و یەكێتــی بێــت، ڕاســتە ڕەنگــە لــەرووی نەریتــی ڕۆژنامەگەرییــەوە وتــاری لاپــەڕە یــەك بــێ نــاو بــڕوات، بــەڵام لــەو دۆخــەدا دەبێــت بەرپرسیاریەتیەكەشـــی هەڵبگریــت، وتارەكــە زۆر توندبــوو، هەڵبــەت وەڵامەكــەی زەحمەتكێشــانیش هەر توندبــوو، بــەڵام مامۆســتا مەحمــودی مــەلا عیــزەت ئامادەنەبــوو بــڵاوی بكاتــەوە، ئــەوەش هــەم جەنابــی مــام جەلالــی زۆر توڕەكــردو هــەم ســكرتێری حزبــی زەحمەتكێشــان كاك قــادر عەزیزیشــی دڵگــران كــرد، نەدەكرا هاوپەیمانو دۆســتێكی وەك زەحمەتكێشــانو كاك قــادر بــەو شــێوەیە تــوڕە بكرێــنو مافــی وەڵامدانەوەشــیان نەدەیتــێ. دووەم روداویــش لێدانــی كۆمەنیســتەكان بــوو، لەبەرامبەر ئــەو روداوە بەســوێیانەی ســلێمانیو لێــدان لــە حزبــی كۆمەنیســت، ژمارەیەكـــی زۆر لـــە نووســـەرانو روناكبیـــران بەیاننامەیەكیـــان لەســەر یەكێتــی بڵاوكــردەوە، لــەو بەیاننامەیــەو پەرچەكردارەكانــی تــری دیســانەوە كوردســتانی نوێــش تێــوە گلا، هــەم لەبەرئــەوەی بەیاننامەكــەی بڵاونەكــردەوەو هەمیــش لەبەرئــەوەی مامەڵەیەكــی تەندروســتی لەگــەڵ ئــەو دۆخــە نەكــرد، ئیــدی بــە ناچارییــەوە كوردســتانی نــوێ لەگــەڵ ڕۆژنامەنووســان كەوتــە بەریەككەوتــنو ئــەو ڕیســەی چەنــد ســاڵێك بــوو ســەرقاڵ بوویــن، بەرەنجامــی ئــەو هەڵانــە بــۆوە بەخــووریو ئــەو پەیوەندییــەی نێــوان ئێمــەو

روناکبیـرو رۆژنامەنووسـان دابـڕانو دوورکەوتنـەوەی گـەورەی لێکەوتـەوە، هەرئـەوەش بـوو، دواجـار رۆژنامـەی ئەهلـی هێنایـە کایـەوەو هاوڵاتیـش وەک ئەزموونـی ئـەو بـوارە دەرچـوو، پارتـی لەسـەرەتاوە پێیوابوو، رۆژنامەی هاوڵاتی دەستی کاک نەوشـیروانی لەپشـتەو بـە پشـتیوانیو کۆمەکـی ئـەو دەردەچێـت، گومانەکـەش پەیوەنـدی بـەوەوە هەبـوو، کـە بەشـێک لـەو قەڵەمانـەی بوونـە کۆڵەکـەی سـەرەکی ئـەو رۆژنامـە تازەیـە پێشـتر لـە کوردسـتانی نـوێ دەیاننووسـی، (رامیـار مەحمـودو شـوان ئەحمـەد و توانـا عوسـمان) پێشـتر بەهـۆی کرانـەوەی کوردسـتانی نوێـوە بـەردەوام هـاوکاری رۆژنامەکـەی ئێمەیـان دەکـرد، ڕاسـتێکەی دەسـتی کاک نەوشـیروانی لەپشـت نەبـوو، بـەڵام بەهـۆی ئـەو رووداوەی کاک نەوشـیروان لەگـەڵ کۆمۆنیسـتەکان هاوڵاتـی دامـەزرا بۆیە ئێسـتاش پێموایـە ئـەو هەڤاڵانـەی ئێمـە بـاش ئیـدارەی دۆسـیەی کرانـەوەی کوردســتانی نوێیــان نەکـردو دۆخەکـە بەجۆرێکــی تــر وەرگــۆڕا کــە بەریەککەوتنــی زۆری لێکەوتــەوە، مــرۆڤ بــۆ خــواش قســە بـکات، ئۆباڵەکـە هەمـووی لـە ئەسـتۆی مامۆسـتا مەحمـود نەبـوو، چونکـە ئەگـەر ئـەو بەیاننامەیـە بڵاویـش کرابایـەوە، پەڵپێکـی نـوێ دەهاتـە ئـاراوەو شـتێکی تـر هـەر یەخـەی دەگرتینـەوە. هەروەهـا خـودی کاک نەوشـیروانیش بەرگـری لـە ئێمـە نەکـردو بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانییەکانـەوە دوای چەنـد سـاڵێک لەهەمـوو کەس زیاتـر بـووە دۆسـتی هاوڵاتـیو روناکبیرەکانـی، ئـەو پەیوەنـدیو دۆسـتایەتیەش تـا دامەزراندنـی بزوتنـەوەی گۆڕانیـش بـە بەرچـاوی هەمـوو کەسـێکەوە هـەر بـەردەوام بـوو.

ئێستاش کە بیر لەو ڕووداوانە دەکەمەوە هەست دەکەم بەشێوەی جیاجیا دووبارە دەبێتەوە. سەنگەربەندی دەگۆڕێ و هەڵبەزو دابەز دەبینم کە زۆرچار خەڵکی ئۆقرەی وەک ئێمە نرخەکەی دەدەین.

# دەبوایە وچانێك لەدەرەوەی كوردستانی نوێ بدەم

لەراستیدا رووداوەکان بەریەککەوتنی ناوخۆیی لێکەوتەوەو هەندێک جارێکیش شانەکە لەسەری مندا دەشکا، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە رۆژنامەیەکی رۆژانە مامۆستا مەحمود مەلا عزەتی زۆر ماندو دەکردو ناوە ناوەش لەگەڵ مام جەلالو مەکتەبی سیاسیو ئۆرگانەکانی تر بەریەککەوتن دروست دەبوو، هەربۆیەش جاروبار شانەکە لەسەری مندا دەشکا، خۆی دەشمزانی مەسەلەکە ئەوەیە، کە مام جەلال نایهەوێت راستەوخۆ بەریەککەوتنی لەگەڵ مەحمودی مەلا عیزەت هەبێت، بۆیە جاروبار زللەکان بەر من دەکەوتن، ئەوەش فشاری زۆری بۆمن هێنابوو چیرۆکم لەم بارەیەوە زۆر لایە لەدڵەوە دەمەویست لەو هەموو فشارو سەرئێشەیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت دووربکەومەوە، هەربۆیە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕامو ئەوکاتانەش لەناو هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی جاروبار لەگەڵ (د.بەرهەم ساڵح) کە تازە گەڕابۆوە کوردستان لەسەر کۆی ئەو پرسانە گفتوگۆمان دەکرد، کاتێکیش راسپێردرا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠١ بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی حکومەت، داوای لێکردم لەگەڵی بچمە ناو کاروباری میرییەوە،

ئـەو دەستپێشـخەرییەم بـە هەنـد وەرگـرتو حەزیشـمدەکرد تـا بـۆم دەلـوێ ماوەیـەک لـە ڕۆژنامـە دووربکەومـەوەو لـە شـوێنێکی تـری ئـارامو دوور لــەو بەریەککەوتنــە زۆرانــە بگیرســێمەوە، لەبەرئـەوەش یەکسـەرو بـێ دوودڵـی ڕازی بـووم، دەبێـت ئـەوەش ڕوونبکەمـەوە، کـە مـن هەرگیـز خوازیـاری کاروبـاری میـریو پلـەو پۆسـتی نـاو حکومـەت نەبـووم، بـەڵام هـەم سەرئێشـییەکانی نـاو کوردسـتانی نـوێو هەمیـش متمانـە زۆرەکـەی د. بەرهـەم هانیـدام زۆر لـەو پرۆسـەیە سـڵ نەکەمـەوە، بەتایبەتیش دۆخـی ڕاگەیاندنی یەکێتـی ئەوکاتـە، قۆناغێکـی ڕاگـوزەرو سـەیر بـوو، کاک مەحمـود هــەر سەرنووســەر بــوو، عــادل مــوراد بەهەمــوو تێبینییەکانــەوە لــەوێ مابــۆوەو دەســەڵاتی زۆری هەبــوو، مــام جەلالیــش ئــازاد جوندیانــی وەک نوێنــەری خــۆی ناردبــووە کوردســتانی نــوێ و پێمـان دەوت مەندوبـی سـامی، ئـەوەش ئیشـەکانی منـی ئاڵـۆز دەکـردو ناچـاری بەریەککەوتنـی زیاتـری دەکـردم، چونکـە ئـەو دۆخــە نوێیــە نــەک هــەر ڕۆڵــی مــن، بەڵکــو دەســەڵاتیان بــۆ مەحمــودی مــەلا عیزەتیــش نەهێشــتبۆوە. هەرچەنــدە ئــەو بــە ئەزموونـی خـۆی پێیوابـوو، کـە ئـەوەی ڕودەدات کاتییـە، بـەڵام بــە ئەزموونــی مــن دەمزانــی ئــەو هەویــرە ئــاو زۆر دەکێشــێو پێناچێـت ئەوەنـدە ئاسـان ئـەو دەورانـە تـەواو بێـت.

ئـەو ڕۆژگارەی کوردسـتانی نـوێ بۆیـە زۆر ناخـۆشو ناجـۆر بـوو، چونکـە نەریتێکـی کـۆن دووبـارە بوژایـەوە، ئەویـش دوبـارە بەخشـینەوەی دەسـەڵات بـوو بەسـەرکردایەتییەک، کاتـی خـۆی لـە هەولێـر بـە بڕیـاری مـام جـەلال ئـەوە هەڵوەشـابۆوەو ئاسـایی

بـوو کـە کادرێکـی پێشـکەوتوو بگاتـە ئـەو پلـە حزبـیو پیشـەییە، بـەڵام بەگەڕانـەوەی ئـازاد جوندیانـی ئـەو هاوکێشـەیە گۆڕانـی بەسـەردا هـات، ئێمـە زوو زوو بـە خۆشـییەوە دەمانـووت مەندوبـی سـامی گەڕاوەتـەوە بـۆ ئـەوەی دەسـەڵات لـە ئێمـە بسـەنێتەوەو کاک ئازادیـش قاقـا پێدەکەنـی. هەمـوو ئـەو هۆکارانـە پێکـەوە وایکـرد کـە بیـر لـە داخسـتنی دۆسـیەی کارکردنـم لـە کوردسـتانی نـوێ بکەمـەوە، هـەم لەبەرئـەوەی پاراسـتنی سـەنگ و حورمەتـی پەیوەندییەکانـی خۆشـم لەگـەڵ جەنابـی مـام جـەلال، کـە بـە ئێستاشـەوە بەقـەد چـاوی خـۆم خۆشـم گەرەکـە، کـە ئـەو پەیوەندیانـە تێکنـەدەم. راسـتییەکەش دەرەقەتـی ئـەو بەریەککەوتنـە نەدەهاتـم لەگـەڵ مـام جەلال، ئەوەبـوو خواحافیزیم لـە مامۆسـتا مەحمـودی مـەلا عیـزەت کـردو کوردسـتانی نوێـم جێهێشـتو ئـەو دۆخـەش لـەوێ هێنـدە بـەردەوام نەبـوو، بەڵکـو هـەر زوو کەسـێکی تریـان لەجێگـەم دانـا.

دکتـۆر بەرهـەم تـازە لـە ئەمریـکا هاتبـۆوە، کـە لەلایـەن مامـەوە کاندیدکـرا بـۆ سـەرۆکایەتی حکومـەت، دەیزانـی کـە ئەرکێکی قورسـی لەپێشـەو شکسـتو سـەرکەوتنی پەیوەسـتە بەو تیمـەی کـە کاری لەگـەڵ دەکـەن، ئـەو سـڵەمینەوەی وایکردبـوو، کـە ماوەیەکـی زۆر خەریکـی ئامادەسـازیی بێـت بـۆ دروسـتکردنی ئـەو تیمـە، لەگـەڵ منیشـدا چەندیـن جار ئـەو پرسـەی تاوتوێکردو بـاوەڕی پێهێنـام کـە پێویسـتە سـەنگەری کارکەدنـم بـۆ خزمەتـی یەکێتـیو ڕێبـازی مـام جـەلال بگوازمـەوە بـۆ حکومـەت، مەرجـی مـن ئەوەبـوو، کـە لەکاروبـاری میدیایـی دوور نەکەومـەوە، بـۆ

رێگـری لـەو بیانووەشـم پێشـنیاری ئەوەیکـرد کـە لـە بـواری پەیوەندییـە گشـتییەکان کاربکـەم کـە خـۆی رەهەندێکـی میدیایـی هەیـە، پـلاری ئەوەشـی لێـدام کـە مـن سـەری زمـانو بنـی زمانـم باسـی نەگـۆڕ و خـاوە خـاوی شـێوازی بەرهەمهێنانـی ئاسـیاییە، کەچـی ئامـادەو تاقەتـی ئـەوەم نییـە کاری خۆشـم بگـۆڕم، بۆیـە دواجـار بەقسـەمکردو چـووم.

هەفتەیـەک پێـش ئـەو وادەیـە، لەئوتێـل ئاشـتی سـلێمانی لەگـەڵ کاک بەرهـەم گفتوگۆمـان کـردو دەیهەویسـت پەیوەندییـە گشـتییەکانو راگەیاندنـی حکومـەت لـەلای مـن بێـت، ئەزموونـی پێشـتری حکومـەت وابـوو، ئـەو دوو بەشـە لێـک جودابـوونو هەندێکجـار بەریەککەوتـن لەنێـوان ئیشـەکانیان دروسـت دەبـوو، بـۆ ئـەوەی خەوشـییەکانی پێشـتر بەکۆتـا بێـتو ئـەو دامەزراوەیـە وەک یـەک یەکـەی کارگێـڕی مامەڵـە بـکات، بڕیـاری تێکەڵکردنـی ئـەو دوو بەشـە درا، بەرلـەوەی بچمـە نـاو ووردەکاری زیاتـری کاروبارەکانـی دروسـتکردنی ئـەو کابینەیـە، دوو داوام لـەکاک بەرهـەم کـرد، یەکەمیـان لـەرووی ئاکارییـەوە رەزامەنـدیو پەسـەندنامەی مـام جەلالـم بـۆ وەربگرێـت، تـا هـەم مـام جـەلال بزانێـت لەسـەر خواسـتی تۆیـە دەچمـە حکومـەتو هەمیـش بزانێـت کـە چیتـر لەکوردسـتانی نـوێ نامێنـم، باشـبوو، مـام پەسـەندی کـرد، دووەم داخوازیـش ئەوەبـوو، کـە دەرفەتێکـم بداتـێ رەشـنووسو پـرۆژەی ئـەو بەشـە نوێیـە بنووسـمو هەمـوو کـونو کەلەبەرەکانـی بەتـەواوی پـڕ بکەمـەوە.

ئەوکاتـە، چونکـە پەرلەمـان کارانەکرابـۆوە، دەبوایـە

حکومـەت بەرنامـە و هەیکەلـەی کاری کابینـە بینوسێ و کاک د. بەرهـەم بـە بەنـدەی سپارد، بەرنامـەی حکومەتـم بە راوێـژ لەگەڵ کاک بەرهــەم نووســی. ئەوکاتــە مــام جــەلال ســەرۆکی هەرێــم بـوو، بۆمـان نـارد، بیرمـە مـام هەمـوو بەرنامەکـەی وەک خـۆی پەسـەندکرد، تاکـە شـتێک کـە دەسـتکارییەکی ئاسـایی کردبـوو، زیادکردنــی وشــەی (پێشــکەوتووخواز) بــوو بــۆ (کوردایەتــی)، بیرمـە مـام جـەلال وتـی رۆڵـە لـە کوردسـتانی نـوێ پێـم نەگوتـی ئێمـە کوردایەتـی پێشـکەوتنخوازین. بەهەرحـاڵ بەرنامەکـە، بـە ئایەتێکـی قورئـان دەسـتی پێکردبـوو (وقـل اعملـوا وسـیری اللـه عملکـم)، شـتێکی تازەبـوو، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، حکومەتـی سۆشـیال دیموکراتبـوو، بـە ئایەتـی قورئـان دەسـت پێبـکات، مەبەسـتمان بـوو بـەو ئاراسـتەیە کار بکەیـن کـە بڵێیـن چــەپ و سۆشــیال دیموکــرات دژی ئایــن نییــە، هەســتم کــرد پرۆگرامەکــە باشــە، چونکــە هــەم مــام جــەلال بەدڵــی بــوو و خوێندبوویـەوە، هەمیـش د. بەرهــەم زۆر لێـی رازی بـوو، ئیتـر وایلێهـات هـەر بۆنەیـەک هەبوایـە مـن بـە نووسـینەوەیەوە خەریـک بـووم، خـۆم ناونـا (میـرزا)و هـەر نامەیـەک بـۆ هـەر کەسـایەتیەک بـە نـاوی کاک بەرهەمـەوە دەنوسـرا مـن دەمنوسـی، وتـار هەبوایە بــە عەرەبــی و کــوردی مــن دەمنووســی، بــەس بــە ئینگلیــزی کاک بەرهــەم خـۆی دەینوسـی، بەڕاسـتیش تائێسـتا ئـەو کەمـو کوڕییــەم هــەر مــاوەو دەرەقەتــی ئــەو زمانــە هــەر نەهاتــم. بەهەرحــاڵ بەرنامــەی بەشــی پەیوەنــدی گشــتیمان دانــا، کــە چـۆن کارەکان بکەیـن. یەکێـک لـەو شـتانەی بیرمـە جارێکیـان

دکتـۆر بەرهـەم وتـی «ئـەرێ فـڵان شـتمان چیلێکـرد؟»، وتـم وامـان کـردو ئاوهامـان لێکـرد، وتـی «ئـەی کاردانـەوەو فیدباکـی چـۆن بـوو؟». بـۆ یەکەمجـار بـوو ئـەو جیاوازییـە ببینـم لـە بەینـی پەیوەنـدی گشـتی و راگەیاندنـدا، راگەیاندنـی تەقلیدیمـان هـەر ئەوەیـە پەیـام بـۆ خەڵـک دەنێرێـن و ئەنجـامو فیدبـاک وەرناگریتـەوە، بـەڵام پەیوەنـدی گشـتی دەبێـت فیدباکیـش وەربگریتـەوە، لـە بیرمـە هەندێـک کار دەهاتـە پێشـەوەو دەمـووت کاک بەرهـەم وەڵاهـی هەتـا ئێسـتا ئـەو کارانـە لـە پەیوەنـدی گشـتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نەبـووە، ئەگـەر بڵێیـت لەسـەر ئـەو مێـزە رەقـس بکـە، مەجبـورم بیکـەم، چونکـە ئـەم ئۆفیسـە دەڵێیـن شـتێکی تازەیـە، بـۆ یەکـەم جـارە ئەمـە دەکەین لەوانەیـە سەماشـی تێدابێـت.

پـێ بـە پێـی کارەکانـی حکومەت کارەکانی ئێمـەش فراوانتر دەبـوو، جـاری پێـش هەمـوو شـتێک ئـەو راگەیاندنـەی سـەر بەحکومـەت بـوون هەموویانـم یەکخسـت و وێنەگـرو هەواڵسـازو تیمێکـم دروسـت کـرد تەنهـا خـۆم نەبـوو هـەواڵ بنوسـم و وێنـە بگـرم، تیمێکـی چەنـد کەسـی بـوو دوای ئـەوە سـایتێکمان دروسـتکرد بەنـاوی (کوردسـتان مۆنیتـەر) ئەوکاتـەی مـن باسـی دەکـەم، تـازە بـە تـازە دروسـتکردنی ماڵپـەڕ داهاتبـوو، ئێمـە ماڵپەڕێکـی باشـمان بـۆ حکومەتـی هەرێـم دروسـتکرد، بەنـاوی حکومەتـەوە نەبـوو، خزمەتگوزارییەکـی کۆمەڵایەتـیو راگەیانـدن بـوو. ئـەو زمانانـەی بـەکار دەهـات عەرەبـیو کـوردیو ئینگلیـزی بـوو، کـە دەمانەویسـت وێـڕای چالاکییەکانـی میریـی و حکومـەت

چالاکی رۆشنبیریی‌و فەرهەنگی‌و کەلتوورییش بڵاو بکەینەوە.

دیوێکی تری چالاکییەکانی ئەو ماوە، دروستکردنی بڵاوکراوەی مانگانەی بانکی زانیاریی بوو، ئەو بانکە لەبنەڕەتەوە بۆ ئەوەبوو، زانیاریی هەمە لایەنەی رۆژانە دەربارەی رووداوەکان، بۆنەکان، لە چوارچێوەی گۆڤارێکی وەرزیدا بدەینە وەزیرەکان‌و بەرچاو ڕوونیان هەبێت دەرهەق بەو شتانەی روودەدەن، ئەوەش پێشتر مام جەلال پەیڕەویدەکرد لەگەڵ تیم‌و ستافەکەی خۆی‌و هاوڕێکانی، بەتایبەت ئەوکاتەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو گۆڤارەکە ناوی برید المعلومات بوو. لە بیرمان نەچێت ئەوکاتە سەرەتای پەیدابوونی ئینتەرنێت بوو کە لەهەموو دامەزراوەیەکدا نەبوو.

بەڕاستی خەیاڵی ئێمە ئەوکاتە زۆر گەورە بوو، حەزمان دەکرد جوگرافیای کارکردن‌و هەڵسوڕانمان گەورەتر بکەین، ئەو خەونانەش لەپێناو ئەوە بوو کە هەرچی زیاترە خزمەتی حکومەت‌و حوکمڕانی پێ بکەین، لەوکاتەدا لەرێگەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چاپخانەیەک بە وەزارەتی کشتوکاڵ بەخشرابوو، ئێمە ئەو چاپخانەیەمان وەرگرتەوەو دەمانەویست کتێبی پێ چاپ بکەین‌و بیکەینە بنەمای دامەزراوەیەکی روناکبیریی‌و خزمەتی ئەو بوارەی پێ بکەین، پێشنیاری ئەوەشم بۆ کاک بەرهەم کرد، کە کێم پێ باشە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە، دواجاریش ناومانا چاپخانەی (رێنوێن)، هەم ڕەهەندە کشتوکاڵیەکەی مایەوە، کە رێنوێنی کشتوکاڵیی یەکێکە لە وەزیفەکانی و

هەمیش ڕەهەندێکی کەلتووریو فەرهەنگی هەیە. یەکێک لە بەخششە هەرە باشەکانی ئەو چاپخانەیەش، چاپکردنی کتێبەکەی مامۆستا (کەمال مەزهەر) بوو لەسەر کەرکوک. ئەو کتێبە بە ئێستاشەوە پێموایە یەکێک لە باشترینو نایابترین ئەو کتێبە مێژووییانەیە کە لەسەر کوردو کەرکوک نووسراوە، یادی بەخێر دە هەزار دانەمان لەسەر خواستو داوای مام جەلال چاپکرد. کتێبی دووەمیش فەرهەنگێکی گەورەی کیمیا بوو، ڕێکەوت وابوو خاوەنەکەی ئەویش هەر ناوی کەمال بوو، فەرهەنگەکە هی مامۆستا (کەمال غەریب) بوو و ناومان لێنا (کەمالنامە).

# کاری میرزایی من و سندوقی کۆمەکی میدیا

هــەر ئــەو مــاوەی کاری میرزاییــم، هەندێــک بیرۆکــە جوانەکانــی د.بەرهەممــان خســتە واری جێبەجێکردنــەوە، یەکێکــی ئەوانــە دامەزراندنــی خانــەی وەرگێــڕان بــوو، پێشــنیاریکرد خــۆم بیبــەم بەڕێــوە، بــەڵام راســتییەکەی نەمەویســت ئــەوە بکــەم، بەڵکــو بــە راوێــژ خســتمانە ســەر وەزارەتــی رۆشــنبیری، هــەر ئــەو وەختــەش بیرۆکــەی ســندوقی پشــتیوانی لــە میدیــای ئــازاد هــەر ئــەو رێو رێکارانــەی بــڕیو هەموانیــش لێــی ســوودمەند بــوون. ئەســڵی بیرۆکەکــە پەیوەســت بــوو بــەدوو ڕەهەنــدەوە: یەکەمیــان دیــدگای حکومــەت بــۆ کۆمەڵگــی میدیــاو دووەمیــش کۆتایــی بێهێنانــی ئەزموونــی بەرۆژانەبوونــی رۆژنامــەی (هەرێمــی کوردســتان) بــوو، کــە ئەوکاتــە لەلایــەن حکومەتــەوە دەردەچــوو، ســتافی ئــەو رۆژنامەیــە خەڵکانــی بەتوانــاو بــە ئەزمــوون بــوون، (ســەردار عەبدوڵــڵا) سەرنووســەر بــوو، (هەڤــاڵ ئەبوبەکــرو مــەم بورهــان قانیــع)و زۆر قەڵەمــی تــر لــەو ماوەیــەدا لــەو رۆژنامەیــەدا کاریــان دەکــرد، کاتێــک لــە وەزارەتــی رۆشــنبیرییەوە بڕیــاردرا هەرێمــی کوردســتان بکرێتــە رۆژانــە، تۆزێــک گرفــت پەیدابــوو، خــودی دکتــۆر بەرهەمیــش خۆشــی لــەو بڕیــارە نەدەهــات، چونکــە

هـەم توانـای مرۆیـیو دارایـی زۆری گـەرەک بـوو، هەمیـش بەجۆرێـک لەجـۆرەکان وەک رکابـەر دروسـتکردن بـۆ کوردسـتانی نـوێ لـە ناوچـەی سـەوز لەقەڵـەم دەدرا، رەنگـە ئەوەشـیان خسـتبایە پـاڵ سـەرۆکی حکومـەتو بـەوە تۆمەتباریـان کردبـا کـە دەیەوێـت ئەلتەرناتیـڤ بـۆ ڕاگەیاندنـی یەکێتـی و کوردسـتانی نـوێ بدۆزێتـەوە، بەتایبەتیـش کـە لەکابینەکانـی پێشـتر نیەتـی لـەو جـۆرە نەبـووە. هـەر ئەوکاتـەش کـە سـەرۆکی حکومـەت لەگـەڵ سـتافەکەیدا کۆبـۆوە، بڕیـاری داخسـتنی دراو میزانیـەی ئـەو رۆژنامەیـەش نەگەڕێنرایـەوە بـۆ خەزینـەی گشـتی حکومـەت، بەڵکـو بڕیـاردرا لەرێگـەی دروسـتکردنی بۆردێکـی کۆمەکـی میدیاییـەوە، بەبـێ هیـچ ئامانجێکـی سیاسـی هـاوکاریو کۆمەکـی ئـەو دامـەزراوەو بڵاوکـراوەو گۆڤارانـە بـکات کـە تـا ئـەو کاتـە دەردەچـوون. ئـەوە هەنگاوێکـی تـازە بـوو کـە دواتـر بیرۆکـەی بـۆردی میدیـای ئەهلـی لـێ دروسـتبوو، ئـەودەم (فەتـاح زاخۆیـی) وەزیـری رۆشـنبیری سـەرۆکی بۆردەکـە بـوو، چەنـد کەسـێکی تریـش تێیـدا ئەنـدام بـوون کـە بەنـدەش یەکێـک بوو لەو کەسـانە. بـۆ مێـژووش هەندێـک رۆژنامـە وەریاندەگـرتو هەندێکیـش رەتیـان دەکـردەوە، بیرمـە رۆژنامـەی (جەمـاوەر) کـە بـە کۆمەکـی پارتـی بـۆ رکابـەری هاوڵاتـی دروسـتکرابوو، پارەکـەی وەردەگـرت، بـەڵام ئەوانـی تـر ئەوەیـان رەتکـردەوە.

کارێکـی تـری ئـەو قۆناغـە بریتـی بـوو لـە ئامادەکردنـی سـاڵنامەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، ئـەو سـاڵنامەیە کاروچالاکییەکانـی حکومەتـی لەمـاوەی یـەک سـاڵدا تێـدا

تۆماردەکرا، ساڵی یەکەم، ساڵنامەی یەکەممان دەرکردو ساڵ بە ساڵیش بیرۆکەکەمان فراوانتر دەبوو، نیەتی ئێمە ئەوەبوو، کە هاوچەشنی وەقائیع و ساڵنامەی عوسمانییەکان بەشێکی گرنگی مێژووی حوکمڕانی و مێژووی نەتەوەکەمانی تێدا بنووسینەوە. چەند مانگێک پێشتر تەکبیرمان دەکردو لیژنەی خەڵکی پسپۆڕو نوێنەرایەتی وەزارەتەکانمان کۆدەکردەوەو لەسەر پنت بە پنتی ئەو پرۆژەو ساڵنامەیە دەوەستاین، هەروەها هەموو ئەو بڕیارانەی (مام جەلال) سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناوچەی ئیدارەی سلێمانی کە هێزی یاساییان هەبوو وەک یاسا لە کتێبێکدا کۆدەکرانەوەو تەنانەت چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان تۆماردەکرد.

ئەو بەشەی ئێمە هەر لەو ماوەیەدا لەزۆر بوارو سێکتەری دیکەش چالاکو جوڵاوبووین، لەوانە ئەو کۆنفرانسو دانیشتنانەی بۆ نەهێشتنی رۆتین دەکرا لە دامو دەزگاکانی حکومەت، ئێمە وەک پەیوەندییە گشتییەکان بەشێک بووین لەو کارەو ئەوەندەی بۆمان کراو لوا ئیشی جدیمان لەسەر ئەو کەیسانە دەکرد. ئەوەندەی من لەوێ بووم، راوێژکاربووم، یاریدەدەر بووم، رۆژنامەنووس بووم، هەمەکارە و بکوژ و ببڕ بووم. جا جاروبار دکتۆر بەرهەم دەیوت «ئەوانەی وەک تۆن لە ئەمەریکا پێی دەڵێن سکرتێری رۆژنامەوانی یان نووسەری وتارەکانی سەرۆک»، بەڵام من لەگەڵ ئەو نازناوانەدا کۆک نەبووم، پێموابوو ناوی میرزا پڕ بە پێستیەتی، هەم ناوێکی کوردەوارییەو هەمیش (وەفایی) شاعیر کاتی خۆی میرزای

(شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) بووەو باش کاتبی رەسائیلەکانی بووە، منیش پێم خۆشە میرزا بم، بەڕاستیش تا ئەو دواییانەش کاک بەرهەم پێش ئەوەی رێگاکەمان لێک دابڕێ هەر بەمیرزا بانگی دەکردم.

یەکێکی تر لەو شتانەی لە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم دروستمان کرد، کۆکردنەوەی دەستەبژێرێکی رۆشنبیرو ئەکادیمی بوو، لەوانە (شێرزاد شێخانیو هەڵکەوت عەبدوڵڵا)، سەرەڕای چەندین توانای باش کە هەم عەرەب یا کوردی پارچەکانی تری کوردستان بوون. کە ئەوانە هاوکارو پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکردو کاریگەری باشیشیان لەسەر کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان هەبوو.

بەشی پەیوەندییەکان وەک دامەزراوەی خەیاڵدانە یەکێتی بوو بۆ حوکمڕانی کوردی بەشەکانی تیابوو لە باکوور، باشوور، رۆژهەڵات و هەروەها عەرەبی عیراقیشی تیابوو.

# پرۆسەی ئازادی عێراق و ئەزموونێك
# لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی بیانی

سـەرەتاکانی پرۆسـەی ئـازادی عێـراق لـە سـاڵی (٢٠٠٣) و بـەر لـە چەنـد مانگێکیـش لـەو روداوە گەورەیـە، شـەپۆلێکی گـەورەی رۆژنامەنووسـان روویـان لـە کوردسـتان کردبـوو، ئـەو هاتنـە بەلێشـاوە بـۆ روماڵـی دوو پرسـی گرنـگ بـوو، کـە هەردوکیـان دەچوونـە چوارچێـوەی روبەڕوبوونـەوەی تیرۆریزمـی نێودەوڵەتییـەوە، یەکەمیـان گواسـتنەوەی هەواڵەکانـی لێـدانو لەناوبردنـی رێکخـراوی تیرۆرسـتی ئەنسـار ئیسـلامو دوای ئەویـش هەنگاوەکانی دەسـتپێکردنی شـەڕی دژ بە رژێمی عیراق و پرۆسـەی ئازادکردنـی عێـراق، ئەگـەر دیوێکـی ئـەو روماڵانـە پەیوەسـت بووبێـت بـە دیـوە ناشـرینەکانی ئـەو رێکخـراوە تیرۆرسـتەو پاشـانیش رژێمـی بەعـس، کـە ئـەوە گرنـگ بـوو، دیوێکـی تـری وابـوو ئێمـە هەموومـان پێکـەوە، کار لەسـەر دروسـتکردنی وێنایەکـی پەسـەندو جـوان بکەیـن لـە نێـو رای گشـتی جیهانیـدا دەرهـەق بـە هەرێمـی کوردسـتان، لـەو پێناوەشـدا گرنـگ بـوو حکومـەتو تەنانـەت یەکێتـیو پارتیـش وەک دوو هێـزی حوکمـڕان، کار لەسـەر ئـەو ڕەهەنـدە گرنگـەی میدیـای جیهانیـی بکـەن کـە بـەو هۆیـەوە هاتبوونـە کوردسـتان، ئاخـر خـۆ روداوێکـی کـەم

نەبوو، پێشتر مەگەر بە دەگمەن لەگەشتێکی ئەوروپاو خۆرئاوای مام جەلال جاروبار هەواڵی کوردستان لە میدیا جیهانییەکان بڵاوکرابایەوە، بەڵام ئەوە بووە دەرفەتێکی باش، ئەوکاتەی میدیای جیهانیی هاتنە باخچەکەی خۆمان، یان حەوشەو بەرهەیوانی نیشتمانی ئێمە، بتوانین وەبەرهێنانێکی گرنگی تێدا بکەین. ئەوە وایکردبوو ئەمریکییەکان لە وتارەکانیاندا دەیانووت (کوردەکانی باکوری عێراق بە پارەیەکی کەمەوە خۆیان دەبەن بەڕێوە، ئەوەشیان بە بەڵگە دەهێنایەوە، کە سەدام حسێن خۆی پیاوێکی خراپ و دزو جەردەیە، پارەیەکی زۆری لەبەر دەستایە، بەڵام لەشەڕانگێزیو پشتیوانی تیرۆر بەکاریدێنیو نایداتە خەڵکەکەی، بە پێچەوانەشەوە گەمارۆی لەسەر کوردەکانیش داناوە، هەروەها ئاماژەیان بەوەشدەکرد کە خۆبەڕێوەبەری کوردەکان بە بڕیاری (٩٨٦) ئیدارەیەکی باش ئەدەن، لەمەدا حکومەتەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح لە کابینەی سێ زۆر هەنگاوی بڕیو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چونکە هەم خۆی کەسێکی ناسراو و بەتوانا بوو، ئەوە رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە دروستکردنی وێنەکەو گەیشتنی بەمیدیاو ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا، راستییەکەشی ئەگەرچی ئەوکات دوو ئیدارەیی بوو، بەڵام هەرگیز بەرهەم ساڵح لەو زەمەنەدا لەو چوارچێوە بچوکەدا بیری نەدەکردەوە کە ئەوە بەتەنها بۆ سلێمانی بکات، هەمیشە بۆ هاوسەنگی راگرتن ئەو وێنە جوانەی لە هەولێرو سلێمانی پێکەوە ئاوێتە دەکرد.

گرنگ بوو لەو قۆناغەدا ئامادەگی کوردی لەهەموو

شـوێنێکو لەنـاو هـەر مۆدێـلو فۆڕمێکـی میدیایـی هەبێـت، مـن وەک میـرزای سـەرۆکی حکومـەتو وەک رۆژنامەنووسـێکی دەربەسـتی کـورد، پێموابـوو کـە پێویسـتە لەنـاو میدیـای عەرەبیش کاربکەیـن، بەتایبـەت کـە گرنگـە ئـەو دابـڕانو قەتیعەیـە لەنـاو نەتـەوەی کـوردو عـەرەب نەهێڵێـنو شـوێن بەهاکانـی مـام جـەلال بکەویـن لـە دروسـتکردنی پەیوەندییەکـی توندوتـۆڵ لەگـەڵ عەرەبی دەرەوەی عێراقیـش، بێگومـان قۆناغـی یەکـەم بـەوە دەهاتـەدی، کـە درۆنگـیو دڵڕەقـی لەبەرامبـەر لەیەکتـر لەئـارادا نەمێنـێ، جـا لەبەرئـەوەی هـەم زمانـی عەرەبیـم بـە باشـی دەزانـیو هەمیـش لەزمـانو تەکنیکـی میدیـای عەرەبـی تێدەگەیشـتم، وتارەکانـی د.بەرهەممـان دەنووسـی و پێیـدا دەچووینـەوە و لـە رۆژنامەکانـی (شـەرق ئەلئەوسـەت) یـا (ئەلحەیـات) بڵاوماندەکـردەوەو دەنگدانـەوەی باشیشـی هەبـوو، هەروەهـا کاک (شـێرزاد شـێخانی) هـەواڵ و چالاکییەکانـی بـە عەرەبـی بـۆ میدیـا جیاجیاکانـی عێـراق و نیشـتمانی عەرەبـی دەنـارد، لـە رۆژەکانـی جەنگـی رزگاری عیـراق و لـە پەیوەندییەکانـی حکومەتـدا هەواڵنامـەی رۆژانەمـان بـۆ هـەواڵ و رێنماییەکانـی کاتـی جەنـگ دەردەکـرد.

لەراستیشـدا ئـەودەم بـۆ شـەقامی عەرەبیـش ئـەو هەواڵانـە گرنـگ بـوون، چونکـە فۆکەسـی رای گشـتی عـەرەب وەرگۆڕابـوو بـۆ عێـراق و هەمیـش کـورد دەیهەویسـت لەپەنـای رومالّکردنـی ئـەو پرسـانەوە وێنەیەکـی جیاوازتـر لـەوەی پێشـوو نیشـانی ئـەوان بـدات، بـۆ نموونـە هەواڵـی ئـەوەی فڕۆکەکانـی ئەمریـکا لـە سـەدام حسـێن دەدەن بـۆ ئـەوان بـە بایـەخ بـوو، چونکـە زانیـاری تێدابـوو،

یان هەواڵی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی نموونە موچەی فلاّن کەرتی تەندروستی زیاد کرد. لەو بوارەدا کارمان زۆر کرد، خەڵکمان هەبوو لە دەرەوەی وڵات لەوانە کاک (عەتا موفتی) لە رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) یەکێک بوو لەو کەسانەی وەکو هاوکاری کوردانە شتی بۆ بلاّودەکردینەوە، بەهۆی پەیوەندی کاک بەرهەم و من و شێرزاد شێخانی لەگەڵ کاک عەتا هەتا زۆر هەواڵ هەبوو رەهەندی سیاسیشی نەبوو، بەلاّم بلاّودەکرایەوەو ئەوەش نیشانیدەدا کە هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی لەژێر چەند گەمارۆیەکدایە، سەرباری ئەوەی لە ناوچەی شەڕی عیراق ـ ئەمەریکایە، کەچی لە رێگەی ئەزمونێکی رەشیدەوە ئیدارەی هاوولاّتییەکانی خۆی بە باشترین شێوە دەکات.

کارەکان لە پەیوەندییە گشتییەکان بەجۆرێک رێکخرابوون، کە دۆسیە بە دۆسیە لێک جیاکرابوونەوەو دەمانزانی کام کارە بۆ منە و کامەش بۆ هەڤالاّنی دیکە، ئەو میدیاکارانەی عەرەب بوون، بەزۆری من مامەڵەم لەگەڵ دەکردن‌و لەرێگەی پەیوەندی‌و لینکی خۆمانەوە کارئاسانیمان بۆ دەکردن و زەمینەی کارکردنمان بۆ دەڕەخساندن، ئەوانەشی بیانی بوایەن کاک بەرهەم خۆی تیمێکی هەبوو، لەوانە کاک (نزار غەفور ئاغا و دڵدار کەتانی) و کۆمەڵێک هەڤاڵی تر، هەروەها وەزارەتی کاروباری پەیوەندیمان هەبوو کاک (عەبدولڕەزاق فەیلی) وەزیری بوو، لە رێگەی ئەوانەوە ئەو تیمانەمان رێک دەخست. راستە ئینگلیزیم نەدەزانی، بەلاّم دەمزانی ئەو کارانە چۆن

دەکەمو یارمەتیم ئەدان لەو رووەوە، ئێستەش لە بیرمە کاتی شەڕی عێراق ناوەندی خزمەتگوزاری میدیاییمان دروستکرد بۆ رۆژنامەنوسەکانو شوێنەکەشمان بردە سلێمانی پالاس، راستە ئێستا مۆدێلەکان زۆر پێشکەوتوون، بەلام بۆ ئەوکاتە خراپ نەبوون، کارێکی ناوازە بوو بتوانی جێگەیەک دروست بکەیت بۆ ئەو کەناڵ و رۆژنامەنوسانەو بتوانن هەواڵەکانی خۆیان بنێرن، بەلام بێگومان ئەوان ئەو هەموو خزمەتەیان دەبینی بە کارێکی باشیان دەزانی.

راستییەکەی پێمخۆشە گەرێکی تریش بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی پەیوەندییە گشتییەکان، بۆ ئەوەی ئەو راستییە بەیان بکەم کە دامەزراندنی دامەزراوەی پەیوەندییەکان خودی بیرۆکەکە دەستپێشخەری د. بەرهەم بوو، بەلام ئێمە هیمەتێکی زۆرمان کرد، ئەمە بۆ پیاهەڵدان نییە، بەڵکو داننانە بە ڕاستییەک کە کاک بەرهەم لەو قۆناغەدا بیرۆکەی جوانی نەک هەر بۆ حوکمڕانی هەبوو، بەڵکو بۆ بواری تریش وەکو میدیا و پەیوەندییەکان باش بیری دەکردەوە، ئیدی ئێمە لەو شوێنەی کارمان تێداکرد، پەرەمان پێدا، هەر ئەو ماوەیە هەوڵماندا هاوکاری وەزارەتەکان بکەین، ئەوەش بە تەنها هەواڵی تەشریفاتی وەزیرەکان نا، بەڵکو کاری خزمەتگوزاریی وەزارەتەکانیش بایەخی زۆری پێبدرێت، لەو پێناوەشدا هاوکاری زۆری بەشی راگەیاندنی وەزارەتەکانمان کرد، بەلام بەداخەوە جاروبار توشی بەریەککەوتن دەبووین لەگەڵ بەشی راگەیاندنەکان تا ئەوەی لەگەڵ وەزیرەکان، چونکە وەزیرەکان

دەیانزانـی ئـەو کارەی دەیکەین لەسـەر ویسـتو خواسـتی سـەرۆکی حکومەتــە، بــەڵام بەشــی ڕاگەیاندنــی وەزارەتــەکان خۆشــیان پێویسـتیان بـە پەرەپێـدان و بەخۆداچونـەوە هەبـوو، چونکـە زۆر جـار دەهاتـن کێشـەکانی خۆیانیـان بـۆ ئێمـە بـاس دەکـرد، کـە ئــەوە کاری ئێمــە نەبــوو و دەبێــت لــە چوارچێــوەی وەزارەتــی خۆیانــدا چارەســەری بکــەن، هەندێکیشــیان داواکارییــان هەبــوو، ئــەوەش ئیشــی ئێمــە نەبـوو، هەندێکیشــان دەیــان ویســت ئێمــە سەرپەرشـتیان بکەیـن دیسـان کـە ئـەوەش ئیشـی ئێمـە نەبـوو، بەوحاڵەشـەوە لەکاتـی سـاڵنامە نوسـینەکاندا تەنسـیقی باشـمان هەبـوو، بەشـێکی زۆریانـم دەناسـی کـە پێشـتر کارمـان لـە گەڵـدا کردبـوون، لێـرەدا دەمـەوێ لـە ئەزموونـی ڕاگەیاندنـی حکومەتـەوە شـتێک بڵێـم. زۆرجـار باسـی ئـەوە دەکرێـت حکومـەت حـەز نـاکات زانیـاری بداتـە ڕاگەیاندنـەکان وەک ئاماژەیەکـی میدیـاکان بـەوەی حکومــەت زانیــاری دەشــارێتەوە. بەتایبەتــی ئــەم باسوخواســە لەکاتـی دەرچوونـی (یاسـای پێدانـی زانیارییـەکان) بـرەوی هەبـوو، پێموایـە بـە شـێوەیەکی گشـتی بەشـی ڕاگەیانـدن و پەیوەندییەکان لـە وەزارەت و دامەزراوەکانـی حکومەتـدا کێشـەیان لـە تەسـویقی زانیارییـەکان و پێدانـی زانیـاری پاشـیش هەبـوو، ئەمـەش گرفـت بـوو، تـا ئێسـتاش بەشـێکە لـە هـەژاری توانـای دامەزراوەکانـی کوردسـتان بـە دامەزراوەکانـی حکومـەت و هـی میدیاکانیشـەوە. پرۆسـەی پێدانـی زانیـاری تەکنیکێکـی بـەرز و ئەزموونداریـە کـە هیـوادارم رۆژێـک هـەردوولا پێـی بگـەن. بۆیـە پێنەدانـی زانیـاری لەبـەر ئـەوە نەبـوو زانیـاری بشـارنەوە، بەڵکـو نەیاندەزانـی چـۆن

و چـی زانیـاری بـدەن؟ حەتمـەن ئـەو کاتـە دەڵێـم، دوای ئـەوە وەزارەتـەکان گەشـەیان کـرد و سـتافی خۆیـان سـایتی خۆیـان هەبـوو ئیتـر نازانـم چـۆن کارەکانیـان دەکـرد، ئـەودەم خەڵـک هەبـوو سـزا ئـەدرا، چونکـە نەیدەزانـی زانیـاری بـدات. ئـەوە ئـەو شـتەیە کـە مـن کـە فێـری بـووم لەکارکـردن لەگـەڵ وەزارەتـەکان، یـا لـە راگەیاندنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان.

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەتایبـەت بەشـەکەی سـلێمانی، ئـەوەی مـن کارم تێـدا دەکـرد و ئاشـنایی زیاتـرم هەبـوو، تاقـەت و توانایەکـی زۆری مرۆیـی تێدابـوو، کەسـانی خوێنـدەوارو لێهاتـوو، لێوەشـاوەی زۆر هەبـوون، لەهەمانکاتـدا خەڵکـی مەسـلەکی بـێ کەڵکیـش هەبـوون، بەداخـەوە ئـەم بیرۆکـرات و مەسـەلەکیانە لەلایـەن بەشـێک لـە میدیـای ئەهلییـەوە دەکرانـە پاڵـەوان و هەمیشـە شـانامەیان بەسـەردا دەگوتـرا، کەچـی راسـتییەکەی زۆر کـەس لەوانـە تەمـەڵ و تـەوەزەل و خـۆرە بـوون لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا، بـەڵام قسـە زل و قسـەزانن و لـە شـوێنان زۆر بـە خۆیانـدا هـەڵ ئـەدەن، ئـەوەی دەرفەتـی دەرکەوتـنو ناسـراوی بـۆ ئەوانـەش هاتـە پێشـەوە ئـەو کێشـانە بـوو کـە لەنـاو حکومەتـدا دروسـت دەبـوو.

# دامەزراندنی خەندان و ئاسۆ

تــا کەوتنــی ڕژێــم و ڕوخانــی ســەدام چالاکییەکانمــان لــە دامــەزراوەی ڕاگەیاندنــی میــری و منیــش وەک میــرزای حکومــەت بــەردەوام بــووم، دوای کەوتنــی ڕژێــم ئیــدی لەوێــوە ووردە ووردە میزانییــە بــۆ هەرێــم دەهــاتو گەمــارۆ زۆر و زەوەندەکانــی ســەر هەرێم شـکان، ئـەو قۆناغـە نوێیـە زۆر شـتی بـەدوای خۆیـدا هێنـا. بەتایبـەت ئـەوەی پەیوەسـت بـوو بـە ئاشـتبوونەوەی نیشـتمانی و گەڕانـەوەی راسـتەقینە بـۆ سـەر مێـزی دانوسـتان، لـەو ماوەیەشـدا ئاشـتبوونەوەی گشـتی لەنێـوان پارتــیو یەکێتــی لەسەردەسـتی مام جەلال و کاک مەسـعود گەیشـتە قۆناغێکی نوێ وەک ئامادەسـازیی کـورد بـۆ دووبـارە بنیادنانـەوەی عێـراق و چەسـپاندنی مافەکانـی کـورد لـە دەسـتوور و پرۆسـەی سیاسـی عێـراق، بەدڵنیاییـەوە بـۆ ئـەو دەورانـە نوێیـە، هـاوکاری مەکتەبـی راگەیاندنـی یەکێتیمـان کـردو ئەوانیـش بـە دڵنیاییـەوە هاوکارمـان بـوون، گفتوگۆکانـی بەغدادیـش بـۆ پێکهێنانـی کابینـەی نوێـی حکومـەت ووردە وردە زیاتـر دەچـووە پێشـەوە، لەنـاو ئـەو دەسـتەبژێرە کـوردەش کـە بـۆ وەرگرتنـی بەرپرسـیاریەتی لـە بەغـداد کاندیـد بـوون، یەکێکیـان د. بەرهــەم ئەحمــەد ســاڵح بــوو، ئــەوە بــۆ مــن دەرفەتێکــی

باش بوو کە پاش زیاتر لە سێ ساڵ لەکاروباری میرزایی جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ ئەوینە قەدیمەکەی خۆم، کە میدیا و ڕۆژنامەی کاغەزییە. ڕاستە من بەهیچ جۆرێک لە نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسی دانەبڕابووم، بەڵام نۆستالیژیاو حەنینی کوردستانی نوێ شتێکی تر بوو، ئەو ماوە کە دابڕام سوودی زۆری بۆ من هەبوو، وایکرد بە فۆڕمێکی تر لە میدیاو کاری ڕۆژنامەنووسیی رابمێنم، لەو پێناوەدا لەگەڵ د.بەرهەم قسەمکرد بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ حزبەکەی خۆمو مەوتنی میدیای کاغەزی ئاوەدان بکەمەوە، زۆری پێخۆشبوو، پێشی ڕاگەیاندنم کە بەپێی یاسا مافی خۆمە خانەنشین بم، وابوو ئەوەی سێ ساڵ بەڕێوەبەری پلەی تایبەت بێت، یاساکە بۆ خانەنشینی دەیگرێتەوە، ئیتر پێویستی نەکرد من ساڵانی خزمەتی خۆم بێنم. جا بەرنامەی من وابوو بچمەوە بۆ ڕاگەیاندن و پێشنیارم کرد ببمە یاریدەدەری لێپرسراوی مەکتەب نەک جێگر، بەڵام لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن ئەو دەرگایەی قەپاتکرد و وتی «زۆر کەس هەیە داوای دەکەن»، کە بێهیوابووم بە برادەرێکی کوردستانی نوێم وت «وەک نووسەر دێمەوە بۆ کوردستانی نوێ»، بە سوعبەتەوە «وتی کاکە بە چاپچیش بێیتەوە بۆ کوردستانی نوێ سواری سەرمان دەبیت»، بە کوردییەکەی وتی جارێ مەیەرەوەو منیش تێگەیشتم کە باشتر وایە دوور بم.

ئیتر بیرۆکەی دامەزراوەی خەندان و ڕۆژنامەی ئاسۆ لەوێوە سەری هەڵدا، ڕۆژێک کورد ووتەنی کەوکوژی دانیشتم

بـۆ ئـەوەی بیرۆکـە گەڵاڵـە کراوەکـە بدەمـە کاک بەرهـەم، بـۆم ڕوونکـردەوە کـە تـۆ پێشـتر بیرۆکەیەکـت هەبـووە بـۆ پرۆژەیەکـی ڕاگەیانـدن لـە ئاسـتی هەموو عیراقی دوای سـەدام، هـەر ئەوکاتەش ئەمەریکییـەکان سـەرقاڵی دروسـتکردن و پشـتیوانیکردنی چەنـد میدیایـەک بـوون، ئەوکاتـە بیرۆکـەکان بـە جۆرێـک نـوێ بـوون، کـە تەنانـەت (تـۆڕی میدیـای عێراقی)یـش دروسـتنەببوو، خەیاڵی ئێمە بـۆ ئەوەبـوو پرۆژەیەکـی ڕاگەیاندنـی کوردسـتانیی هەبێـت، داوام لـە کاک بەرهـەم کـرد، کـە مـن دەتوانـم لـە وێنـە کوردسـتانییەکەی پرۆژەیەکـی لـەو چەشـنە لـە ئاسـتی کوردسـتان هـاوکار بـم، ئیـدی بیرۆکـەی خەنـدان لەوێـوە سـەریهەڵداو لەسـەر ئـەو بنچینەیـە دروسـت بـوو، لـە سـەروبەندی ڕۆیشـتنی کاک بەرهـەم بـۆ بەغـدا (٢٠٠٤) دەسـتمان بـە دەزگای خەنـدان کـردو لـەڕۆژی یەکـی نیسـان یەکـەم ژمـارەی ئاسـۆمان دەرکـرد.

ویسـتی کەسـیی شـتێکەو قەدەریـش شـتێکی تـر، مـن ئەگەرچـی لەمناڵدانـی ڕۆژنامـەی حزبییـەوە چـاوم بـە میدیـا تـروکاوە، بـەڵام هەمیشـەش حەزمکـردووە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان ئـەو بیرۆکـەو خەیاڵـە میدیاییانـەی هەمـە لـە شـوێنی دیکـەش بەرجەسـتەیان بکـەم و تاقیـان بکەمـەوە. بـە ئێستاشـەوە میدیـای حزبیـی وەک پێویسـتییەکی گرنگـی سیاسـی دەبینـم و شـانازیش بـەوەوە دەکـەم کـە بەشـێکم لـە جەسـتەی ئـەو میدیایـە، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئـەو چەشـنە لـە ڕۆژنامـە گەشـەکردن تێیـدا خـاوە.

بـەر لـە دامـەزراوەی خەنـدان و ئاسـۆ، پێشـتر لەپێنـاو ئـەو خەیاڵانـەم چەنـدی بـۆم لوابێـت تێکۆشـاوم و هەوڵمـداوە،

یەکەم هەوڵیشم بۆ ساڵی (١٩٩٧) دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێدا گۆڤاری (تایم)مان دامەزراند، هەتا لە بەیاننامەی دامەزراندنیش، کە بەندەو کاک (فەرید ئەسەسەرد) و چەند هەڤاڵێکی تر بووین ئاماژەمان بەوە کردووە، کە تایم گوزارشت لە هێڵێکی نیشتمانپەروەریی و دیموکراسیی دەکات بۆ ئەوەی داکۆکی لە مەسەلە نیشتمانیو دیموکراسییەکان بکات، ئەم پرۆژەیە دەستی پێکرد، بەڵام ئاستەنگی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی گیروگرفتی چاپکردن، هەر چۆنێک بێت هەندێک هەنگاومان نا. پاشان من لە کوردستانی نوێ بوومە سکرتێری نووسین و دەبوو خۆم بۆ کارێک یەکلایی بکەمەوە، ئەوەبوو ماڵئاواییم لە تایم کرد، ئەوەش ئەزموونێکی سەرەتایی بوو بۆ ئەوەی خۆم لە دەرەوەی میدیای حزبی تاقی بکەمەوە.

ڕۆژنامەی ئاسۆ هەنگاوی دووەممە، بەڵام گەورەتر بوو، هەمیشە بۆ من ئەو وێستگەیە لە پشوودانی جەنگاوەرێک دەچێت کە دەیەوێت بە شێوەیەکی کاتی سەنگەرێکی تری بەرپرسیارییەتی تاقیبکاتەوە، ڕاستییەکەشی پرۆژەی خەندان، پرۆژەیەکی هاوبەش بوو لە نێوان دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح و بەندە، کە دیووە سیاسییەکەی و توانا داراییەکانی فەزڵی یەکەم تیایدا بۆ دکتۆر بەرهەم دەگەڕێتەوەو دیووە ڕۆژنامەوانیەکانی بەندەو بەشێک لەو برادەرانەی کە لە پرۆژەکەدا بوون تێیدا بەرپرس بووین، لە پرۆژەی دامەزراندنەکەیدا ئەوکاتە بەندەو (هەڵکەوت عەبدوڵلا و توانا ئەحمەد) و تا

ڕادەیەکیش (شێرزاد شێخانی) لە دەستەی دامەزرێنەربوون، بەڵام دواتر کەمێکمان ماینەوەو هەندێک برادەر سەرقاڵی کاری تر بوون، زیاتر منو هەڵکەوت عەبدوڵڵا کاروبارەکانی خەندان و ئاسۆمان بەڕێوەدەبرد و ئەوانی تر تەنها ناویان لەسەر مۆڵەتی دامەزراوەکە هەبوو. لەبیرمە پەیڕەوی ناوخۆی دامەزراوەکەمان بەو جۆرە نوسیبوو، کە ئەم چوار کەسە دەستەی دامەزرێنەرن، بەڵام دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگاکە ئەو مافەیان نامێنیّ، ئەوەش بۆ خۆبواردن بوو لەوەی کە گرفت لەسەر خاوەندارییەتی دەزگاکە دروست نەبێت. هەمیشە من کە بیر لەو دامەزراوەیە دەکەمەوە، وەک هاوپەیمانیەتییەک تەماشای دەکەم کە لەنێوان سیاسییەکو رۆژنامەنووسێکدابوو، کە یەکەمیان سەرۆکی حکومەتو مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو، ئەوی تریشیان منێکی رۆژنامەنووس.

بەر لە پرۆژەکە بەردەوام لەزۆر دۆسیەو مەلەفی جۆراوجۆردا لەگەڵ د.بەرهەم گفتوگۆی هەمەلایەنەمان هەبوو، بەتایبەت لەسەر گوتاری میدیا، سروشتی دامەزراوە میدیاییەکان، گرنگی کەمکردنەوەی هەژموونی تاکە کەسی لەسەر دامەزراوە میدیاییەکان، سندوقی کۆمەکی رۆژنامەو گۆڤارەکان و زۆر شتی دیکەش، راستییەکەشی زۆرجار هەستم بە خەونی هاوبەشی نێوانمان کردووە، بەتایبەت دەرهەق بەو پرسیارانەی کە پەیوەستە بەسروشتی کاری رۆژنامەنووسییەوە، لەبەرئەوە دەکرێت پرۆژە هاوبەشەکە وا ناوبنێم کە هاوپەیمانیەتی نێوان کاک بەرهەم و بەندە بوو، بێگومان هەردووکمان ئامانجی

خۆمـان لەپشـت پرۆژەکـە هەبـوو، لەپـاڵ ئـەو ئامانجانـە خەیاڵـی سیاسـیی گـەورە هەبـوو. چونکـە پێشـتر دوو تایـپ و مۆدێـل لـە ڕۆژنامـە هەبـوو، یەکێکیـان شـانامەی بەسـەر دەوڵـەت و حـزب و حوکمڕانیـدا دەهۆنییـەوەو ئـەوەی تریـش لـە حوکمڕانـی لەسـێرە بـوو، ئـەوەی دووەمیـان هەمیشـە دیـوە نێگەتیڤەکانـی دەبینـی، لـەو نێوانـەدا هێڵـی سـێهەم پێویسـت بـوو، ئێمـە وتمـان هێڵـی سـێیەم هەڵبژێریـن کـە ڕۆژنامەیـەک بێـت بـە یـەک ئاراسـتەو بـەو سـەنگینییەدا بـڕوا. ڕاستییەکەشـی بـۆ مـاوەی شـەش سـاڵ کارکردنـم لـەو ئاراسـتەیەدا زۆرجـار سـەرکەوتوو دەبوویـن و ناوەنـاوەش ڕوبـەڕووی شکسـت دەبووینـەوە، بـەڵام بـۆ منێـک کـە ڕۆژنامەنووسـێکی گەنـج و بـۆ کاک بەرهەمیـش کـە سیاسـییەکی گەنـج بـوو، هەردووکمـان خەونەکانـی خۆمـان لەسـەر ڕوپەڕەکانـی ئـەو ڕۆژنامەیـە و پـرۆژەی ئاسـۆ بەیانکـرد.

ئـەو مۆدێلـە لەوڵاتانـی جیهانـی سـێهەم گرنگـە هەبێـت، چونکـە هیـچ ئاسـۆیەکی سیاسـیی‌و ئابـووری نییـە کـە وابـکات ڕۆژنامەنووسـێک بـە تەنهـا بـە پشتبەسـتن بـە توانـای خـۆی پرۆژەیەکـی وا گـەورە سـەر پـێ بخـات، بێگومـان دەبێـت پشـت بەکەسـانی دیکـەو دەسـتەبژێری سیاسـیی یـا بـازرگان‌و کەسـانی سـەرمایەدار ببەسـتێت. هـەر ئـەوەش بـوو خەونـی مـن و ئـەوی لەپێنـاو پرۆژەکـەدا یەکخسـت، لەڕاسـتیدا شـتێک هەیـە مـن نـاوم نـاوە قـەدەری پەیوەنـدی مـن و د. بەرهـەم لـە زۆر وێسـتگەی ژیانـدا دووبـارە بۆتـەوە. دابـڕان دەبـوو دیسـان دروسـت دەبـۆوە.

# زیندوکردنەوەی ناوی (شەریف پادشای خەندان)

پرۆسەی ناونانی دامەزراوەی خەندان هەر لەخۆڕا نەهات، بەڵکو ئەوکاتەی کە ساڵی (٢٠٠٤) پرۆژەکە دامەزرا، ناوی (شەریف پاشای خەندان) مان هەڵبژارد، ژیاننامەی شەریف پاشای خەندانم خوێندەوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، ئەو کەسایەتییە مێژووییە دبلۆماتو جەنەڕاڵێکی کوردی سۆران نشین بوو لەناو دەوڵەتی عوسمانیداو دەووری زۆری گێڕاوە، لەدەورانی هەڵسوڕانی سیاسی خۆیدا کاری زۆری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردووەو خاوەن ئەزمونێکی سەرنج ڕاکێش بوو. بەدەر لەو ناوە، زۆر ناوی دیکە دەهاتو دەچوو، یەکێک لەو ناوانە (بەدرخان) بوو، بەڵام پێشتر پرۆژەیەک بەو ناوە هەبوو، پاشان بیرۆکەی ئەوە هەبوو ناوبنرێت دەزگای (ژین) لەوەشدا وتیان بنەماڵەی پیرەمێرد بەتەمان ڕۆژنامەکە دەربکەنەوەو ئەوەش بەریەککەوتن دروست دەکات، خۆشم زۆرم حەز لەناوی ژین بوو، بەتایبەت کە کچە نۆبەرەکەی خۆشمم ناو ناوە (ژین)، لەبەرئەو هۆکارانە دواجار لەسەر ناوی (خەندان) ساغ بووینەوە، ڕاکێشە من دەمزانی شەریف پاشای خەندان خزمی دکتۆر کەمال فوئادی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی

نیشتمانیی کوردستانەو یەکێکە لە خێزانە ناودارەکانی سلێمانی، لە بیرم چووبۆوە، دوای رەبتەکەم دروستکردەوە کە دکتۆر بەرهەمیش خزمی دکتۆر کەمال فوئادە کەواتا شەریف پاشاش خزمی ئەوانە، بە هەرحاڵ هەڵبژاردنی ناوەکە بۆ دەزگاکەمان تەنها پەیوەندی بە ئاوڕدانەوە هەبوو لە کەسایەتییەکی گرنگی کوردی، کە دەورانێکی زۆر رۆڵی گەورەی بینیووە، سەرەڕای ئەوەش هەر ئەو کەسایەتییە مێژووییە خۆی رۆژگارێک رۆژنامەیەکی دەرکردووە. بۆیە هەڵبژاردنەکە شەخسی بوو، بەڵام دواتر رێکەوتێکی جوانی لێکەوتەوە. بیرمە بۆیەکەمجار لەسەرەتای نەوەدەکاندا یەکەم کاری وەرگێڕانم بۆ گۆڤاری سەنتەری ستراتیژی کرد. کە توێژینەوەیەک بوو (د.فوئاد حەمە خورشید) بە ناوێکی خوازراوەوە نووسیبووی. بابەتەکە لەسەر (شەریف پاشای خەندان) بوو، کە زۆر سەرنجی راکێشام و ئەو جەنەراڵە ناکامەی کوردی لا خۆشەویست کردم، هەر بۆیە لەگەڵ هاورێکانم ناوی ئەوم پێشنیار کرد و لە ناساندنی لۆگۆکەشدا نووسیمان جەنەراڵی بە ئاکام نەگەیشتوو، چونکە هەلومەرج لەبار نەبوو دەوڵەتەکەی دابمەزرێنێ.

قۆناغی دووەمی پاش ناونانی دەزگای خەندان، پرۆسەی ناونانی بەشەکانی تر بەردەوام بوو، دەبوایە ناوێکیش لە رۆژنامەکە بنێین، لەبەرئەوەی ناوی دەزگاکەم نابوو، وتم نۆرەی دکتۆر بەرهەمە، پێمباش بوو د. بەرهەم لوتف بنوێنێو خۆی ناوێک بۆ رۆژنامەکە هەڵبژێرێت، ناوی رۆژنامەی (ئاسۆ) ی هەڵبژارد، دەمانزانی ناوی رۆژنامەی ئاسۆ لە یادەوەری

خەڵکیدا بە نەرێنی تەماشای دەکرێت، چونکە ساڵی (١٩٨٩) هەم رۆژنامەی ئاسۆو هەمیش رۆژنامەی بزاف لە بەغداد دەرچوون و دەمان وت ئەم دوو ئەو رۆژنامەیە حکومەتی عیراق دەریکردووە بۆ ئەوەی کوردستان بکات بە دوو نەتەوە، بزاف بۆ کرمانجی بێت و ئاسۆ بۆ سۆرانی بێت، ئەو سەرنجەی خەڵک بۆ رۆژنامەی ئاسۆ هەیبوو، ئەوە نەبوو کە بۆ رۆژنامەی هاوکاری هەیبوو، بەڵام ئێمە وتمان تەجاوزی ئەوە دەکەین. لەبنەڕەتیشەوە گرێدانەوەی ناو بەو یادەوەرییەوە هەڵەیە، بۆ ئەوەش پاساومان ئەوە بوو، کە رۆژنامەی کوردستان (میقداد مەدحەت بەدرخان) دەریکردووەو ئێستا (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)یش بەهەمان ناو رۆژنامەی هەیە کە بۆ کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە، لەهەمان کاتدا رۆژنامەیەکیش هەبوو بەناوی کوردستان کە کاتی خۆی شای ئێران دەریکردووە بۆ دژایەتی مەسەلەی کورد، لەبەرئەوە نابێت رقمان لە رۆژنامەی کوردستان بێت یان لە ناوی کوردستان تەنها لەبەر ئەوەی شای ئێران رۆژنامەیەکی بەو ناوە دەرکردووە. بەهەمان پاساویش نابێت رقمان لە وشەی ئاسۆ بێت، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق رۆژنامەیەکی بەو ناوە دەرکردووە. پێشتریش لەکاتی ئەو گفتوگۆیانە جارێک سەردانی (فەتاح زاخۆیی)م کرد کە ئەوکات لەسەر پشکی (حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) وەزیری رۆشنبیری بوو، ویستم لەسەر ناوی رۆژنامەی کوردستان گفتوگۆ بکەین، راستە لەهەرێم رۆژنامەی کوردستانی نوێمان هەبووە، کە خۆم کارم

تێدا کردبوو، وتم ڕۆژنامەکە تازەکە ناوی دەنێم (کوردستان) چونکە هەر چی بێت کوردستان هەر بە کۆنی و نوێیەوە کوردستانەو لە شوێنی خۆی دەمێنییێتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە دەستە خوشکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ناشمەوێ توشی بەریەک کەوتن بم، چونکە پرسیارم لە خۆم دەکرد کە ئاخۆ من ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ یان ڕۆژنامەیەکی سێبەری حزبیی دەردەکەم بۆچی موحارەبەی ڕۆژنامە ئەسڵیەکە بکەم کە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە؟. بەڵام کاک فەتاح زاخۆیی ئەو ڕۆژگارە پاساوەکەی لۆژیکی بوو، کە وتی «بەهیچ جۆرێک ڕێگا نادەین ڕۆژنامەیەک بەناوی کوردستان دەربچێت، یەکەم لەبەرئەوەی ئەو ناوە بۆ ڕۆژنامەکەی حزبی دیموکرات تەرخنکراوە و دووەمیش لەبەر حورمەتی کوردانی ڕۆژهەلات کە دەیانەوێت شەرعیەتی کاری میدیایی خۆیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن». ئەوانە هەموو پێکەوە وایکرد کە لەسەر ناوی (ئاسۆ) بڕیاری کۆتایی بدەین، ڕاستییەکەشی ئەو ڕۆژگارە ئەگەرچی ناوی خەندان و ئاسۆم زۆر لا خۆشەویست بوو، بەڵام ناوی تریشم لە خەیاڵدا بوو.

ئەوانەی لەسەرەتای پڕۆژەی خەندانەوە ناویان دەهاتو دەبوایە بووبانایە بەشێک لەو پڕۆژە فراوانو بەرینە، زۆر کەس بوون، لەوانە (شوان ئەحمەد و توانا ئەحمەد)، ئەگەرچی وا بڵاو کرابۆوە کە خەندان ڕۆژنامەو گۆڤار و تەلەفزیۆن و سەتەلایتی دەبێت، بەڵام هەرگیز بە نیازی کەناڵێکی ئاسمانیی نەبووین، یەکەم لەبەرئەوەی (کوردسات) لەم ناوچەیە پەخشی

ئاسمانی هەبوو، دووەمیش لەبەرئەوەی خەڵک نان و پیاز بە ڕەوشی سیاسیی ناوخۆیی یەکێتی نەخوا، خۆشم کە کوڕی ڕۆژنامەی کاغەزیم، باوەڕم بە خۆم نییە بتوانم لە پرۆژەی میدیای بینراودا کاربکەم و دەستبەرداری ڕۆژنامەی کاغەزی بم. جاروبار بیرمان لە دامەزراندنی رادیۆش دەکردەوە، چونکە بۆ ئەو دەورانە رادیۆ و میدیای بیستراو هەر ڕۆڵ و سەنگی خۆی مابوو.

ئیتر ڕۆژنامەی ئاسۆ لێرەوە دروست بوو، یەکەم ژمارەی لە (٢٠٠٤/٤/١) دەرچوو، ڕێکەوتی یەکەم ژمارەش لەڕۆژی جیهانی درۆدا بوو، بە دیتنی خۆمان گەورەترین ڕاستیمان لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەرکردو بە مانشێتیش نوسیمان «ڕۆژنامەی ئاسۆ، گەورەترین ڕاستی لەڕۆژی جیهانیی درۆدا»، یەکەم ژمارەی کەوتە یەکی نیسان، ئەوکاتە کاک بەرهەم لە سەروبەندی ئەوەدا بوو حکومەتی هەرێم بەجێ دەهێڵێتو دەبێتە جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق و سەرەتاش بوو کە لە حکومەت خانەنشین دەبم و خۆم تەرخان دەکەم بۆ ڕۆژنامەگەری. ئەو خانەنشین بوونە یارمەتی منی دا بەبێ ئەوەی بچمە ناو گرفتی موچەو داراییەوە، خۆم یەکلایی بکەمەوە بۆ خزمەتی ڕۆژنامەگەری، بیرمە یەکەم ژمارەی ئاسۆ ستایلێکی تازەمان تێدا بەکارهێنا، بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەیەک لاپەڕەی یەک نەجنێودان بوو بە حکومەت و حزب، نە ستایش و پیاهەڵدانیش بوو، نە ڕەسمی سەرکردەیەک بوو نە سوکایەتیش بوو، بەڵکو فۆتۆی کاک (هادی زیائەدین)ی پەیکەرتاشمان

دانـا، کـە کاری لەسـەر پەیکەرەکـەی (شـێخ مەحمـود) دەکـرد، بیرمـە وێنەکانمـان لـە ڕێگـەی هونەرمەنـد (ئاکـۆ غەریـب)ەوە بەدەسـت گەیشـت، کـە بەسـەردانێکی کەسـیی چووبـووە سـنەو لـەوێ هەندێـک وێنـەی گرتبـوو. ئێمـەش هەواڵەکەمـان وا داڕشـت کـە ئـەو پەیکـەرە نزیـک تەواوبوونـەو لەماوەیەکـی کەمـدا کۆتایـی بەکارەکانـی دێـت و دەگەڕێتـەوە سـلێمانی. ڕاسـتە لـە ڕواڵەتـدا ئـەوە هەواڵێکـی هونەریـی بـوو، بـەڵام لـە نێوەڕۆکـدا ڕەهەنـدی سیاسـیی و مێژوویشـی هەبـوو، کـە کوردێکـی ڕۆژهـەڵات پـڕۆژەی دروسـتکردنی پەیکـەری سـیمبول و کەسـایەتییەکی باشـووری کوردسـتان دروسـتدەکات و پەیکەرەکـەش لەشـاری سـلێمانی دادەنرێـت، کـە باشـوور و شـارێکی ڕۆشـنبیری زۆر گرنگـە، بەڕاسـتیش لـەو مانشـێت و وێنـەی لاپـەڕە یەکـەوەو بـەو ڕوماڵـە و بـەو وێنەیـە ناسـنامەی خۆمانمـان بەیانکـرد، کـە سـلێمانیمان خـۆش دەوێـت و لـە خەمـی پارچەکانـی تریشـین، بەدڵنیاییـەوە وێنەکـە ستایشـی حکومەتیـش بـوو، کـە لـە پرۆسـەی جوانـکاری سـلێمانیدا بەردەوامـە و وا پەیکـەر بـۆ شـێخ لـە سـلێمانی دادەنێـت، لەهەمانکاتـدا دەستخۆشـی لـە (هێرۆخان)یـش بـوو، کـە ئـەو پرۆژەیـە ئـەو زاتـە کاری لەسـەر دەکـرد.

بیرمـە لەیەکـەم سـەروتاری ڕۆژنامەکـە دەڵێیـن « ئێمـە پێمـان وانییـە وەکـو زۆر ڕۆژنامـە کـە دەرئەچێـت و قسـەی قەڵـەو قەڵـەو دەکـەن و دەڵێـن ئەرکێکـی مێژوویـی جـێ بەجـێ دەکات، ئێمـە پێمانوایـە کۆمەڵێـک گەنجیـنو ڕۆژنامەیـەک دەردەکەیـن و تـەواو»، لەکاتێکـدا وێنەکـە دەریدەخـات کـە ئێمـە نەزعەیەکـی

مێژووییمـان هەیـە، بـەڵام لـە سـەر وتارەکـە وامـان نـەوت، وتمـان ئێمــە ڕۆژنامەیــەک دەردەکەیــن بــۆ کــورد و کوردســتان، ئــەوە نییــە بڵێیــن کارێکــی مێژووییــە کــە لەپێشــدا کــورد نەیکــردووەو کــەس نایــکات، خــۆی ئــەو ســەروتارە گوزارشــتی دەکــرد لــەوەی کـە ڕۆژنامەیـەک بـە فۆڕمێکـی نـوێ بەڕێوەیـە، یەکـەم ژمارەشـی کـە دەرچـوو، دەنگدانەوەیەکـی باشـی هەبـوو. هـەر لـە سـەرەتاوە ڕۆژنامەکـە وابـوو، خەیاڵپـڵاو نەبـوو کـە بڵێـت «ڕووداوی گـەورە لـە کوردسـتان دەخولقێنیـن»، بـەڵام وەک بڕیـار بـوو هێـزی نـەرم بێـت، نـەرم لـە ڕوماڵکـردن و مامەڵەکـردن لەگەڵ کۆی دۆسـییەکان هاتــە پێشــەوە. پــاش ماوەیەکیــش شــوێنەوارەکانی ڕۆژنامەکــە وورده وورده دەرکـەوت، بـۆ مێـژووش لـە ماوەیەکـی کەمـدا بـوو بـە ڕۆژنامەیەکـی سـەنگین، لـەو ئەزموونـەدا بەدڵنیاییـەوە ئاسـۆ نـە بـووە ڕۆژنامەکانـی کوردسـتانی نـوێ و خەبـات و نـە فـۆڕم و شـکڵی ڕۆژنامـەی هاووڵاتیشـی وەرگـرت، تەنانـەت لـە ڕەنگـە بەکارهاتووەکانیشـی هەوڵمانـدا لـە کـەس نەچیـن، بـۆ ئـەو قۆناغەو بـۆ وەرگرانـی کـورد شـتێکی تـازە بـوو، ڕۆژنامەیەکـی ڕەنگاوڕەنگی جـوان، کـە گوزارشـت لـە هێڵـی سـێهەمی نـەرم و نیانیـی بـکات. جێگـەی خـۆی کردبـۆوە.

ڕاســتیەکەی مۆدێــل و هێڵــی ســێهەم تەنهــا گرێــدراوی میدیـا نییـە، بەڵکـو لەمێـژە لـە بوارەکانـی دیکەشـدا ئـەو تێزانـە تاقیکراونەتـەوە کـە پەیوەسـتن بـە دروسـتکردنی هێڵـی سـێهەم، بـەڵام بەهـۆی سروشـتی ململانێکانـەوە بـەردەوام ئـەو هێڵـە نوێیـە لەبەرامبــەر هەژموونــی ئەوانــی دیکــەدا ڕووبــەڕووی شکســت و

نشوستی بۆتەوە، هەر لە نموونەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لەنێوان هێڵی مەلایی و جەلالیی، یان گۆڕان لەنێوان یەکێتی و پارتی، دواجاریش هاوپەیمانیەکەی د. بەرهەم لەنێوان هێڵی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا، ئەوەی ئێمەش لە ئاسۆ کردمانو تاڕادەیەکیش تێیدا مۆفەق بووین.

چیرۆکی رۆژنامەی ئاسۆ، لێرەوە دەستی پێکرد، هەر لە یەکەم ژمارەوە، کە بڵاوکرایەوە، بوومە سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و بەو رێگایەش خۆمان لەکێشەی داهاتوو پاراست، بەو پێیەی موڵکیەتەکەیمان وا رێکخستبوو، هەر کاتێک ئەم دەزگایە کاری نەما، لە پەیرەوەکەی وامان نوسیبوو، ئەو کەرەستەو کۆمپیوتەر و تەواوی موڵک وماڵەکەی و تەنانەت ناوەکەشی دەچێت بۆ دەزگایەکی شەرعی، بۆ نمونە حکومەت یاخود خاوەنەکەی بڕیار دەدات بیدەنە پرۆژەی فلان کەس، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا نەبێتە ناکۆکی کە داخۆ موڵکی کێیە، چونکە ئەمە توانای دارایی بۆ تەرخان دەکرێت. ئێمە یەکەم شت داوامانکرد میزانییەکی مانگانەمان بۆ ببڕێتەوە، کاک بەرهەم میزانییەکی بۆ بڕینەوە کە نزیکەی دوانزە ملیۆن دیناری مانگانە بوو، ئیتر کارەکانمان رێکخست، کاک (عوسمان شوانی)و کاک (عەبدولباست کەریم مەولود) کاروبارەکانیان لەرووی داراییو کارگێڕییەوە بۆ رێکخستین. یەکەم ژمارە کە دەرچوو، لەسەریم نووسی سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەر، کاک بەرهەم و تەنانەت کاک هەڵکەوتیش کە لەدەزگای سەردەم بوو، پێیان خۆش بوو بنووسم سەرنووسەر، لەو بۆردەی دروستمان کردبوو، بەشی

زۆریـان سـەرقاڵبوون، هەڵکـەوت عەبدوڵـڵا سـەرقاڵی سـەردەم بوو، توانـا ئەحمـەد ببـووە بەرپرسـی نوسـینگەی هەولێـری راگەیاندنـی یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان و شـێرزاد شـێخانیش سـەرقاڵی کاری رۆژنامـەی (شـەرق ئەلئەوسـەت)بوو، وەک پەیامنێـری عیراق، ئیـدی مـن بوومـە یەکـەم سەرنووسـەر.

# دەستلەکارکێشانەوەم لەئاسۆ
# بۆ هێورکردنەوەی نیگەرانیەکان

ماوەیەکی زۆر بێ گرفتو ئاریشەی گەورە ئاسۆ بەردەوامیی بەژیانی خۆیداو بە هەمان سەنگو نەرمو نیانییەوە لە رومالّکردنی رووداوەکانی ئەوساتانە بەردەوام بوو، بیرمە ژمارە (٥٠٠) کە هەموو سەرقالّی بۆنەی دەرچوونی ئەو ژمارە مێژووییە بووین. بەداخەوە هەڵەیەک روویدا، برادەرێک کە نامەوێت ناوەکەی بێنم، شتێکی لەبارەی کێشەکانی نێوان (نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی) بڵاوکردبۆوە، ئەوە بۆ خاوەنی دامەزراوەکەو منیش سەر ئێشەی بەدواوەوە بوو، بەدڵنیاییەوە بەرهەم سالّح نەیدەویست لەسەر راپۆرتێک پەیوەندییەکانی خۆی و یەکێتی لەگەڵ پارتی بگەیەنێتە بنبەست، هەربۆیە (ئازاد جوندیانی) کە ئەوکاتە لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن بوو بە تەلەفۆن سەرگوزشتەی نیگەرانییەکانی پارتی پێگەیاندمو ئەوەشی ووت کە وادیارە پارتی وا تێگەیشتوون، کە جوندیانی ئەو رۆژنامەیە دەردەکات، منیش بە بڕۆکێک هەڵچوونەوە بە کاک ئازادم وت «هەم تۆ هەڵە دەکەی و هەم سەرکردایەتی پارتی کە پێتانوایە ئەو رۆژنامەیە ئێوە سەرپەرشتی دەکەن، وادیارە لەشوێنان واوتراوە، ئەگینا ئاسۆ چ پەیوەندییەکی

بــە ئێــوەوە هەیــە»، مــن لەخوتــو خــۆڕا بوومــە بەشــێک لــەو سەرئێشــەیە، لەکاتێکدا وتارەکــە نــەک مــن نەمنووســیبوو، بەڵکــو ناکــۆک بــووم لەگــەڵ نوسینەکەشــدا، نــە لەبەرئــەوەی پارتــی پێــی خۆشــە یــان نــا، چونکــە بەدڵنیاییــەوە ئــەو دەورانــە پارتــی بــە کەیفــی خــۆی لەرۆژنامەکانیــدا دەینوســیو کەســیش لەبەرامبــەر گوتــارو تونــدڕەوی بەشــێک لەمیدیاکانــی ئــەوان دەردەڵیشــی نەدەکــرد، واتــا پارتــی شــایانی لێبــوردن نەبــوو لــەو پرســەدا، بەڵکــو لەبەرئــەوە نیگەرانبــووم، ناوەڕۆکەکــەی هەڵەبــوو، پشــتی بــە زانیاریــی هەڵــەو شــیکردنەوەی کەســیی بەســتبوو، ئــەوەش پێچەوانــەی ئیتیکــی رۆژنامەوانــی و سیاســەتی گشــتی دامــەزراوەی خەنــدان بــوو، راستییەکەشــی مــن خــۆم کــە کادر و هەڵســوڕاوی یەکێتیــم، هەرگیــز حەزناکــەم، ئــەو رۆژنامــەی کاری تێــدا دەکــەم بــا رەســمیش نەبێــت باســی باڵەکانــی نــاو یەکێتیــی بــکات، کــە مــن ئــەوەم ناوێــت، دەبێــت ئەوەشــم نەوێــت باســی باڵەکانــی نــاو هێزەکانــی تریــش بــکات.

بـۆ ئــەوەی سەرئێشــە لەکــۆڵ دامــەزراوەو خاوەنەکــەی بکەمەوە، مــن لــە بەرپرســیاریەتییەکە رامنەکــرد، بەڵکــو شــانم دایــە بــەر بەرپرســیارییەتی خــۆم، تــا ئــەو هاوســەنگییە بگێڕمــەوەو کاک بەرهەمیــش لــە کێشــەو بــەلا بــە دوور بگــرم، هەروەهــا بــۆ ئــەوەی رۆژنامەکــەش بمێنێتــەوە، پێمواب‌وو کە پێویســتە سەرنووســەرەکەی بگۆڕێــت، لەبەرئــەوەش پێشــنیارمکرد دەســت لەکاربکێشــمەوە، لەگــەڵ کاک بەرهــەم باســمان کــرد، کــێ بکەینــە سەرنووســەر، ئەوەبــوو پێشــنیاری خوالێخۆشــبوو (ئــازاد ســدیق)مان کــرد، هەمــوو

لایـەک پێیـان باشـبوو، بـەڵام دکتـۆر سـوور بـوو لەسـەرئەوەی مـن وەک سـەرۆکی دەزگاکـە هـەر بمێنمـەوە، دوای ئەوە ئـازاد ماوەیەک هـات و رۆیشـت، ئەوکاتـە دیسـانەوە گفتوگـۆ کرایـەوە کـێ ببێـت بـە سەرنووسـەر، کاک بەرهـەم بیرۆکەکـەی گۆڕیـوو، پێـی باشـبوو (عـارف قوربانـی) ببێتـە سەرنووسـەر، تـا رۆژنامەکـەش داخـرا، عـارف هـەر بـە سەرنووسـەری مایـەوە.

لـە دەورانـی خەندانـدا، بەتەنهـا ئاسـۆ تاکـە بەخششـی ئـەو دامەزراوەیـە نەبـوو، بەڵکـو لـەزۆر بـواری تـردا کارمانکـرد، بـەڵام بێگومـان (ئاسـۆ)ش بـە هەڵکشـانو داکشـانی گـەورەدا رۆیشـت، رۆژنامـەی ئاسـۆ سـەرەتا وەک هەفتەنامـە دەردەچـوو، بـەڵام دوای هەڵبژاردنـی (٢٠٠٥) بـوو بەڕۆژانـە، لـەو پێناوەشـدا رێکخـراوی (دەبلیـو ئـاڕ) هـاوکاری دەکردیـن و بەهـۆی هەڵبژاردنەکانـەوە کردمـان بـە رۆژانە. پێشـتر بـە (٢٤) لاپەڕە چاپ و بڵاو دەکرایەوە، بـەڵام سـاڵی (٢٠٠٥) کـە یەکـەم هەڵبژاردنـی دیموکراتـی لـە عیـراق کـرا کردمانـە چـوار لاپـەڕەو پـاش تەواوبوونـی ئـەو پرۆسـەیەش سـەرەنجام لەسـەر رۆژ نـا رۆژێـک سـاغبووینەوە.

لەراسـتیدا هـەر ئەوکاتانـە دەزگای خەنـدان توشـی کێشـەکرا، کێشـەی داراییـی، نـاوەکان ناهێنـم، ئێمـە گفتوگۆمـان کـرد لەگـەڵ دکتـۆر بەرهـەم، هەندێکیـان هەوڵیـان دەدا لـە مـن بـدەن و هەندێکیـش لـە دکتـۆر بەرهـەم و پـرۆژە سیاسـییەکە بـدەن، بۆیـە لەجێـی ئـەوەی پاشەکشـە بکەیـن و خۆمـان ڕادەسـت بکەیـن، لەبەرامبـەر ئـەو هەوڵانـە وەسـتاینەوەو رۆژنامەکەمـان کـرد بەرۆژانـە، یـادی بەخێـر مـام جـەلال لـە بەغـداوە پشـگیریی

دەکردیـن، ئێمـە لـەو پشـتگیرییەی مامـی خۆمـان تێدەگەیشـتین، هـەم بـۆ دکتـۆر بەرهـەم بـوو وەک سیاسـەتمەدارێک و ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی، هـەم بـۆ ئێمـەش بـوو وەک ڕۆژنامەنووسـی یەکێتـیو قوتابـی ئـەو مەدرەسـە سیاسـییو میدیاییـەی خـۆی، ئیتـر کـە چویـن بـۆ لای جەنابـی مـام جـەلال لـە بەغـدا وتـی «مـن یارمەتیـان ئـەدەم و وەرەقەیەکـی نوسـی بـۆ کاک فریـاد ڕوانـدوزی کـە ڕۆژنامـەی ئاسـۆ چـی پێویسـتە بـۆ ئـەوەی ڕۆژانـە دەربچێـت، بۆیـان جێبەجـێ بکـە»، بـۆ مێـژووش فریـاد ڕوانـدزی بەهەمـوو جۆرێـک هاوکارمـان بـوو، هـەر ئـەو کات مـام جـەلال ڕایسـپارد چاپخانـەی ئیتیحـاد لـە بەغـدا ڕۆژنامەکەمـان بـۆ چـاپ بـکات و کاک فریـاد ڕەواندزیـش درێغـی نەکـرد لـە هاوکاریمـان، بـەڵام مـن بیـرم لـێ کـردەوە ماقـوڵ نیـە ئێمـە ڕۆژنامەیـەک بـە بـەلاش چـاپ بکەیـن بـێ ڕەچاوکردنـی خەرجـی و کرێـی کرێـکارەکان و سـیانەی چاپخانـە. بۆیـە دەستپێشـخەریم کـرد کـە ئێمـە پـارەی چاپکردنـی ڕۆژنامەکـە دەدەیـن بـە پـارەی کرێکارەکانیشـەوە. بـۆ ئێمـە لـە خەنـدان بـە تەنگـەوە هاتنەکـەی مـام جـەلال بـەس بـوو، بەڵگـەی ئـەوە بـوو کـە حورمەتـی ڕۆژنامەگەریـی سـەنگین دەگرێـت بـێ ڕەچاوکردنـی قازانجـی سیاسـیی یـان لێکدانـەوەی بەرتەسـک. ڕاسـتییەکەی هاوکارییەکانـی مـام جـەلال بـۆ پـرۆژەی خەنـدان لـە چەنـد وێسـتگەدا بـۆ ئێمـە و بەتایبەتیـش بـۆ بەنـدە مانایەکـی تایبەتـی هەبـوو کـە بەداخـەوە ئـەم جـۆرە گیانـی پشـتیوانییەم لـە کـەم کـەس دەبینـی، تەنانـەت ئەوکاتـە سـەرەتای پرۆژەکـەش بـوو کـە مـام جـەلال دەچـووە بەغـدا تـا ببێتـە سـەرکۆمار. هـەر خـۆی

موبادەرەکـەی مـام جـەلال، مـادام بـە بـەلاش بۆمـان چـاپ دەکات هەمـوو شـتێکە. بۆیـە ئـەو ماوەیـە گرنـگ بـوو ئاسـۆ بـە رۆژانـە لـە بەغـداوە چـاپ دەکرێـت و دێتـە کوردسـتان و قەبـارەی رۆژنامـەی گـەورەی رەنگاورەنـگ بـوو، (٥٠٠٠) دانەمـان چـاپ دەکـرد و لـە هەمـوو کوردسـتان بـڵاو دەبـۆوە، هـاوکات لەگـەڵ رۆژنامەکانـی عیراقـدا دەهاتـە کوردسـتان و یەکـەم رۆژنامـە بـوو بەیانیـان لـە سـەر مێـزی سـەرۆک کۆمـارو هەمـوو وەزیـرە کـوردەکان بـوو، شـتیکی تـازە بـوو لـە راسـتیدا.

خەیاڵدانـی ئێمـە ئـەوە نەبـوو خەنـدان لـە جوگرافیایەکـی دیاریکـراودا قەتیـس بکەیـن، لەبەرئـەوەش لەسـەر دەستپێشـخەری د.بەرهـەم سـاڵح بڕیارمانـدا خەنـدان ببەینـە کەرکـوک، راستیەکەشـی ئـەوە هـۆکاری خـۆی هەبـوو، جگـە لەپرسـی کەرکـوکو کوردسـتانیبوونی ئـەو شـارە، هەوڵێکیـش بـوو بـە ئاراسـتەی خـۆ بەدوورگرتـن لـە بەریەککەوتـن لەگـەڵ حکومەتـی هەرێـم ـ ئیـدارەی سـلێمانیو هەمیـش لەگـەڵ یەکێتـیو میدیـا فەرمیەکـەی، بەدڵنیاییـەوە کەرکـوک لەبەرئـەوەی لەنێـوان هەرێـمو بەغدایـەو ئەڵقـەی بـە یەکگەیاندنیانـە، لەوێـش دەتوانیـن کاری باشـتر بکەیـن، ئـەو رۆژەی کۆبوونەوەمـان لەگـەڵ مام هەبـوو کە وا بڕیاربـوو بـارەگای سـەرەکی بگوازینـەوە کەرکـوک، مـام جـەلال بـۆ رۆژی دواتـر دەبـووە سـەرۆک کۆمـار، بۆیـە هیـوای زۆری بـە پـرۆژە کوردسـتانییە عیراقییەکەمـان هەبـوو. مـن نامەیەکـم بـۆ نووسـی و پێمـووت «مـام جـەلال رۆژنامەیەکمـان دەرکـردووە جەنابتـان پێتان خـۆش بـووەو بەدڵتـان بـووە»، پێشـتریش چەنـد جارێـک جەنابـی

مام لە کۆبونەوەی فراونی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی دەیوت ئەوەی لە کوردستانی نوێ ناتوانین بڵاوی بکەینەوە با لە ڕۆژنامەی ئاسۆ بێت، بەو پێیەش بێت مام هەمیشە ڕۆژنامەی ئاسۆی وەک دەستە خوشکی ڕاگەیاندنی یەکێتیی سەیر دەکرد، ئەوە بۆ من خۆشبوو، چونکە خۆم یەکێتیی بووم، کەواتە ئەمە ڕۆژنامەیەکی یەکێتیانەیە، بۆیە داوای سەردانیمان لێکرد و چوین بۆ خزمەتی، لەدیدارەکەدا بڕیاریدا هاوکاریمان بکات و پێشی خۆشبوو هەم بچینە کەرکوک و لەوێش چاپخانە هەیە کاری باشتر بکەین، هۆکاری ئەو هاوکاریانەی مام جەلال، هەم لەبەر ئەوینی خۆی بوو بۆ میدیاو ڕۆژنامەوانی و هەمیش پێیوابوو کۆمەکێکی دیموکراسییەو هەروەک ئاسۆو خەندانیشی بەدرێژکراوەی دنیابینی یەکێتی ئەژماردەکرد. بیرمان نەچێت هۆکارە سەرەکیەکەش کۆمەککردنی خەون و پرۆژەکانی (د.بەرهەم ساڵح) بوو، بەوەش ئەو قوتابیەی مام جەلال ئەستێرەی لە درەوشانەوە بوو.

بیرمە مام جەلال کە ئێمەی بینی، ئەوکاتە بوو وتی «خۆم دەچم بۆ بەغداو دەبمە سەرۆک کۆمار»، جا ئێمە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ یەکەم ڕۆژنامە بووین لە کوردستان و عیراق کە وتمان تاڵەبانی دەبێتە سەرۆک کۆماری عیراق، ئەو سەبقە ڕۆژنامەوانییە پێش دیدارەکە هات لەگەڵ مام، کە خۆی لەوێ زانیارییەکەی بەیانکرد و پشتڕاستیکردووە، هەر لەدیدارەکەدا ڕووی لەمن کردو پێیوتم «بە دوو هۆکار گەڕانەوەتان بۆ کەرکوک پێویستە، یەکەمیان لەبەرئەوەی خۆت کەرکوکیو

دووەمیش بۆ ئەوەی هەموو ئامرازە مەدەنیو دیموکراسییو کەلتوورییەکان بەکاربهێنن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨)و گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان». ئامۆژگاریشی کردین کە ڕۆژنامەیەک بە زمانی ئاشووریو دانەیەکی تر بە زمانی عەرەبیو یەکێکیش بە زمانی تورکمانی دەربکەین، پێشیوابوو کە پێویستە ئەو ڕۆژنامانە هەفتانە بن.

هەڵبەتە دەمەوێت سەرنج بدەمە شتێک، ئەو شتەش پەیوەندی نێوان مام جەلالو بەندەیە، من ئێستاش بیر لە مامەڵەی مام دەکەمەوە لەو کاتەدا، تێدەگەم کە ئەو زاتە وەک ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆو بێلایەن هاوکاری منی نەدەکرد، ئەو شتەی کە پێموابوو دەتوانم یەکێتی بم لەڕووی بیروباوەڕەوەو لەڕووی میدیایشەوە سەربەخۆم بم، شتێک بوو مام جەلال گاڵتەی پێدەهات، بە واتای ئەوەی مام جەلال، مام جەلال بوو، سکرتێری گشتی منە، ئەوکاتەی کە ئەندامی یەکێتیم، مامی منە ئەوکاتەش کە لە دەرەوەی یەکێتیم. بۆ هەموو کەس وابوو، دەزانم بەهۆی کارکردنم لە کوردستانی نوێ مێژوویەکمان هەبوو پێکەوە، خۆی بە خاوەنمان دەزانی و ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەداینێ، زۆرم ئەو مامەڵەیە پێخۆشبوو، هەم لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا خۆم جەلالیم و هەمیش لەبەرئەوەی بەشێک بوو لە پرۆژەی نەتەوەیی گەلی کوردستان، بەشێک بوو لە پرۆژەی دیموکراسیی کە تۆ ڕۆژنامەیەک دەربکەیت بە عەرەبی و تورکمانی، بێگومان ئەو فەرمایشتانەی مام جەلال لەگەڵ نەزعەی مندا گونجاوە، هەروەک چۆن لەگەڵ پرۆژەکەی

دکتـۆر بەرهەمیـش دەگونجـا، مـام وتـی «مـن مانگانـە دەفتەرێکتان بـۆ ئەبڕمـەوە لـە سـکرتاریەتی خـۆم. زەویشـتان ئەدەمـێ»، بـە نووسـراوێک بـۆ شـارەوانی پارچەیـەک زەوی بـۆ تەرخانکردیـن لـە سـلێمانیو بەڵێنیشـی پێدایـن خانومـان بـۆ بکڕێـت لـە کەرکـوک، داواشـیکرد ستافەکەشـمان بگوازینـەوە ئـەوێ، بـەڵام بەڕاسـتی چونکـە بەشـی زۆریـان کەرکوکـی نەبـوون، ئـەو خەونەیـان پەکخسـت، بـەڵام مـن خـۆم وتـم پێـم باشـەو ئەوکاتـە خانویەکـم هەبـوو لەکەرکـوک، کێشـەم نەبـوو. مـام جـەلال هەمـوو بەڵێنەکانی جێبەجێکـرد. بێگومـان لەبەرئـەوەی تـەواوی سـتافەکە نەهاتنـە کەرکـوک پێویسـت نەبـوو ئەرکـی مـام زیـاد بکەیـن و خانووەکـە بکڕیـن، بـەڵام هەمـوو ئیلتیزاماتەکانـی تـری جێبەجێکـرد، هـەروەک یارمەتـی تـری دایـنو مانگانـەی بـۆ تەرخانکردیـن و هـاوکاری ڕۆژنامەکـەی دەکـرد، هەمـووی بـۆ ئێمـە یارمەتییەکـی بـاش بـوو، بەتایبـەت ئەوکاتـەی کـە ویسـتیان ئێمـە توشـی کێشـە بکـەن، مـام جـەلال فشـەی بـەو شـتانە دەهـات کـە دەیانویسـت پرۆژەکـە پـەک بخـەن، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە سیاسـەتو گوتـاری ئاسـۆدا بیانوویـان نەدەدۆزییـەوە هیچیـان لـەو کێشـەیە هەڵنەکرانـد.

# ڕۆژنامەی ویلایە و ئۆفوك
# وەك خواستێکی مام جەلال

پێشــتریش ئــەوەم رونکــردەوە، کــە مــام جــەلال تەنهــا کۆمەکــی دارایــی نەدەکردیــن، بەڵکــو ئامۆژگاریو پێشــنیاری بەجێی دەدایــە ئێمــە کاری لەســەر بکەیــن، یەکێــک لــە خواســتەکانی ئــەو زاتــەش بریتــی بــوو لــە دەرکردنــی رۆژنامــە بەزمانــی نەتەوەکانــی تــر، راســتیەکەشــی بەهــۆی هاوکارییەکانــی مــام جــەلال لەکەرکــوک پەرەمــان بــە رۆژنامــەی ئاســۆداو رۆژنامەیەکــی عەرەبیشــمان بەنــاوی (ولایــە) دەرکــرد، رۆژنامــەی ولایــە کــە دەرچــوو بــۆ دروســتکردنی پەیوەنــدی نێــوان کــوردو عــەرەبو تورکمــانو ئاشــووری بــوو، چونکــە عەرەبــی زمانێکــی هاوبەشــەو هەموویــان دەیانتوانــی تێــی بگــەن، لــە هەمــان کاتیشــدا رۆژنامــەی ئاســۆمان کــرد بــە تورکمانــیو ناومــان نــا (ئوفــوک). ئەمــەش هــەر بــە واتــای ئاســۆ دێــت، بیرمــە برادەرێکمــان پەیــدا کــرد بــە تورکمانــی لاتینــی دەریدەکــرد، بــۆ ئــەوەی تورکمــان خــۆی چــۆن پێــی خۆشــبێت ئاوهــا بنوســرێت، خــۆم ســەروتارەکەم دەنووســی و ئــەو بــرادەرە وەریدەگێــڕا، دوایــی کــە ئاسۆشــمان کــرد بــە رۆژانــە دوو ژمارەمــان لــە کەرکــوک دەرئەکــرد، ئەوکاتــە مــن ماڵــم لــە کەرکــوک بــوو.

ئــەو رۆژگارە زۆر کاری باشــمان بــۆ کەرکــوکو ناوچــە

دابـڕاوەکان ئەنجامـدا، لەوانـە جگـە لـە ڕۆژنامـەی (ولایـە)، دوای ئـەوەی (ئوفوک)مـان دەرکـرد و پاشـان ڕۆژنامـەی (پردێ)مـان دەرکـرد، هەروەهـا یەکێکـی تـر لـەو پرۆژانـەی بەجددیـەوە کارمـان لەسـەر کـرد، ئـەو هەفتەنامەیـە بـوو کـە کۆکـراوەی ئـەو وتـار و ڕاپۆرتـە جیهانیانـە بـوو کـە لەسـەر کـورد لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە جیهانییـەکان بڵاودەکرانـەوە، یەکێـک لـەو کەسـانەی کاری تێـدا دەکـردو لێهاتووانـە بـەو کارە هەڵدەسـتا ڕۆژنامـەوان (مەریـوان حمـە ڕەشـید) بـوو، کوڕێکـی گەنجـی بەتواناو لێهاتوو بـوو، هەرچی هەبوایـە لەسـەر کـورد بڵاوماندەکـردەوە، دوای ئـەوە دوو ژمارەمـان لێکـرد بـە گۆڤـار بەنـاوی خەنـدان دیپلۆماتیـک بـوو بەچاپێکـی جوانـەوە دەرچـوو، ئیتـر زەحمـەت بـوو بکرێـت بـە گۆڤـار، ڕاسـتە سـەدام ڕوخابـوو، بـەڵام تـازە بـە تـازە ڕۆژنامەنووسـیی پـەرەی پێـدەدرا، هێنـدە ئاسـان نەبـوو دامەزراوەیەکـی میدیایـی دابمەزرێنـی، لەنـاو میدیـای ئەهلـی تەنهـا ڕۆژنامـەی هاوڵاتـی هەبـوو، هێشـتا ئاوێنـە دەرنەچووبـوو، بۆیـە ئەزموونەکـەی ئێمـە بـۆ ئەوکاتـە بەبـاوەڕی مـن نـاوازە بـوو.

# مستەفا کازمی لە گۆڤارە عەرەبییەکەی ئێمەدا

پـاش چەنـد سـاڵێک کەڵکەڵـەی دەرکردنـی گۆڤارێکـی عەرەبـی چووبـووە زەینـی ئێمـەوە، بیرمـە ڕاموابـوو کـە گۆڤارەکـە سەرنووسـەرەکەی عـەرەب بێـت و بەزەینییەتـی کـوردی بیـر نەکاتـەوە، بەڵکـو کار بـۆ عێـراقو پرۆسـە سیاسـییە نوێیەکـەی بـکات و بەشـی مەسـەلەی کوردیـش بـدات. ئیـش بـۆ دیموکراسـیو بەهـا باڵاکانـی تـر بـکات، هەڵبەتـە لـەو بۆچوونـەدا کاک بەرهەمیـش هاوڕابـوو، بـەڵام پێـی لەسـەر ئـەوە داگـرت، کـە گۆڤارێـک بـە هەمـان میتـۆد و فـۆڕم بـە کوردیـش دەربچێـت، پێشـنیاری ئەوەشـی کـرد کـە مـن خـۆم سەرنووسـەر بـم، چونکـە ئەوکاتـە لـە ئاسـۆ نەمابـووم و تەنهـا سـەرۆکی دەزگاکـە بـووم. چەنـد نموونەیەکمـان لـێ ئامادەکـردو بـۆ پەیداکردنـی ئەزمـوونو دەسـکەنەکردنی ئەزموونـی وڵاتانـی دیکـەش، لەگەڵ کاک (شـۆڕش ئەحمـەد)ی دیزاینـەر گەشـتێکمان کـرد بـۆ لوبنـان، سـتافی گۆڤارە عەرەبییەکـەش (محەمـەد عەبدولجەبـار شـەبوت و مسـتەفا کازمـی) لـەو سـەردانە هاوبەشـبوون، تـا باشـترین شـێوازەکانی دیزایـن و تەکنیکـی گۆڤـار فێـر بیـن و ئەزموونـە گەشەسـەندووەکەی ئـەوێ تاقـی بکەینـەوە، هـاوکات لەگـەڵ ئـەوە موحەریرەکانیشـمان لەسـەر

شـێوازەکانی کارکردنـی ئـەو گۆڤـارە راهێنـا، گۆڤـاری (الاسـبوعیة) مـان دەرکـرد، بـۆ ئـەوەی چـاپ و کوالێتـی چاپـی گونجـاو و جـوان بێـت، چاپـی هـەردووک گۆڤارەکەمـان دەبـردە ئـوردن، بەڕاسـتیش ئەوێمـان بۆیـە هەڵبـژارد، هـەم لەبەرئـەوەی کوالێتـی چاپـی جـوان و هەمیـش لەبەرئـەوەی نرخـی زۆر گونجـاو بـوو، هـەروەک بـۆ ئـەو رۆژگارە هاتووچـۆش بـۆ ئـەوێ سـانا تـر بـوو، بەڕاسـتیش کـە بیـری لێدەکەمـەوە بـۆ ئـەوکات ئەزمـوون و سـتایلێکی تـازە بـوو، کـە گۆڤارێکـی سیاسـیی رەنـگاو رەنـگ لـە دەرەوەی وڵات چـاپ بکرێـت، هەربۆیـە ئـەو دوو گۆڤـارە دەسـتە خوشـکە (هەفتانـە) و (الاسـبوعیة)، کـە هـەردوو سـتافەکە پێکـەوە کاریـان دەکـرد بەکـوردو عەرەبـەوە. یـادەوەری خۆشـی زۆرە. بـەڵام دوای (٢٠٠٩)و بەدیاریکراویـش پـاش هەڵبژاردنەکانـی (٧/٢٥) گەڕامـەوە بـۆ کوردسـتانی نـوێ. هـەم لـە دەزگای خەنـدان وازم هێنـاو هەڵکـەوت عەبدوڵـڵا بـووە سەرنووسـەری گۆڤارەکـەش بەوەکالـەت. بۆئـەوەی نیازپاکـی خۆشـم نیشـان بـدەم و هەڤاڵانـی خەنـدان پێیانوانەبێـت ماڵئاوایـی یەکجارەکیـم لێکـردوون، داوام لـەکاک بەرهـەم کـرد بۆردێـک دروسـت بـکات بـۆ دەزگاکـە و منیـش دەبـم بـە ئەندامـی ئـەو بـۆردەی بەڕێوەبردنـی خەنـدان.

جێـی خۆیەتـی ئـەوە لەبیـر نەکـەم، ئەگەرچـی وەک کارەکتەرێکـی سـەرەکی خەنـدان شـانم دایـە بـەر زۆرێـک لـەو بەرپرسـیاریەتیانە، بـەڵام راسـتییەکەی مـن لەگـەڵ بەشـێکیان نەبـووم، یەکێـک لەوانـە پـرۆژەی فراوانکردنـی خەنـدان بـوو، یەکێـک لـەو ناکۆکیانـەی لـەو پرۆسـەی فراوانکردنـە هەمبـوو،

بریتـــی بـــوو لەدەرکردنـــی گۆڤارێـــک بـــە عەرەبـــی، چونکـــە مـــن ڕاموابـوو خەنـدان بکەیـن بـە بەشـێک یـا پرۆژەیەکـی هاوپەیمـان لەگــەڵ پرۆژەیەکــی عەرەبــی بــۆ ئــەوەی خەنــدان بــە کــوردی بمێنێــتەوە، رام وابـوو پرۆژەیـەک هەبێـت بەنـاوی دیموکراسـی لـە عیراقــداو خەنــدان و دامــەزراوەی تــری عیراقــی لەخــۆی بگرێــتو بــەو ئاراســتە هاوپەیمانییــە کاربکــەن، بــەڵام دکتــۆر بەرهــەم هــەر رای وابــوو عەرەبیەکــەش خەنــدان دەرببــکات، چونکــە مــن گریمانــەی ئەوەشــم دانابــوو، لەحاڵەتــی هاوپەیمانــی دروســتکردن لەگـەڵ دەستەخۆشـکێکی تـری دنیـای دیموکراسـی و میدیـای نوێی عیراقــی، هــەر وەختێــک پــرۆژە کوردییەکــە بیەوێــت جیــا بێــتەوە کێشـەی نەبێـتو هەروەختێکیـش پـرۆژە عەرەبیەکـە بیەوێـت جیـا بێتــەوە هــەر ئاســایی بێــت، یــان بــۆ ئــەوەی گۆڤــارە عەرەبییەکــەی ئێمــە لەنــاو کێشمەکێشــە سیاســییەکانی عیــراق نەبێتــە هۆکارێــک لەرێگەیــەوە کــوردو ســەرکردایەتیەکەی بــە ئامانــج بگیرێــتو بڵێــن ئەهــا ئــەو گۆڤــارەی کــوردەکان کــە بەعەرەبــی دەردەچێــت کێشــەو ئاشــووبی ناوەتــەوە، ئێســتا کــە مێــژوو دەخوێنینــەوە هەمــان ســەرنج لەســەر رۆژنامــەی کوردســتانیش هــەر هەیــە، کــە میقــداد مەدحــەت بەردخــان دەریکــردووە، وەک ئــەوەی هەندێــک دەڵێــن ئــەوە زمانحاڵــی ئیتیحــادو تەرەقیــە، بــۆ ئــەوەی خۆمــان لــەو کێشــانە بــەدوور بگریــن، باشــترین رێــگا دۆزینــەوەی چەترێــک یــان گەورەتـر لـە چەترێکـە بـۆ ئـەوەی تـەواوی ئـەو ئاراسـتانەی تێـدا کۆبکرێتــەوە، بــەڵام بەدڵنیاییــەوە هەمــوو ئــەو شــتانە بەدینایــەن کــە مــرۆڤ خەونــی پێوەدەبینــیو خەیاڵــی بــۆ دەکات.

# هەندێك برین و چەپکێك شانازی و دەیان یادەوەری لە سەردەمی ئاسۆدا

یەکێک لە ناخۆشترین ڕۆژەکان بۆ ئەو هەڤاڵو دۆستانەی لە خەندان ئیشیان دەکرد، ئەو ڕۆژە بوو کە دوای دوو ساڵ وازهێنانم و گەڕانەوەم بۆ کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی ئاسۆ داخرا، دڵم دانەوەو بیرمە پێم گوتن: خەم مەخۆن، خۆ پارتە کوردییەکانی باکووری کوردستان هەمیشە دادەخرێن و بەناوێکی تر دەست پێدەکەنەوەو گەشە دەکەنەوەو دەگەنەوە ترۆپک، ڕاستە ئێستا ئاسۆ بۆتە بەشێک لە مێژوو، بەڵام ئەو مێژووە بۆ من دەوڵەمەدند و شانازی سەرنج ڕاکێش بوو، چونکە لەو نەهج و گوتارە نەرم و نیانەی خۆی لاینەداو لەسەر دەسەڵات یان ئۆپۆزسیۆن خۆی ساغ نەکردەوە، هەروەها نەبووە بەشێک لە ململانێکانی نێوان یەکێتی و پارتی، بەدڵنیایشەوە تا ئەو ڕۆژگارەی ئێمە ڕۆڵمان تێدا گێڕا، نەمانهێشت لەسەنگو متمانەی لەناو وەرگرانیدا بکەوێت، بەتایبەت گرنگی ئەو سەرڕاستیو بێلایەنیەش لەوەدا بوو کە خەندان دامەزراوەیەک بوو، یەکێتیو پارتیو ئیسلامیو کۆمۆنیستیشی تێدابوو، کەچی لە پرسگەی دامەزراوەکەوە کەدەهاتنە ژوورەوە هەموویان ئینتیمای خۆیان وەلا دەناو بەشێوەیەکی پیشەیی کاریان دەکرد.

ئێمــه لــەو دەورانــەدا هێنــدە کوردســتانی بوویــن، ســنوورە دەستکردەکانمان وەلا نابوو، ناکۆکییە حزبیەکانمان پشتگوێخستبوو، لـە سـەرکردەکانی باشـوورەوە، بـۆ باکـورو رۆژهـەلات، بـۆ رۆژئـاوای کوردسـتانیش، تەنانـەت کوردانـی یەکێتی سـۆڤیەتیش جیگایـان لەناو لاپەڕەکانـی رۆژنامـەی ئاسـۆدا پارێـزراو بـوو، هەرگیـز نەماندەهێشـت شـارچیەتیو گەڕەکچیەتـیو ئینتیما لۆکاڵییـەکان جێگـە بـەو گوتـارە کوردسـتانییە چـۆڵ بکـەن. ئەوکاتانــە ئەگەرچــی لــە زۆنــی ســەوز سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئۆپۆزسـیۆنو خۆتەریککردنـی باڵـی ریفۆڕمـی نـاو یەکێتـی بـوو، بـەلام هـەر خۆمـان لەبەریەککەوتـن لەبەرامبەریـان دەپاراسـت. بیرمـە تـازە کۆمپانیـای ووشـە دادەمـەزراو کادری ئێمەیان دەبـرد، هەتـا وەکـو نوکتـە رۆژێکیـان تەلەفونـم بـۆ کاک نەوشـیروان مسـتەفا کـرد، وتـم «کاک نەوشـیروان مـن وامزانـی لـە یەکێتـی و مـام جـەلال جیـا دەبیتـەوە، نەمزانـی لەرۆژنامـەی ئاسـۆو سـتران جیـا دەبیتـەوە»، وتـی «بـۆ»، وتـم «زۆربـەی کادرەکانـی منتـان بـردووە بـۆ رۆژنامـەی (رۆژنامـە)ی رۆژانـە»، خواهەڵناگرێ بەهێمنـی وەلامـی دامــەوەو وتــی «ئەگــەر حــەزت لێیــە ئێســتا لــە نامەیەکـدا بـۆت دەنوسـم وەک ئیتیفاقییـەک کـە ئەمانـە هەتـا مـردن عایـدی رۆژنامـەی ئاسـۆ دەبـن». وتـم «نەوڵـڵا هـەر حەزمکـردووە ئـاگادار بیـتو هـەر وەک نوکتـە پێـم وتـی». هەتـا رۆژێکیـان کـە لەگـەڵ رۆژنامـەی ئاسـۆ نەمـام و هێشـتاش بڕیـارم نەدابـوو بچمـە سـەر کارێکـی تـری خەنـدان چـوم بـۆ لای کاک نەوشـیروان تـا دکتـۆر فوئـاد عەجمـی پـێ بناسـێنم کـە میوانـی یەکێتـی بـوو وتـی:«مـن دەزانـم تـۆ لـە ئاسـۆ نەماویـت، هـەر کاتێـک دێیـت بـۆ وشـە دەرگای خۆتـە».

# گەڕانەوەم دیسانەوە بۆ کوردستانی نوێ

ئـەو کاتـەی بـۆ جـاری دووەم هاتمـەوە بـۆ کوردسـتانی نـوێ ستایلی ئیشـکردنو دیزاینی ئاسـۆ لە کارەکانمان رەنگی دەدایەوە، هەتـا لـە بیرمـە کاک (ئـازاد جوندیانـی) سـەرنجی لەسـەر ئـەو وێنە گەورانـە هەبـوو کـە لەلاپـەڕە یەکدا داماندەنـا، جارێک بەڕاشـکاوی بـەڕووی دادامـەوە کـە ئـەوە ئەزموونـی ئاسـۆیەو لێـرە جێبەجێـی دەکەیـت، وتـم «کاکـە مـن سـتایلی کوردسـتانی نوێـم بـردە خەندانـەوەو ئێسـتاش سـتایلی خەنـدان دەهێنمـەوە کوردسـتانی نـوێ». جارێکـی تـر دەیڵێـم مـن مێژووەکـە بـە پێکـەوە گرێـدراو دەزانـم، ئـەو دوو ئەزموونـە لەیەکتـر جیـا ناکامـەوە، هەتـا خەڵـک هەبـوو بەڵێنـم پێدابـوون کتێبیـان بـۆ چـاپ بکـەم، بـۆ نموونـە کاک (جەوهـەر کرمانـج) کـە یاریـدەدەری مـام جـەلال بـوو بـۆ کاروبـاری روناکبیـری، پێشـتر کتیبێکـم داپێـی لەسـەر ئەزموونـی (موسـتەفا ئەمیـن) بـۆ ئـەوەی بۆمـان وەربگێـڕێ و لـە ئاسـۆ بـڵاوی بکەینـەوە، شـتێکی سـەرنجڕاکێش و تـازە بـوو، یاریـدەدەری مـام جـەلال کـە موعجیبـە بـە هەیکـەل کتێبێـک وەردەگێڕێـت هـی ڕۆژنامەنوسـێک کـە کێشـەی لەگـەڵ هەیکـەل هەبـووە، بـەڵام ئـەم گیانـە دیموکراسـییە سـەیرو سـەمەرە هـەر لـە یەکێتییـەکان

دەوەشـێتەوە، شـتی واسـەیر هـەر لـە ئێمـە دەوەشـێتەوە، مـن کـردم و دامپێـی و بـە ئەڵقـە لـە ئاسـۆ بڵاوبـۆوە، کاتێـک وازم لـە خەنـدان هێنـا، یەکێـک لـەو کەسـانەی پەڵێنـم پێدابـوو جەوهـەر کرمانـج بـوو هـاتو یەخـەی گرتـم و بەڵێنەکـەی بەسـەر چـاودا دادامـەوە کـە کاتـی خـۆی ووتبـووم دوای بـە ئەڵقـە بڵاوکردنـەوە بـۆت چـاپ دەکـەم، بـەڵام بـۆ نەکرابـوو لـەوێ ئەنجامـی بـدەم، بـەس وەک یـەک ماڵەکـی لـە کوردسـتانی نـوێ کتێبەکـەم بـۆ چاپکـرد، زۆر کـەس هەبـوو بەڵێنـم پێدابـوو پاداشـتی بـۆ بکـەم، هاتـم لـە کوردسـتانی نـوێ بەنـاوی هـاوکاری یارمەتیمـدا. بەڵێـن هـەر بەڵێنـەو دەبـێ جێبەجـێ بکـرێ. ئەوکاتـەی لـە راگەیاندنـی حکومـەت بـووم بەڵێنـی هەندێـک سـەفەرم دابـوو بـە هەڤـاڵان رێکنەکـەوتو لـە ئاسـۆش بـۆ هەندێکیـان رێککـەوتو بـۆ هەندێـک نـا، بـۆ نموونـە کـە گەڕامـەوە کوردسـتانی نـوێ سـەفەرێکم بـۆ (جەمـال ئارێـن) رێکخسـت بچێـت بـۆ ئیتاڵیـا، کاک (لەشـکر حەمـە سـاڵح) گلەیـی کـرد، کـە ئـەوم لەبیرکـردووە، وتـم «تـۆ لەشـکر گیـان کـە لـە سـتافی کاک دکتـۆر بەرهـەم بـووم سـەفەرێکم بـۆ دابینکـردی بـۆ سـوید، لـە بیرمـە (شـۆڕش ئەحمـەد) چـوو بـۆ لوبنـان لەخولـی راهێنـان کـە هاتمـەوە بـۆ کوردسـتانی نـوێ وتـم ناتنێـرم بـۆ دەورە. لـە لوبنـان چـی لـەوێ فێـر بوویـت لێـرە بـەکاری بهێنـەرەوە».

وازهێنانـم لـە خەنـدان ئەگـەر لـە رواڵەتـدا حەنینێـک بووبێـت بـۆ کوردسـتانی نـوێو میدیـای یەکێتـی، ئـەوە بەدیـوی تـردا شـتگەلی تریشـی لـە پشـت بـوو، پرسـیارە جەوهەرییەکـە

ئەوە بوو کە بۆ پاش ئەو هەموو ماوە دەستبەرداری خەونی ئاسۆ و خەندان بووم، راستییەکەی هەستمکرد پرۆژەکانمان لەگەڵ کاک بەرهەم خەریکە بە بنبەست دەگات، هەموو جارێ ئەم نموونەم دەهێنایەوەو بە خاوەنی پرۆژەکەم دەوت (قەتەر و ئەمریکا) رێککەوتنێکی ستراتیژیان هەیە. لەکاتێکدا ئەمریکا سەرکردایەتی هەموو جیهان دەکات و بەو هێزە ئابووریو سیاسیو سەربازییەی هەیەتی، کوێخای گەردونە، کەچی رێککەوتنی لەگەڵ قەتەر کردووە. کە وڵاتێکی بچوکە، هاوشێوە لەگەڵ ئەوە رێکەوتنەکەی من و تۆش ئاوهایە، تۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی عیراقی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیو منیش تەنها ئەندامێکم، ئیتر ئەو هاوپەیمانیە لە سەدا نەوەدی تۆ بەرپرسیو لە سەدا دەش هی منە. هەستمکرد ئەوەی لە ئەستۆی منە جێبەجێمکردووە، بەڵام ئەو جاروبار ئەو دەستی لەکاروباری خەندان وەردەداو سەدی دەیەکەی منیشی تێدەپەڕاند، ئەوکاتەی دەستوەردانەکە باش بووبێت بەقسەم کردووەو ئەوەشی باش نەبووە، هەوڵمداوە بەقسەی نەکەم، راستیەکەی چەند جارێک کاک بەرهەم لەو ململانێیەدا منی بەزاند و لێی بردمەوە، ئێمە رێککەوتنەکەمان وابوو، ئەو دیوە سیاسییەکەی ئەو پرۆژەیە بەڕێوە بباتو منیش سەرپەرشتی دیوە میدیاییەکەی بکەم، دواجاریش هەر دیوێک لەدیوەکانی ئەو پرۆژەیە سەرکەوتوو بوایە، بەدڵنیاییەوە ئەو بەر لەهەر کەسێکی دیکە دەستکەنەی ئەو دەستکەوتانەی دەکردو بەرهەمەکەی دەدورییەوە، بەڵام

هەستمدەکرد ئـەو تێگەیشـتنە هاوبەشـە ئاسـان نەبـوو، لانـی کـەم زەمینـەی پابەندبـوون زۆر نەمابـوو، بۆیـە دەبوایە لەپێنـاو مانەوەی هاوڕێیەتییەکـە، مـن دەسـت لـە پرۆژەکـە هەڵگـرم و دۆسـتانە ماڵئاوایـی بکـەم، پاسـاوی ئاکارییشـم هەبـوو بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ئـەو ماڵـە گەورەیـەی هەمیشـە بەخێویکـردووم کـە ڕاگەیاندنـی یەکێتـی و کوردسـتانی نـوێ بـوو، بەتایبـەت کـە ئـەو دەورانـە هەڵمەتێکـی گـەورە بـە پشـتیوانی جۆرەهـا تۆپخانـەی میدیایـی دژی یەکێتیـی نیشـتمانیی بەڕێوەدەچـوو. گەڕانـەوەم بـۆ کوردسـتانی نوێ حەتمی بـوو، چونکـە ناکرێـت لـەو بەرپرسـیاریەتیە رابکـەم کـە حزبەکـەم لەبەرامبـەر ئـەو شـەپۆلە دڵڕەقـەدا پێویسـتی بـە مـن بێـت، ئیـدی کۆبوونەوەیەکـی فراوانـم لەگـەڵ هاورێکانـم لـە خەنـدان رێکخسـتوو، تێکـڕاو پێکـڕای هاوڕێیانـم لـە گەڕانـەوەم بـۆ کوردسـتانی نـوێو راگەیاندنـی یەکێتـی ئـاگادار کـردەوەو ماڵئاواییـم لێکـردن.

گەڕانـەوەی مـن بـۆ کوردسـتانی نـوێ، گەڕانـەوەی میدیاکارێکـی دابـڕاو نییـە بـە تەنهـا، بەڵکـو گێڕانـەوەی کـۆد و زەردەچەوکەشـە. بەدڵنیاییـەوە رۆحـی ئیشـەکە لای ئـەو کەسـانەیە کـە کاری تێـدا دەکـەن، بێگومـان پارەکـە لای ئـەو کەسـەیە کـە تەمویلـی دەکات، هەمیشـە باوەڕموابـووە کـە پـرۆژەی خەنـدان بریتـی نییـە لـەو قەنەفـەو کۆمپیوتەرانـەی کـە تێیدایـە، بریتـی نییـە لـەو سـایتە یـان رۆژنامـە یـان گۆڤـارە یـان موڵکیەتـەی داخـۆ بەنـاوی کێوەیـە؟ چونکـە موڵکیـەت ئاسـانە، داوایـەک پێشکەشـی وەزارەتـی رۆشـنبیری بکـەو بڵـی رۆژنامـە دەردەکـەم، ئەویـش دەڵـێ بەسـەرچاو دەتوانـی بیبـەی بەڕێـوە، لەبەرئـەوە مـن کـۆدو

زەردەچێوەکەی خۆمم پێبوو، ئیدی لەوێ لەگەڵ کاک بەرهەم جیابووینەوە، من دواجار بووم بە سەرنووسەری کوردستانی نوێ و ئەویش بوو بە سەرکۆماری عێراق.

من تا ئەو رۆژەی وەفاتیشی کرد، هەمیشە دۆستێکی نزیکی کاک نەوشیروان مستەفا بووم، بەڵام ئەو رۆژگارەی گەڕامەوە کوردستانی نوێ، سەردەمی هاڕینی ئێسکو پروسکی یەکتری بوو، یەکێتی و گۆڕان لە ئەوجی ناکۆکیو ململانێی هەمەچەشنەدا بوون، ئیدی بۆ ماوەی دوو ساڵ من لەناو شەڕە میدیاییە بووم و لە بەرگریکردن لە یەکێتیو ئەزموونەکەی درێغیم نەکرد، بەڵام هەرگیز لەو جۆرە شەڕانەدا نەمگەیاندۆتە مریشکە رەشەو تەنها وەک کادرێکی یەکێتی بەرگریم لە بیروباوەڕو خەونە سیاسیەکانی یەکێتی کردووە. بۆیە ئاسان بوو دوای شەڕی قورسی ڕاگەیاندن کە یەکتریمان بینیەوە دۆستایەتیمان نوێ کردەوە. دیارە بە رەچاوەکردنی پایە و مەقامی هەر یەکێک لە شوێنی خۆی. ئەو سەرکردەی گۆڕان و منیش پێشمەرگەیەکی یەکێتی. کە بیستمەوە وتی ستران قەڵەو پانو پۆڕ بووی وتم: کاک نەوشیروان ئێمە خەتی گشتین هەروایین. زۆر پێکەنی و باوەشمان بەیەکتریدا کرد.

# نوقڵانەی مەرگی ڕۆژنامەی کاغەزی

کۆتاییهاتــن یــا کزبوونــی ئامرازێــک لــە ئامــرازەکان، یــان ئــەوەی بڵێیــن نزیکبوونــەوە لــە مەرگــی ســەکۆیەک لــە ســەکۆکانی میدیــا، گفتوگۆیــەک نیــە تــازە چــاوی تروکابێــتو پەیوەســت بێــت بــە میدیــای کاغەزییــەوە، بەڵکــو هاوشــێوەی زۆر قۆنــاغو وێســتگەی مێژوویــی، بــەردەوام لەگــەڵ دەرکەوتنــی ئامــرازی نوێــی میدیایــی، ئــەو پرســیارو ئەگەرانــە هــەر دووبــارە بوونــەوە. ئــەو دیاردەیــەش، ئەگــەر بەشــێکی پەیوەســت بێــت بەسروشــتو خەســڵەتی ئامێــرە نوێیەکانــەوە، ئــەوا دیوەکــەی تــری گرێــدراوی ئــەو تــرسو سڵەمینەوەیە، کــە تایبــی یەکەمــی میدیاکــە لەبەرامبــەر دیــاردەو ئامــرازە نوێیەکــە دەریدەبڕێــتو گوزارشــتی لێدەکات، راستیەکەشــی ئــەو پرســیارو گریمانانــە ئاســاییو رەوان، چونکــە دواجــار لــەزۆر ســاتو دەورانــی مێــژووی راگەیاندنــدا دووبــارەو چەنــد بــارە بوونەتــەوە. بــڕۆ لــە ســەرچاوە مێژوویییــەکان رابمێنــە، تەماشــای ســاتو دەورانــی دەرکەوتنــی تەلەفزیــۆن بکــە، بــە ئاشــکرا ئــەو جــەدەلو گفتوگۆیانــە بەدیدەکەیت، خــۆم باوەڕموایــە لەئەورووپــاش ئــەو کێشــەیە هــەر هەبــووەو هەرکاتێــک ئامرازێکــی تــری میدیایــی پەیــدا دەبێــت، ئــەو پرســیارە لەگــەڵ خــۆی دەهێنێتــەوە، کــە

داخـۆ ئامرازەکانـی تـر چیـان لێدێـتو چارەنوسـیان بـەچ دەگات؟ بـۆ نموونـە بەوپێیـەی (ڕۆژنامـە) یەکەمیـن داهێنـراوی میدیاییـەو دوای ئــەو (ڕادیــۆ) دەدۆزرێتــەوە، پاشــانیش (تەلەفزیــۆن) و ئینجـا (ئەنتەرنێـت) و لـق و پۆپەکانـی دیکـەش، هەمـان ئـەو پرسـیارانەی لەگـەڵ خـۆی هێنـاوە، کـە ئـەوەی پێـش خـۆی بەکویێ دەگاتو چـی لـێ بەسـەر دێـت؟ ئـەوە لەبوارەکانـی دیکـەی ژیـانو لەسـێکتەرەکانی تریشـدا هـەر ڕوودەدات. بـەڵام هەمـوو جارێکیـش کـە شـۆکی قۆنـاغو دیـاردە نوێیەکـە تێدەپەڕێـت، وەک دەڵێـن ئامـرازەکان سـەرلەنوێ هێزەکانـی خۆیـان دابەشـدەکەنەوە، ئیتـر خەمـی لەدەسـتچوونو بەسـەرچوون کۆتایـی دێـتو وەک دوانـەو سـیانەی تەواوکـەری یەکتـر بەیەکـەوە هەڵدەکـەن.

ڕاسـتیەکەی، کـە سـەرنج دەدەینـە ئـەو مقۆمقۆیـەی نێـوان دامـەزراوە میدیاییـەکان، بـە ئاسـانی لـەوە تێدەگەیـن، کـە دەشـێت ئــەو دەردەڵو جەدەلــە هــەر دووبـارە ببێتـەوە، ببینـە کـە ڕادیـۆ پەیدابـوو، خەڵـک پێیوابـوو ئیتـر ڕۆژنامـە ناخوێنرێتـەوەو کۆتایـی دێـت، بــەڵام دوای هەڵمژینــی شــۆکەکە، لەجێــی بەریەککەوتنــی نێـوان ئـەو دوو ئامـرازە، کەچـی یەکتریـان تەواوکـرد. ئەو پرۆسـەی یەکـدی تەواوکردنـەش بەنـدە بـەو سـاتەوەختەی کـە بـۆ نموونـە ئەوانــەی ناتوانــن بخوێننــەوە، دەشــێت ڕادیــۆ وەک ســەرچاوەی بەدەسـتهێنانی زانیـاریو گوێگرتـن لەدەنـگو بیـروڕاکان بەکاربێنـن، ئەگـەر پێشـتر پاسـاوی تاکڕەهەنـدی ڕۆژنامـە ئـەوە بوو بێـت، کـە تەنهـا بـۆ خوێندەوارەکانـە، بەدەرکەوتنـی ڕادیـۆ، ئامرازێکـی نـوێ چـاوی تـروکا، کـە نەخوێندەوارەکانیـش دەتوانـن سـوود لـە

بەخششە میدیاییەکان وەربگرن. بەو جۆرەش دوانەی رۆژنامەو رادیۆ لەجێی بەریەککەوتن، توانیان بەیەکەوە هەڵبکەنو ببنە پاکێجێکی گشتگیرتر بۆ خزمەتی وەرگران، بەسەرێکدا رادیۆ لەبری ئەوەی شیرو تیر لەبەرامبەر رۆژنامە بسوێ، کردیە پەناگەیەکی نوێو وەک سەرچاوەی چیرۆکو زانیاریو ئەندێشە خستیە خزمەت وەرگرانەوە. زۆرجاریش من هەر بۆ شۆخی دەڵێم، پەیوەندی ئەو ئامرازانە تەنها یەک ڕەهەند نیە، چونکە دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی رادیۆ سەرچاوەی رزقو کاسبیەکی ترە بۆ رۆژنامەنووسانو لەوێشدا دەتوانن پەخشی بیروباوەڕی خۆیان بکەنو وەک مینبەرێکی تازە بۆ رۆژنامەکانیش بەکاری بێنن.

دەرکەوتنی هەر ئامێرێکی نوێ دەبێت وا تەماشا بکرێت، کە دۆزینەوەی جوگرافیایەکی نوێیە، پەیداکردنی روبەڕێکی جیاوازترە بۆ دەربڕینو قسەکردنو موخاتەبەکردنی ئەوی دیکە، لەگەڵ دەرکەوتنی هەر ئامێرێکی نوێدا پانتایی زۆرتر بۆ ئاخاوتنو گۆڕینەوەی بیروباوەڕ دەستەبەر دەبێتو دواجاریش ئەوە لەقازانجی وەرگران دەشکێتەوە. تۆ دابنێ، ئەگەر لە زەمەنی رۆژنامەدا پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ میدیادا تەنها لە خوێندنەوەدا کورت بووبێتەوەو توێژێک سوودی لێ بینیبێ، ئەوە لەگەڵ دەرکەوتنی رادیۆدا، گوێگرو بیسەریش دەبنە هاوبەشی ئەو خزمەتگوزارییە نوێیە. ئینجا کە تەلەفزیۆن پەیدابوو، هاتەسەر ئەوەی جگە لەوانەی کە گوێدەگرنو دەخوێننەوە، بواری دیکە بۆ ئەو کەسانە فراوان بوو کە دەبینن، ئیدی

بەدەرکەوتنـی ئـەو ئامێـرە نوێیـە بوارەکـە بـە قۆناغـی تەواوکاریـی دەگاتو هەمـوو هەسـتەکانی بیسـتن و بینیـن و خوێندنـەوە دەخرێتـە یـەک پاکێجـەوەو پێشکەشـی وەرگـر دەکرێـت.

رەنگـە بـۆ ئەهلـی قەڵـەمو ئەوانـەی لەنـاو دامـەزراوەکان کاردەکەیـن، مانـای جیـاواز بـۆ ئـەو ئامرازانـە بدۆزینـەوە، بـەڵام لەسـەر ئاسـتی وەرگـران، تێگەیشـتن لـەو ئامرازانە لەسـەر بنەڕەتی خەسـڵەتەکانیانە، بـۆ نموونـە رادیـۆ لای ئێمـە بریتییـە لـەو ئامێـرەی لەنـاو ئۆتۆمبێلـدا یـان لەچێشـتخانەی ماڵەکانـدا گوێـی لیدەگریـن، ئەوکاتـەی لـە ئۆتۆمبێـل دابەزیـنو خانمەکانیـش لـە چێشـتخانەکان هاتنـەدەر، ئیـدی سروشـتی کارلێکمـان دەگـۆڕێو یـان رۆژنامەکـەی دەسـتمان دەخوێنینـەوە یانیـش تەلەفزیۆنەکـە دادەگیرسـێنین و خۆمانـی پێـوە سـەرقاڵ دەکەیـن. تـۆ دیقـەت بـدەو لـە دیمەنـە گەورەکـە رابمێنـە، ماڵێـک بریتییـە لـە چەنـد ژوورێـک، چێشـتخانەکەی جـاران هـەر رادیـۆی تیابـوو، سـاڵۆنەکەی کتێبخانـەو دانیشـتنەکەی تەلەفزیـۆنو هەتـا تواليێتەکـەش هەندێکجـار وەک شـوێنی خوێندنـەوەی رۆژنامـە بەکاردەهێنرێـت. ئێسـتاش بەدەرکەوتنـی تەکنۆلۆژیـای نـوێ، هیـچ شـوێنێک نییـە ئامرازێکـی لـێ نەبـێ و مـرۆڤ بـە چەشـنێکی تـر بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ نەکاتـەوە، کەواتـە ئـەو شـتە ئەمـان باتـە سـەر ئـەوەی پرسـیار لـەوە بکەیـن، هـەر ئامرازێکـی میدیـا، کـە پەیدا دەبێـت، جگـە لـەو وەزیفانـەی کـە جێبەجێـی دەکات، لـە پەخشـکردنی زانیـاریو هـەواڵو بیـروڕا، بـەڵام جۆرێـک لـە سـروتو تەقسـی تایبەتیشـی لەگەڵدایـە. بـۆ نموونـە تەقسـی سـینەما، ڕاسـتە

بینینـی فیلمێـک لـە تەلەفزیـۆن یـان لەیوتیـوپ چێـژو لەزەتی خۆی هەیـە، بـەڵام تەقسـی سـەیرکردنی فیلـم لـە سینەما شـتێکی تـرە، بینینـی فیلمێـک بـە مسـتێک چەرەسـاتەوە لەگـەڵ خانەوادەکـەت تامێکـی بـێ بڕانـەوەی هەیـە، ئـەو سـروتو هەسـتکردن بەچێـژە بـۆ رۆژنامـەش هـەر راسـتە، کەوایـە هەمـوو شـتێک لەیـادەوەری وەرگرانیـدا جۆرێـک لـە سـروت و تامـی خـۆی هەیـە، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە ئـەو سـروت و یادەوەرییـە خۆشـانە بـەس نیـن بـۆ ئـەوەی لەفـەوتو نەمانیـان بیانپارێـزێ، ئـەوەی مـن پێشـبینی دەکـەم لـە بەشـەکەی مـن و تـۆ کـە بریتییـە لـە کاغـەز، مـن چەنـد ساڵێک پێـش ئێسـتا لـە یـادی دامەزراندنـی سـایتی خـاک بوویـن، برادەرێـک وتـی «سـتران دەزانـی سـاڵی (٢٠٤٨) رۆژنامـەی کاغـەز نامێنـێ»، رەنگـە لێکۆڵینـەوەکان وایـان وتبێـت، رەنگـە دوایـان خسـتبێتو رەنگیشـە پێشـیان خسـتبێت، منیـش بەزەردەخەنـەوە وتـم «ئەلحەمدولیـلا هـەر زۆر باشـە»، هیرۆخـان سەرپەرشـتیاری پرۆژەکانـی خـاک وتـی «رۆڵـە بـۆ دەڵێـی ئەلحەمدولیـلا» وتـم «هێرۆخـان، مـن ئەوپـەڕی تـا پەنجـا سـاڵی تـر دەژیـمو لـەم بـوارە ئەلـەوەڕم بـۆ خـۆم» زۆر پێکەنیـن، راسـتە رەهەندێکـی شـۆخیو گاڵتـەی تێدابـوو، بـەڵام بەڕاسـتی ئـەو مـاوەی مـاوە، بەکەڵکـی ئـەوە دێـت مـرۆڤ ئیـش بـکات بـۆ ئـەوەی بەشـێک لـە قـەدەری مەرگـی رۆژنامـە بگۆڕێـت.

مـن لـەو بـاوەڕەدام جارێکـی تـر وەک چەمکـە سـەربازییەکە دەڵێـت «ئیعـادەی ئینتیشـاری هێـزەکان دەبێتـەوە»، ئـەوە لـە مەفهومـی سـەربازیدا بریتیـە لـەوەی تـۆ پاشەکشـە ناکەیت، بەڵکو

جارێکی تـر هێزەکانـی خۆت بـڵاوە پێدەکەیتـەوە و ڕێکدەخەیتەوە.

مـن بـاوەڕم وایـە ئیعـادەی ئینتیشـار بـۆ میدیـای کاغـەزی پێویسـتە، ڕاستیەکەشـی ئـەو پرسـە خەمێکـی گشـتییەو تەنهـا نابێـت خەمـی ڕۆژنامەنووسـان بێـت، نابـێ بڵێیـن ڕۆژنامەنـووس بـە تەنهـا خەمـی لێدەخـۆن و سـێکتەرەکانی تـری کۆمەڵـگا هەقیـان بەسـەرییەوە نیـە، خەمێک نییـە بڵێیـن ڕۆژنامەنووسـەکان بەتەنهـا شـان دەدەنـە بـەر ئـەو موسـیبەتەو پێشکەشـکار و هەواڵسـازەکانی رادیـۆ بڵێـن ئێمـە هەقمـان بەسـەرەوە نییـە. بـۆ نموونـە لـە کوردسـتان پێویسـت دەکات سـەرلەنوێ هێزەکانـی ڕاگەیاندنـی کاغـەزی دابـەش بکەینـەوە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا نـەک تەنهـا بـۆ میدیـای کاغـەزی پێویسـتە، بەڵکـو بـۆ تەلەفزیۆنیـش گرنگـە، ڕاسـتە ئێسـتا ئـەوەی نـاوی بـەدەرەو قونـی بـەدەرە کاغەزییـە، بـەڵام هەڕەشـە لەسـەر تەلەفزیۆنیـش هەیـە، مـن و تـۆ لەبەرئـەوەی لەنـاو جەسـتەی کاغـەزدا رزقـی خۆمـان پەیـدا دەکەیـن و کاردەکەیـن بۆیـە تەنهـا ئـەو دیـوە دەبینیـن، بـەڵام خـۆ خەمـی هەڤـاڵ و هاوپیشەکانیشـمانە لـە تەلەفزیـۆن، دەبـێ هەمـان خـەم و خولیـا بـە زیندووهێشـتنەوەی تەلەفزیۆنـەوە ببینـن.

ئێمـە بـا واز لـەو قسـەو گریمانانـە بێنیـن، چەنـد خۆشـە کـورد ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی هەبێـت، چونکـە زەمەنێکـی زۆر بەهـۆی داگیرکارییـەوە، ئـەو نەتەوەیـە لـەو بەرهەمـە میدیاییـە مەحـرومو بێبـەش بـووە، ئـەوە وەکـو ئـەوە وایـە دونیـا چۆتـە سـەرمانگو ئێمـەش هـەر لەسـەر زەویـن و خـەون بـە دەوڵـەتـی سـەرزەوی ببینیـن، ڕاسـتە ئێسـتا ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە مەفهـومو وەزیفەشـی

گۆڕاوە. من سەرباری ئەوەی تا ئەو قۆناغەش ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە پێویست دەبینم، بەڵام نایشارمەوە جاروبار بیردەکەمەوەو دەڵێم ئەو تایپە لە ڕۆژنامە بریتییە لە گۆڤارێکی ڕۆژانە، چونکە چیتر هەواڵ نەما بۆ ڕۆژنامە، ئێ کە ئەوە نەماوە، چی دەبێت ئەگەر ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بکەین بە هەفتانە یان بیکەین بە پەخشێکی مانگانە؟ بۆ نموونە گۆڤاری مانگانەمان هەبێت و ئەو گۆڤارانەی کە هەفتانە دەرمانکردووە بیکەین بە مانگانە، ئەو ڕۆژنامەی ڕۆژانە دەرمانکردووە بیکەین بە هەفتانە، ڕەنگە ئەوە ئەلتەرناتیڤو جێگرەوەیەکی گونجاو بێت بۆ پاراستنی میدیای کاغەزی، بەڵام پێویستی بە دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش هەیە. بۆ نموونە هەتا ئێستاش لە کاری خۆمدا لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبمەوە، ئەو شتەیە، ئەگەر ڕۆژنامەیەک وەزیفەیەکی بۆ دیاری دەکەیت، ئەم وەزیفەیە جێبەجێ بکات، ئیتر پێویست ناکات ئەو هەواڵانەی، کە ڕادیۆکان دەیخوێننەوە یان تەلەفزیۆنەکان دەیخوێننەوە تۆ چاوەڕێ بکەیت، جارێکی تر بڵاو ببێتەوە.

ئەبێت ژمارەی پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژانە کەم بکەیتەوە، ئەبێت ئەم توانا ڕۆژنامەوانییە بەشێکی بگوازیتەوە بۆ ڕادیۆ، بۆ سۆشیال میدیا، ئەمەش لەیەکتر تێگەیشتنی دەوێت، ئەگەر ئێمە بە نموونە سەیری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەین یان لەتۆڕێکی فراوانی میدیایی بڕوانین، زۆر گرنگە وەزیفەکان بگۆڕێ، جاران کوردستانی نوێ بە سەد کەس دەرئەچوو، ئێستا بە بیست کەس دەری بکەیت

کارەسات ناقەومێ، بەڵام ئەو پرۆسەی گۆڕینی وەزیفە بۆ نانبڕاوکردنو برسیکردنی خەڵک نەبێتو هەشتاکەی تری بێ ئیش نەکەیت، بەڵکو لە بوار و سێکتەرەکانی تری میدیادا سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، با لەناو جیهانی رادیۆو دەنگدا خۆیان ببیننەوە، یان دەستیان بگرەو لەناو جیهانی پان و بەرینی سۆشیال میدیادا جێگەیان بۆ بکەوە، بێگومان ئەوەش بە تێگەیشتنە سەربازییەکە ئیعادەی ئینتیشار و سەرلەنوێ سەرمایەگوزارییە لەسەر توانا مرۆییەکانی رۆڵەکانی ناو منداڵدانی رۆژنامەی کاغەزی، بەم پێیەش هەم دەرفەتێک بۆ خۆتو هاوپیشەکانت دروست دەکەیت کە شوێن خولیاکانی خۆیان بکەونو لە میدیا دانەبڕێن، هەمیش دەتوانیت قەدەری فەوتو نەمانی رۆژنامەی کاغەزیی دوابخەیت.

# دەردەڵەکەی پیرەمێرد بۆ ڕۆژنامەی کاغەزی

دەردە دڵـی پاشەکشـەی میدیـای کاغەزیـیو ئـەو ئاسـتەنگە زۆر و زەواندانــەی رووبــەڕووی دەبێتــەوە کــەم نیــن، دەبێــت دان بـەوەدا بنێیـن ئـەو پەتایـەی روبـەڕووی رۆژنامـەی کاغـەزی بۆتـەوە هــەر کوردســتانی نەگرتۆتــەوە، بەڵکـو لەسەرانســەری جیهانیــش ئــەو دەردو بەڵایــە رووی لــە کاغــەز کــردووەو زۆر رۆژنامــەی بەناوبانگیــش ئەگــەر روبــەڕووی داخســتنو مایەپــوچ بوونیــش نەبووبنــەوە، ئــەوە بەدڵنیاییــەوە پاشەکشــەیەکی گەورەیان کردووە، بەســەرێکدا تیراژەکەیــان لــە کەمیــداوەو بەســەرەکەی دیکەشــدا بەدەیــان رۆژنامەنــووسو پەیامنێــر روبــەڕووی هەڵوەشــانەوەی گرێبەسـتەکانیان بوونـەوە، کەوایە دەردەکـە لەبنەڕەتەوە، دەردێکی جیهانییـەو پانتاییەکـی گـەورەی گرتۆتـەوە، بـەڵام رەنگـە ئـەوەی کوردســتان زۆر ناجـۆرو ســەیرتر بێــت، چونکــە ژمارەیەکــی زۆری رۆژنامـە لـە ماوەیەکـی کەمـدا قفڵیـان لـەدەرگای خۆیانـداو ناچـار بـە داخسـتن بـوون، ئەوانەشـی ماونـەوە، تیراژەکەیـان لـە هـەزار دانەیـەک تێناپەڕێـت، کـە ئـەوە بـۆ هەرێمێکـی وەک کوردسـتانو لــە ســەردەمێکدا کــە رێــژەی خوێنــدەواری لــە هەڵکشــانێکی گەورەدایــە، دەبێتــە نەنگیەکــی گــەورە، ئاخــر کــێ بــاوەڕ بــەوە

دەکات، لە وڵاتێکدا کە رێژەی بەکاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەند ملیۆنێکی تێپەڕاندبێت، هەزار خوێنەر بۆ رۆژنامە دەست نەکەوێت، خۆ ئەگەر پاساوەکە ئەوە بێت نەوە تازەکە، منداڵی سەردەمی ئەنتەرنێتو سۆشیال میدیان، بەڵام خۆ هێشتاش نەوەیەک لە ژیاندا ماوە، کە یادگاری زۆری لەگەڵ کاغەز هەبووەو دەبوایە بە سۆز و حەنینی زۆرەوە خۆی بە رۆژنامەوە پابەند کردبایەوە. هەرچۆنێک بێت، من وا تەماشای ناکەم، کە تەنها ئاستەنگێک لەبەردەم رۆژنامەی کاغەزیی هەبێت، بەڵکو کۆمەڵێک ئاستەنگو بەربەستی هەمە چەشنە لەبەردەم میدیای کاغەزی هەیەو بەو شێوەیە پۆلێنبەندی دەکەم:

یەکەم: ئاستەنگی سەرەکی وەک هەندێک وێنای دەکەن، پاشەکشەی میدیای کاغەزی بە رێژەی نەخوێندەوارییەوە گرێدەدەنەوە، بەڵام ئەوە تێڕوانینێکی دروست نیە، چونکە بەپێی هەموو ئامارەکان ئێستا لەهەموو قۆناغو وێستگەکانی تری مێژوو رێژەی خوێندەواری بەرزترە، کەچی ئێستا هەڕەشەی جددی لەسەر کاغەز هەیەو بە ئەندازەیەک رووکردنە رۆژنامە رووی لە داکشان کردووە، کە بۆتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە رۆژنامە ناچار بە راگرتنو داخستن بن.

دووەم: دەرکەوتنی سۆشیال میدیاو رەنگدانەوەی هەموو ژانرەکانی رۆژنامەنووسیی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بەشێوەی ئەلیکترۆنی لەناو ئەو تۆڕانە وایکردووە، وەرگر بەشوێن ئاسانترینو هەرزانترین رێگا بۆ دەستخستنی رۆژنامە بگەڕێو لەو ناوەشدا ئەو شاشە بچووکەی

بەردەسـت بەكاربـەر، كـە ڕۆژنامـەكان بەرلـەوەی بگەنـە چاپخانـە لەنـاو ئـەو تۆڕانـە بـڵاوی دەكەنـەوە، بـواری بـۆ كێبڕكێـی كاغـەز لەبەرامبـەر شاشـەدا نەهێشـتۆتەوە.

سـێهەم: شكسـتو نشوسـتی كاغـەز لەبەرامبـەر سۆشـیال میدیـا لـە گواسـتنەوەی هـەواڵ، ڕاسـتیەكەی چونكـە میدیـای كاغـەزی ئولفەتـی بـە گواسـتنەوەی هەواڵـەوە گرتـووە، بـێ ئـەوەی هێـزی خۆگۆڕینـی هەبێـت، هێشـتاش هـەر لـەو فەلەكـەدا دەخولێتـەوە، ئـەو خولانـەوە لەنـاو بازنـەی هەواڵدا هێـزی كێبڕكێی لەگـەڵ سۆشـیال میدیـا لاواز كـردووە، چونكـە ئـەوە بەئەزمـوون سـەلماوە، كـە هەمـوو ئەپڵیكەیشـنەكانی تـۆڕە كۆمەڵایەتیـەكان لەگواسـتنەوەی هەواڵـدا بەخێراییـەك كاردەكـەن، نـەك هـەر ڕۆژنامـەی تێپەڕانـدووە، بەڵكـو پێـش ڕادیـۆو تەلەفزیۆنیشـی داوەتـەوە.

چـوارەم: گرفتـی فـرۆش یەكێكـە لـە گرفتـە قوڵـەكان، ئـەو دیاردەیـە نـوێ نییـە، لـە زەمانـی (پیرەمێـرد)ی شـاعیرو ڕۆژنامەنووسـەوە هەیـە، ئەگـەر بـە دیقەتـەوە لـە نامـەو گازندەكانی پیرەمێـرد بڕوانـی دەبینـی چـۆن شـەكوا دەكات لە حاڵـی ڕۆژنامەی (ژیـان) لـەوەی زۆرێـك لەخەڵـك ئابوونە نـادەن، كەوایـە لەوكاتەوە بـۆ ئێسـتا ئاسـتەنگی بـەردەم ڕۆژنامـە پەیوەسـتی ڕەهەنـدە داراییەكەیـە، كـە پیرەمێردیـش گازنـدەی لەبەرامبـەر كـردووە، هـەر ئـەو هـۆكارە ئابووریەشـە كـە دواجـار مەرگـی هەندێـك ڕۆژنامـەی لـەم سـاڵانەی دواییـدا بەهـۆی تەنگـژەی داراییـەوە ڕاگەیانـد.

پێنجـەم: هۆكارێكـی تـر نەمانـی متمانـەو لادانـە لـە

بێلایەنبـوونو بابەتـی بـوون، بەداخـەوە لـە چەند سـاڵی رابـردوودا، بەشـێکی زۆری رۆژنامـەکان ئەوەنـدەی سـەرقاڵی بـە ئامانجگرتنـی خەڵـکو نانـەوەی ئاشـوبو کارکـردن بـوون لەسـەر ئـەو بابەتانـەی ڕەهەندێکـی ووروژاندنیـان هەیـە، ئەوەنـدە سـەرقاڵی روماڵکردنـی پرسـی جـددیو مرۆیـی نەبـوون، ئـەو وێنـە زەینیـەی خەڵـک لـەو ماوەیـەدا بـۆ رۆژنامـەو سروشـتی رومـاڵو ناوەڕۆکەکـەی لەلایـان خەملێبـوو، وایکردبـوو، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی رۆژنامـەی کاغـەزی بەهەمـوو ناونیشـان و فۆڕمەکانیانـەوە، رەتبکەنـەوە.

# دیسانەوە هەر کاغەز، دەردی تر و دەرمانی تر

پێشــتر ئــەوەم بەیانکردبــوو، کــە بەشــێوەیەکی گشــتی وێنەیەکــی زەینــیو حوکمێکــی پێشــوەختە لەســەر ڕۆژنامــەی کاغــەزی دروســتبووەو خەڵــک هەمــوو ڕۆژنامــەکان بەیــەک چــاو تەماشــا دەکات، بــەڵام خــۆ پرۆســەی بەراوردکاریــش ئاســاییە، زۆرجــار جیــاوازی نێــوان ڕۆژنامــەکان، کێبڕکێــی نێــوان ڕۆژنامــە کاغەزییــەکان، وەک کێبڕکێــی نێــوان خوێنــدکاران تەماشــا دەکــەم، وەک چــۆن خوێنــدکاری زیــرەک هەیــەو لەپێنــاو تێگەیشــتنی وانەکانــی تێدەکۆشــێت، بــەو ئەندازەیــەش خوێنــدکاری نازیــرەک هەیــە، کــە هیــچ کۆششــێک نــاکات لەکاتێکــدا ئاســتی تێگەیشــتنی باشــە، بــەڵام خوێنــدکاری تەمەڵیــش هەیــە، نــە تێدەکۆشــێو نــە تێــدەگات، خوێنــەری ڕۆژنامــەی ئێمــە لــە خوێنــدکارە نازیرەکەکــە دەچێــتو بڕیاریــداوە ڕۆژنامــە نەخوێنێتــەوە، نــەک لەبەرئــەوەی مۆدێلــی ڕۆژنامــەی کاغــەزی بەســەرچووە، بەڵکــو لەبەرئــەوەی حوکمێکی پێشـوەختەی هەیـە کـە ڕۆژنامـەکان هیچیـان تێـدا نیـە، بۆیـە بـەو شـێوەی کـە ئێسـتا گوێمـان لێیەتـی کـە دەڵێـن «کاغـەز بـاوی نەمـاوە»، وەک بڵێـی خوێنـەر پاکانـە بـۆ خـۆی بـکات.

ســەرباری ئــەوەی لــە بەشــی پێشــتردا هەندێــک ئاســتەنگی

بەردەم ڕۆژنامەی کاغەزیم باسکرد، ئەوا بە فۆڕمێکی تر هەندێک کێشەی دیکەش دەخەمەڕوو، یەکێک لە هۆکارە کوشندەکان خراپی لە دابەشکردنی ڕۆژنامەیە، بەداخەوە ناوەندێک نییە هەموو ڕۆژنامەکان بچێتە ئەو ناوەندەوە، ئەگەر ئەم ناوەندە هەبێت خەرجی دابەشکردنی ڕۆژنامەکان کەم دەبێتەوە، ڕەنگە ئەوە هۆکارەکەی سیاسیی بێت، ڕۆژنامە هەیە ئەوەندە ڕقی لە ڕۆژنامەیەکە حەز ناکات بە تەنیشت ڕۆژنامەکەی ترەوە ببینرێت، بە لێکدانەوەی من کەناوم ناوە (قتل عن الهویە) بەو مانایەی وەک بڵێی نابێت قەت (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) و (هاوڵاتی) و پێکەوە بە یەک ئۆتۆمبێل بچن بۆ شوێنێک. یەکێک لە هونەرەکانی دابەشکردنی ڕۆژنامە ئەوەیە، کە بۆ هەندێک شوێن بە هەرزان یان بێبەرامبەر بڕوات، ئەمانە چارەسەر نەکراوە. خۆ بەشێکی تری بە بڕوای من پەیوەستە بەو شوێنەی ڕۆژنامەکە پارەدار دەکات، هێزێکی سیاسی کاتێک سەرمایە بۆ ڕۆژنامەکەی دابین دەکات، ئامانجەکەی بریتی نییە لە فرۆش‌و قازانج، بەڵکو ئامانجە گەورەکەی بریتیە لە تەرویج بۆ فکرو سیاسەتەکەی، هەرچی میدیای کاغەزی سەرمایەدارێکە، ئەوە لە بنەڕەتەوە دابینکردنی کۆمەک بۆ ڕۆژنامە بە ئامانجی پەیداکردنی پرەستیج و سەنگە بۆ خۆی، بۆ ئەوەی نیشانی بداتو بڵێت پشتگیری ڕۆژنامەو خوێندەواریی و مەعریفە دەکەم، یان بۆ ئەوەیە بیەوێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە سەنگ و پێگە بۆ خۆی دابین بکات، یان بەشێکی بە ئامانجی دۆزینەوەی وێستگەیەکە بۆ ئەوەی ڕیکلام بۆ کاڵاکانی خۆی

بـكات، بـەڵام ئێسـتا ئەگـەر سـەیری بکەیـن سپۆنسـەرەکانی میدیـای کاغەزیـی شـوێنی دیکەیـان دۆزیوەتـەوە بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو ئارەزووەیـان، بـۆ نموونـە ئەگـەر حزبێـک بیەوێـت لـە رێگـەی دەرکردنـی رۆژنامەیەکـەوە بەشـێک لـە پرۆگرامەکانـی بـاس بـکات و بیگەێنێتـە خەڵـک ئێسـتا تەلەفزیـۆن هەیـە، سۆشـیال میدیـاو سـەتەلایت هەیـە، زیـاد لـە سـەرچاوەیەک هەیـە بـۆ گەیاندنـی مەسـجە سیاسـییەکەی، راسـتیەکەی هێـزی سیاسـیی کـوردی بـۆ پەیوەندیکـردن بـە رای گشـتییەوە پانتایـیو روبەرێکـی نوێـی دۆزیوەتـەوە، ئـەو پانتاییـە هـەم ئاسـانەو هەمیش خێرایـەو هاوکات دەتوانـێ فیدباکیـش وەربگرێتـەوە. ئێمـە دەزانیـن رۆژنامـەی کاغەزیـی بەربەسـتەکانی زۆرن، هـەر لـە خوێندەوارییـەوە بیگریـن، کـە لـە سـەدەکانی رابـردوودا هەبـوو، تاوەکـو دابەشـکردن، بـەڵام خـۆ لـەو پرۆسـەی بەراوردکارییـەی لەنێـوان کەناڵـەکان هەیـە هـەر ئەوانـی تـر پێـش میدیـای کاغەزیـی دەکـەون، رۆژنامـە چەنـدی لـێ چـاپ بکەیـت ناگاتـە ئـەوەی تەلەفزیـۆن پەخشـی ئەچێتـە هەمـوو ماڵێکـەوە، تـۆ سـەیری ئـەوە بکـە، جـاران هێـزە سیاسـییەکان هەمـوو فۆکەسـیان لەسـەر رۆژنامـەی کاغـەزی بـوو بـۆ ئـەوەی ئامانجەکەیـان بەخەڵـک بگەیەنێـت، بـەڵام ئێسـتا ئامـرازی تـر ئـەو وەزیفەیـان بـۆ جێبەجـێ دەکات، هـەروەک ئـەو سـەرمایەدارانەی تەمویلـی رۆژنامەیەکیـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی لـە روماڵەکانـدا فۆرمـی پاڵەوانـی پێببەخشـن، ئێسـتا دەرچەیەکی دیکەیان ئاشـکراکردووەو لەوێـوە نمایشـی هێـزو بـازووی خۆیـان دەکـەن. شـتێکی تـرم بیـر نەچێـت، زۆر کۆمپانیـای گـەورە هەبـوون، کـە سپۆنسـەری

رۆژنامەیـان دەکـرد، مـن هەمووجـار بـە ئاسیاسـێڵم دەوت بابـە نوئێلـەو هەموومـان چاومـان لەدەسـتی ئـەوە بـۆ ریـکلام، جـا ئـەوکات قەدەرمـان دەکەوتـە دەسـتی بەشـی پەیوەندییـەکان یـان ریکلامـی ئـەو کۆمپانیایـە بـۆ ئـەوەی بەگوێـرەی لێکدانەوەکانـی خـۆی لەشـوێنو پێگـەی ئـەو رۆژنامەیـە بکۆڵێتـەوە لەناو سیاسـەت و خەڵکدا، ئێسـتا ئەوانیـش دەروازەی نوێـی تریـان دۆزیووەتـەوەو بـە ئاسـانی و خێراییەکـی زیاتـر ریـکلام دەکـەن، دەمێکـە مـن دەسـتەواژەی دۆزینـەوەی دڵـدار و دڵخـوازی نـوێ بەکاردەهێنـم، راستیەکەشـی هەمـوو کۆمپانیـاکان دڵـداری نوێیـان دۆزیوەتـەوە، سۆشـیال میدیـا یەکێـک لـە دڵخـوازە نوێیەکانـە، هـەروەک کەناڵـە ئاسـمانیەکان شـوێنێکی نوێـنو دەبینـی هونەرمەندێکـی گـەورەی وەک (کازم سـاهیر) ریکلامێکـی بەربـڵاو دەکاتو هەمـوو دنیـا دەیبینـێ، رۆژنامەیەکـی لاچەپـەک بـە تیراژێکـی دیاریکـراو ناتوانـێ بـەو وەزیفـە هەسـتێت، لەبەرئەوەشـە کەشـفکردنی ئـەو جوگرافیـا نوێیـە بـۆ حـزبو سیاسـەتمەدارو بـازرگان شـتێکە هەمـووی لەسـەر حسـابی رۆژنامـەی کاغەزییـە.

# کاغەز و شاشە بۆ نابنە دەستەخوشك

پرسی پەیوەندی نێوان سۆشیال میدیاو میدیای کاغەزی، رێک لە پەیوەندی نێوان چێشتخانەو کەبابخانە دەچێت، من هەمیشە خەیاڵێکی خۆماڵیانەی خۆمم لە کۆڕو کۆبوونەوەکان هەزار بارە کردۆتەوە، ئەگەر تۆ ئەتەوێت کەبابێکی باش بخۆیت نابێت بچیتە چێشتخانە، بەڵکو رووبکە کەبابخانە، چونکە پسپۆڕیی چێشتخانە دروستکردنی برنج و شلەیە، هەموو شوێنێک کە تەنها پسپۆڕییەکەی لە تاکە شتێکە دەتوانێ سەرکەوتوو بێت، ئەوە بۆ زانستی پزیشکیش هەر راستە، پسپۆڕیی پزیشکێک هەناوییە، بەڵام هەناوی مرۆڤ یەک دنیا وردەکاریی لە خۆی گرتووەو هەریەکەو پسپۆڕییەکی تایبەتی گەرەکە، ئەوە بۆ میدیاش هەر راستە، بۆ نموونە تۆڕێکی ناسراوی وەک (بی بی سی) بە هەموو بەشو پسپۆڕییەکانی خۆیەوە هەر یەکەو بەشێکی سەرقاڵی کاری خۆیەتی، بەڵام دواجار لەپاکێجێکی گشتیدا یەکتری تەواو دەکەن، کەوایە دەکرێت وەستای کەبابچیەکەی ناو میدیا هەر سەرمەستی دروستکردنی کەبابەکەی خۆی بێو وەستای برنجو شلەکەش هەر ئولفەت بەدەستاوەکەی خۆیەوە بگرێ، بەڵام هەردووکیان

پێکەوە پاکێجی خوانی میدیایی باشتر بڕازێننەوە. هەمیشە بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی میدیایی لەو باوەڕەدابووم پشت بەستن بەتۆڕ گرنگترە، نەک لەبەرئەوەی ناوەندییەتی بەسەردا بسەپێنێ، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەو تۆڕەدا پرۆسەی هاریکاریی‌و تەواوکاریی لەنێوان دامەزراوەکان دەگاتە ترۆپک، دەبینین تا ئێستا سۆشیال میدیا نەبۆتە خاوەن کیانی خۆی، هیچ نەبێت لە کوردستاندا، بۆیە دەکرێت ئەوە ببێتە دەرفەتێک کەناڵەکانی تری وەک ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، ئەو بەخششە نوێیەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان وەک باخچەی پشتەوەی خۆیان بەکار بهێنن، لەو ئاستەدا ئەوەندەی سەرنجم داوەتێ تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی باش سۆشیال میدیایان بەکارهێناوە، چونکە سۆشیال میدیا تا ئێستا خۆی توانای بەرهەمهێنانی نیە، بۆیە بەشی زۆری ئەو پانتاییەی ناو تۆڕەکان بە بەرهەم و گرتە ڤیدیۆییەکانی تەلەفزیۆن پڕکراونەتەوە، لەبەر ئەوە باشترین دەرفەتە، کە هەتا سۆشیال میدیا نەبۆتە خاوەنی کیانی خۆی تەوزیف بکرێت بۆ بەرهەمی بەشەکانی تری میدیا.

# کێبڕکێی کاغەز لەسەر هەواڵ، شەڕێکی دۆڕاوە

کێبڕکێــی ڕۆژنامــەی کاغــەزی لەســەر هــەواڵ، ناکرێــت لــەوە زیاتــر ســەر بکێشــێ‌و پێموایــە دەبێــت فۆڕمێکــی نــوێ بدۆزینــەوە، ڕاســتیەکەی منیــش هەمــان ڕام هەیــەو زۆرجــارو لــە زۆر کــۆڕو کۆبوونــەوە ئــەوەم دووپاتکردۆتــەوە، نموویەکــت بــۆ دەهێنمــەوە، هەندێــک ڕۆژنامــە هەبــوو لــە وڵاتــان لــە دوو شــوێنی جیــاواز چاپدەکــراو لەهــەر شــوێنێک سروشــتو فۆڕمــی هەواڵەکــەو بایەخــدان و گرنگایەتــی بــۆ پرســەکان جیــاواز بــوو، هەندێــک ڕۆژنامــە لــە ئەنقــەرە یــان لــە ئەســتەمبول دەرئەچێــتو چاپــی ئەنقــەرەی جیــاوازە لــە چاپــی ئەســتەمبوڵ، ڕۆژنامەیــەک لەئەســتەمبوڵ دەرئەچــێ هەواڵــی ئەســتەمبوڵی دەبێتــە یەکــەم و مانشــێتو بەپێچەوانەشــەوە لــە چاپەکــەی ئەنقــەرە هەواڵــی ئەنقەرە دەبێێتــە ســەرەکی، سروشــتی میدیــای کاغــەزی جــاران ئــاوا بــوو، منیــش ئەوکاتــەی لــە ڕۆژنامــەی ئاســۆ بــووم دەمــووت واز لــە ئاســۆ ناهێنــم هەتــا چاپــی دهــۆکو ســلێمانی‌و هەولێــر جیــاواز نەبێــت، چاپــی دهــۆک دەبێــت مانشــێتەکەی بــە بادینــی یــان کرمانجــی بێــتو لــە دهــۆک دابــەش بکرێــت، چاپــی ســلێمانی پەیوەنــدی بــە ســلێمانییەوە هەبێــت و چاپــی هەولێریــش کــە پایتەختــە دەبێــت

مانشـێتەکەی پەیوەنـدی بـە ئەوێـوە هەبێـت، بـە برادەرانـم دەوت ئەگــەر ئاســۆ گەشــە بــکات و بمێنـــێ لــە هەمــوو شــوێنەکان چاپـی دەکەیـن، بـەڵام ئێسـتا ئـەو ئـاوات و پرسـیارانە نەمـا. ئـەم نوکتـەو ڕاسـتییانە، کـە هەبـوون لـە خەیاڵـی مـن و برادەرەکانمـان لەنـاکاو کۆتایـی پێهـات، ڕۆژنامــەی کاغــەزی کەوتــە قەیرانــەوەو ئـەو شـەڕەی لەبەرامبـەر سۆشـیال میدیـادا دۆڕانـد، کتێبێـک هەیـە لەژێـر ناونیشـانی (ڕێبـەری ڕۆژنامـەوان لـە جیهانی سـێیەمدا) کاتی خـۆی خوێندومەتـەوەو پێموایـە ئەگـەر هەڵەنەبـم وەرگێـڕدراوە بـۆ سـەر زمانـی کوردیـش، ئـەو کتێبـە بـەووردی باسـی ئـەو فـۆڕمو تایپـە دەکات لـە ڕۆژنامـە و میدیـا کـە لەوڵاتانـی جیهانـی سـێهەم پێویسـتە، ئاخـر خـۆ هەرێمـی کوردسـتان بـەو قـەوارە بچووکـەی خۆیــەوە پێویســتی بــە ڕۆژنامەیەکـی وەک (نیـۆرک تایمـز) یـان (گاردیـان) نییـە، مـن لەبیرمـە کاتـی خـۆی جەنابـی (مـام جـەلال) کــە خــۆی هــەزار نوســخەی ڕۆژانــەی کوردســتانی نــوێ دەکــڕی بـۆ هێـزی پێشـمەرگە، هەمیشـە دەیـووت «کاکـە ئێمـە ناتوانیـن تیـراژی کوردسـتانی نـوێ زیـاد بکەیـن، بۆیە پێویسـتە کوردسـتانی نـوێ لـە ئێزگـە بخوێنرێتـەوە»، ئـەم بیرۆکەیـە، بەتەنهـا بیرۆکـەی مـام جەلالـی ڕۆژنامەنـووس نییـە، هـی مـام جەلالـی شۆڕشـگێڕی واقیعـی سیاسەتمەداریشـە کـە پەیامێـک بگەێنیتـە خەڵـک، مـن بیـر دەکەمـەوە تـۆ چـۆن ئامرازێـک لـە ئامـرازەکان بەکاربهێنـێو بیرۆکەکـە بگەیەنـی، لەبەرئـەوە هـەم فەرمایشـتەکەی مـام جـەلالو هەمیـش ناوەڕۆکـی ئـەو کتێبـە پێمـان دەڵێـت، میدیـا بـۆ ئـەوەی خـۆی بگـۆڕێ، دەبێـت بەپێـی پێویسـتییەکانی قۆناغو سـەردەمەکە

خۆی ئەبدەیت بکاتـەوە، خـۆ نوێکردنـەوەی دروسـتیش بـۆ ئێسـتا هەڵکردنـی ئـاڵای سـپی ڕۆژنامـەی کاغەزییـە لەبەرامبـەر سۆشـیال میدیـا لەبـواری بەرهەمهێنانـی هـەواڵو بڵاوکردنـەوەی هەواڵـدا.

لەیەکێـک لـە بەرگەکانـی کتێبەکـەم (لـە غەزەتـەوە بـۆ غـەزای سۆشـیال میدیـا) بـەووردی باسـم لـە تایپـی ڕۆژنامـەی ئێسـتا کـردووەو نـاوم نـاوە (گۆڤـاری ڕۆژانـە)، ڕاستییەکەشـی ئـەو جیاوازییـەی لەمـاوەی چارەگـە سـەدەی رابـردوو لەنێـوان ڕۆژنامـەو گۆڤـاردا دەمانکـرد، ئێسـتا ئـەو جیاوازییـە نەمـاوە. جـاران بـە کـردەوە ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە لەنێواخنـدا ڕۆژانـە بـوو، ئێسـتا لـەڕووی نـاوەڕۆکو رومـاڵ بۆتـە گۆڤـار، ئیـدی ئەگـەر بـاوی ڕەهەنـدە ڕۆژانەکـەی نەمابێـت، کـە بریتییـە لـە وەسـتانو بایەخـدان بـە هـەواڵ، ئـەوە بەدڵنیاییـەوە بـاوی ناوەڕۆکەکـەی هـەر مـاوە. کـە راپۆرتـی بنکۆڵـکاریو دیـدارو بەدواداچوونـە.

هاوڕێـم (مـەلا ئاریـان) دەزانـی مـن هەمیشـە پێموابـووە، ڕەنگـە وا پێویسـت بـکات لـە نیـوان سۆشـیال میدیـا و ڕۆژنامـە، جۆرێکـی تـری پەیوەنـدی بدۆزینـەوە، نابێـت بڵێیـن ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە نابێـت بمێنـێ، بەڵکـو دەبێـت فۆرمێکـی نـوێ بـۆ هاوبەشـیکردن بدۆزینـەوەو لـەو فۆرمـە نوێیـەدا کاری نـوێ بـۆ وەزیفـە کۆنـەکان بدۆزینـەوە، بـا لەوبـارەوە نوکتەیەکـت بگێڕمـەوە، کاتـێ کـە لـە سـاڵی (٢٠٠٩) دووبـارە هاتمـەوە بـۆ (کوردسـتانی نـوێ) ژورێـک هەبـوو، پرسـیارم دەربـارەی ئـەو ژووره کـرد، کـە چیـەو بۆچـی هەمیشـە داخـراوە؟ وتیـان ئـەوە ژووری (عـەدەد جیهـان)ە، هـەر ئـەو سـاڵە وردە وردە سۆشـیال میدیـا پەیـدا

دەبوو، ئەوەندەی بیرم بێت وام هەستدەکرد، کە زەمەن ستەم لەو ئامێرە دەکات کە پێویستمان پێی نەماوە، ئێستا خەڵک بە ئیمێل یا فەیسبووک یا تویتەر پەیوەندی دەکات، دیارە جیهازەکە هەیە، بۆیە باشترین رێگا ئەوەبوو، کە ئامێرەکە هەڵبگرین وەک بەشێک لە ئەرشیفی رۆژنامەنووسیی کوردی یان ئەرشیفی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان یان ئەرشیفی مێژووی ئامێری پەیوەندی لە جیهاندا، بەڵام پرسیار ئەوەبوو ئەی کارمەندەکە چی لێبکەین؟ هەم کەسێکی دڵسۆزی ناو ئەو حزبەیەو دەبوایە ئیشێکی نزیک لە بوارەکەی خۆی بۆ بدۆزینەوەو خزمەتگوزارییەکەی بگوازینەوەو نەیەڵین لەو جیهانەی خۆی داببڕێت یان بێ ئیش بێت، بەڵام تواناکانیشی پەرەپێبدەین ئێستا ئەگەر من (ستران عەبدوڵلا)ی نووسەرو رۆژنامەنووس، کە تا دوێنی لەناو هەناوی وەرەقو رۆژنامەدا کاریدەکرد، خۆ بەو بیرۆکانەی لەبواری نووسین هەیەتی، بە ئاسانی دەتوانێ لە تەلەفزیۆن یان سۆشیال میدیا یان دامەزراوەیەکی تری میدیایی کاربکات، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە، لەوپەڕی بێهیوایشدا دەکرێت هەر جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان ئەو دامەزراوانەدا بدۆزینەوە.

# ڕۆژنامەی ئەهلی و بەشێك لە ئۆباڵی پاشەكشە

سروشـــتی ڕکابەرییەکانـــی نێـــوان ڕۆژنامـــەی (حزبـــی) و (ئەهلـی)، ماوەیەکـی زۆری خایانـدو لەمـاوەی ئـەو قۆناغو وێسـتگە مێژووییـەدا هـەردوولا بـە چـاوی نەیـارو ناحـەز لـە گوتـارو ڕوماڵـی یەکتریـان دەڕوانـی، هـەرکام لـەو بەرانـەش بەشـانو باڵـی چاکـەی خۆیـان هەڵـدەداو دیـوە نەرێنیەکانـی ئـەوی تریـان دەخسـتە سـێرەوە.

مـن لەوەتـەی چـاوی پیشـەییم لەبـواری ڕۆژنامـەدا تـروکاوە، زۆربـەی کات لەمیدیـای حزبیـی کارمکـردووە، مێـژووی کارکردنـی خـۆم لـەو بـوارە، بەسـەرکەوتنو شکسـتەکانەوە، بەسـەروەرییو نشوسـتیەکانەوە وەک شـانازی دەبینـم، ئەگـەر مەسـەلەکە شـانازی بێـت، ئـەوە کـەس ڕۆژنامـەی نەبـووە کـە ئێمـە هەمانبـووە، کـەس نەیتوانیـووەو دەرەقەتـی ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە نەهاتـووە، کـە ئێمـە خۆمـان بـۆ تەرخانکـردوە، (کوردسـتانی نـوێ) و (خەبـات) وەک دوانەیەکـی سیاسـییو حزبیـی لەمـاوەی کارکردنـی خۆمانـدا زۆر دۆسـیەی کوردسـتانییو نەتەوەییمـان جوڵانـدوەو لەپێنـاو کوردایەتـی ئەرشیفسـازیمان بۆیکـردووە، بـەڵام لـە هەمـان کاتیشـدا بێکەموکـوڕی نەبوویـن، بەتایبـەت لـە قۆناغـی شـەڕی ناوخـۆ، کـە

نـــەک هـــەر جنێومـــان وەک بەشـــێک لـــە فەرهەنگـــی ناشـــیرین و تەکنیکەکانـی شـەڕ داهێنـا، بەڵکـو پەرەشـمان پێـدا، ڕەنگـە بـۆ مێـژوو مـن داکۆکـی لەخـۆم بکـەم، کـە هەرگیـز دەستپێشـخەریی ئـەو جنێوفرۆشـیەم نەکـردووە، بـەڵام زۆربـەی کات بـە ئامانـج گیراویـن. دیوەکـەی تـری میدیـای کاغـەزی، ڕۆژنامـەی ئەهلـی بـوو، ئەوانیـش هەندێـک شـانازییان پێدەبڕێـت، کـە لـەدەرەوەی حزبـەکان کەوتنـە سـەرپێی خۆیـان، ڕەنگـە بەشـێوەیەکی پەنهـان سیاسـییەک یـان حزبێـک یـان کۆمپانیایـەک یـان ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتـی پشـتگیریی کردبـن، بـەڵام ئـەوە هیـچ لـەو مەسـەلە ناگۆڕێـت، کـە کارەکتەرەکانـی نـاو میدیـای ئەهلـی خۆشـیان بـە هەوڵـە پـڕ بەرهەمەکـەی خۆیـان توانییـان میدیـای ئەهلـی بخەنـە سـەرپێ، لەراسـتیدا ناتوانرێـت هێـڵ بەسـەر (هاوڵاتـی) یـا (ئاوێنـە) یـان (لڤیـن)دا بێنـی تەنهـا لەبەرئـەوەی لـە ڕووی سیاسـییەوە حەزیـان لێناکـەی، وەک چـۆن ئەوانیـش نەیانتوانـی ئـەم خەتـە بەسـەر (کوردسـتانی نـوێ) دا بێنـن، کـە حەزیـان پێنەدەکـرد، ئاخـر خـۆ بیردەکەیتـەوە هەمـوو بەراوردکارییـەکان زاڵمانـە بـوون، خـۆ ناکرێـت کوردسـتانی نـوێ بـە ئاوێنـە بـەراورد بکەیـت، یـان بـە لڤیـن یـا هاوڵاتـی، چونکـە ئێمـە لـەدوو جیهـانو منداڵدانـی جیـاوازەوە لەدایکبوویـنو دوو ئامانجـی جیاوازیشـمان هەیـە، هەمـوو جـارێ دەڵێـم، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو کێشـانەی کـە میدیـای ئەهلـی هەیبـوو، بـەڵام هێشـتاش ئەزموونـی ئەهلـی لـە ڕۆژنامـەدا سـەرکەوتووتر بـوو لەبوارەکانـی تـر، ڕەنگـە هۆکارەکەشـی ئـەوە بێـت، ئـەو ئەزموونـەی لـە بـواری کاغەزیـدا

هەیانبــوو، لەبوارەکانــی تــری نەیانبووبێــت.

بەشــێوەیەکی گشــتی ئــەو ململانــێو رکابەرییــەی نێــوان میدیــای کاغــەزی ئەهلیــیو حزبیــی زۆری درێــژە نەکێشــاو لەگــەڵ گەشەســەندنی تەکنۆلۆژیــاو پوکانــەوەی رۆژنامــەکان، ئەویــش خاوبــۆوە، بــەڵام ئەگــەر بیــر لەوکاتانــە دەکەمــەوە، ئــەوەم دێتــەوە یــاد، کــە رۆژنامــەی ئەهلــی بــە ئەندازەیــەک قودســیەتی بەخــۆی دابــوو، وەک گای موقەدەســی هینــدی لێهاتبــوو، کــەس نەیدەوێــرا رەخنــەی لێبگــرێ، لەکاتێکــدا کەموکــوڕیو خەوشــی زۆریشــی هەبــوو.

# کاغەز و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

لــەرووی تیۆرییــەوە ســەوداو مامەڵــەم لەگــەڵ راگەیانــدن وەک زانسـت نەکـردووەو ئـەوەی وەک فەقێیـەک دەیزانـم، بەرهەمـی خوێندنــەوەو کۆشــشو کارکردنــی ژیانــم بــووە، لەبەرئــەوە وەک دەرچوویەکـی ئەکادیمیـی رۆنەچوومـە ناو رەهەنـدە ئەکادیمییەکانی پیشـەی رۆژنامەنووسـی، هەربۆیـە زۆر لەبـارەی تیۆرەکانەوە نازانم، بـەڵام ئـەوە دەزانـم لەژیانـی پیشـەیی خۆمـداو لە نووسـینو رومالّی نــاو رۆژنامــە، هەمیشــە خــۆم لەســەر تیــۆری (بەرپرســیارییەتی کۆمەڵایەتــی) ســاغکردۆتەوە .

ڕاســتییەکەی میدیــای کاغەزیــی ئێمــە، چونکــە ریشــە مێژووییەکـەی لەشـاخەوە هاتـووەو موڵکداریەتیەکەیـان بـۆ پـارتو لایەنــە سیاســییەکان گەڕاوەتــەوە، دەشــێت هەندێــک رواڵەتــی تیــۆری (سۆشیالیســتی) بەســەریدا زاڵ بێــت، بەوپێیــەی لــە قۆناغــی رزگاری نیشــتمانیدا حــزب ئامرازێکــی گرنگــی خەباتــەو پەیامــی حزبیــش ســتراتیژی ئــەو خەباتەیــە، هەرچــی میدیــای ئەهلییــە، چونکــە لەژێــر کاریگەریــیو هەژموونــی کرانــەوەی دنیــاو رێکخــراوە نێودەوڵەتیــەکان چــاوی تــروکاوە، لەوانەیــە خۆیــان بەرۆڵــەی تیــۆری (لیبراڵــی) بزانــن، لــەوەش گــەڕێ فۆرمــی

تەمجیدکردنــی قائیــدو تاکەکــەس، چونکــە بۆتــە کەلتوورێکــی سیاسـیی رەنگـە وەک لەتیـۆری (دەسـەڵات)دا هاتـووە، لەبەشـێک لـە رۆژنامەکانـدا رەنگیدابێتـەوە، بـەڵام هەمیشـە لـەکاری پیشـەیی خۆمـدا، خـۆم وەک شـوێنکەوتوویەکی تیـۆری بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتـی زانیـووە، چونکـە پێموابـووە پیشـەی رۆژنامەنووسـیش وەک پزیشـک پیـرۆزەو وەک ژیـانو مـردن یـەک تاڵـە مـووی لـە بەینـە، لەبەرئـەوەش ئەگـەر بـە بەرپرسـیاریەتیەکی زۆرەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو پیشـەیە نەکەیـنو سـنوورێک بـۆ شـێوەی رومالّـەکان دانەنێیـن، رەنگـە کۆمەڵـگا بخەینـە بـەردەم نەشـتەری جیـاوازەوە.

هەمشــە پرســیار دەکــەم کــە داخــۆ مــن خــۆم بەچــی زانیـووەو لەسـەر کام تیـۆرە خـۆم سـاغکردۆتەوە؟ پێموایـە ئـەوە جیـاوازە لـەوەی ئایـا سـەرکەوتوو بـووم یـان شکسـتم هێنـاوە، ئەسـتەمە مـرۆڤ خـۆی هەڵسـەنگاندن بۆخـۆی بـکات، بەڵکـو هەمـوو جارێـک دەڵێـم بـە ویژدانـەوە هەڵسـەنگاندنمان بـۆ بکـەن، خـۆم وەک فەقێیەکـی سـەر بـە قوتابخانـەی کۆمەڵایەتـی دەزانـم، چونکـە وا لـە میدیـا تێگەیشـتوم، کـە وەزیفەیەکـی کۆمەڵایەتـی جـێ بەجێـدەکات، وەزیفەیەکـە چاکـەی گشـتیو خەمـی گشـتی بـەلاوە پەسـنە، لای مـن میدیـا لـە بەرامبـەر دیموکراسـیی، سـەروەری یاسـا، پرسـی ژنـانو پێکهاتـەکان، پرسـی ئایـنو باوەڕداریـی، لێبوردەیـی، ئەرکێکـی گـەورەی لـە ئەسـتۆیە، ئـەو ئەرکـە گەورەیـە دەبێـت لـە خەیاڵـی رۆژنامەنووسـدا رەنگبداتـەوە. بەدرێژایـی تەمەنـی کارکردنـم بەرپرسـیارێتیە کۆمەڵایەتیەکەم لەبیر نەکـردووەو هـاوکات ئەرکـە حزبیەکەشـم، کـە بەشـێکە لەئەرکـە

کۆمەڵایەتیەکەم هەر لەبەرچاو بووە، تەنانەت ئەوکاتەش کە لە رۆژنامەی ئاسۆ کارمدەکرد، ناڵێم حزبی نەبوو، بەڵام بەرپرسیاریەتی حزبی راستەوخۆی لەسەر نەبوو، هەر بەو فۆڕمو بیرکردنەوە مامەڵەم کردووە، بیرمە جاریکیان سەرکۆنەی برادەرەکانم دەکرد لەبەرئەوەی لەلاپەرە یەک نوسیوویانە «ئەو شیعە عەرەبانەی هاتونەتە سلێمانی، زۆربەیان کاری بەد رەوشتی دەکەن»، مەسەلەی سەرکۆنەکردنەی هاوڕێکانم پەیوەندی بەوەوە نەبوو، کە داخۆ عەرەبێک دەیخوێنێتەوەو دڵگران دەبێت، بەڵکو پەیوەندی بەو دنیابینیە ئەخلاقیەوە هەیە، کە پێموایە نابێت هیچ رەفتارێکی تاکەکەسی لەدەرەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکان بەسەر پێکهاتەیەکدا بگشتێندرێ، بیرمە جارێکیان رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) هەواڵێکیان لەژێر ناونیشانی (حالات حمل غیر شرعی في كربلاء) بڵاوکردەوە، هەواڵەکە لەسەر ژنانی باشووری عێراق بوو، ئەو هەواڵە هەڵلایەکی گەورەی لێکەوتەوەو رۆژنامەکەش ناچار بە داوای لێبوردنو پاشانیش دەرکردنی پەیامنێرەکەی کرا، بەڵام خۆ لەسەر هەواڵەکەی رۆژنامەی (ئاسۆ) نەبوو بە هەڵلاو هۆسە، کەچی لەژێر رۆشنایی بەرپرسیارییەتی ئاکاریو کۆمەڵایەتیی سەرباری سەرکۆنە، سنوورێکم بۆ ئەو جۆرە هەواڵانە دانا، ئاخر خۆ ئەو خەڵکە لە تاو شەڕی تائیفی ناوخۆ هاتووەو هانای بۆ سلێمانی هێناوەو بەشێک نییە لە تەعریب و داگیرکاری تا شەرعیەت بۆ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە بدۆزمەوە تا پێیان بووترێت بێ ئەخلاق. هاوڕێ (ئاریان) تۆ دەزانیت،

کـە مـن کەسـێکی عەلمانیـم، بـەڵام ناکرێـت ئـەوە پەسـەند بکـەم لەرۆژنامەکـەی منـەوە یەکێـک بیەوێـت سـوکایەتی بـە پەیڕەوانـی ئاینیـی ئێـزدی بـکات، ناتوانـم ڕێگـە بـەوە بـدەم خەڵـک ئاینـزای شـیعە بـە ئامانـج بگـرێ، ناتوانـم ئـەوە قبـوڵ بکـەم بەنـاوی دژایەتـی داعشـەوە، خەڵـک بێـت ئیسـلام بخاتـە سـێرەی خۆیـەوە، بەرپرسـیارییەتی کۆمەڵایەتـیو ئەخلاقـی مـن ڕێگـە بـەوە نـادات بەنـاوی کوردایەتیـەوە وتـارو شـانامە دژ بـە پێکهاتەکانـی تـری کوردسـتان بڵێـی.

ڕەنگدانـەوەی بەرپرسـیارییەتی کۆمەڵایەتـی لەنـاو ڕۆژنامـەو میدیـاکان، وەک یـەکو چونیـەک نییـە، ئـەو دنیابینیـە مرۆییـە لەکایـەی ڕۆژنامەنووسـیدا پێویسـتو گرنگـە بـۆ لەسـەر پـێ مانـەوەی کۆمەڵـگا، بـەڵام لەوەشـدا جیـاوازی بنچینەیـی هەیـە لەنێـوان ئێمـەی فەقێـی ڕۆژنامەنووسـی حزبیـیو ئەوانـی دیکـەدا، ئێمـە کـە لەکایـەی حـزبو میدیاکـەی کاردەکەین ڕەقیبێکمـان هەیە وەزیفەکـەی چاودێریکردنـی ئێمەیـە لـە ڕووی ڕوماڵـی سیاسـی، بـەڵام ئـەو چاودێرییـە لەبوارەکانـی تریشـدا ڕەنگدەداتـەوەو نایەڵێـت شـتگەلێک بڵێیـنو بنووسـین، کـە پێچەوانـەی دنیابینـی بەرنامـەی کۆمەڵایەتـی حزبـە پێشـکەوتنخوازەکەمانە، ڕاسـتییەکەی ئـەوە ڕەقابەیەکـی زاتـی خۆشـمانە کـە لەگـەڵ خۆمانـدا دەیکەیـن، بـەڵام ئـەو فۆڕمـە لەبیرکردنـەوە لەدیـاردە کۆمەڵایەتیـەکان لەنـاو بەشـێکی ڕۆژنامـەی ئەهلیـدا دیلێـت کـراوە، ئـەو تایپـە لەمیدیـا یـادەوەریو ئەزموونـی لەوبـارەوە نیـەو نازانێـت چـۆن مامەڵـە بـکات، ناشـمەوێ گشـتگیری بکـەم، بـەڵام هەشـبوو دەیزانـی

ئـەوە بەدخويـیـو خراپەكارييـە، بـەڵام لەبەرئـەوەی پيشەسـازيی بەرهەمهێنانـی هـەواڵو بـە بازاڕخسـتنی كردبـووە ئامانـج، لەبەرئـەوەی وەزيفـەو ئەركـی گـەورەی رۆژنامەنووسـيی تەنهـا لـە قازانـجو فرۆشـدا دەبينييـەوە، باكـی بـەوە نەبـوو، ئـەو هەواڵـە پێچەوانـەی بنەمـا كۆمەڵايەتيەكانـە يـان نـا، بـۆ ئـەو گرنگيەكـە لەوەدابـوو، چەنـد رۆژنامـە دەفرۆشـرێو تيراژەكـەی چەنـدە هەڵدەكشـێنێ؟ مـن هەميشـە لەگفتوگۆكانـم ئـەوەم دوپاتكردۆتەوە، كـە ئەگـەر ئەوەنـدە شـوێن بەرزبوونـەوەی تيـراژ دەكەويـنو دەمانەوێـت شـوێن قازانـج بكەويـن، دەتوانيـن گۆڤـاری سێكسـی دەربكەيـن، ئەگـەر شـوێن ئـەوە بكەويـن، كـە بێحورمەتـی بەنـاوی خەڵكـەوە بكەيـنو هەڕەشـەی ئاشـكراكردنی نهێنييەكانـی ژيانـی تايبەتـی بكەيـن، ئـەوە دەبێتـە رۆژنامەگـەری سـكانداڵو نابێتـە رۆژنامەگـەری ليبـراڵ.

بەشـێك لەنـاو ميديـای ئەهليـدا، ديسـان تەعميـم ناكـەم، ئولفـەت گرتـن بـە وروژانـدن ببـووە مۆدێـل، لەلاپـەڕەی يەكەمـەوە يـان هاڕينـی حـزبو سياسـييەكان بـوو، يـان هەپرونكردنـی كۆمەڵـگا، ئـەو دۆسـيانە زۆر زۆر تێكـەڵاو دەبـوون، لـە پرسـی كۆنـدۆمو سێكسـەوە تـا گەندەڵـی، برالـە سـەركردەكان كەيفـی خۆيانـە چيـان پێدەڵێـن، بـەڵام كۆمەڵگـەی كـوردی گوناهـی چيـە ئـەو هەمـوو سەركێشـیو بەدفـەڕیو ناپەسـەندييەی دەرخـوارد بـدەی، ئـەوكاتو ئێسـتاش مـن ئـەو فۆڕمـی رومـاڵو ئيشـكردنە رەتدەكەمـەوەو هەرگيـز خـۆم بـە نزيـك و بەشـێك لـەو تايبـە ميديايیـە ميديـای نەزانيـووە.

# دەرگاوانی ئاکار و پاسەوانی هەواڵ

لەزانسـتی میدیـادا، پەیکەربەنـدی ئـەرکو بەرپرسـیارییەتی لەنـاو دامەزراوەیەکـدا رونکراوەتـەوە، ئێمـەش بـەو ئەزموونـە دێرینـەی هەمانـە، دەزانیـن وەزیفـەو ئەرکـی سەرنووسـەرو سـتافەکەی چۆنـە، ئـەو زانسـتە پێمـان دەڵێـت سەرنووسـەرو بەرپرسـی یەکەمـی دامەزراوەیەکـی میدیایـی دەبێـت ببێتـە دەرگاوانو پاسـەوانی پاراسـتنی رۆژنامـە لەهـەر سـەرپێچییەکی یاسـاییو کۆمەڵایەتـی، دەبێـت دەرگای لاپـەڕە لـە دزەکردنـی هـەواڵو راپۆرتـی ناجـۆرو لادان بگرێـت، خـۆ ئێمـە زۆرمـان دەربـارەی ئـەوە خوێندۆتـەوەو دەزانیـن لـە زانسـتی بەڕێوەبردنـی دامـەزراوە میدیاییـەکان، بەتایبەتـی لـە دامـەزراوەی رۆژنامـەی کاغەزیـی گرنگـە ئـەو پاسـەوانە هەبێـتو هـەواڵ لـە فلتـەری یاسـاو ئـاکار بـدات.

بەپێـی ئەزموونـی خۆم لە رۆژنامەدا، لەکاروباری کوردسـتانی نـوێو رۆژنامـەی ئاسۆشـدا، ئـەوەم بـە بنەمـا گرتـووە، کـە مـەرج نیـە کاتێـک نەخشـەی دامەزراوەیەک دادەنێی، سـەرقاڵی داتاشـینی ناونیشـان بیـت بـۆ ئـەرکو بەرپرسـیاریەتییەکانی نـاو رۆژنامـە، بەڵکـو دەبێـت ئـەرکو بەرپرسـیاریەتییەکان بـە چەشـنێک دابـەش

بکەیت، تا ئەو پەیامەی بە وەرگر دەگات لەهەموو زیانێکو بە ئامانجگرتنێک خاڵیی بکەیتەوە، لەوانەیە ئەو پاسەوانو دەرگاوانە سەرنووسەر بێت، لەوانەشە سکرتێری نووسین بێت، ئەوەش رەنگە زۆر گرێدراوی دۆخی دارایی کەناڵەکە بێت، ئەگەر دامەزراوەیەک داهاتەکەی باش بێت، دەشێت ئەو رۆڵە بەکەسێکی یاسایی بدات، خۆ ئەگەریش سەرنووسەر یاسایی بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ ئەو ئەرکە بۆ خۆی ببینێ، بەڵام دیدگای جێگیرو چەسپاوی من لەو بارەوە ئەوەیە، کە پێویستە هەموو رۆژنامەنووسێک خۆی پاسەوانو دەرگاوان بێتو خۆی فلتەری ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی لە دارشتنەوەو بڵاوکردنەوەدا رەچاو بکات. راستە لە زۆر رۆژنامەدا، لەرێگەی کۆبوونەوەو مۆنیتەرینگ هەڵەکان لەدوای دەرچوونی ژمارەیەک دەخەنە بەردەم سەرنووسەر، بەڵام راست ئەوەیە بەر لە بڵاوکردنەوەو چاپکردنی رۆژنامەکە رێگە لە بڵاوبوونەوەی ئەو هەڵانە بگرن، چونکە ئیدی دەشێت پاش بڵاوبوونەوەی هەڵەکە کارەسات بقەومێ.

کاری گرنگو جەوهەریی بۆ هەر دامەزراوەیەک ئەوەیە، رۆژنامەنووسەکانی لەسەر کۆمەڵێک ئاست رابهێنێ، خۆ ناکرێت پیشەو هونەری رۆژنامەنووسیی تەنها لە شێوازی دارشتنی هەواڵو راپۆرت کورتبکرێتەوە، بەڵکو لە تەک ئەوەدا دەبێت بە رەهەندە یاساییو ئاکارییەکانی پیشەکەش راییان بهێنێ، کردنەوەی خولی راهێنانو مەشق پێکردنی بەردەوامی رۆژنامەنووسان لەسەر پرسە یاساییو مۆراڵییەکان، هاوکاری

دامـەزراوەکان دەکات بـۆ ئـەوەی ڕۆژنامەنـووس شـتە باشـەکان لـە هەڵـەو خەوشـییەکان جیـا بکاتـەوە، ئـەوەش ئـەو ڕێگـە ڕاسـتەیە، کـە دامەزراوەیـەک دەتوانـێ گرفتـی دەرگاوانـی ئاکاریـی چارەسـەر بـکاتو تـا ئەوپـەڕی پابەنـدی بنەمـا کۆمەڵایەتییـەکان بێـتو نەیەڵێـت ڕۆژنامـەو پیشـەی ڕۆژنامەنووسـیی ڕوبـەڕووی ئاریشـەی ناجـۆر ببێتـەوە.

# سیاسەتی میدیایی و
# رەنگدانەوەی رەفتاری سەرنووسەر

هەمــوو دامەزراوەیەکــی میدیایــی وابەســتەی سیاســەتێکی ڕاگەیانــدن، یــان چوارچێــوەو ســیاقێکی ئاکارییــە، جــا ئــەو سیاســەتە چ پــارتو لایەنــە سیاســییەکە چوارچێوەیەکــی بــۆ داڕشــت بێــت، یــان بەڕێوەبــەری کۆمپانیــا یــان ســەرمایەدارو ئــەو کەســایەتییەی لــە پشــت ڕۆژنامەکەیــە، بــەڵام هاوتــا لەگــەڵ ئــەو سـیاقە پرەنسـیب ئامێـزە، هەندێک ووردەکاری ڕۆژانـە ڕەنگدانەوەی دنیابینــی ســایکۆلۆژی سەرنووســەرو تێڕوانینەکانــی کەســی یەکەمــی هەڕەمەکەیــە، شــێوازی بیرکردنــەوەی کەســی یەکــەم، دیــدگای سەرنووســەرو ڕادەی ئاگایــی، هۆشــیاریی‌و تێفکرینــی لەپرســە کۆمەڵایەتــی‌و سیاســییەکان دواجــار دەبنــە بەشــێک لــەو چوارچێــوە گشــتییانە، بــەڵام خــۆ ئــەوەی ســەری سیاســەتی میدیایــی خــواردوەو دەرفەتێکــی بــۆ بەهــاکان نەهێشــتۆتەوە، ئــەو کێبڕکێیەیــە کــە لەپێنــاو فــرۆش‌و بەدەستخســتنی قازانــج دەســتیان داوەتــێ، بەجۆرێــک کــە خواســتی بــە دەســتهێنانی قازانــج بۆتــە ئامانجــە ســەرەکیەکەو پشــت لەزۆرێــک لــە بەهــاکان کــراوە.

بەدیتنــی مــن، حەزدەکــەم هاوســەنگییەک لەنێــوان هــەردوو ئاراســتە ڕابگریــن، زۆرجــار پرۆســەی بەبازاڕخســتنی ڕۆژنامــەو

بە بنەماگرتنی قازانج دەچوێنم بە بازرگانی، راستە هەموو کارەکتەرێکی ناو پرۆسەی بازرگانی، وەبەرهێنان لە پێناو قازانج دەکات، بەڵام خۆ لەو پرۆسەیەشدا رزقی حەڵاڵ و حەرام هەیە، ئەو بازرگانەی بەدیار فرۆشتنی خانووبەرەوە دەیهەوێت دەست مایەکەی زیاد بکات، دەتوانێ لەرێگەی ماددە هۆشبەرەکانەوە بیکاتە سەد هێندە، بەڵام نایهەوێت لەرێگەیەکی نا ئەخلاقی شکۆو سامانەکەی بخاتە مەترسیەوە، لەوبارەدا هەمیشە ئەوەم بیردەکەوێتەوە، کە لەدرامای (بازرگان)ی کەناڵی کوردسات، قسەکەی کارەکتەری (سانجۆک) ئەوەی دوپاتدەکردەوە، کە «بازرگانی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکە، نەک پارەکانیان»، لەو سۆنگەوە هەموو کارێک، بازرگانی بێت یان رۆژنامەنووسیی، هەر دەبێت بە تەنیشت قازانجەوە، لەخەم متمانەی خەڵکو شکۆو کەرامەتی خۆیدا بێت. ئاخر بۆ میدیاش هەروایە، ئەگەر سەیری تیراژ بکەیت، گۆڤاری رووت زیاتر خەڵک سەیری دەکات، بەڵام ئەی شکۆو کەسایەتیو بنەما ئاکارییەکان، من خۆم کوڕی ئەو قوتابخانەی رۆژنامەنووسیم، کە ئەمەوێت بەهاو بنەماکان تێیدا رەنگبداتەوە.

ئەزموونی کرچو کاڵی هەندێک لە میدیای ئەهلی، بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی بنەما ئامێزو غیابی باوکو رەقیبێک بەسەریانەوە، زۆر ئەزموونی تاڵی نیشانیداین، لە هەرە ئەزموونە سەیرەکان بریتی بوو لەو فۆرمی گوتارەی، کە لەدەرەوەی سیاسەتی میدیاییو وەک بەشێک لە رەنگدانەوەی کەسێتی سەرنووسەر خۆی بەیاندەکرد، ئەوەش بەرۆشنی لەنێوان

رۆژنامەیـەکو یەکێکـی تـردا، هەروەهـا لەنێـوان قۆناغەکانـی یـەک رۆژنامەشـدا کـە سەرنووسـەری جیـاوازی هەبـووە رەنگیداوەتـەوە، لەبەرئەوەشــە هەندێـک وێســتگە لەســەردەمی هەژموونــی سەرنوســەرێکدا لەرۆژنامەیەکــی پابەنــد چــووەو لــە ســاتو ســەردەمی سەرنووســەرێکی تــردا وەک رۆژنامەیەکــی ســکاندالْ خـۆی نمایـش کـردووە، ئـەوەش ئـەو دیوەیـە کـە میدیـا بەهـۆی دۆخــی دەروونــی و کەســێتی سەرنووســەرەوە هەندێـک رەفتــاری خــۆی تێــدا رەنگدەداتــەوە.

# ریکلام بۆ مارلیبۆرۆ،
# عەلائەدین سوجادی چیمان پێدەڵێت

کەسـایەتیەکی مێژوویـی، کـە لەمێـژوودا وەک باوکـی بەرهەمهێنانـی ریـکلام دەناسـرێتەوە، نـاوی (دیڤیـد ئۆجیلڤـی)ە، ئـەو پیـاوە بەریتانیـە لەسـەدەی رابـردوودا رۆڵێکـی گـەورەی بینـی لـە دروسـتکردنو بەرهەمهێنـانو پەرەپێدانـی ریکلامـدا، زۆر گوتـەی بەناوبانگـی هەیـە، یەکێـک لـە بەناوبانگتریـن ئـەو دەسـتەواژانەی لەبـارەی ریکلامـەوە هەیەتـی، دەڵێـت «ریکلامکـردن بـۆ کاڵای نەگریـس، وەک راگەیاندنـی جەنـگ وایـە»، ئـەو گوتەیـە ئەگەرچـی نیـو سـەدە بەسـەریدا رەتبـووە، بـەڵام هێشـتاش لۆژیکێکـی راسـتو دروسـتی تێدایـە، کـە ئەویـش قسـەکردنە لەسـەر بەهـای ئـەو ریکلامانـەی کـە دەشـێت دامەزراوەیەکـی میدیایـی بڵاویـان بکاتـەوە، لەراسـتیدا ئێسـتا رێـک ئـەو سـاتەوەختەیە بـە قەولـی دیڤیـد رۆژانـە گوێبیسـتی راگەیاندنـی دەیـان جەنـگ دەبیـن.

بـۆ مـن قسـەکردن لەسـەر ئـەو پرسـە جـێ بایەخـە، بەوپێیـەی سـاڵانێکی زۆر لەنـاو ئەزموونـی رۆژنامـەی کاغەزیـدا دەسـتو پەنجـەم گـەرم کـردووە، هەمیشـە پێموایـە مافـی رۆژنامەیـە کـە بخوازێـت لـە رووی ئابوورییـەوە سـەرپێی خـۆی بکەوێـت، ئەویـش لەرێگـەی پشـت بەسـتن بـە ریـکلام، بـەڵام

گرفت بۆ ئێمەی میدیاکار لەکوردستان ئەوەیە کە ریکلام بە یاسا رێکنەخراوە، بەشێک لەو ریکلامانە بە پێچەوانەی نەریتە کومەڵایەتییەکان، بە پێچەوانەی زۆرێک لەو پرەنسیپانەیە کە لەکۆمەڵگادا بەپیرۆزییەوە تەماشا دەکرێن. سەبارەت بەخۆم بەدرێژایی ژیانم لەهەر دامەزراوەیەکدا کارم کردبێت، بۆ چرکەیەک لە بیرکردنەوەو گفتوگۆ نەوەستاوم لەسەر ئەو کاڵایانەی دەشێت ریکلامیان بۆ بکرێت، ئایا دەشێت ریکلام بۆ جگەرە بکرێت؟ بەها کۆمەڵایەتییەکان رێگەدەدەن بۆ ماددە کحولیەکان لاپەڕەیەک تەرخان بکەین، ئایا لواوە بۆ داوو دەرمانی بێ کوالێتی، کە هێشتا وەزارەتی تەندروستی پشتڕاستی نەکردۆتەوە، ریکلام بکرێت؟ ئەوانە پرسیاری بەجێن، بەڵام خۆ ئەوە تەنها بەدەزگاکانی راگەیاندن ناکرێت، بەڵکو هەم پێویستی بە یاسا هەیەو هەمیش قەرەبووی گەرەکە، داوو دەزگای میری بۆ ئەوەی رێگە لە ریکلامی لەو جۆرە بگرن بەتەنها نابێت خۆیان بە سەپاندنی یاسا ببەستنەوە، بەڵکو دەبێت دەستگیرۆیی کەناڵو دامەزراوەکانیش بکەن، دەبێت قەرەبووی خۆ بەدوورگرتنی رۆژنامەکان بکەنەوە کە ریکلام بۆ کاڵای پڕ زیان ناکەن، ئەو ئەزموونە لە میسر هەیە، بۆ ئەوەی دامەزراوەکە لەسەر پێی خۆی بوەستێت، گرنگە نرخی کاغەز یان پەخشی تەلەفزیۆنیی لەسەر هەرزان بکات. تۆ دەزانی ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین هەموو شتێک ئاوەژوو بۆتەوە، کە تەماشای دۆخی ئێستای رۆژنامەنووسی دەکەم، لەگەڵ سەپاندنی یاسام بەسەر ریکلامدا، کەچی کە لەرابردوو

دەڕوانم جۆرێک شەرعیەت دەدەمە ریکلامکردن بۆ هەندێک کالاٚ، مامۆستا (عەلائەدین سوجادی) کاتی خۆی لەگۆڤارەکەی خۆیدا ریکلامی بۆ مەشروبی براند دەکرد، رەنگە ئەوە بوێریو ئازایەتی خۆی بووبێت، بەلاٚم لەگەڵ ئەو بوێرییەش نابێت بیرمان بچێت، کە هەموو کەناڵو دامەزراوەیەکیش خەرجی هەمە چەشنەی لەسەر شانەو ئەگەر نەتوانێ بە فرۆشو ریکلام داهاتەکانی بەرز بکاتەوە، بەچی ئەو سوپایەی بەردەستی خۆی بژیەنێت؟

# چۆن نەتەوە لەسەر کاغەز دروست بکەین

بۆ یەکەمجار ساڵی (٢٠٠٤) لەرۆژنامەی (ئاسۆ) بڕیارمان دروشمی «دروستکردنی نەتەوەیەک لەسەر کاغەز»داو، لەژێر لۆگۆو تاجی رۆژنامەکە داماننا، ئەوکات هێشتا غەزای سۆشیال میدیا دەستی پێ نەکردبوو، ئەنتەرنێت تازە پەیدابببوو، نەتەوەسازی نەگەیشتبووە ئەوجێ ئاگایی خۆی ناوماننا نەتەوەیەک لەسەر کاغەز، من دەمووت هەموو ئاراستە جیا جیاکان لەسەر کاغەز کۆدەکەینەوە کە نەتەوەی کوردی لێ پەیدا دەبێت، هێزو لایەنە سیاسییەکان، بیروڕاو دنیابینی جیاواز، قوتابخانەی بیریی ناکۆک، ئاینو ئاینزاو دیالێکتە جوداکان، لەسەرەوە لەناو ئەو رۆژنامەیەدا هەبن، من خەونی رۆمانسی خۆم باسدەکەم، پێموابوو ئەبێت لەجیاتی ئەوەی شەڕی ئەم قوتابخانە فکرییانە لە ئەرزی واقیع، شەڕی ناوخوی لێبکەوێتەوە بەناوی کرێکارو سەرمایەدارییەوە، یان بەناوی یەکێتییو پارتیەوە، یان بەناوی جەلالیو مەلاییەوە یان شەڕی لوتکە شاخی کەپکی حەمەد ئاغای لێبێت، با لەسەر ئەم وەرەقەیە خوێنی حبر بڕێژین، با لەسەر روپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە خوێنی رەشو نیلی بڕژێت نەک خوێنی سووری

شادەماری گەنجێک، من وەڵامی تۆ و تۆش وەڵامی من بدەیتەوە لەناو رۆژنامەدا باشترە لەبری ئەوەی خوێن برێژین. ئاستێکی تری خەونی من لەدیاریکردنی پشت ئەو دروشمە، بریتی بوو لەوەی کە دەشێت نەتەوەیەک لە نوسیندا درووست بێت، ئەگەر ناوەکەیم لەیاد مابێت کەسێک بەناوی (دیڤید رۆمانۆ) کتێبێکی لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە کۆکردۆتەوەو وتارێکی (ڤان مارتن برۆنست)ی کوردۆلۆژی هۆڵەندی تێدایە، ئەڵێت ئەگەر سەیری مەم و زینی خانی دەکەین زۆر شتی گرنگی نەتەوایەتی تێدایە، راستە چیرۆکی مەمو زین لە خانی دێرینترەو کۆنە، بەڵام خانی کردوویەتیە پاساو، کردویەتیە ئامراز بۆ ئەوەی باسی هەستە نەتەوەییەکانی خۆی بکات، بەڵام دەپرسێ ئەگەر چاپخانە نەبێت مەمو زینی خانی چاپ بکات خەڵک چوزانێ خانی باسی چی دەکات، تۆ ببینە دوای چەند ساڵ (حاجی قادری کۆیی) دێتو ئەمە دەخوێنێتەوەو دەرئەکەوێت، کە مەسەلەی نەتەوایەتی لەپشت داستانەکەوەیە، حاجی قادریش، ئەو کەسەیە وانە بەکوڕەکانی بەدرخان دەڵێتەوە، بەدرخانیش ئەوانەن ئەو شۆڕشە نەتەوەییەیان لەسەر خاکی کوردستان و دواتر لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (کوردستان) لەسەر کاغەز دروستکرد، بۆیە ڕام وابوو نەتەوەیەک لەسەر کاغەز دروست بکەین. ڕایەکی دیکەشم هەیە، من فیێڵێکی مەلایانە دەکەمو ووردە وردە بەرپرسیاریەتیەکە لەسەر خۆم لائەبەمو خۆمی کاغەزیی یان خۆمی نووسەری رۆژنامەنوسیی هەمووی ئەخەمە ئەستۆی ئەوانی تر.

ئێستا دەورانی کاغەز ئەگەر بەسەریش نەچووبێت، کاڵبۆتەوە، لەبەرئەوە یەکخستنی نەتەوە تەنها لەسەر کاغەز نەماوەتەوەو چووە بۆ ئاسمان، لەناو شاشەی مۆبایل‌و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەمووان سەرقاڵی یەکخستنی نەتەوەن، ئێستا ڕەهەندی زمان لە یەکخستنی نەتەوەدا جێگەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە، سەیری (ستێرک) دەکەیت یان (تەرەتە شەش)؟ گوێ لە (دەنگی ئەمەریکا) دەگری یان (رادیۆی تاران)؟ بەدیار (کوردسات)ەوە دادەنیشی یان (رووداو) هەمووی هەر بەزمانی کوردی پەخشدەکرێت، بەڵام لەوەشدا گرفت‌و دابەشبوون هەیە، گرفتی یەکەم ئەوەیە هەندێک بە پیتی عەرەبی‌و ئەبجەدی ئیسلامیی دەنووسن‌و هەندەکەی تریش بە لاتینی، گرفتی دووەمیش لەهجەو دیالێکتیکی قسەکردنە، هەربۆیە تێپەڕاندنی هەردوو بەربەست زۆر زەحمەتە، هەم بەربەستی شێوەزارو هەم بەربەستی شێوە نوسین، لەبەرئەوەشە سەرباری هەموو ئاستەنگەکان ئێستاش باوەڕم بەوە هەیە، کە دەشێت نەتەوە نەک لەسەر کاغەز، بەڵکو لە ئاسمان‌و لەناو شاشەکانیش دروست بکرێت.

# باوەشی میدیا و زمانی لۆکاڵی

پرۆسەی یەکخستنی نەتەوە لەرووی زمانو دیالێکتیکەوە، لێک نزیککردنەوەو دۆزینەوەی چوارچێوەی گشتی بەمانای ئەوە نایە، ئەو پرۆسەیە لەسەر حسێبی سڕینەوەی خەسڵەتو شێوازەرە لۆکاڵیەکانی کوردستان بێت، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەشە تا هەموویان پێکەوە تێی بگەنو پێی بگەن، ئەگەرنا من خۆم سەر بەو قوتابخانەی بیرکردنەوەم، کە دەشێت سەرباری زمانە گشتیە کوردییەکە، هەموو ئامرازەکانی راگەیاندن دەرفەت بڕەخسێنن هەموو پێکهاتە لۆکاڵیەکان بە دیالێکتیکی خۆیان بنووسنو گوزارشت لەخۆیان بکەن، چونکە ئەوە نیشانەی دەوڵەمەندی زمانو نەتەوەیە، نەک هێمای لاوازیو خەوشو کەموکورتی.

چیرۆکی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، وامان لێدەکات بگەڕێینەوە سەر باوکە دامەزرێنەری یەکەم رۆژنامەی کوردی، لەسەرەتاوە بە پیتی عەرەبی دەرئەچوو، کە پێیان دەوت پیتی ئیسلامی، دوای ئەوەی نەتەوەی کورد لە گەورەترین بەشی کوردستان، کە باکوورە چووە سەر بەکارهێنانی پیتی لاتینی، ئیتر بەربەستێکی گەورەی لەبەردەم کورددا دروستکرد،

چونکە لەدوو بەش جۆرە پێتێکو لەدوو بەشەکەی تریش جۆرە پیتێکی تر بەکاردەهات، سەیری مێژوو بکە، (جەلادەت بەدرخان) گۆڤاری (هاوار)ی دەرئەکرد، سەرەتا بە پیتی عەرەبی بوو، بۆ ئەوەی ئەو گۆڤارە بگاتە دەست کوردەکانی عێراق، مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) لەوێ شیعری بڵاوکردەوەو (گۆران)یش چەند دەقێکی بڵاوکردەوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی عێراق هاتنی ئەو گۆڤارەی قەدەغە کرد، کاتێکیش ئەو گۆڤارە لەباشووری کوردستان قەدەغە دەکرێت ئیتر جەلادەت بەناچارییەوە تەنها بۆ رۆژئاوای کوردستان دەریدەکاتو دەیکاتە پیتی لاتینی، ئێ کوردی (یەکێتی سۆڤییەت)یش هەروابووە، بۆیە پێموایە ئەوکات باوکە دامەزرێنەرەکانی زمانی کوردی واقیعیانە مامەڵەیان کردووە، رۆژنامەیەک بۆ کوردی سوریا دەردەکەنو هەوڵدەدەن دزەی پێبکەن بۆ کوردستانی تورکیا، ئێمە ئەگەر رۆژنامەیەک دەردەکەین بە حەرفی عەرەبیو دەشمانەوێت کوردی ئێران بەقاچاخ بیخوێنێتەوە ئەبێت بەحەرفی عەرەبی دەریبکەین. پەیوەست بە لەهجەو دیالێکتیکەکان، من نە بەربەستیان لەبەردەمدا دادەنێمو نە تەشویقی ئەوەش دەکەم، خەڵک بە زمانی لۆکاڵی بنووسێت، پێموایە رێگریکردن باش نییە، بەڵکو ئامانجەکە بەستراوەتەوە بەنووسەرەکە خۆیەوە، ئاخۆ دەنووسێت بۆ ئەوەی پەیامەکەی زۆرترین کەس بیبینێ، یان لە سیاقو چوارچێوەیەکی بچووکدا لەناو کەمینەیەک دەستاو دەست بکات.

# رۆژنامە و ئیمپریالیزمی ئەدەبی

لەبنەڕەتــەوە، چونکــە ریشــەو ڕەچەڵەکــی ڕۆژنامەنووســیی کــوردی، بەرهــەمو بەخششــی ئەدیــبو شــاعیرانی کوردبــووەو دەستەبژێرو نوخبـەی خوێنـدەواری ئێمـە لـەو بـوارەوە هاتوونەتـە نــاو دنیــای ڕۆژنامــە، لەبەرئــەوە ئاســاییە، کــە زمانــی ئــەدەب هەژمـوون بەسـەر ڕۆژنامـەی کاغەزیـدا بـکات، ئەوەتـا شـێخ نـوری (شـێخ سالّح، پیرەمێـرد، گـۆران و کامەران موکـری) و هتد لەوێوە بەرۆژنامــە گەیشــتون... مــن خــۆم لــە گەنجــی ئەزموونەکەمــدا لایەنگــری ئەوەبــووم، کــە ڕێگــە بــەو هەژموونــە بگریــنو نــاوم نابــوو (ئیمپرالیزمــی ئەدەبــی)، لەراســتیدا ئیمپرالیزمــی ئەدەبــی بـۆ مـاوەی سـالانێکی زۆر دەسـتی بەسـەر ڕۆژنامەگـەری کوردیـدا گرتبـوو، رەنگـە هـۆکاری ئـەو بوغزاندنـەی مـن بـۆ ئـەو هەژموونـە ئـەوە بێـت، خـۆم ئەدیـب نیـمو شـیعرم نییـە تـا سـەرنجی کچـی جوانــی پــێ ڕاکێشــم، لەبــەر ئــەوە ڕقــم لــە شــاعیرەکان بــوو (بــە پێکەنینـەوە)، ئەمانـە بـۆ ئـەوەی مەیدانەکـە بەجـێ بهێڵـنو دەریان بکــەم لــە کۆمارەکــەی خــۆم، (کۆمــاری ڕۆژنامــەی کاغــەزی) هــەزار بـڕو بیانـوم لێدەدۆزینـەوە، ئـەوە هـەر بـۆ شـۆخی دەڵێـم ئەگەرنـا بەڕاسـتی دۆخـی ڕۆژنامەنووسـیی لەسـایەی کەمبوونـەوەی

ئـەو نەوەیـە رۆحـی تێـدا نەمـاوەو لەهەمـوو شـتێک کـە بۆنـی ئەدەبیـی و رۆشـنبیریی بێـت بەتـاڵ بۆتـەوە، لەراسـتیدا نەوەیـەک پەیدابـوون نـەک رۆحو گیانیـان، بەڵکـو زمـانو خەیاڵـی بەرفراوانـی ئەدەبیشـیان هـەر لاوازبـووە، پێمـوایـە ئەگـەر رۆژنامەنووسـی سیاسـیش بێـت، پێویسـتە هـەر خەیاڵـی ئەدەبیـت هەبێـت، کاتـی خـۆی لـە رۆژنامـەی (کوردسـتانی نـوێ) رۆژنامەنووسـێک هەبـوو نـاوی (رەحمـان خانـی) شـاعیرێکی باشـبوو، بـەڵام لەهەمانکاتـدا ریپۆرتەرێکـی زۆر باشـیش بـوو، کـە ریپۆرتاژەکانـی ئـەوت دەخوێنـدەوە هەسـتت بـە قوڵایـی بیرکردنـەوەو زمانـی شـیرینی دەکـرد، تـۆ سـەیری دەستنوسـی شـیرینی (شـێرکۆ بێکـەس) ی مەزنـت کـردووە، بەرهەمەکانـی ئەوەنـدە نایـاب بـوون، هـەر جـوان بـوو بـە دەسـتو خەتەکـەی خـۆی لەجێگـەی مانشـێتی رۆژنامـە بـڵاوی بکەیتـەوە، تـۆ سـەیری (دڵشـاد عەبدوڵـڵا) بکـە، ئەوەنـدە جـوان دەینووسـی، وتـارە سیاسـییەکانی لـە پەخشـان دەچـوون، راسـتیەکەی دڵشـاد عەبدوڵـڵا و مـن ماوەیەکـی زۆر بەیەکـەوە کارمانکـرد، ماوەیـەک بەرپرسـم بـوو، دوایـی بوویـن بـە هاوبـەشو پاشـانیش کاک دڵشـاد خـۆی تەرخـان کـرد بـۆ گۆڤـاری ئەدەبـی بـوو و مـن بوومـە لێپرسـراوی رۆژنامەکـە، کـە ئێسـتا بیـری لێدەکەمـەوە، بـە رۆیشـتنو کۆچـی ئـەو زاتانـە رۆح و زمانـی ئـەدەب لـە رۆژنامەکـە بـەرەو کـزی رۆیشـت، لەکاتـی (ئـازاد جوندیانـی) و (فریـاد رەوانـدزی) زۆر ئەدیـبو نووسـەری گـەورە گۆشـەیان هەبـوو، (رەئـوف بێگەرد) دەینووسـیو (شـێرزاد حەسـەن)یش هاوکارێکـی بـەردەوام بـوو، ئـەوان دەیانتوانـی ئـەو

ڕۆحە لە ڕۆژنامەدا بهێڵنەوە، بەڕاستی ئێستا لایەنگری ئەوەم ڕۆحی ئەدەبی بمێنێتەوە، بەڵام جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەی ڕۆحی ئەدەبی هەبێت یان سەد لە سەد زمانی ئەدەبی بەسەریدا زاڵ بێت، چونکە زمانو فەزای نووسین لەو دوو جیهانەدا وەک یەک نیە. ئێستا ڕەنگە وا پێویست بکات ئەو کەسانەی کار لە ڕۆژنامەی سیاسیدا دەکەن، ڕۆحی ئەدەبییان هەبێتو نێتۆرکێکی یان هەبێت لەگەڵ ئەدیبەکانداو قەرەبووی ئەم کەموکوڕییە بکەنەوە، بەو مانایەی لەجێگەی ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداربنو هاوبەشی هەموو شتێک بکەن، دەکرێت هاوپەیمانیەتیەک هەبێتو شت بنووسنو بەشداربن، بەکورتیو کوردی وەک چۆن وڵاتانی عەرەبی حەزیان لەفەرهەنگی ڕۆژئاوایی بوو، کەچی شەڕی ئیمپریالیزمیشیان دەکرد، منیش دەمهەوێت سوود لە ئیمپریالیزم ببینمو ناشمەوێت خاکەکەم داگیر بکەن، با ئەوشتە بۆ ڕۆژنامەگەریش بڵێم. من حەزدەکەم سوود لە ئەدیبەکان ببینم، بەڵام نامەوێت وای لێبێت کۆنترۆڵی کارەکان بکەنو زمان هەر زمانی ئەدەبی بێت، چونکە ئێستا بەهۆی کردنەوەی کۆلێژو پەیمانگای تایبەت بە ڕۆژنامەنووسی، لە ئەنجامی گەشەسەندنو پێشکەوتنی بواری میدیا، زمانی ڕاگەیاندن سەربازی کەموکوڕییەکانی، بەڵام جۆرێک لە کۆنفیدراڵی و لامەرکەزی بەدەستهێناوەو خەریکە بە تەواوەتی لە زمانی ئەدەبی خۆی جیادەکاتەوە.

# جاڵجاڵۆکەی ئینتەرنێت و سەرەتاتکێی لە کوردستان

هەمــوو دەرکەوتــەو دیاردەیەکــی نــوێ، تــەواوی ئــەو داهێنراوانــەی لــە جیهــان وەک بەرهەمــی تەکنۆلۆژیــا دەردەکــەون، کــۆی بەخششــە زانســتییەکان، کــە وەک ئامێــرو ئامــراز دەخرێنــە بەردەســت بەکاربــەرەوە، لــە هەر شــوێنێکی جیهان بێــت هەر هەمان پرســیار بــەدوای خۆیانــدا دێنــن، هەمــان کێشــەو ئاریشــە لەگــەڵ خۆیــان رووبــەڕووی مــرۆڤ دەکەنــەوە، لەبەرئەوەشــە ســەرەتای دەرکەوتنــی تەکنۆلۆژیــای پەیوەندییــەکانو گەشەســەندنەکانی ئینتەرنێــت چــۆن لەکوردســتان ئاســتەنگی بــەدوای خۆیــدا هێنــاوە، بەهەمــان ئەنــدازەش لەجیهــان رووبــەڕووی هەمــان دۆخ بۆتــەوە.

لەراســتیدا ئەگــەر کتێبەکانــی مێــژووی گەشەســەندنی ئامێرەکانــی میدیــاو ئامرازەکانــی پەیوەنــدی بیخوێنینــەوە، ئــەوە بەدیدەکەیــن، کــە پانتایــی نێــوان پەیدابوونــی تەلەفــۆنو مۆبایــل کەمتــرە لــەو ماوەیــەی کــە لــە نێــوان ئامێــری پێــش قۆناغــی تەلەفــۆن و پەیدابوونــی تەلەفۆنــدا هەیــە، کەواتــە گەشــەکردنی تەکنەلۆژیا یەکێـک لەخەسـڵەتەکانی ئەوەیـە، کـە پانتایـی نێـوان تەکنەلۆژیایـەکو نەوەیەکـی تـری ئـەو داهێنراوانە کەمتـر دەکاتەوە، بۆیــە ئەگــەر وایدابنێیــن لــە کوردســتان لــە ســاڵی (١٩٩٩)

ئەنتەرنێت پەیدا بوو، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە (٢٠٠٠) و (٢٠٠١) ەوە، ماڵپەڕی کوردی دەردەکەوێ، پاشان لە (٢٠٠٩) و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەردەکەون، ئیدی بە بنەماگرتنی نێوان ئەو دوو زەمەنە (١٩٩٩) بۆ (٢٠٠٩)، زەمەنی وەرگۆڕانێکی گەورەیە. فەیسبووکو دەستەخوشکەکانی پەیدا دەبن، کەوایە دەساڵ پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەو گەشەسەندنە سەرپێی خۆی بکەوێت، بەپێچەوانەوە ئەو پانتاییەی تر، کە پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لەپاش فەیسبووک زۆر خێراترەو هەتا دێت ماوە کە کورتتر دەبێتەوە. کەوایە کۆی سەرەتاتکێی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان لەگەڵ جوگرافیای کوردستان دە ساڵی پێویست بووەو لەو ماوەیەدا هەموو کوردستانی تەنیووەتەوە.

قسەکردن لەسەر سەرەتاکانی دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکانو ئینتەرنێت، هەروەها گەشەسەندنو نەشونماکردنی تۆڕەکانی سۆشیال میدیا، هەروا دۆخێکی ئاسانو ئاسایی نەبووە، بەڵکو وەک بەشێک لە لاوازی هۆشیارییو نەبوونی ئاگایی تەواوەتی بۆ بەکاربردن روبەڕووی زۆر بەربەستو ئاستەنگ بۆتەوە، لە ئاستەنگە سەرەکییەکان:

**یەکەم**: گەشەکردنی کۆی جەستەی سۆشیال میدیا، لە فەیسبووکو ئینستگرامو تویتەرەوە تا دەگاتە یوتیوپ بێ نموونەیەو تائێستا لە شوێنێک نەگیرساوەتەوە تاوەکو بتوانیت تێگەیشتنت بۆی هەبێت، لەبەرئەوەش خێرایی گەشەکردنو نەشونماکردنەکەی بەجۆرێک بووە، لە ئاستی بەکارهێنانی

نەڕێنـــی ئـــەو تۆڕانـــەوە زۆر روداوی ناخۆشـــی لێکەوتۆتـــەوە، چونکـە دیاردەکـە خۆشـی نوێیـەو بـە یاسـا رێکنەخـراوە، ئـەوەی ئاسـتەنگەکانی زیاتـر کـردووە، خـۆت دەبینـی رۆژنامـەو گۆڤـارو تیڤـیو رادیـۆ بـە یاسـا رێکخـراونو دەرفەتـی سەرکێشـیو ئاشـوب نانـــەوەی تێدانیـــە، کـــۆی ئـــەو دامەزراوانـــەی تـــر لـــە پەخشـــەوە تاوەکـو یاسـای بڵاوکردنـەوە لەگـەڵ پرەنسـیبەکانی دیموکراسـییو ئازادیـدا گونجێنـراوە، بـەڵام ئـەوە بـۆ سۆشـیال میدیـا نابینیـن، کەواتـە ئەگـەر یاسـایەک نەبێـت بەناچارییـەوە بەپێی یاسـای خراپ بەکارهێنانـی ئامێرەکانـی مۆبایـل مامەڵـە دەکـرێ، ئـەوەش لەبـری چارەسـەرکردن کێشـەکان قوڵتـر دەکاتـەوە، بۆیـە هـەر پرسـیارێک دەربـارەی ئـەوەی کـورد ئـەو تۆڕانەی باش بەکارهێنـاوە یان خراپ، پرسـیارێکی کراوەیـە، چونکـە ئێمـە نازانیـن لەکوێـدا دەوەسـتێت تاکـو بزانیـن لەکـوێ کـورد بـە باشـی یـان بـە خراپـی لـە گەڵیـدا هەڵسـوکەوت دەکات؟ ئەگـەر پرسـیار لەمـن بکرێـت لەکـوێ بـاش بـۆ خزمـەت بەکارهاتـووە، مـن پێتدەڵێـم لەبـواری پەرەپێـدان بـە زمانـی کـوردی، بـەڵام لەهەمانکاتـدا وەڵامـی ئەوەشـت دەدەمـەوە، کـە لەشـوێنێکدا خـراپ بەکارمـان هێنـاوە، کـە شـێواندنی زمانـی کوردییـە، کەوایـە تـۆ ناتوانـی لەیـەک روانگـەوە تەماشـای بکەیـتو لەیـەک روانگەشـەوە وەڵامـی پرسـیارەکان بدەیتـەوە.

**دووەم:** ئەگـــەر تێگەیشـــتن لـــە چەمکـــی ئـــازادی بریتـــی بێـت لـەوەی، کـە ئـازادی مرۆڤێـک لـەو شـوێنە کۆتایـی دێـت، کـە ئـازادی کەسـێکی تـر دەسـت پێـدەکات، ئـەوە لەبنەڕەتـەوە سۆشـــیال میدیـــا ئـــەو تێگەیشـــتنەی ئـــاوەژوو کـــردەوە، چونکـــە

سەرکێشی بەکاربەرانی ئەو تۆڕانە هەر بەوەندە سنوورانە نەوەستان، بەڵکو ئازادی خەڵکی تریشیان خستە ژێر هەڕەشەو گورەشەوە. رەنگە هەندێکجار هەست بەوە بکەین کە لەبنەڕەتەوە ئەو تۆڕانە لەهەندێک ئاستدا سانسۆریان تێپەڕاندبێو ئازادی زیاتریان چنگ کەوتبێت، بەڵام ناشزانین لەچەند شوێن لەرێگەی خراپ بەکارهێنانی ئازادییەوە چەند سەرکێشیو ملکێشیان کردووەو ئاژاوەیان ناوەتەوە، لەبەرئەوە ئەو فۆڕمە لەکارکردن لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە وتنی هەموو شتێک بە ئاسایی دەبینن، خۆی خەمە گەورەکەیە.

**سێهەم**: بایەخی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە لە دروستکردنی ئەو پەیوەندیانە خۆی بەرجەستە دەکات، کە جیهانی کردۆتە گوندێکی چکۆڵە، بەستنەوەی جوگرافیا جیاوازەکانی دونیا، کارلێکی نەتەوەو فەرهەنگە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر، ئاڵوگۆڕی ئەزموونو شارەزایی، ئاشنابوون بە کەلتووری یەکدی، هەمووی دیووە باشەکانی ئەو بەخششە نوێیەیە، من زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە، ئەگەر ئەم تەکنەلۆژیایە ساڵی (١٩٧٥) هەر لە تەلەفۆنەوە هەتا سۆشیال میدیا هەبوایە و بەدەست (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) و مام جەلالەوە بوایە دنیای دەخوارد. وای بەکاردەهێنا بۆ شۆڕشی نوێی گەلەکەمان وێنەی نەبێت، بەڵام نازانم من و تۆ و برادەرانی تریش کە ئەم تەکنەلۆژیایە بەکاردەهێنین بۆ باشی بەکارناهێنین، بۆ نموونە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان یان بزافی رۆشنبیریی کوردستان سەیر بکەین، ئەمانە ئەو بوارانەن کە بەکاری دێنن و گرفتارن

بەدەستییەوە، تۆ بیر خۆتی بێنەوە، ئەگەر لە شەستەکانو حەفتاکانو هەشتاکان ئەو تەکنۆلۆژیایە بەدەست بزوتنەوەی سیاسیی کوردییەوە بووایە، بەدڵنیاییەوە وەک فەرمانێکی حزبی دەیگشتاندو دەیووت تکایە هەموو بۆ هاشتاگێک بنووسن «بژی کوردستان»، «بژی چینی کرێکار»، یان «کرێکارانی جیهانو گەلانی زوڵم لێکراو یەکگرن».

# گەشەی تەکنۆلۆژیا و هەڵکشانی ئاگایی بەکاربەر

گەشــەکردنی تەکنۆلۆژیــای راگەیانــدنو کــۆی ئــەو گۆڕانکارییانــەی لەنێــو ئــەو جیهانــە گریمانەییــەدا رویانــداوەو روودەدەن، دەشــێ هەمــان ئــەو پرســیارانە بخوڵقێنــێ کــە لەجوگرافیــای جیاجیــای جیهــان رودەدەن، بــەو مانایــەی ئــەو پرســیارو ئــەو مەترســیانەش، کــە لەشــوێنێکی ئــەم جیهانــەدا دروســتدەبن، هەمــان پرســیارو هەمــان تــرس بــە جۆرێکــی تــر لــە کوردســتانو لەســەر ئاســتی بەکارهێنــان رووبدەنــەوە، چونکــە دواجــار هەمیشــە گەشــەی تەکنۆلۆژیــا هاوتــاو هاوشــان نەبــووە لەگــەڵ هۆشــیاری بەکارهێنــان، چونکە لەبنەڕەتەوە، بەبازاڕخســتنی ئامرازەکانــی تەکنۆلۆژیــای زانیارییــەکانو خزمەتگوزارییەکانــی، ڕەهەندێکــی ئابــووری هەیــە، لەبــەر ئــەوە هاوشــان نییــە لەگــەڵ ئەو هەژمــوونو شــەپۆلانەی کــە بــۆ هۆشــیاری بەکارهێنــانو مامەڵــەی تەندروســت لــە جوڵــەدان.

لەراســتیدا پەیوەنــدی نێــوان تەکنۆلۆژیــاو هۆشــیاری دووســەرەیە، بەســەرێکدا بەکارهێنانــی ئــەو چەشــنە تەکنۆلۆژیایــەو خزمەتگوزارییەکانــی دیکــەی نــاو سۆســیال میدیــا پێویســتی بــە هۆشــیاری هەیــەو بەســەرێکی دیکەشــدا تەکنۆلۆژیــای زانیارییــەکان

خۆی بە چەشنێک لە چەشنەکان هۆشیاری بەرهەم دێنێتەوە، ئەو هۆشیارییەی تەکنۆلۆژیاو ئامرازەکانی دەتوانن بەرەنجامی بەکارهێنانیان بەرهەمی بێنن، چونکە ئەو بەخششە وەرگۆڕینی مرۆڤە لە کائینێکی لۆکاڵییەوە بۆ بوونەوەرێکی یونیڤێرساڵ، مرۆڤێک کە لەپانتاییەکی بچووکەوە دەگوازێتەوە بۆ جیهانێکی بەرینتر، ئەو جیهانە بەرینەی کە دەشێت لەرووی جەستەییەوە بەریەککەوتنمان لەگەڵی نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە، لەرێگەی کارلێکی وێنەیی یا تێکست دەتوانن بەو ئاستە باڵایە لەهۆشیاریی گەردوونیی بگەین.

جیهانگیریی ڕاگەیاندنو گەشەکردنی بێ هاوتای تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان، لەئاستو سێکتەری جیاواز کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە جێدەهێڵێت، دەشێت لەرووی بەهاو مۆراڵە مرۆییەکانەوە مرۆڤ بگەیەنێتە ئاستو پێگەی کەمال، یا لەسەر ئاستی دنیابینی سیاسیو بیریی مرۆڤ هەڵکشێنێ بۆ ئاستو پلەبەندی سەرەوەی شارەزاییو ئاگایی، ئاگایی لەو شتانەی لەجیهان رودەدەنو کاریگەریی لەسەر یادەوەریمان جێدەهێڵنو وێنەیەکی زەینی دروست دەکەن.

نووسەر و راهێنەری دەروونی کەنەدی (رۆبین شارما) بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دەربارەی ئەو جیهانە گریمانەییەی سۆشیال میدیا قسە دەکاتو پێیوایە «ئێمە لە جیهانێکدا دەژین، زۆرێک لە هاوەڵو هاورێی گریمانەیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەدەستدەخەین، بەڵام لەراستیدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی گەورەی مرۆیی لەدەست دەدەین»، ئەو پرۆسەی بەراوردکارییە لەلای

شـارما ئـەوە بەیانـدەکات، کـە سۆشـیال میدیـا دەشـێت ئاگایـیو هۆشـیاریی مـرۆڤ بـەرەو هەڵکشـان ببـات، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە جۆرێـک لەدابـڕانو قەتیعـەو پەراوێزیـی دروسـت دەکات، بـەم چەشـنەش چەنـدە سۆشـیال میدیـا گەشـە بـکات، ئەوەنـدەش کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر مـرۆڤو کۆمەڵـگا دروسـت دەکات. بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا نەتـەوەی بندەسـت دەتوانـێ ئـەو تـۆڕە جاڵجوڵەکەییـە بخاتـە خزمـەت پرسـە باڵاکانـی خـۆی و دۆز و پرسـەکەی بـە زۆرتریـن روبـەڕ بگەیەنێـت.

# سۆشیال میدیا و پاڵەوانە نەتەوەییەکان

بەدڵنیاییـــەوە بیرکردنـــەوەی دروســـتو پرســـیارو گریمانـــەی راســـتەقینە لـــەوەدا خـــۆی بەرجەســـتە دەکات کـــە ڕۆڵـــی سۆشـــیال میدیـــا لەبـــواری پاڵەوانســـازییدا چیـــە؟ ئایـــا لەنێـــوان ژیانـــی راســـتەقینەو ئـــەو پاڵەوانـــە گریمانەییانـــەی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان دروســـتی دەکـــەن چ جیاوازییـــەک هەیـــە؟ هـــەروەک دەشـــێت لەســـەر ئـــەو ڕەهەنـــدەش بووەســـتین کـــە داخـــۆ ئێمـــە لـــە باشـــووری کوردســـتان چەنـــد لەپرۆســـەی ئەبدەیتکردنـــەوەی مێـــژوو، لـــە وەبیرهێنانـــەوەی پاڵەوانـــە نەتەوەییەکانمـــان چ ڕۆڵێکمـــان بینیـــووە؟ ئێمـــە لەباشـــوور بـــەس بـــە کـــوردی قســـەدەکەینو بـــە کوردیـــش دەنووســـینو کارلێکمـــان لەنـــاو ئـــەو تۆڕانـــە بـــە کوردییـــە، کـــە ئەمـــە دیوێکـــی خۆتەریککـــردنو دابڕانـــە لـــەو جیهانـــەی، کـــە دەشـــێت لـــە ڕێگەیـــەوە ڕای گشـــتی جیهانـــی دروســـت بکرێـــت، کـــە دەبوایـــە لـــە موخاتەبەکردنـــی ئەوانـــی دیکـــەدا، بەزمانـــی ئینگلیـــزی یـــان عەرەبـــی قســـە بکەیـــن. تـــۆ ســـەیر بکـــە، هیـــچ نەتەوەیـــەک بـــە ئەنـــدازەی عـــەرەب گرێـــدراوی پرســـی داعـــش نەبـــووە، چونکـــە ئـــەو گروپـــە رادیکاڵـــە ئیســـلامییە لەبنەڕەتـــەوە لەهەنـــاوی عەرەبەوە ســـەرچاوەی گرتـــووە، کەچـــی کەمتریـــن بەخششـــی میدیاییمـــان بـــە زمانی عەرەبی

هەبـووە لەسـەر کاریگەرییەکانـی ئـەو تیـرۆرو تۆقاندنـەی داعـش بـە بـاڵای نەتـەوەی کوردیـدا بڕیـووە. راسـتیەکەی ئێمـە تەنهـا لـە ئاسـتێکی لۆکاڵـیو بـە زمانـی کـوردی پەیاممـان ئاراسـتەی دنیـای دەرەوە کـردووە، لەکاتێکـدا زمانـی کـوردی نەبووەتـە زمانێکـی جیهانـی و سـەرەڕای ئـەو چانسـەش کـە تەکنەلۆژیـا بـۆ کـوردی دروسـتکردووە. بۆیـە ئێمـە موخاتەبەمـان بـۆ مەسـەلەی داعـش یـان جینۆسـایدکردنی ئێزدییـەکان لەئاسـتی جیهانیـدا بـە تـەواوی رەنگـی نەداوەتـەوە، تەنانـەت پرسـی ئێزدییـەکانو کۆمەڵکوژییەکانـی شـەنگالیش بەرهـەمو بەخششـی کارلێکـی سۆشـیال میدیـای کـوردی نیـە، بەڵکـو هـەوڵو هیمەتـی کەسـایەتی (نادیـا مـوراد)ە، کـە لەرێگـەی پارێزەرو ئەکتەری ناسـراوی جیهانی (ئەمـەل کۆلۆنی)یـەوە دۆسـیەکەی لەدانیشـتنێکی لیژنـەی مافـی مرۆڤـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە دەنگیدایـەوە، بـەو مانایـەی کـە دەنگدانـەوەی پرسـی ئێزدییـەکان لەبنەڕەتـەوە جوڵـەو چالاکـی میدیایـی رێکخـراوی یـەزداو کۆمەڵێـک تیمـی ئێزدییـەکان خۆیـان بـوو، کـە وایانکـرد لـە ئاسـتی جیهانیـدا پرسـی کۆمەڵکوژکردنـی شـەنگال ببێتـە پرسـێکی جیهانـی. ئـەو دیـوەی دیکـەش کـە پەیوەسـتە بـە رۆژئـاوای کوردسـتانو شـەڕی مـانو نەمانـی کۆبانێـووە، بەدڵنیاییـەوە بەهـۆی کۆمەڵێـک هـۆکار رەنگدانـەوەی پرسـەکە لـە ئاسـتی رای گشـتی نێودەوڵەتـی زۆر زیاتـر بـوو، یەکگرتوویـی خەڵکـی رۆژئاڤـاو هاوکاریکردنـی کوردانـی باکـوور و کەمپەینـی میدیایـی کوردانـی باشـوور، کۆبوونـەوەی ژمارەیەکـی زۆر نێـردەی دامـەزراوە میدیاییـە جیهانیـەکان، دەرکەوتنـی ژن

وەک ئایکۆنێکــی بەرەنــگاریو بەرگریکردنــی کــورد لــە کۆبانــی، لــەو هۆکارانــە بــوون کــە وایانکــرد پرســی رۆژئــاوا لەنــاو میدیــای جیهانیــدا پتــر رەنگبداتــەوە.

شــەڕی داعــشو روبەڕووبونــەوەی ئــەو رێکخــراوە تیرۆرســتییە لەبنەڕەتــەوە تەنهــا شــەڕێکی چەکــداری نەبــووە، تەنهــا جەنگێــک نەبــووە چــەک ئاراســتەی جەنگەکــە یەکلایــی بکاتــەوە، بەڵکــو هــاوکات شــەڕێکی میدیاییــش بــووە، بــەو پێیــەی لەمێــژووی نوێــدا، هیــچ رێکخراوێکــی تیرۆرســتی بــە ئەنــدازەی داعــش نەیتوانیــووە ســەرمایەگوزاری میدیایــی بــۆ هەناردەکردنــی بیــری تونــدڕەوی لەرێگــەی سۆشــیال میدیــاوە بــەکار بێنــێ، ئــەو بەکارهێنانــە زیرەکانــەی داعــش لــە بــواری سۆشــیال میدیــادا کــردی، چەندیــن توێــژەرو ناوەنــدی ئەکادیمــی توشــی شــۆک کــردوەو دەیــان توێژینــەوەش لــەو ئاســتەدا کــراوە، چونکــە لــە راســتیدا تەکنیــکو فۆرمەکانــی کارکردنــی سۆشــیال میدیــای داعــش بــە چەشــنێک کاریگــەر بــوو، کــە بەشــێک لەمیدیــا ناوخۆییەکانیــش بــێ ئــاگا بەرهەمەکانــی ئەوانیــان ســەرلەنوێ پەخشــیان دەکــردەوە.

# سینەماو سۆشیال میدیا، دوانەی وەبەرهێنانی ئازارەکانی نەتەوە

(ساموێل هانتینگتۆن) لە پێشەکی کتێبەکەیدا (کۆتایی مێژوو)، لە باسکردنی کۆتایی جەنگی ساردو وەرگۆڕانی دنیا بۆ تاک جەمسەری، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئازادی میدیا لەسایەی ئەو جیهانە تازەیەدا لەبەرژەوەندی میللەتانی ژێردەست دەبێتو چیتر رێگا بە سەرکوتکاریو کۆمەڵکوژی نادرێتو رای گشتی جیهانین لەبەرامبەری بێدەنگ دەبێت، ئێستا لەسایەی ئەو جیهانەدا سۆشیال میدیاش وەک بەخششێکی نوێ ئەو دەرچەیەی بۆ میللەتی بندەست کردۆتەوە، بۆچی کورد بە پێچەوانەی جولەکەو نەتەوەکانی دنیا وەبەرهێنانی میدیایی یا سینەمایی لە ئازارو مەینەتیەکانی خۆی نەکردووە، لەوانەشدا ئەنفال، ئەوە پرسیارێکی بەجێیە لەخۆمانی بکەین و بەڵگەی ئەوەیە، کە سۆشیال میدیاش وجودی فەرمی بەسەریدا زاڵە، راستیەکەشی بۆ ئەوەی ئەو بەخششە نوێیە بە باشی بەکاربهێنرێت پێویستی بە وجودی جەماعی هەیە، ئەوەشی ئەو ووجودە بە کۆمەڵە دەیکات بەدڵنیاییەوە بریتییە لە دامەزراوەکان، بۆ نموونە لە باشووری کوردستان بەپێچەوانەی کوردانی باکورو رۆژئاوا ئاستی بەکارهێنانو بەکارخستنی

سۆشـــیال میدیـــا لاوازتـــرە، ئـــەو بەربڵاوییـــەی لـــە سیاســـەتدا هەمانـە، ئـەو پەرتەوازەییـەی لەئاسـتی ناوخـۆ و لەسـەر کۆمەڵێـک جومگـەو سـێکتەر پەرتیکردوویـن، لـە ئاسـتی میدیـاو سۆشـیال میدیاشـدا رەنگیداوەتـەوە، بەسـەرێکدا ئـەو ناکۆکیـەی لەنێـوان میدیـای تەقلیـدیو میدیـای نـوێ هەیـە، ئـەو ناکۆکیـەش کـە لەنێـوان هێـزو بزاوتـە سیاسـییەکان هەیـە، دواجـار لەگـەڵ خۆمـان بردماننـە نـاو سۆشـیال میدیـاوە. راسـتیەکەی ئـەو کێشـەیەی سۆشـیال میدیـا هەیەتـی بۆتـە کێشـەی سـەربار لەنـاو سۆشـیال میدیـای کوردسـتاندا، خەڵـک ئێسـتا ئـەو کێشـەیەی لەگـەڵ منـی یەکێتـی یـان منـی پارتـی یـان منـی گـۆڕان هەیەتـی، سـەرلەنوێ لەوێـش بـەکاری دەهێنێتـەوە، لەبەرئـەوە بەدیلیشـی نییـە، ئیـدی ئـەو کێشـانە هەرماوەتـەوە، ئەمـەش دەریدەخـات، کـە ئـەوەی دەتوانێـت ئـەو دۆخـە تێپەڕێنـێ دامـەزراوەی فەرمیـە، لەراستیشـدا دامـەزراوەکان دەتوانـن ئـەو رۆڵـە لەنـاو سۆشـیال میدیـا ببینـن.

بەسـەرێکی تردا هەمیشـە باوەڕێکی نەگـۆڕم هەیە لەبەرامبەر چۆنیەتـی ئاوێتەکـردنو ئاشـتکردنەوەی میدیـای تەقلیـدیو سۆشـیال میدیـا، بەجۆرێـک دامەزراوەکانـی راگەیاندنـی تەقلیـدی دەتوانێـت سۆشـیال بـکات بـە باخچـەی پشـتەوەی یـان باخچـەی پێشـەوەی خـۆیو بـەکاری بێنێـت، بـەڵام بەداخـەوە لەبەرئـەوەی دامـەزراوەکان لەکوردسـتانی باشـووردا، لـە هەمـوو ئاسـتەکان و لـە هەمـوو بوارەکانـدا لـە دۆخـی داڕمـانو بـە ئامانجگرتنـدان، ناتوانـن بـەو ئەرکـە هەسـتن، بـۆ نموونـە راگەیاندنـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، کـە لای مـن داننـان بەخەوشـیەکان فەزیڵەتـە، دان

بـەوەدا دەنێـم کـە ئێمـە نەمانتوانیـووە وەک ئـەوەی پێویسـتە سـوود لـە تۆڕەکانـی ئەنتەرنێـتو سۆشـیال میدیـا وەربگریـن، بەپێچەوانـەی ئێمـەوە، ئـەوەی لـە کوردسـتان وەبەرهێنانی گەورەی لەنـاو سۆشـیال میدیـادا کـردووەو زۆریـش سـوودی لێبینیـووە هێزە ئیسـلامییەکانن، هەمـوو گـروپو هێـزە ئاینییـەکان بـە پێچەوانـەی چەپەکانـەوە پتـر لەهەمـووان زیاتـر توانیوویانـە لـە پێنـاو خۆیـان و سـتراتیژەکەیان سـەرمایەگوزاری سیاسـیو ئایدیۆلـۆژی لەنـاو میدیـای نوێدا بکـەن، تـۆ بیـر لـەوە بکـەوە، ئەگـەر لـە شەسـتەکان ئـەم سۆشـیال میدیایـە هەبوایـە بـە گڕوتینـەوە حزبـی شـیوعی چـۆن بەکاریدەهێنـا؟ یـان بـۆ نموونـە کۆمەڵـەی ڕەنجدەران چـۆن بەکاریدەهێنـا، ئەگـەر بەدیـووە کوردسـتانییەکەی چـەپ سـەیری بکەیـن چـۆن بەکاردەهـات، بـەڵام ئێسـتا بزوتنـەوەی چـەپ لـە هەمـوو دنیـادا لـە پاشەکشـەدایە، بـۆ نموونـە حزبـی شـیوعی تورکیـاش نەمـاوە تاکـو بـاش بـەکاری بهێنێـت، بـەڵام بزاوتـی دینیـی زۆر بـەکاری دەهێنێـت بـە جوڵانـەوە ئاینییـە توندڕەوەکانـی وەکـو داعشیشـەوە تـا بزوتنـەوەی میانـڕەوی وەکـو ئەوانـەی کـە هەیـە، تەنانـەت هەوڵـی تاکەکەسـیش زۆر لەنـاو سۆشـیال میدیـادا ڕواڵەتـی ئاینیـی بەسـەریدا زاڵـە. بـۆ نموونـە دەبینیـن دەنووسـرێت (لاالـە الاللـە) ئەمـە جوهـدی فەردییـە، لەراسـتیدا تـۆڕی تەیـاری دینـی باشـتر سۆشـیال میدیـا بەکاردەهێنـن تـا تـۆڕی تەیـاری قەومـی، تـا تەیـاری چـەپ، تـا تەیـاری دیموکراسـیی، تەیـاری دینـی بـە تـاک و بەکـۆش باشـتر سۆشـیال میدیـای خسـتۆتە خزمـەت خۆیـەوە.

هەمــوو ئــەو هۆکارانــە پێکــەوە وایکــردووە، کــە لــە غیابــی دامــەزراوەی فەرمــی، ســتراتیژی ڕۆشــنو نەتەوەیــی بــۆ کارکــردن لەســـەر تـــۆڕە کۆمەڵایەتیـــەکان نەتوانرێـــت دۆزو پرســـی نەتـــەوە، ئــازارو خەمــە قوڵەکانــی رابــردوو بکرێن بە کەرەســتەی وەبەرهێنانی گــەورەو رای گشــتی جیهانــی پــێ رام بکــرێ، بــەو مانایــەی کــە سۆشــیال میدیــا دەرچەیەکــی گرنگــە بــۆ ئــەوەی پرســی نەتەوەیــی کــوردو ئازارەکانـــی رابـــردووی نەتـــەوەی کـــورد نیشـــانی جیهـــان بدرێــت، بــۆ ئــەو پرۆســەیە هیــچ کات درەنــگ نیــە، بــۆ نموونــە فیلمــی (دڵەئازاکــە) کــە ئەکتــەری بەناوبانگــی جیهانیــی (میــل گیپســن) ڕۆڵــی تێکۆشــەرێکی ســکۆتلەندی دەبینــێ، پــاش چەنــد ســەدەیەک ئاوڕێکــی جــددی لــە زوڵمو ســتەمی بەریتانیــەکان دایەوە کــە لەســـەر نەتـــەوەی رەســـەنی ســـکۆتلەند پیادەیـــان کـــردووە، ئــەوە بــۆ کوردیــش هــەر راســتە، مەینەتیەکانــی هەڵەبجــەو ئەنفــالو کارەســاتەکانی تــر دەکرێــت لەرێگــەی میدیــاو ســینەماو سۆشــیال میدیـــاو تـــەواوی بەخششـــەکانی تـــرەوە بـــۆ جیهـــان بگوازرێتـــەوە، رەنگــە چیرۆکێکــی کــورت، گرتەیەکــی چەنــد چرکەیــی، راوی ســەرنجی جیهــان بــکاتو لەوپــەڕی دنیــا کەســێک هەســت بــەو ئــازارە بــکات کــە لەرابــردوودا بەســەر کــورددا هاتــووە.

# جیهانگیریی میدیا و
# هەژموونی کەلتووری نەتەوەی بەهێز

تێگەیشــتنی مــن بــۆ جیهانگیــری راگەیانــدنو هەژموونــی نەتــەوەی سەردەســت لەرێگــەی پەخشــکردنو بڵاوکردنــەوەی کەلتــووری نەتــەوە بەهێــزەکان تــا دەگاتــە دیــاردەو بەخششــە نوێیەکانــی تەکنۆلۆژیــای پەیوەندییــەکانو بــە کــۆی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــەوە، شــتگەلێک نیــن لەســەریان نووســرابێت، ئەوە بـۆ نەتەوەیـەک شـیاوەو بـۆ نەتەوەیەکـی تـر یاسـاغ، بەڵکـو ئــەوە بەرهەمــی کۆشــشو هەســتکردنە بــە شوناســی نەتــەوە، جۆرێکــە لەخۆدۆزینــەوە لەنــاو جوگرافیایەکــی نوێــدا کــە هەمــوو جیهــان پێکــەوە بەکاریدێنــن، خــۆ راستیەکەشــی ئەگــەر دیوێکــی هەناردەکردنــی کەلتــوورو فەرهەنــگ گرێــدراوی زمــان بێــتو لــەو بــوارەدا ئاســتەنگ بێتــە پێــش، ئــەوە بەدڵنیاییــەوە هەندێــک بــواری تــر هــەن، پەیوەندیــان بــە زمانــەوە نیــەو کوردیــش دەتوانــێ خــۆی تێــدا ببینێتــەوە. بــەڵام راســتیەکەی هەمــوو گرفتەکــەش هــەر زمــان نیــە، بەڵکــو رەهەنــدی ئابــووریو پارەدارکردنیــش لــە پەخشــکردنو بڵاوکردنــەوەی ئــەو بەرهەمانــە رەهەندێکــی کەلتــووریو فەرهەنگــی هەیــە.

لەراســتیدا بەکارهێنانــی ئــەم تۆڕانــە بــەدوو شــێوەیە،

دوو فۆرمـی بەکارهێنـان هەیـە، هەندێکـی بەشـێکە لـەو تایپـەی کـە لەبڵاوکردنـەوەدا پشـت بـە پارەدارکـردنو سپۆنسـەرکردنی پەیامەکـە دەبەسـتێتو بەشـەکەی تریشـی بـەلاشو فرییـە، بەشـێکی زۆری خەڵکانـی ئـەو ناوچەیـە بەتایبـەت کـورد زیاتـر پشـت بـە رەهەنـدە بەلاشـەکە دەبەسـتێتو نایهەوێـت لەرێگـەی سپۆنسـەرکردنەوە پەیامەکانـی ئاراسـتە بـکات، تـۆ واسـەیر مەکـە کـە هێـزو کەسـایەتیە سیاسـییەکان، کۆمپانیـاو خـاوەن کاڵاکان بـە ئامانجـی حزبیـیو سیاسـیی لەنـاو ئـەو تۆڕانـەدا سپۆنسـەر دەکـەن، مـن ئەوەیانـم مەبەسـت نیـە، ئـەوەی بـەلای منـەوە گرنگـە دامـەزراوە فەرمیەکانـە کـە دەیانەوێـت پرسـی نەتـەوە ئاوێتـەی سۆشـیال میدیـا بکـەن، رەنگـە گۆرانیەکـی بـازاڕیو ئاسـت لاوازی گەنجێـک کـە هیـچ شـتێک بـە هونـەری کوردییـەوە نابەسـتێتەوە، لەبەرئـەوەی سپۆنسـەر دەکرێـت رێـژەی بینینـی ملیۆنـان تێدەپەڕێنێـت، کەچـی میوزیکێکـی رەسـەن یـان گۆرانـی هونەرمەندێکـی گـەورەی کـوردی، چونکـە پشـت بـە لایەنـە بەلاشـەکە دەبەسـتێت، هـەر لـە چوارچێوەیەکـی تەسـکو بچووکدا دەمێنێتـەوەو هیـچ کاریگـەری لەسـەر نەتەوەکانـی تـر جێناهێڵێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا بیرمـان نەچێـت، سروشـتی ئـەو تۆڕانـە لـە یەکتـرەوە جیـاوازە، بـۆ نموونـە بەکارهێنانـی تویتـەر بـە بـەراورد لەگـەڵ فەیسـبووکو ئەوانـی تـر لەلایـەن بەکاربەرانـی خۆرئـاواوە زیاتـرە، لەبەرئەوەشـە ئەگـەر هەمـان ئـەو پارچـە میوزیکـە لـە تویتـەر بـڵاو ببێتـەوە زۆر کاریگەرتـرو بەربڵاوتـر دەبێـت، بـەڵام ئـەوە هیـچ لـەو مەسـەلەیە ناگۆڕێـت، کـە سۆشـیال میدیـاو میدیـای

نوێش وەک بازاڕێک کە پارەی تێدا خەرج بکرێت بەدڵنیاییەوە پەیامەکە ئاسانترو خێراترو کاریگەرتر دەگات.

دەزانم بەبێ بوونی دامەزراوەو بوونی سپۆنسەرکردنو پارەدارکردنی بەرهەمو بەخششەکان ئەرکەکەمان ئەستەمە، بەڵام خۆ ئەوە تەنها دیوێکیەتی، پێموایە وەک چۆن میدیای تەقلیدی پێویستی بە پیشەگەریی‌و شارەزاییو لێهاتوویی هەیە، بەو ئەندازەش میدیای نوێو سۆشیال میدیا پێویستی بە پیشەگەرە، راستە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەرفەتی ئەوەیان داوە کە خەڵک قسە بکات، بەڵام دەرکەوت ئەو کەسانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر بۆ ئارەزوو و هەوەسی خۆیان قسە دەکەن، هیچ کاریگەرییەکی نابێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر لەپشت ئەو دامەزراوانە خەڵکانی شارەزاو لێهاتوو هەبن دەتوانن شتی گەورە بکەن.

لەراستیدا ئێمە لەهەموو ئاستەکانی میدیادا، بە میدیای تەقلیدیو سۆشیال میدیاشەوە هەر سەرقاڵی ژمارەین، سەرگەرمی زیادکردنی کەناڵەکانین، بێ ئەوەی بیر لە چۆنیەتی کەناڵەکان بکەینەوەو فیدباکی ئەو کەناڵو دامەزراوانە بەهەند وەربگرین، بۆ نموونە کە دەڵێیت سەتەلایتێکمان هەیە وادەزانی کە هەموو دنیا سەیری ئەو سەتەلایتە دەکات، جارێ پێش هەموو شتێک گرنگە بزانن لەسەر کام مانگی دەستکردەو دووەمیش ئەوەیە چەند کەس سەیڤی دەکات لە تەلەفزیۆنەکەیماڵەوەدا؟ ئاخۆ کەناڵەکە بەچ زمانێکە؟ فیدباکی ئەمانە وەرناگرین. شتێکم وەبیرهاتەوە کاتێک کە بەشی پەیوەندییەکانی حکومەتی

هەرێمی کوردستانمان دامەزراند، بیرمە پرسیارێکیان لەمن کرد کە ئایا فیدباکی ئەو شتە چیە، ئەو پرسیارەم بەلاوە سەیر بوو، چونکە ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووینو فێربووین دەنوسینو پەیام بڵاودەکەینەوەو گوێ بە فیدباک نادەین، لەبەرئەوەشە رەنگە ئێمەش وەک کورد زۆر ڤیدیۆو گرتەی گرنگمان هەناردەی ناو سۆشیال میدیا کردبێت، لەوانەیە زۆر بەرهەمو بەخششی گرنگمان لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک ئەفریقییەکان بە رای گشتی جیهانیی گەیاندبێت، بەڵام راستییەکەی نەمانتوانیووە فیدباکی ئەو بەرهەمانە وەربگرینەوە، چونکە لەبنەڕەتەوە ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ سۆشیال میدیا مامەڵەیەکی پیشەیی نیەو بە تەواوی نازانین چۆن وەبەرهێنانی نەتەوەیی‌و سیاسیی تێدا بکەین.

بەپێچەوانەی ئەوە دیدگایەشەوە کە قسە لەسەر وەبەرهێنانی سیاسی دەکرێت لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام خۆ دیدێکی تریش کە قسە لەسەر ئەوە دەکات تۆڕەکان رەهەندێکی کۆمەڵایەتی موجەڕەدەو نابێت ئەو پرسانەی تێدا بێت، راستە ئێمە وا ڕاهاتووین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانو سۆشیال میدیا بارگاوی دەکەین بە پرسی سیاسیی‌و دۆسیەی فیکری، ئەم تۆڕانە بۆ ئەوە دروست نەبوون کە بە پرسی ئاڵۆزی سیاسی بئاخنرێن، بەڵکو جاروبار گلەیی لەوە دەکرێت کە بۆچی وێنەی یاپڕاخو دۆڵمە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، ئەوە دیدێکی هەڵەیە، خۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوە دانراوە، کە تۆ لەرێگەی بڵاوکردنەوەی سینیەکی دۆڵمەوە

کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست بکەیت. نەک بۆ ئەوەی فەلسەفەی سۆقراتو نیتچە لەوێ شەنوکەو بکەیت، لەهەموو وڵاتانی دنیا خێزانەکان وێنەی خۆیان دادەنێن بۆ ئەوەی نمایشی چێژو خۆشیە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بکەنو تایبەتمەندییەکانی خۆیان پیشانی خەڵکی تر بدەن، چونکە وەک چۆن ناوی ئەو بەشەی میدیای نوێ، تۆڕی کۆمەڵایەتییە، لەژێر رۆشنایی ئەمەدا ناوەڕۆکەشی دەبێت هەر رەنگدانەوەی فەزای کۆمەڵایەتی بێت.

زۆربەی نەتەوەکانی دنیا لەنەتەوەبوونی خۆیانەوە دەچنە ناو سۆشیال میدیاوە، کەچی بە پێچەوانەی ئەوانەوە خۆمان چەند پەرتو بڵاو و پارچە پارچەین، ئاواش دەچینە ناو سۆشیال میدیاوەو بەپێی پەتیو بەپێخواسی رووەدەکەینە ناو ئەو تۆڕانەوە، لەکاتێکدا وەک پێشتر وتم دەکرێت ئەگەر وەک نەتەوەو بە ئامانجێکی باڵا لەرێگەی دامەزراوەی گشتییەوە وەبەرهێنانمان لەو رەهەندە سیاسییەیدا کردبا، ئەوە وەک ئەوانی دیکە ئێمەش بارتەقای ئەوان رۆڵمان دەبینی.

# سۆشیال میدیا شەیتانە یان میهرەبان

منیش چیرۆکی ئەو کتێبەم بیستووە، کە کارەکتەرێکی ئاینیی شیعەکان لەژێرناوی (ووریابە لەماڵەکەتدا شەیتان هەیە) نوسیویەتی کە، تەکنۆلۆژیاو ئامێرەکانی وەک شەیتان وێنا دەکات، کەچی لەبنەڕەتەوە ئەو ئامێرانەو تەواوی بەخششەکانی تری میدیای نوێ، دەکرێت دیوی میهرەبانو فریشتەیی هەبێت.
من دەمێکە ئەوەم وتووە، کە سۆشیال میدیا دوو سەری هەیە، وەکچۆن شقارتەش دوو سەری هەیە، دەکرێت بەکاری بهێنیت بۆ سوتاندنو ئاگرخستنەوەو دەشکرێت بۆ پێویستی رۆژانەی مرۆڤ بەکاربهێنرێت، سۆشیال میدیاش هەروایە ئەم ئامرازانە خۆیان بێلایەنن، بەڵام تۆ چۆنی بەکاردەهێنێت، ئەمە دیوێکی ترە؟ بەئەندازەی فراوانی ئەگەری بەکارهێنانی ئەم سۆشیال میدیایە بۆ کاری باشە، بەئەندازەی ئەوەش دەرگای بۆ کاری خراپەش والاکردووە، بۆ نموونە چۆن دەڵێیت راگەیاندن بۆ تەشویقی تیرۆرو کوشتو کوشتار بەکاردێت، بەهەمان شێوەش میدیای کلاسیکو سۆشیال میدیاش دەکرێت بۆ تیرۆرو ئاشوب بەکاربێت، چۆن تۆ بەکاری دەهێنیت بۆ ژیاندۆستی، داعشیش بەکاری دەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ترساندن و

کۆمەڵکوژیو دنەدانی خەڵک بۆ وێرانی. بەهەمان شێوە چۆن خەڵکی باش ئەم سۆشیال میدیایە بەکاردەهێنێت بۆئەوەی بڵێت من بیرکردنەوەی سیاسیم وایە، یان پێموایە ژینگە والێ بکەین، یان بۆ نموونە بڵێین کابانی بەرێز ئەگەر دەتەوێت خواردنێکی خۆش لێ بنێیت یا یاپراخ بەباشی لێبنێیت بەم شێوەیە دەکرێت. بۆیە ناتوانین بڵێین سەنگی کام لازیاترە، چونکە ئێمە نازانین هەموو کارەکتەرو بەکارهێنەرەکانی ناو ئەو تۆڕانە کێن؟. بۆنموونە لەوانەیە سۆشیال میدیا بتوانێت لەیەک هەفتەدا پەیجەکەی من و تۆ والێبکات کە زۆر خەڵک سەیری بکاتو بڵێن کاکە ئەوانەی ئەم ئەفکارانەیان هەیە بێوێنەن لە کوردستاندا، بەڵام دەشێت بەپێچەوانەشەوە بێت، (پەیجەکانمان هاک بکەن و لەناوی ببەنو بڵێن ئەم پەیجانە بەکەڵک نایەن، بەڵام لەهەمانکاتدا هەندێک پەیج هەیە بەکاردەهێنرێن بۆ فیکرەیەکی باش یان بۆ فکرەیەکی خراپ.)

بەشێوەیەکی گشتی لەچەند ساڵی رابردوودا، ئەوەمان بەدیکرد کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبەردەم باڵادەستی هەژموونی خراپەکاریو لادانداں، من دیدارێکی (مارک زوکیر بێرگ) دامەزرێنەری کۆمپانیای فەیسبووکم خوێندەوە، کە لەپاش ئەو فشارو رەخنانەی روبەڕووی کۆمپانیای فەیسبووک بوونەوە، رونکردنەوەیداوە لە نامەیەکدا کە لە کۆتایی (٢٠١٩) بڵاویکردەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئومێدی وایە لە قۆناغی داهاتوودا چارەسەری سێ کێشەی بنەڕەتی بکەین، ئەوانیش دیاردەی دڵڕەقیو دنەدانی توندوتیژی جێندەریو بە کاڵاکردنی

ژنانن، راستیەکەشی ئەو سێ تەوەرو پرسیارەی مارک وروژاندنی، گرنگو جەوهەریی بوون، چونکە ئەوە بەتەنها وامان لێناکات قسە لەسەر میدیای نوێ بکەین، بەڵکو لەو پرۆسەیەدا ناچار دەبین بەراوردی نێوان هەردوو ئاستی میدیا بکەین، ئێمەی نەوەی میدیای کلاسیک وەک چۆن یاسامان هەیەو میساقو پەیماننامەی هەمە چەشنە لەبەردەستمانە. بەڕاستیش پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەوانی بۆ ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی ئارەزومەندانە هەبێت لەسۆنگەی ئاکار و بەهاکان رۆژنامەنووس پێیەوە پابەند بێو یاساش چوارچێوەیەکی بالآی سەپێندراوە بۆ ناچارکردنی رۆژنامەنووس بە پابەندبوون بەو بەهایانە، بەڵام دۆخی سۆشیال میدیا زۆر جیاوازە، بیرتە لەسەرەتا باسمکردو وتم: ئەم سۆشیال میدیایە لە شوێنێک ڕاناوەستێت، بۆیە ئەهلی بیرکردنەوە نازانن لە چ شوێنێکدا رێکی بخەنو رایبگرن. داهێنەری سۆشیال میدیا و فەیسبوکیش دەڵێت: بەرلەوەی بە فلتەری تەکنەلۆژیادا تێبپەڕێت، باخەڵک خۆی دەستپێشخەری بکاتو چوارچێوەیەکی ئاکاریی بۆ بەکارهێنان وەک پەیماننامەی شەرەف پەیڕەو بکات، رەنگە ئەو بەڵێنو پەیمانەی خاوەنی کۆمپانیای فەیسبووک داویەتی، بانگەوازێکی گرنگ بێت، کە هەم داوادەکات پەیماننامەیەکی ئاکاریی هەبێو هەمیش دەیهەوێت بە هەندێک رێکار یاسا بسەپێنێ، راستیەکەشی ئەو جیاوازییە بە تەواوی هەست پێدەکەین، کە لەماوەی رابردوو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە بەراورد بە تۆڕەکانی تر پەیدایکردووە. ئێمە باسمانکرد

خاوەنـــی پەیامێکیـــن خۆدەبێـــت لـــەوە تێبگەیـــن هەمـــوو کەســـێک کـــە سۆشـــیال میدیـــا بەکاردەهێنێـــت خاوەنـــی پەیـــام و مەســـج نییـــە، رەنگـــە بیرۆکـــەکان پێـــش دامـــەزراوەکان بکەوێـــت، لەبـــەر ئـــەوە منیـــش گەشـــبینم بـــەوەی رۆژێـــک ئەمـــە رێکبخرێـــت و پێـــش ئـــەوەی بـــە فلتـــەری تەکنەلۆژیـــش رێکبخرێـــت بـــە بەهـــا ئـــەو بـــوارە رێکبخرێـــت، ئـــەوە چاوەڕێکـــراوە، بـــەڵام دەبێـــت چـــاوەڕێ بیـــن و بزانیـــن کـــە گەشـــەی ئـــەم تەکنەلۆژیایـــە لەشـــوێنێک رابوەســـتێت، چونکـــە لەشـــوێنێک راناوەســـتیت بـــەڵام قۆناغبەنـــدی بکەیـــن‌و بڵێیـــن ئەمـــە ئـــەو قۆناغەیـــە لـــە سۆشـــیال میدیـــاو هەندێکـــی تـــر مەرحەلەیەکـــی تـــرەو پێویســـت دەکات رێکیبخەیـــن، ئێســـتا ئێمـــە بەجۆرێـــک لەجـــۆرەکان رۆژنامـــەی کاغەزیمـــان رێکخســـتووە، بـــەڵام سۆشـــیال میدیامـــان رێـــک نەخســـتووە.

بیرمـــە لـــە ســـاڵی (٢٠٠٠) دا گفتوگـــۆی ئەوەدەکـــرا کـــە بـــۆ نموونـــە یەکێتـــی رۆژنامەنووســـانی کوردســـتان یـــان یەکێتـــی ســـەندیکای رۆژنامەنووســـانی کوردســـتان کە دروســـت دەبێت، دەبێتە رێکخراوێـــک بـــۆ رۆژنامەنووســـان یـــان بۆ تەلەفزیـــۆن کارەکانیش ، بۆ دیزاینەرەکانـــە یـــان هـــەر بـــۆ نووســـەرەکانە؟ وایلێهـــات کـــە بووترێـــت بـــۆ رۆژنامەڤانەکانـــە نـــەک بـــۆ رۆژنامـــە نووســـەرەکانە، ئێســـتە بـــۆ نموونە ئەو رێکارانەی بەســـەر رۆژنامەنووســـاندا دەچەســـپێت بەســـەر رۆژنامەنووســـانی تەلەفزیـــۆن و رادیۆشـــدا دەچەســـپێت، هیـــوادارم کە سۆشـــیال میدیـــاش دیســـانەوە چ لەرێگـــەی کۆمپانیـــاکان خۆیانـــەوە چوارچێوەیەکـــی بـــۆ دابڕێـــژن، یـــان لـــە ئاســـتە ناوخۆیـــی‌و لۆکاڵیەکـــە بـــە یاســـا ئـــەو بـــوارەش رێکبخرێـــت، چونکـــە بەدڵنیاییـــەوە ئـــەو

فۆڕمــەی ئێســتای ئــەو تۆڕانــە چەنــدە هەڵگــری دیــوی باشــن، بــەو ئەنــدازەش هەڵگــری ڕەهەنــدی مەترســیدارو نابەجێــن، وەک مــارک زوکیــر بێرگیــش لەســەر ئاســتەکانی جێنــدەریو توندوتیــژی ئاینیــیو بوارەکانــی تــر ئامــاژەی پێــدەکات دروســتە، چونکــە لەبنەڕەتــەوە لــە قۆناغــی جیاجیــا لــە یانــزەی ســێپتەمبەرەوە تــا دەگاتــە شــەڕی ڕووبەڕووبوونــەوەی داعــش بــە ڕوونــی بەکارهێنانــی ئــەو تۆڕانــە لەلایــەن هێــزە پەڕگیــرو ڕادیکاڵــە ئاینییەکانــەوە هەســت پێدەکەیــن، ئــەو هێزانــەی لــە پەنــای سۆشــیال میدیــاوە شــوێن ئاشــوبو تەخریــبو کوشــتو بــڕ دەکــەونو دەیانەوێــت بــوون و وجــودی خۆیــان لــەو تۆڕانــە بخەنــە خزمــەت ئەجێنــداو ســتراتیژی دنەدانــی تیــرۆرەوە.

# سۆشیال میدیا و هێزی پەنهان

ئەگەر دیوێکی تری سۆشیال میدیا راڤە بکەین، دەبێت لەسەر رەهەندی خاوەندارییەتی ئەو تۆڕانە قسە بکەین، چونکە جیاوازییە سەرەکیەکە لەنێوان ئەو دوو فۆڕمەی میدیا لە پرسی خاوەندارییەتیدایە، بۆ نموونە هەموو بەشێک لەمیدیای کلاسیک دەزانرێت خاوەندارییەتیەکەی بۆ کویێو کێ دەگەڕێتەوە، بەڵام سۆشیال میدیا زۆرجار لەلایەن کەسانی شاراوەو هێزی پەنهانەوە ئاراستە دەکرێت، ئەو هێزە پەنهانەی کە نایەهەوێت بەهیچ جۆرێک خۆی بە چوارچێوەیەکی ئاکارییەوە ببەستێتەوە.

گۆڕینی سروشتی ئەو پێگەو دیاریکردنی خاوەندارییەتی نابێت تەنها لە سۆشیال میدیادا کورت بکەینەوە، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە دامەزراوە تەقلیدییەکانی میدیاش ئەبێت بگۆڕێن، بەدڵنیاییەوە بە بیرکردنەوەیەکی تەقلیدی ناتوانیت ئەم بوارە فراوانەی سۆشیال میدیا کۆنترۆڵ بکەین. با لۆژیکیانە بیر بکەینەوە، ئێمە خۆمان رازی نەبووین بەکۆنترۆڵکردنی میدیای تەقلیدی، لەبەرئەوە نابێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی سۆشیال میدیاش ئەوەندە ئاسان بێت، خۆی ئێستا چانس هەیە کاری جددی لەسەر ئەو

بـواره بکرێـت و ئـەو تۆڕانـەی سۆشـیال میدیـا، کـە خەڵکانـی هـاوی‌و نـا پیشـەیی تەنهـا وەک ئەجێنـدای سیاسـی یـان خولیـای کەسـیی بـەکاری دێنـن، کۆنترۆڵیـان ئەسـتەمە، وەک خۆشـت وتـت بەشـێکیان لەلایـەن هێـزو کەسـی پەنهانـەوە بەڕێـوە دەبرێـن، بـەڵام خـۆ ئـەو دیاردەیـە لەنـاو میدیـای کلاسـیکیش هـەر هەیـەو ڕۆژانـە بەفۆڕمێکـی تـر یەخەمـان دەگرێتـەوە.

کاری گونجـاو بـە بـاوەڕی مـن بـە ئاراسـتەی گۆڕینـی فۆڕمـی کارکردنـی بـاوی سۆشـیال میدیـا پەیوەسـتە بـە گرێدانـەوەی ئـەو فۆڕمـە لەمیدیـای نـوێ بـە میدیـای کلاسـیکەوە، بـە بـاوەڕی مـن ئێسـتاش چانـس بـۆ دامـەزراوە تەقلیدییـەکان هەیـە کـە سۆشـیال میدیـا بکـەن بـە دەسـتە خوشـکی خۆیـان، مـن ناڵێـم بـە کۆنترۆڵکـردن، چونکـە کۆنتـرۆڵ ناکرێـت، بەڵکـو دەکرێـت وەک دوو دەستەخوشـک کارلێـک بکـەن‌و فۆڕمێکـی تـازەی کارکـردن‌و هاوبەشـییەکی نـوێ بدۆزنـەوە. بۆنموونـە لەپـاڵ دەرکردنـی ڕۆژنامـەوە تـۆ سۆشـیال میدیـا پـەرە پێدەدەیـت. ئەگـەر ئـەوە نەکەیـت چـون دەبێـت داوا لەسۆشـیال میدیـا بکەیـت ببێتـە هاوپەیمـان، هەرچۆنێـک بێـت مـن لەگـەڵ ئـەوە نیـم بەهیـچ جۆرێـک لـە جـۆرەکان شـوێن ئـەو گریمانانـە بکەویـن، کـە ئەگـەری بەریەککەوتـن لەنێـوان میدیـای کلاسـیکو نـوێ دروسـت دەکات، بەڵکـو لەگـەڵ ئـەو تێڕوانینـە هـاوڕام کـە دەتوانێـت ئـەو دوو دیاردەیـە بـە پەیوەندییەکـی سروشـتیی‌و گونجـاودا بـەڕێ بـکات.

# پاڵەوانی ڕاستەقینە و پاڵەوانی موزەیەف

لـه تێگەیشـتنو پرسـیارەکانی تـۆ تێدەگـەم، بەکارخسـتنی میدیـای تەقلیـدی لـە دروسـتکردنی پاڵەوانـدا مێژوویەکـی درێـژی هەیـە، لــە فیلمــی (Enemy at the Gates ـ دوژمــن لەبــەر دەرگادایــە) ڕۆڵــی میدیــای کاغــەزی لەدروســتکردنی پاڵەوانــدا بـاس دەکات، کـە چـۆن بـۆ بەرزکردنــەوەی وورەی ســەرباز تـا ڕێگــە لەکەوتنــی لینیگــراد بگرێــت، میدیــا دەخرێتــە خزمــەت دروسـتکردنی پاڵەوانـەوە، ئـەوە هەمـان ئـەو فۆڕمەیـە کـە هۆلیـۆد سـاڵانێکە کاری لەســەر دەکاتو لــە فیلمــی (Saving Private Ryanـ ڕزگارکردنــی ڕایەنــی ســەرباز) لــە پێنــاو جوانکردنــی پاڵەوانەکانـی ئەمەریـکا خـۆی بەرجەسـتە کـرد، ئێمـە لـە کۆبانـێ موسـامان وەک قەناسـێکی پاڵــەوان وێناکـردو لەباشـووریش ئــەو خانمــەی چــوار کــوڕی شــەهید بــوو وەک دایکــی شــەهید، بــەڵام لەهەمانکاتــدا دەبینــی سۆشــیال میدیــا لەجێگــەی دروســتکردنی پاڵەوانـی نەتـەوە، سـەرقاڵی دروسـتکردنی پاڵەوانـی موزەیەفیشـە، ئــەوە خــۆی جۆرێکــە لــە بەریەککەوتــنو ناکۆکــی.

بــە بــاوەڕی مــن هەمــوو فۆڕمــەکان هــەن، هەندێکیــان ئەنقەسـتەو هەندێکیـش لاسـاییکردنەوە، وەک چـون لـە سۆشـیال

میدیـادا هەندێکـی بـە ئەنقەسـت لەجێگـەی دروسـتکردنو بایەخـدان بـە پاڵەوانـی راسـتەقینە وادەکات سـەرقاڵی دروسـتکردنی پاڵەوانی موزەیـەف بـن، لەراسـتیدا لـەو پرۆسـەیەدا نابێـت بەتەنهـا گلەیـی لـە دیـاردە میدیاییـەکان بکرێـت، بەڵکـو دەبێـت پەنجـەی گلەیـی بۆ ئـەو هێـز و رەوتانـە درێـژ بکەیـن، کـە نەیانتوانیـووە پاڵەوانەکانـی خۆیـان لەنـاو یـادەوەری نـەوە دوای نـەوە ئەبدەیـت بکەنـەوە، ئـەو سۆشـیال میدیایـەی ئێسـتا لەبەردەسـتی ئێمەیـە، خەسـڵەتی زۆر سـەیری هەیـە، یەکێـک لـەو خەسـڵەتانەی ئەوەیـە کـە نەتوانیـت بـاش بـەکاری بهێنیـت، ئەبێتـە دڵبەنـدی خەڵکـی تـر، حـەز لـە خەڵکـی تـر دەکات. مـن بـەراوردی ناکـەم بە فیلمە سـینەماییەکان، ئـەوە بـۆ موناقەشـە زۆر زۆر جوانـە، ئێمـە (لەیـلا قاسـم) مـان هەیـەو هەتـا ئێسـتا نەمانتوانیـوە لـە کوردسـتان بـاش تەوزیفـی بکەیـن، نەمانتوانیـووە وەکـو ژنێکـی کۆڵنـەدەر و قوربانیـدەر کاری لەسـەر بکەیـنو ژیـانو تێکۆشـانەکەی بکەینـە چیرۆکـی ئیلهـام بەخـش، بـەڵام باکـوری کوردسـتان زۆر جـوان توانیویەتـی (زیـلان و زەکیـە ئەلـکان) یـان (لەیـلا زانـا) بـاش تەوزیـف بـکات، ئێمـە نەمـان توانیـووە بـۆ نموونـە (سـێ کوچکـەی کۆمەڵـە) بـاش تەوزیـف بکەیـن، بـەڵام باکـور توانیویەتـی (مەزڵـوم دۆغـان و عەگیـد) تەوزیـف بـکات، ئەمـە جیـاوازی تەواوەتـی سروشـتی کارکردنمـان دەردەخـات، ئەگـەر نەتوانیـن ئەمـە بکەیـن بەدڵنیایـی خەڵکـی تـر دێـت دەبێتـە پاڵـەوان لـە باشـووری کوردسـتاندا، یـان خەڵکـی تـر دێـت ئـەم بۆشـاییە پـڕ دەکاتـەوە، رەنگـە باکـوری کوردسـتانیش کێشـەی هەبێـت لـە تەوزیفکردنـی وێنـەی مەزڵـوم

دۆغانـدا، بۆیـە موسـا دروسـت دەکات بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نـەوەی تـازەدا بـڕوات بەڕێـوە.

بـڕوام وایـە کـە ئێمـە بـە دەسـت ئاسـتەنگی تـرەوە دەناڵێنیـنو شـتی دیکـە توشـی سـەرئێشـەی کردویـن، لەبنەڕەتـەوە ئێمـە لەبـواری میدیـای تەقلیـدی خـاوەن دامەزراوەی بـاشو گونجاو نەبوویـن، ئـەی چـۆن بتوانیـن لەنـاو ئـەو دیـاردە نوێیـەی سۆشـیال میدیـاو میدیـای نوێـدا لەبـواری مێـژووی خۆمـانو زیندوکردنـەوەی پاڵەوانەکانمـان سـەرمایەگوزاری بکەیـن، بەپێچەوانـەوەی ئـەوەی ئێسـتا دەیبینیـن، نـەک هەر بەشـێک نیە لە وابەسـتەبوونی ئاکاریی ئـەو سۆشـیال میدیایـە بەمێـژووی پاڵەوانەکانـی خۆمانـەوە، بەڵکـو لـە هەنـاوی خۆمانـەوە رۆژانـە ئـەوە دەبینیـن کـە گومـان دەخرێتـە سـەر ئـەو پاڵەوانانـەو لـە شـکۆی رایەنـە سـەربازەکانی خۆمـان دەدرێـت، بـە بەرچـاوی خۆمانـەوە دێـنو لەرێگـەی دروسـتکردنی فیچـەرەوە مێژووی نەتـەوەو قۆناغـی رزگاری نیشـتمانیی بـە ئامانج دەگیـرێ، هەسـت بـەوە دەکەیـن، لەنـاو جوگرافیـای سیاسـیی ئێمـەدا، ئـەو هێزانـەی کـە خاوەنـی مێـژوو نیـن، دەیانەوێـت لەرێگـەی گومـان دروسـتکردنەوە مێـژووی نەتەوەیـەک بخەنـە ژێـر پرسـیارو گومانـەوە، ئـەوە هەندێکجـار شـۆکو هەندێکجاریش مرۆڤ بێهیـوا دەکات، ئاخـر خـۆ ئـەو فۆڕمـی بیرکردنـەوەو بڕیـاردانو دروسـتکردنی بەرهـەمو بەخششـی نـاو سۆشـیال میدیـا دژ بـە پاڵەوانەکانـی خۆمـان، دیاردەیـەک نیـە پەیوەنـدی بـە ئـازادی رادەربڕینـەوە هەبێـت، بەڵکـو فۆڕمێکـی چەپەڵـە لـە دژایەتـی دەسـتکەوتەکانی نەتـەوە. ئێمـە لـە راگەیاندنـی یەکێتـی زۆر

لەسەر ئەو پرسە وەستاوینو لە زۆر قۆناغدا بە زیندوکردنەوەو ئەبدەیتکردنەوەی مێژووی پاڵەوانەکانمان ویستوومانە سۆشیال میدیا ببوژێنینەوەو تۆڕەکان بە پاڵەوانە راستەقینەکان ئاشت بکەینەوە، چونکە باوەڕموایە چەندە پاڵەوانە راستەقینەکان لەیادەوەری بەکاربەرانی سۆشیال میدیادا ئەبدەیت بکەینەوە، ئەوەندە پاڵەوانی فوتێکراو ناچار بە پوکانەوەو جێهێشتنی گۆڕەپانەکە دەبن.

# سۆشیال میدیا قوتوی عەتاری داوو دەرمان

چەندی بیردەکەمەوە، لەو سەرنجەی تۆ رادەمێنم، زانیارییەکی بەجێیەو ئەوەشی کە وتراوە گوایە کۆنفرانسێکی زانستی لەبارەی مەترسییەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی لەناو تۆڕەکانی ئەنتەرنێت بەستراوەو، لەو کۆنفڕانسە بەشێک لەزاناکان کۆکبوون لەسەرئەوەی کە بوونی خزمەتگوزاری سێرچ لەبواری تەندروستی خەریکە دەبێتە جێگرەوەی پزیشکو دامەزراوە تەندروستیەکان، ئەو گەڕانە بەردەوامەی نەخۆش خەڵکی نەخۆشترکردوەو رێژەی توشبوونی بە نەخۆشیە دەروونییەکان دوو هێندە کردووە، لەکوردستان سەرباری ریکلام بۆ داوو دەرمان و کاڵای پزیشکی، رەهەندی تری وەرگرتووە، پزیشکی نەبەوی‌و شەعوەزەو سیحر و هەموو ئەو فۆڕمانەی سەر لەخەڵک دەشێوێنێ بوونە دیاردەی ناو سۆشیال میدیا.

لەرەهەندێکی ترەوە لەسەر ئەو پرسە دەوەستم، هەمووان دەزانن کە کۆڵەکەکانی پەروەردەکردنی منداڵ بەپێی سەردەم‌و قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە قۆناغبەندییە سەرەتاییەکان تەنها دایکو باوک بە رۆڵی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی هەڵدەستان، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانەو

پەیڕەوکردنـــی سیســـتەمی زۆرەملێـــی خوێنـــدن، کارەکتـــەری مامۆســـتاش هاوشـــان لەگـــەڵ خانـــەوادە بەشـــداری پـــەروەردە کۆمەڵایەتیەکـــە دەکـــەن، خـــۆ بەدەرکەوتنـــی تەلەفزیۆنیـــش کارەکتەرێکـی تـر زیـاد دەکات، ئەگـەر بیرتـان بێـت لـە بەرنامـەی تەنزئامێـزی (بەرنامـە) کـە لەتەلەفزیۆنـی (خـاک) پەخشـدەکرا، دەسـتەواژەی (خاڵـە موزیـع)ی نیشـان ئەدا، کە نـەوە تازەکە چەند پابەنـدن بـەوەی لـە شاشـەکانەوە دەگاتـە وەرگـر، کەوابێـت ئەگـەر بـەر لەدەرکەوتنـی تەکنۆلۆژیـای پەیوەندییـەکانو گەشەسـەندنی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان پرسـیارت لـە منداڵێـک کردبـا، دەیگـوت « دایکـم وا دەڵێـت، باوکـم وا دەڵێـت، مامۆسـتاکەم وادەڵێـت، بێژەرەکـە وا دەڵـێ، بـەڵام ئێسـتا دەڵێـت پەیـج و ئەکاونتەکـەش وادەڵێـت» . ئـەو نموونەیـە بـۆ روونکردنەوەی ئـەو کاریگەرییانە بوو کـە سۆشـیال میدیـاو نەشـونماکردنی ئـەو بەخششـە تەکنۆلۆژیانـە چەنـدە کاریگەرییـان جێهێشـتووەو تـا چ ئاسـتێک بـە قوڵایی رۆحی مرۆڤـدا شـۆڕبوونەوە، تـۆ سـەیر بکـەو لـە ئامـۆژگاری ئـەو پزیشـکە ڕابمێنــە، ئێســتا وایلێهاتــووە لەجێــی ئــەوەی نەخــۆش پابەنــدی رێنماییەکانـی پزیشـک بێـت، لەباتـی ئـەوەی سـوود لـە رێنمایـیو رەچەتـەی ئەهلـی چارەسـەرکردن وەربگـرێ، دەچێـت لەنـاو ئـەو تـۆڕە جاڵجاڵۆکەییـە بەشـوێن چارەسـەرییەکاندا دەگەڕێـت، ئەگـەر لـە فـەزای فیکـرو ئایدۆلۆژیـادا مـرۆڤ بڵێـت ئەمـە بەشـێکە لـە ئـازادی بیـرورا، لـە زانسـتی پزیشـکیدا قسـەو جـەدەل هەڵناگرێـت، کـە ئەبێـت پزیشـک بـە تـۆ بڵێـت بـەو رێگایـە چـارەی خـۆت بکـە یـان بـەم رێگایـە، ئەوەشـی پێـی دەڵێـن چارەسـەری سـەرەتایی

لـە ماڵـەوە، ئەگـەر دەسـتت بزمارێـک برینـداری بـکات تـۆ تەنهـا پاکـی دەکەیتـەوەو لـەوە زیاتـر دەبێـت دکتـۆر ببیینێـت، هەمـوو ماڵێـک سـەیدەلیەکی بچوکـی هەیـە، خـۆ نابێـت ئـەو دەرمانخانـە بچووکـە ببێتـە بەدیلـی دکتـۆر، ئەگـەر ئـەم کێشـەیە لـە بـواری تەندروسـتیدا وایـە لەبەرئەوەیـە کـە خەتەرتـرە و زیاتـر پێویسـتی بـە ئاگایـی هەیـە، بۆیـە هـەر هەوڵێـک لەداهاتـوودا بـۆ ڕێگریکـردن‌و نەهێشـتنی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی لەتۆڕەکانـی ئەنتەرنێـت لەقازانجـی مـرۆڤ‌و زانسـتی پزیشـکیدایەو بـەر لـە هـەر کەسێکیش نەخـۆش قازانجـی لێـدەکات. ئێمـە خەمـی ئەوەمـان نییـە دکتـۆر ئیشـی نەمێنێـت، بـەڵام ئـەو زانسـتە وای لێبێت زۆر ئاسـان دەسـت بکەوێـت خەتـەرە، چونکـە تـۆ نازانـی بـەکار هێنانەکـەی چۆنـەو لێکەوتەکانـی چـی دەبێـت لەسـەر جەسـتەمان، ئێسـتا دەتوانـم لـە سۆشـیال میدیـا شـیعرێکی هێمـن دابنێـم و بنووسـم نالـی، چونکـە مـن وادەزانـم شـیعری نالیـە، دەیـان کـەس لەئەکاونتـی مـن کۆپـی دەکات و وا دەزانێـت نالـی وای نووسـیووە، بـەڵام لـە کایـەی پزیشـکیدا بـۆ سەرئێشـە مـن دەنووسـم فـڵان حـەپ باشـە، ڕەنگـە حەپـی فـڵان بـۆ سـەر ئێشـە دەسـت نـەداتو لێکەوتەی مەترسـیدار لەسـەر ژیـان‌و جەسـتەی جێبهێڵێـت، بۆیـە ئەمـە ترسـناکە، مـن پێموایـە ئـەو کەسـانەی هەوڵـی وەسـتاندن یـان کەمکردنـەوەی ڕێنمایـی‌و نوسـینی ڕەچەتـە دەدەن لەڕێگـەی سۆشـیال میدیـاو تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکانـەوە، ڕاسـت دەکـەن.

ئـەو دیاردەیـە لەسەرانسـەری جیهانـدا بەربـڵاوەو دەشـێت لەداهاتـوودا وەک زۆر بـوارو سـێکتەری تـر پێداچوونـەوەی پێـدا

بکرێـت، هـەروەک لەسـەر ئاسـتە لۆکالّیەکـەش دەکرێـت بـە یاسـاو لەژێـر فشـاری لایـەنو دامو دەزگای تەندروسـتی سـنوورێک بـۆ ئـەو سەرکێشـیە دابنرێـت، تـۆ تەماشـا بکـە لەژێر نـاوی توبـی نەبەویدا، چەنـد پەیـجو ئەکاونتـی هەمـە چەشـنە سـەرقاڵی بەلاڕێدابردنـی مـرۆڤـو سـەرگەردانکردنی خەڵکن، هەرچـی سـحر و جـادوو هەیـە وەک فۆڕمێکـی چارەسـەریی رۆپۆشـکراو بـە ئاییـن لەسـەر نەخـۆش تاقیدەکەنـەوە، جارێـک بـە دار بەنـاوی دەرهێنانـی جنۆکـە خەڵـک ئـازار دەدریّو جارێـک بـۆ لاواز بـوون کلێنکس دەرخـواردی خەڵـک ئـەدریّو جارێکیـش وەک شـیفاو چارەسـەر هانـی خەڵـک دەدرێـت پاشـەڕۆی خۆیـان بخۆنـەوە، بەڕاسـتیش جێکردنـەوەی ئـەو گـریّ دەروونیانـە لەژێـر مانشـێتی پزیشـکیدا، نـەک هـەر نەخۆشـەکانی سـەرگەردان کـردووە، بەڵکـو لەرێگـەی لاسـاییکردنەوەی لەلایـەن خەڵکـی تـرەوە پانتایـی قوربانیەکانیشـی زیاتـر کـردووە، لەبەرئەوە چەکـی سۆشـیال میدیـا دوو سـەرەیە، سـەرە مەترسـیدارەکەی لەوەدایـە، ئەگـەر لـەوە زیاتـر خەڵکانـی بیمـارو دەروون نەخـۆش، سـاختەچیو قۆڵبـڕ لەژێرنـاوی زانسـتی پزیشـکیدا هـەر بـە هـەوای گیرفـانو نەفـس سـەرقاڵی هەناردەکـردنو بڵاوکردنـەوەی گرتـەی ڤیدیۆیـی جادووەکانـی خۆیـان بـن، گومانـم نیـە زۆر شـت لەبەریەک هەڵدەوەشـێتەوە.

# جنێوفرۆشی لە منداڵدانی وێب سایتەکانەوە

بابگەڕێینـەوە قۆناغێـک پێـش دەرکەوتنـی سۆشـیال میدیـا، ئــەو قۆناغــەی ئەنتەرنێـت وەک دیاردەیەکـی نـویێ خــۆی دەکات بــە کوردســتانداو چەنــد ماڵپەڕێکــی جیــاواز دروســت دەبــن، لەگـەڵ دروسـتبوونی ئـەوان، فۆڕمێکـی تـری جنێوفرۆشـیو زمانـی بــازاڕ دەبێتــە فەرهەنگــی نووســین، ئــەوە خــۆی چیرۆکێکــی تــرە. راسـتییەکەی ناتوانیـن بڵێیـن هەمـوو ماڵپــەرەکان وابـوون، بـەڵام بەشـێک لـە ماڵپــەرە ناسـراوەکان، لەجێگـەی ئـەوەی وەک رەخنەگـری جـددی بەچاودێریکردنـی دەسـەڵاتەکانی جێبەجێکردنو یاسـادانان هەسـتن، سـەرقاڵی جنێوفرۆشـیو بەشـینەوەی تۆمـەت بــوون، راســتە زۆر ئەزموونــی بــاش هەبــوون، بــەڵام هەندێکیــان کـورد ووتەنـی شـوڵیان لـێ هەڵکێشـابوو، چونکـە بەشـێک لەوانـەی کاریـان تێـدا دەکـرد لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی ناوبانـگو شـوهرەتدا هەمـوو رێگایەکیـان تاقیدەکـردەوە، مـن نامهەوێـت ناویـان بێنـم، نـە لەبەرئـەوەی لێیـان بترسـم، چونکـە ئـەوەی لەدەسـتی ئـەوان هاتبێـت بەمـن و بـە تـۆو بـە هـەزاران کەسـی تریـان کـردووە، بۆیـە ناویــان ناهێنــم بــۆ ئــەوەی ناوهێنانیــان لــە دیاردەکــە دوورمــان نەخەنــەوە و بەلارێــدا نەمــان بــەن، ئــەم ماڵپەرانــە دەورێکــی

خراپیـــان گێــڕاو مێــژووی بەشێکیشــیان گومــان لێکراوبــوون، ناکرێـت مـن لەچوارچێـوەی تیـۆری پیلانگێـڕی سـەرقاڵی تۆمـەت بەخشـینەوە بم، بـەڵام خـۆ خەڵکانێـک هەبـوون لـە شـیکردنەوەی سروشــتی کارکردنــی ئــەو ماڵپەڕانــە گومانــی هەمــە چەشــنەیان هەبـوو، هەندێـک دەیانـووت دەسـتی دەرەکیـان لەپشـتەو هەندێکـی تــر وەک پرۆســەیەک بـۆ بــە ئامانجگرتنــی بەهاکانــی کــوردەواری لێیــان دەڕوانــی.

ئــەوە هــەر تەنهــا بیرکردنــەوەو دیــدگای مــن نیــە، بەڵکــو لەوەتــەی جیهانگیــری راگەیانــدن وەک دیاردەیــەک ســەریهەڵداوە، لەکـۆی جیهانــی ئیســلامییەوە بــە گومانــەوە ســەیری ئــەو فۆڕمــە لەکارکـردن دەکرێـت، کـە بەئامانجـی گۆڕینـی بەهـاکان، دامەزراوەی نێودەوڵەتــی لەرێگــەی میدیــاو هەناردەکردنــی بەرهــەمو بەخششــی کەلتــووری خۆیانــەوە دەیانەوێــت کار لەســەر گۆڕینـــی بەهـــای مرۆڤــی ئــەو ناوچانــە بکــەن، ئــەو تەوژمانــەی سەرپەرشــتی ئــەو پرۆســەیە دەکــەن، لەبەرامبــەر هــەر کەســێک کــە لەبەرامبەریــان بوەســتێتەوە، بــە چــاوی دوژمــنو رکابــەر تەماشــای دەکــەنو ســەرقاڵی هاڕینــی دەبــن. ئــەو قۆناغــە راگــوزەرەی ماڵپــەڕەکان رێـک ئــەو ســەنگەربەندییە ناشــیرینە بــوو، کــە هەمــوو خــەم و خولیــای ئــەوان ببــووە پەلامــاردانو ســوکایەتیو بــە ئامانجگرتــن. ئەگــەر راڤــەی ئــەو قۆناغــەی کارکردنــی ئــەو دامەزراوانــە بکەیــن، ئــەوە دەتوانیــن لــە ســێ رواڵــەتو خەســڵەتی ئــەوان تێبگەیــن:

**یەکەمیــان** ئەوەبــوو خەڵکیــان والێکــرد بەنــاوی خــوازراوەوە پەلامـاری یەکتـر بـدەن، ئـەوە بـۆ ماوەیەکی زۆر ببـووە دیاردەیەکی

قیـزەون، مـن بەنـاوی خـوازراوەوە پەلامـاری یەکێکـی تـر بـدەمو ئەویش بێت بەنـاوی خـوازراوەوە پەلامـاری مـن بـدات، کەسـێکیش بێت پەلامـاری هەردووکمـان بـدات، ماڵپەڕەکـەش ئـەم کەرەسـتەیە بەکاربهێنـی بـۆ هەڕەشـەکردن لـە خەڵـک. بـۆ نموونـە کاتێـک پەلامـار دەدرێـی تـۆ تەنهـا یاسـا شـک دەبـەیو پێیـان دەڵێیـت شـکاتتان لێدەکـەمو لـە ڕۆژنامەیـەک لەسـەرتان دەنووسـم، بوختانـت بـۆ دەکـەنو دەڵێـن ئـەوە فـڵان بەڵگەمـان لەسـەرت هەیـە، بەڵگەکـەش لـە بنەڕەتـەوە دروسـتکراوەو پێـت دەڵێـن ئـەو نووسـینەی لەسـەر فـڵان یـان فیسـار نووسـراوە تـۆ نوسـیووتە.

**دووەم** پەیوەسـتە بـەو ڕۆڵـە فیتنەبازییـەی دەیانکـرد، بـە محەمەدیـان دەوت ئـەوە عەلیـە لەسـەرت دەنووسـیو هەمـان ڕەفتاریـان لەگـەڵ عەلیـش ئەنجامـداوە، بـەو ڕێگایـەش زۆر بەریەککەوتـنو ناکۆکیـان لەنـاو خەڵـکو دەسـتەبژێری ناوخۆیـی دروسـتدەکرد، لەگـەڵ زۆر ڕەفتـاری نابەجێـی تـر.

کاتێـک هەندێـک لـەو ئەدگارانـە باسـدەکەم، بـۆ ئـەوە نیـە ڕووی راسـتەقینەی ئـەو ماڵپەڕانـە دەسـت نیشـان بکـەم، بەڵکـو لەپێنـاو ئەوەیـە تەشخیسـی قۆناغێـک بکەیـن، کـە جنێوفرۆشـی وەک دیـاردە دەرکـەوت، ئەگـەر مێـژووی پـارتو لایەنـە سیاسـییەکانی کوردسـتان بـەووردی سـەرنج بدەیـن لە شـاخو شـار، ڕاسـتە ئەمجـۆرە تەشـهیرو جنێوفرۆشـیە هەبـوو، بـەڵام نەببـووە فەرهەنگێکـی گشـتیو بـەو ڕوبـەرە فراوانـە بڵاونەدەکرایـەوە، ژنو ئەندامانـی خێـزان بـەو ئەنـدازە لـە دڵڕەقیـە بـە ئامانـج نەدەگیـران، سـوکایەتی بـە ڕواڵـەتو خەسـڵەتە جەسـتەییەکانی نەدەکـرا، بەڵام

ئـەو فۆڕمـەی ماڵپـەڕەکان دایانهێنـا، هیـچ سـنوورێکی نەهێشـتەوەو هەمـوو شـتێکی وێـران کـرد. لەرواڵەتـدا ئـەوان هەمـوو ئـەو هەڵمەتـی جنێوفرۆشـیەیان لەژێـر ناونیشـانی دژایەتـی گەندەڵـی کۆکردبـۆوە، بـەڵام ئـەوەی لـە واقیعدا پەیڕەویـان دەکـرد دژایەتـی گەندەڵـی نەبـوو، ماوەیـەک لەمـاوەکان گەنـدەڵ پەلامـار نـە ئـەدرا لەبەرئـەوەی گەندەڵـە، بەڵکـو لەبەرئـەوەی بەناوبانگـە.

گرفتـی سـەرەکی ئـەو مۆدێلـە لەجنێوفرۆشـییە تەنهـا لـەو قۆناغـەدا قەتیـس نەبـوو، بەڵکـو لەگـەڵ گەشەسـەندنی ڕۆژنامەگـەری، بەتایبەتـی ڕۆژنامەگەرییـە بـێ دایـک و باوکـەکان، بەشـێکی لـە جنێوەکانـی گواسـتەوە، لەگـەڵ ئـەو پرۆسـەی گواسـتنەوەش، ئیـدی بەشـێکی زۆر لـەو ماڵپەڕانـە پوکانـەوەو بـەرەو نەمـان چـوونو ڕۆژنامـەکان جێگایـان گرتنـەوە.

# پرۆسەی ناونان لە میدیاو سۆشیال میدیادا

هاوڕێم ئاریان زۆرجار کە پێکەوە گفتوگۆ دەکەین، نموونە بەو کتێبە دێنینەوە، کە (جەنگی ووشەکان)ە، باشی ئەو کتێبە لەوەدایە لەسەر پرۆسەی ناونان دەوەستێت، راستیەکەی لەجیهاندا رۆژنامەنووسان لەسەر ناونانی ئەو چەمکانە دەوەستن کە پەیوەستن بە رومالّی رۆژانەوە، کەچی ببینە ئێمە ناونان لەسایەی ئەو مۆدێلەی ناو میدیاو سۆشیال میدیا لەسەر خەوشییو کەموکوڕییەکانی جەستەی مرۆڤەکان تاقیدەکەینەوە، تۆ تەماشا بکە هەندێکجار ئەو ناونانە شوێنێکی پڕ خەوشی جەستەی مرۆڤ بە ئامانج دەگرێت وەک شەلیی یان کوێریی، ئەم ناونانە نا مرۆییانە بەتەنها سوکایەتی نیە بە مرۆڤ، بەڵکو لێپێچینەوەیە لەو بۆدیو پێکهاتەیەی جەستەی مرۆڤ کە خودا ئەفراندویەتی.

بەشێوەیەکی گشتی، بەداخەوە لەکەلتوورو فەرهەنگی کوردیدا رەگێکی هەیە، کە ئەویش دان نەنانە بەوی تر، قبوڵنەکردنی ئەوی ترە، ئەوکاتەی بە فۆرمێکی تر دەگوازرێتەوە بۆ کاری میدیاییو بە تەکنیکێکی تازەتریشەوە دێتەوە ناو سۆشیال میدیا، هەموو ئەوانەش دیسانەوە دەبنەوە سەرچاوەی

بــە ئامانجگرتنــی مــرۆڤ و زیاتــر لــە هــەر کاتێکــی تــر ئــازاری جەســتەو رۆحــی مــرۆڤ دەدەن. مــن ژن بــم یــان پیــاو، لەچینێکــی کۆمەڵایەتــی دیاریکــراو بــم یــان نــا، پیشــەیەکی دیاریکــراوم هەبێــت و بەنابانــگ بــم، بــۆ دەبێــت پەلامــار بدرێــم، ئاخــر خــوا هەڵناگــرێ لەبەرئــەوەی مــن کەرکوکیــم، کەسێک لــە بادینــان یــان لــە هەولێــر پێیــان وابێــت مــن بــێ ئەقڵــم، پێچەوانەکەشــی هــەر وایــەو تانــە و تەشــەری هەولێــر و ســلێمانی و بادینانــی و گواســتنەوەی مۆدێلــی ســوکایەتی‌و ناونــان، شارچیەتیشــی گرتۆتــەوە، هەرچــی نــاوو ناتــۆرەی هەمــە جــۆرە لەســەر شــارەکان تاقیدەکرێتــەوە، ئــەوە کەلتــووری بەعســە ئێمــە شــوێنی دەکەویــن، هەرچــی فەرهەنــگو ســتراتیژی بەعســە جارێکــی تــر لەســەر خۆمانــی تاقیدەکەینــەوە.

ئــەو دیــاردە ناپەســەندانەی چەنــد ســاڵێکە لەنــاو سۆشــیال میدیــا نەوەیــەک خۆیــان بــە بەرهەمهێنــانو بڵاوکردنــەوەی ســەرقاڵدەکەن، بریتیــە لــە دۆزینــەوەی نــاو بــۆ هەمــوو شــتێک، یەکســانە بــە داتاشــینی ناتــۆرە بــۆ هەمــوو خەڵــکو گروپێــک، شــارچییەتی‌و گەڕەکچیەتــی‌و خێلگەرایــی دەکەنــە ســەرچاوەی دابەشــبوونو بەریەککەوتــن، لەجێــی ئــەوە، دەبوایــە کوردبــوونو ناســنامەی نەتەوەییــان کردبــا بــە خاڵــی هاوبــەش‌و کۆکــەرەوە، ئــەو دیــاردە ناقۆڵایــە بەتەنهــا لەســەر ئاســتی بــە ئامانجگرتنــی کۆمەڵایەتــی رەنگینەداوەتــەوە، بەڵکــو لــە قۆناغــی جیــا جیــا ڕەهەنــدی نیشــتمانیی‌و نەتەوەیــی‌و ئاینیشــی لێکەوتۆتــەوە.

لــە هەمــان ئــەو کتێبــەی (لیــزا شــیلینگراد) و (موهەنــەد خەتیــب)دا، لەســەر ناونانــی شــەهید وەســتاون، ببینــە ئــەوان

گفتوگـۆ لەسـەر مەرگـی مرۆڤێکـی بـێ تـاوان دەکـەن کـە لـە دۆخـی جەنـگو بەریەککەوتنـی سـەربازیدا دەبێتـە قوربانـیو ئـەوان لەسـەر ئـەوە کۆکـن دەبێـت وەک رەنگدانـەوەی رەهەنـدە دینـیو دنیاییەکـە بـە شـەهید ناوببرێـت، کەچـی لەکوردسـتان نـەک هـەر لـە نـاو سۆشـیال میدیـادا، بەڵکـو میدیـای فەرمیـش لـە پرۆسـەی ناونانـی جوامێرەکانـی نەتـەوە، کـە لەجەنگـی رەوای کوردبـوون لەبەرامبـەر سـوپای نەگریسـی داعـش گیانیـان بەخشـی، لـەو ئـانو سـاتەدا کـە کـورد پێویسـتی بـە میدیـا بـوو بـۆ ئـەوەی وورەی خەڵـکو پێشـمەرگە بـەرز بکاتـەوە، ئـەوان دەهاتـنو گومانیـان لەسـەر شـەهیدبوونی پێشـمەرگە دروسـت دەکـرد.

# میدیا و بە ئامانجگرتنی پێکهاتەکان

یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی ناونان، دیوێکی تری دۆزینەوەی ناتۆرە لەڕێگەی دامەزراوەکانی میدیاو سۆشیال میدیا، بریتییە لە بە ئامانجگرتنی پێکهاتەکان، یان ئەوەی کە لە فەرهەنگی قەدیمەی ئێمەدا پێیانوتراوە کەمینە. جاریٚ بەر لەهەر شت بەکارهێنانی ئەو جۆرە لەناوبردنو ناوهێنانیان بە کەمینە خۆی جۆرێکە لە سوکایەتی، چونکە لەبنەڕەتەوە هیچ نەتەوەو پێکهاتەیەک بە ژمارە ناپێورێت، بەڵکو بە خەسڵەتو تایبەتمەندیو جیاوازییەکانیان جیادەکرێنەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی هەموو نەتەوەیەک ئەو شێوازی ناونانەی کردبێتە فەرهەنگ، دەبێت کورد خۆی لە بەکارهێنانی ببوێریٚ، چونکە بەر لەهەر کەسێکی تر نەتەوەی ئێمە خۆی ڕوبەڕووی ئەو جیاکارییو جۆرە ناسنامەو نازناوانە بۆتەوە.

هەموومان دەزانین پاش شەڕو کۆمەڵکوژییەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش، پرسی پێکهاتەکانی تر ئاستێکی بایەخدانی نێودەوڵەتی وەرگرتووەو ئێستا لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو میدیای جیهانییەوە بایەخی لەرادەبەدەری پێدەدرێت، هەر هیچ نەبێت بەخشینی خەڵاتی

نۆبڵـی ئاشـتی بـە (نادیـا مـوراد) خـۆی بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی لەســەر ئاســتی میدیــای نێودەوڵەتیــش ئاوڕدانەوەیــەک لەپرســی پێکهاتــەکان هەیــەو کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیــش چاودێرییەکــی ووردی بارودۆخەکەیــان دەکات.

تــۆ دەزانــی بــۆ منــی ڕۆژنامەنــووس، کــە چەنــد ســاڵێکە بــە ســەرنجێکی وردەوە لــە گوتــار و رومـاڵــی میدیــا ڕادەمێنــم، ئــەو جیاکاریــیو ناونانــە بــە تەنهــا لــەوەدا بەدیناکــەم، بەڵکــو زۆرجــار بچوکتــر دەکرێتــەوە بــۆ شــارچیەتیو هەندێکجاریــش لەسـەر ناسـنامەی شـارو گەڕەکیـش سـەرکۆنە دەکرێـیو بـە ئامانـج دەگیرێــی. تــۆ دەزانــی مــن خەڵکــی کەرکوکــم، لەنەوەدەکانــدا لــە ئاســتی بــەرز خەڵــک هەبــووە ئــەم لۆژیکــەی دژ بەشــارەکان بەکارهێنــاوە، لــە تەلەفزیۆنــەکان دەیانــووتو دەیاننووســی لــە تەقینەوەیەکــدا ســێ کــەس گیــراون، کــە دوانیــان کەرکوکیــن، هــەر خــۆی جیاکردنــەوەی کەرکوکییــەک لەوانــی تــر جۆرێکــە لــە جیـاکاری، ئەگەرنـا بـۆ ناسـنامەکەی ئـەوەی تـر ئاشـکرا ناکـەن، بەداخــەوە ئەگەرچــی کــورد خــۆی نەتەوەیەکــی بندەســت بــووەو بەدرێژایـی مێـژوو بـە چاوێلکـەی کەمینـە مامەڵـەی لەگـەڵ کـراوە، بــەڵام کاتێــک لەماوەیەکــی کەمــدا لــەو جوگرافیایــەی خــۆی دەبێتـە سەردەسـت، هەمـان مامەڵـە دەکاتـەوە. ئاخـر خـۆ ئـەوە فۆڕمێکــە لــە تیــرۆری سیاســیی، تیــرۆری مەعنــەوی هەســتو ئیحساسـی خەڵکانـی تـرە، ئـەو بەدکردارییـە بەتەنهـا وەک دیـاردە خــۆی لەنــاو میدیــادا نەبینیووەتــەوە، بەڵکــو بۆتــە فۆڕمێکــی گشــتیو لــە ئاســتەکانی تریشــدا بەکارهاتــووە، تــۆ ســەیر بکــە

تائێستاش لە ئەدەبیاتی نووسینی ئێمەدا هەن دەڵێن حزبە کوردییەکان، ئەوە ناونانێکی هەڵەیە، چونکە بچووککردنەوەی حزبەکان لە کوردی بوونیاندا، مانای وایە داماڵینی سیفەتی نیشتمانییە لێیان، ئەوەتا کەناڵی (بی بی سی)ش هەرهەمان قاڵب بەکاردێنێتەوەو بگرە بەجۆرێکی تریش، زۆرجار دەڵێن حزبەکەی تاڵەبانی یان بارزانی، راستە ناساندنی مام جەلالو کاک مەسعودە بە دونیا، بەڵام لەهەمان کاتدا بچوککردنەوەی پرسی نیشتمانی ئێمەشە، کاکە ئێمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانین، بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانینو بزوتنەوەی کورد نین، بەداخەوە ئەو زاراوانە گواستراوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردەواری.

قسە قسە رادەکێشێت، بەڵام ناچارم لەسەر شتگەلی تریش قسە بکەم، ئێمە لەفەرهەنگو ئەدەبیاتی یەکێتییانەو کوردەواریی هەمیشە مام جەلال ـ مان بەکارهێناوە، ئاخر مام جەلال، مام جەلالەو چ پێویست دەکات پێی بڵێی تاڵەبانی، کاک مەسعود بارزانیو مەلا عەلی باپیریش هەروا، کاتێک تۆ بە (مولا عەلی باپیر) ناویدەبەیت، ئەوە خۆی بەدخوییو بەدفەڕییەو بۆ بچووککردنەوە وادەڵێیت. بیرمە جارێک مام جەلال ئامۆژگاری کردینو دەیووت من خۆم ناوم (مام جەلالە) و بەرێزێک ئەخەنە پێشمەوە، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانی دەستەواژەی مام خۆی دەستەواژەیەکە بۆ نیشاندانی رێزو حورمەت، بۆیە من هەمیشە پێموایە شوێنو کاتی بەکارهێنان، پێویستی تەسمیەو ناونانەکان فەرز دەکات.

تۆ سەیری ئەو فەرهەنگە نازدارەی ئێزدییەکان بکە، بۆ پێیان ناخۆشە تۆ ناوی شەیتان بهێنی، لەبەرئەوەی دەزانن سروشتی بەکارهێنانی ئەو ناونانە بۆ (مەلەک تاوس) لەدیدگایەکی تەسکی توندڕەوی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێو بۆ سوکایەتیکردنو بە ئامانجگرتنی ئەوانە. باشە ئەم دینە بەم ڕێگایە مامەڵە دەکات، خێرە تۆ بەسوکایەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت؟ لەپای چی وادەکەی هاوتەریب لەگەڵ گوتاری داعشدا ڕێدەکەیو تەکفیری ئەو پێکهاتەیە دەکەیت، بەڕاستی کارێکی ناپەسەندە بەناوی عیلمانی سوکایەتی بە ئایینەکان بکەیت، بەتایبەت ئەو ئاینانەی کە پەیڕەوکارانیان رووی لەکەمبوونەوە کردووە، ئەگەر ڕاست دەڵێی، بڕۆ لەسەر ئەو زۆرینە ئاینیە ئەوە تاقی بکەوە، کە خۆت بەشێکی لەو شوناسە. جا بزانم دەوێری؟!

کورد و دەستەبژێرەکەی لەدووفاقیەکی گەورەدا دەژین، هەمووما‌ن سەرسامی خۆمان بە (ئیسماعیل بێشکچی) دەردەبڕینو کردوومانەتە پاڵەوان، بۆیە کردوومانەتە پاڵەوان، چونکە لەبەرگریکردن لەنەتەوەیەکی وەک کورد، کە نەتەوەی سەردەستی تورک وەک کەمینە سوکایەتی پێدەکاتو مافەکانی پێشێل دەکات. ئازایانە هاتۆتە دەنگ، ئەی خێرە تۆی خوێندەوار، تۆی دەستەبژێرو ڕۆژنامەنووس لەمامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی تری وەک تورکمانو ئاشوریو کلدانو ئێزدی بەو چەشنە مامەڵە ناکەیت؟ بۆچی شکۆ بە تورکێک دەبەخشیت لەدەرەوەی شوناسی خۆی بەرگری لە شوناسی تۆ دەکات، کەچی خۆت لەدەرەوەی ئەو شوناسی کوردبوونە، بەرگری

لـه نەتـەوە هاوبەشـەکانی نـاو خاکـی کوردسـتان ناکـەی، ئـەوە دووفاقیەکـی گەورەیـەو دەبێـت لـەو ئاسـتەدا بەخۆمانـدا بچینـەوە.

هاوڕێـم (مـەلا ئاریـان) مـن قسـە بـۆ تـۆ دەکـەمو دڵنیـام دواتـر خەڵکیـش بـە سـەرنجدانەوە دەیخوێنێتـەوە، هەمـوو ئەوانـەی لەسـەر پێکهاتـەکان دەیڵێیـن و دەینووسـین کێشـەیەکی گەورەیـە، لـەو بـاوەڕەدام بەسروشـت مـرۆڤ حـەزدەکات خـۆی بـە سـتەملێکراو نیشـان بـدات، ڕەنگـە ئـەوە بەشـێک بێـت لـە نەزعەیەکـی نەتەوەیـی نـەک تەنهـا گروپێـک، بەداخـەوە ئەمـە لـە ڕاگەیاندنیـش ڕەنگدەداتـەوەو زۆر کـەس هەیـە لێکۆڵینـەوە دەکاتو دەڵێـت ڕۆژنامەکـەی ئێـوە تـا چەند گرنگـی بە پێکهاتـەکان دەدات، ئـەو لێکۆڵینـەوەو پرسـیارکردنە نیشـانەی ئەوەیـە بایەخدانێکـی مرۆیـی بـۆ پرسـی پێکهاتەکانـی تـر پەیدابـووە، وەک چـۆن بـۆ مەسـەلەی ژنـانو جیاکاری ڕەگەزیـش بـە فۆڕمێـک بۆتـە پێوانـەی پێشـکەوتنو نەشـونماکردنی هـەر دامـەزراوەو ڕۆژنامەیـەک، بـەڵام بیرمـان نەچێـت، کـە ئـەو فەرهەنگـە لەڕۆژنامـەدا ڕەنگینەداوەتەوە، بەڵگـەی ئەوەیـە میدیـای ئێمـەش کـوڕی ئـەو کۆمەڵگایەیـە کـە تێیـدا دەژی، ڕاسـتە کـوڕی ئـەم فەرهەنگەیـن، بـەڵام دەبێـت ئـەم فەرهەنگـە بگۆڕیـن، فەرهەنگـی بەبچـووک وێناکردنـی ئەوانـە، چونکـە دواجـار هەمووـمـان ئەفرێنـدراوی خودایـنو هەریەکەمـان بـە نەتەوەیـەک و پێکهاتەیـەک و ڕوخسـارێک دروسـتکردووە.

# ناونان، وەك كۆمەڵكوژی زارەكی

لــەکاتو ســاتی کۆمەڵکــوژی ئێزدییــەکان لــە شــەنگال، شـاعیری گـەورەی عـەرەب (ئەدۆنیـس) لـە گۆشـە تایبەتییەکـەی لـە رۆژنامـەی (ئەلحەیات) جگـە لەبێبەریبوونـی خـۆی لەنەتـەوەی سەردەســت، فۆرمێکــی تــری کۆمەڵکــوژی بــاس دەکاتو دەســتەواژەیەکی نــوێ بەکاردێنــێ، ئــەو دەســتەواژەی ئەدۆنیــس بریتییــە لــە «کۆمەڵکــوژی زارەکــی»، لــەو باوەڕەدایــە، چەنــدە کۆمەڵکوژکردنـی جەسـتەییو فیزیکـی بەسـوێیە، بـەو ئەندازەیـەش کۆمەڵکـوژی زارەکـی پـڕ ئـازارە، چونکـە دواجـار ناوبردنـی ئـەو پێکهاتانـە بـە کەمینـە، پرۆژەیەکـی زارەکیـە بـۆ شـەرعیەتدان بـە هەژمـوونو باڵادەسـتیو لەنێوبـردن. مـن ئەو شـێوازەی بیرکردنەوەو نووسـینی ئەدۆنیسـم بەکامـی دڵ خۆشویسـت، مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی مرۆڤبوونـی لەدەسـت نـەدات، دەبێـت ئـەو جـۆرە دنیابینیـە بکاتـە دڵخـوازی خـۆی.

بـۆ مێـژوو مـن ناوەکـەی بـاس ناکـەم، بـەڵام جارێـک سـێ بـۆ چـوار وتـارم لەسـەر پرسـی تورکمـان نووسـی، خەڵکێـک هەبوو ئـەو بیرکردنـەوەی منیـان بـەلاوە سـەیر بـوو، بیریـان تەسـک و تەنگنـەزەر بـوو، لەکاتێکـدا راسـت ئەوەیـە کـە ئێمـە بـەو پێیـەی

کادری هێزێکـی نیشـتمانین و لەنـاو دامەزراوەیەکـی میدیایـی نیشـتمانی کاردەکەیـن، دەبێـت بـەو ئاراسـتەیەدا بیـر بکەینـەوە، ئـەوە خـۆ شـتێک نیـە داهێنـراوی مـن بێـت، ئـەوە چەشـنێکە لـە پرەنسـیبو بەهـا بـۆ ڕێزگرتـن لـە ئەوانـی دیکـەو فەرمایشـتێکی بـێ چەنـدو چوونـی مـام جـەلال ـ یشـە، ئەوانـەی شـوێن پێـی مـام دەکـەون، ئەوانـەی خۆیـان بـە خوێنـدکاری خوێندنگاکـەی مـام جـەلال دەزانـن، ئەوانـەی مـام جـەلال ـ ی ڕۆژنامەنـووسو سیاسـیو مافپـەروەر لەنزیکـەوە دەناسـن، دەبێـت لـەوە تێبگـەن، کـە فەرهەنـگو کەلتـووری بەیەکەوەژیـانو لێبوردەیـیو پەسـەندکردنی ئـەوی دی شـتێک نیـە قابیلـی ڕەد و جـەدەل بێـت، ڕێزگرتـن لـەو هاونیشـتمانیانەی لەسـەر خاکی کوردسـتان لەگەڵمان هاوبەشـن، بەزەیـیو مەرحەمـەت نیشـاندان نییـە، بەڵکـو ئـەرکو بەرپرسـیارییەتی ئاکاریـیو سیاسـیو پیشەییشـە، چونکـە ئـەو جـۆرە لەبیرکردنـەوە وادەکات دواجـار لـە پرۆسـەی نیشتمانسـازیی سـەرکەوتوو بیـن.

بـۆ ئـەوەی کورد نەبێتە بەشـێک لـەو کۆمەڵکوژییە زارەکیەی ئەدۆنیـس باسـیدەکات، ئەرکێکـی سـەرباری ئەخلاقیـی دەکەوێتـە سـەر ڕۆژنامەنووسـانو دامەزراوەکانـی میدیـا، بەرپرسـیاریەتییەکی گەورەتـر دەخرێتـە ئەسـتۆی کەسـانی سیاسـیو دەسـتەبژێری کۆمەڵـگا بـۆ ئـەوەی لـە بەکارهێنانـی ئـەو دەسـتەواژەو ناونانـە دووربکەونـەوە، کـە دەشـێت هەسـتو نەسـتی ئەوانـی دیکـە بیمـار بـکات، نابێـت بـەو جـۆرە ئـەو پێکهاتانـە نـاو بهێنرێـن، کـە لەوانەیـە هەسـت بـە بچووکبوونـەوە بکـەن، چونکـە هـەر فـۆڕمو

شێوەیەک لە هەستی خۆبالآیی‌و نیشاندانی بالآبوونی نەژادی کورد بەسەر ئەوانەوە، خۆی بەرهەمهێنانەوەی دیوێکی تری کۆمەڵکوژی‌و ستەمکارییە.

هێندەی من بیرم بێت، لەهەر دامەزراوەیەکدا بەرپرسیاریەتیم هەبووبێت، ڕێگەم نەداوە ئەو جۆرە گوتارە دڵڕەق‌و پڕ جیاکارییە ڕەنگبداتەوە، نەمهێشتووەو نەمویستووە ئەو جۆرە ناونان‌و تەسمیانە لەبەرامبەر هیچ پێکهاتەیەک بەکاربێت، بەڵام خۆ ناشتوانی کۆنترۆڵی تەواوی میدیا بکەیت‌و بەدڵنیاییەوە لێرەو لەوێ ئەوانەی خەیاڵی کوردایەتییەکی توڕەو تونددیان هەیە جۆرێک لە خەونی ڕاسیستی لێکەوتۆتەوە، ئەو دەستەواژانەو خراپتریش بەکارنەهێنن.

# حزبی کارتۆنی و وەرگۆڕان بۆ نەتەوەی سەردەست

جارێـك زنجیـره وتارێكـم خوێنـدەوە، كـە ناونیشـانەكەی تۆزێـك پـڕ ئـازار بـوو، ناونیشـانی ئـەو زنجیـرە وتـارە لەژێـر نـاوی (كـورد و سـتەمكاری) بـوو، ئـازاری ئـەوەی نەتەوەیەكـی سـتەملێكراوی بندەسـت، لەپـاش ئەزموونێكـی خۆڕێبـەری مـاوە كـورت وەرگـۆڕێ بـۆ نەتەوەی سەردەسـتو هەمان تەقلیـدی نەتەوە سەردەسـتەكانی تـر بكاتـەوە، پـڕ ئازارە، رەنگـە ئـەوە زیادەڕەوی تێـدا بـێو هێشـتا ئـەو هەسـتی خۆبالآییـە لەنـاو كەمینەیەكـی بچووكـی سیاسـیدا هەبێـت، بـەلآم هێشـتاش نابێـت رێگـە بدرێـت ئـەو فۆڕمـی بیركردنـەوە كەسـیانە، ببنـە سـتراتیژو ئەجێنـدای نیشـتمانیی هێـزە سیاسـییەكانو دامـەزراوە میدیاییـەكان، چونكـە وەرگۆڕانـی سیسـتەمو حوكمڕانـی هەرێـم بـۆ هێـزو دەوڵەتێكـی سـتەمكار، بەتەنهـا لەسـەر حسـێبی پێكهاتـەكان نابێـت، بەڵكـو لەسـەر جەسـتەی هاونیشـتمانیە كوردەكانیـش ئـەو سـتەمكارییە تاقیدەكرێتـەوە.

بریتییـە لەگفتوگۆكـەی نێوانمـان، جاروبـار لەسـەر تەقلیدكردنـەوەی میكانیزمەكانـی بەعـس دەوەسـتاین، بەعـس وەك دامەزراوەیەكـی سـەربازیو هەواڵگـری نەتـەوەی سەردەسـت،

هەموو ڕێکارێکی دژ بە نەتەوەو بزوتنەوە نیشتمانییەکەی کورد بەکارهێناوە، یەکێک لەو میکانیزمانە دروستکردنی هێزی کارتۆنی بووەو لەڕێگەی میدیاشەوە ئەو هێزە کارتۆنیانەی کردووە بە روخساری بزوتنەوەی سیاسی کوردی، لەکاتێکدا ئەسڵ بریتی بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هێزو پارتە رەسەنانەی، کە نوێنەرایەتی راستەقینەی ئەو پێکهاتانە دەکەن، تەنانەت ئەگەر گوتارو زمانیان زبریش بێت، خۆ (رەسوڵ هەمزاتۆف) دەمێکە وتوویەتی «شمشێری کەمینە تیژە»، کەوایە مامەڵەکردن لەگەڵ شمشێرێکی تیژی راستەقینە دروستترە، لەوەی لەگەڵ کلکە ماسیحەیەکی دروستکراو مامەڵە بکەی.

ئەگەر لەمن بپرسن لەسەر ئەو جۆرە هێزانەی، کە گوتاریان توندە، هەمیشە ڕام بووەو هەموو جارێک دەڵێم زۆر گرنگە کورد مامەڵە لەگەڵ (بەرەی تورکمانی) بکات، چونکە راستە توشی ئازارت دەکات، سەرئێشەت بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەگەر بتەوێت لەگەڵ تورکمان مامەڵە بکەیت و گۆڕانکاری لە فکریشیاندا بکەیت، بەو مامەڵەیە بۆی دەردەکەوێت کە تۆ ئەو پیاوە خراپە نیت، بەپێچەوانەوە بەخۆ دوورخستنەوەو خۆتەریککردن لەو هێزانە پانتایی دابڕان زیاتر دەبێت، باشترین ڕێگا ئەوەیە نەهێڵیت نەتەوەکانی تر، کە لەگەڵ تۆدا دەژین و بە ژمارە کەم بن یان زۆر، تووشی بەریەککەوتن بن لەگەڵ تۆ، چونکە ئەوە ڕێک خواستی دوژمنە، ئەوە ڕێک ویستی دەوڵەتانی هەرێمییەو لە کەلێنەکانی ئەو دابڕانەوە دەستوەردان دروست دەبێ و سەرئێشەی لێدەکەوێتەوە، خۆ ئەو

شتەی (عەزیز نەسین) لە چیرۆکێکدا باسی خێزانێک دەکات، کە بۆ کارکردن پەنایان بردۆتە بەر باکووری کوردستان، زۆر جوانو پڕ واتایە، کە بینیوویانە لە رۆژهەڵاتەوە هاتوون، پێیان ووتوون وامانزانیووە کلکتان هەیە، ئێ کاتێک بۆیان دەردەکەوێ کلکیان نییە، کەواتە دەوڵەت درۆ دەکات، مادامیش دەوڵەت لە مەسەلەی کلکەکە درۆیکرد، کەوایە برگەکانی تریش کە پەیوەندی بە مافەکانیانەوە هەیە هەر درۆیە، بۆیە بۆ ئەم شتانە میدیا زۆر دەوری هەیە، کە دەڵێم نابێ میدیا پراوەی ئەو بەدفەرییە بکات لەهەموو ئاستەکان، خۆ ئەمە نیە کەسێک وتارێک بنووسێو تەواو چاک بێت، بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی فراوان هەموومان پێکەوە، لەسەر زاراوەو دەستەواژەکان، لەسەر دێواندنو بڵاوکردنەوەی کەلتووری دلڕەقی بوەستینو چوارچێوەیەکی ئاکاریی بۆ دابرێژین، بۆئەوەی کەس لەناو پێکهاتەکان هەست نەکات بە بەراورد لەگەڵ کورد پلە دووەو رێگەش نەدەین ئەو خەیاڵە بچووکانەی خۆبالآیی لە ناخمانەوە بپشکونو لە قەڵەمو کیبۆردەکانمەوە سەر دەربکەن.

# میدیا و پرۆسەی دروستکردنی هاوسۆزیی

گرتەیەکــی ڤیدیۆیــی بەناوبانــگ هەیــە، کــە مێژووەکــەی بــۆ ســـەرەتای نــەوەدەکان دەگەڕێتــەوە، لەوگرتــە ڤیدیۆییەکــەدا داڵێکــی گــەورە لــە چاوەڕوانــی مردنــی منداڵێکدایــەو دەیەوێــت بیخــوات، وێنەگرەکــە لەبــری رزگارکردنــی منداڵەکــە، ســەرقاڵی بەدەستهێنانی وێنەکەیـەو دواجاریـش منداڵەکە مـردو وێنەگرەکەش فۆتۆیەکی بەدەستهێنا، کاتێکیـش کـە لەپێشـبڕکێی نێودەوڵەتیـدا وەک وێنــەی ســاڵ دیاریکــرا، چیرۆکەکــە لەوێــدا کۆتایــی نەهــات، بەڵکـو ئـەو ئارگۆمێنتانـەی لـەدوای وێنەکـەوە پەیدابوون، جیهانـی دابەشـــی ســـەر دوو چەشـــنی بیرکردنـــەوە کـــرد، بـــەرەی یەکـــەم لەپشــت ئــەو دنیابینیــە بــوون، کــە پێیانوابــوو رۆژنامەنووســەکە بەوەزیفــەی خــۆی هەســتاوەو دواجــار وێنەکــەی بەدەســتهێناوە، تــا هەمــوو جیهــان لەرێگــەی ئــەو فۆتۆیــەوە بەچیرۆکێکــی ناخهەژێـن ئاشـنا بـکات، بـەڵام بـەرەی دووەم لـەو باوەڕەدابـوون، ئــەرکو بەرپرســیارییەتی ئەخلاقــی ئــەو رۆژنامەنووســە بریتــی بــوو لــە رزگارکردنــی منداڵەکــە، هەرچۆنێــک بێــت خۆکوشــتنی فۆتۆگرافەرەکــە لەژێــر کاریگــەری دیمەنەکــەو هەســتکردن بــە تــاوان، ناکۆکــی دوو بەرەکــەی بــە کۆتــا هێنــا، ئــەو چیرۆکــە

نیشـانیدەدات، کـە میدیـا بەشـێوەیەکی گشـتیو فۆتـۆش بەتایبـەت دەتوانـێ لەدروسـتکردنی پرۆسـەی هاوسـۆزی لەگـەڵ مـرۆڤ رۆڵـی گـەورە ببینـێ.

لـە چەنـد رێبەرێکـی تایبـەت بـە رۆژنامەنووسـان ئـەوەم خوێندۆتـەوە، کـە رۆژنامەنـووس لەکاتـی کارکردنـدا دەبێـت بـەر لـە هـەر شـتێکی تـر رەچـاوی ژیـانو مانـەوەی خـۆی بـکات، دەبێـت بە تەنـگ خۆپاراسـتنەوە بـێو بـە ئاگاییـەوە ژیانـی خـۆی بپارێزێـت، راستیەکەشـی بنەمایەکـی گشـتی هەیـەو سـاڵانێکە وەک چوارچێـوە بـە رۆژنامەنـووس دەوترێتـەوە، کـە پێویسـتە رۆژنامەنـووس لەسـاتی بەدەسـتهێنانی هەواڵێکـدا، ئەگـەر زانـی ژیانـی دەکەوێتـە مەترسـییەوەو لەنـاو دەچێـت، پێویسـتە دەسـتبەرداری هەواڵەکـە بێـت، چونکـە ژیانـی خـۆی لـە پیشـەکەو بەدەسـتهێنانی هەواڵەکـە گرنگتـرە، مـادام وابێـت، کەوابێـت بنەمـای سـەرەکی لەپرۆسـەی رومالّـدا (ژیـان)ە، بـەو پێودانگـەش ژیانـی ئەوانـی دیکـەش هـەر ئـەو بایەخـەی هەیـە، کـە وایـە میدیـا دەتوانـێ رۆڵێکـی گـەورە لەپرۆسـەی دروسـتکردنی هاوسـۆزیدا ببینـێ، نازانم کێ بوو، جارێک نموونـەی بـە وتارێکـی (شـتراوس) هێنایـەوە، ئـەو وتـارە راڤـەی بایەخـی میدیـا دەکات لەدروسـتکردنی هاوسـۆزی لەگـەڵ منـداڵ، ئـەو لەوتارەکەیـدا قۆناغـی حەفتاکانـی ئەمەریـکا بـاس دەکات، کـە چـۆن رادەی گێچەڵکردنـی سێکسـی بـە منـداڵان گەیشـتۆتە ئاسـتێکی بـەرز، بـەڵام لەرێگـەی دروسـتکردنی کەمپەینێکـی هاوبەشـی رۆژنامـەی (واشـنتۆن پۆسـت)و (نیـۆرک تایمـز)ەوە، توانـرا لەماوەیەکـی کەمـدا ئـەو رێـژەی گێچەڵکردنـە کـەم ببێتـەوە،

کەوایــە دەکرێــت لەدۆخــی رکابــەری دامــەزراوە میدیاییەکانیشــدا، هێشــتا دەرفەتێــک هەبێــت بــۆ دروســتکردنی هاوبەشــیو پێکــەوە لەســەر خوانــی مرۆڤدۆســتی ســەرقاڵی دروســتکردنی هاوســۆزیی بــن.

ئەگــەر قســە لەســەر ئەزموونــی منــە، پێشــترو دەرهــەق بــە تیــۆری بەرپرســیارییەتی کۆمەڵایەتــی ئــەوەم بەیانکــرد، کــە ســەرەڕای جیــاوازی فیکریمــان، دیــدگای رۆماڵکردنــی میدیایــی مــن نزیکتــرە لــە راگەیاندنــی ئیســلامییەکان وەک لەخەڵکــی تــر، چونکــە پێکــەوە لەیــەک چوارچێــوەی ئەخلاقییــەوە تەماشــای هەندێــک پــرس دەکەیــن و بایــەخ بــە بەهــا و نرخێکــی ژیــاری دەدەیــن. لەنــاو ئــەو پرسانەشــدا چۆنیەتــی دروســتکردنی هاوســۆزی لەگــەڵ ئــەو چینو توێژانــەی پێویســتییان بەهاوسۆزییە، لەبەرئەوەشــە بەژیانی پیشــەیی خــۆم، لــەدەرەوەی وتــارو شــیکردنەوە سیاســییەکانم، شــوێن ئــەو چیرۆکانــە کەوتــووم، کــە رەهەندێکــی مرۆیــی هەیــەو دەتوانــی لەرێگەیــەوە ئــەو پنــتو حیکایەتانــە بدۆزیتــەوە، کە ژیانو شــکۆی تێدایــە. داواش لەگەنــجو رۆژنامەنووســە لاوەکان دەکــەم، لەژیانــی پیشــەیی خۆیانــدا ئــەو لایەنــە مرۆییــە رەچــاو بکــەنو شــوێن بەهــا بکــەون، نــەک شــوێن ســەبقو شــوهرەتو ســتاربوون.

# وێنەی زەینی و یادەوەریی نەتەوەیی

چەند ساڵێکە دەستەواژەی نەتەوەسازی، وەک چەمکێک بۆتە بەشێک لە ئەدەبیاتی سیاسی، لەراستیدا ئەو چەمکە پتر لەبەرامبەر ئەو ئاگاییە بەکاردێت، کە دەشێت لەرێگەیەوە بە قۆناغی نەتەوەبوونی کامڵو کەماڵ بگەین، ئەوەی ئەو پرۆسەیە خێرا دەکات، دروستبوونی وێنەی زەینییە، ئەوەی ئەو وێنە زەینیەش دروست دەکات کەناڵەکانی راگەیاندنە. هەڵبەت کەرەستەی ئەو کەناڵانەش لەو پرۆسەیەدا. بریتییە لەیادەوەری مێژوویی. کورد وەک نەتەوە بەشی زۆری یادەوەرییە مێژووییەکانی ئازارە، کارەساتوماڵوێرانیو شکستە، بۆ ئەوەی ئازارو کارەساتەکان ببنە وێنەیەکی جێگیر لە یادەوەری خەڵکدا، دەبێت هەمیشە دووبارە ببنەوە، بەڵام پرسیاری جەوهەریی ئەوەیە، کە ئاخۆ میدیای کوردیو وەرگرانی ئەو کەناڵانە ئامادەی وەرگرتنو دووبارە بینینەوەی هەمان ئەو یادەوەرییانەن، من لەوەدا گومان دەکەمو پێشموایە کورد لەدوای هەموو نەتەوەکانی تری دنیا دێت، تۆ دەزانی تائێستاش جولەکە سەرمایەگوزاری سیاسییو نەتەوەیی لەسەر هۆڵۆکۆست دەکەنو لەیادەوەری

هەمــوو جولەکەیەکــدا ئــەو بزاوتــە کردویەتــی بەوێنەیەکــی چەسپاو، هەمـان شـت شـیعەکان لەسـەر عاشـوراو ژاپۆنییـەکان لەسـەر شـکۆمەندی سـامۆرا دەیکـەن، ئێسـتاش بەهەمـان شـێوە لای رووســەکان نەبەردییەکانــی لینگیــراد بەتەنهــا چیرۆکــی رابـردوو نیـە، بەڵکـو وێنەیەکـی زەینیـە بـۆ داهاتـووش، کەچـی ئــەو کــوردەی خۆمــان، لــەرۆژی پــڕ خەمــی یــادی کارەســاتی هەڵەبجــەدا دێــتو دەڵێــت ئــەرێ بــەس نیــەو تــەواو نەبــوو، خــۆ ئەمــە گوێمــان لێبــووە، رێــک ئــەو پەنــدەت بــە چــاودا دەدەنــەوە، کــە دەڵێــت زۆر وتــن قورئــان خۆشــە، هەندێکیــش دەڵێــن قورئــان بەدەنگــی (عەبدولباســت) یــان (مەنشــاوی) خۆشــە گرفتەکــە لەوەدایــە دوبارەکردنــەوەی کارەســات وەک حیکایـەت دەبینـنو ناتوانـن وەک بەشـێک لەیـادەوەری مێژوویـی تەماشـای بکـەن، بـەڵام لـە هەمـان کاتیشـدا مـن لێکۆڵینەوەیەکـم خوێنـدەوە دەربـارەی ئـەو شـەڕەی لـە بۆسـنیا کـرا، ئەوەنـدەی تەلەفزیۆنـەکان گواسـتیانەوە، وایلێهـات کاریگـەری و وەقعـی ئـەو رووداوە کـەم ببێتـەوە، رەنگـە ئـەوە بەشـێکی پەیوەنـدی بـەوەوە هەبێــت کــە ئێمــە تائێســتاش لــەو یادەوەرییــە تاڵانــە زۆر بــە رەهەندێکـی خەمگیـنو مەرگدۆسـتییەوە دەکەیـنو هـەر خەریکـی شـینگێڕانین، لەکاتێکـدا ئەسـڵ وابـوو، ئیـش لەسـەر رەهەنـدە ژیاندۆسـتییەکەی بکەیـنو یادەوەرییەکـە بەزیندویـی بهێڵینـەوە، چونکــە دەزانیــن کارکــردن لەســەر تەنهــا دیوێــک هــەر ئــەوەی لــێ شــین دەبێتــەوە کــە داعــش وەک ســتراتیژ بەکاریهێنــا، ئەویـش مـردن ئاسـایی بکاتـەوە لـەلای وەرگـر، ئـەو سـتراتیژە

هەمیشە مردنو مردنو مردنی پەخشدەکرد، بۆیە نوسیوومەو بەردەوام وەک ئیدیۆم بەکاری دێنمەوەو دەڵێم لایکی مەکە، شەیری مەکە، سەیری مەکە، بەو چەشنە مەبە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی شینگێڕانو مەرگدۆستی.

رەنگە ئەوەی باسمکرد لایەنێکی ئەو پرۆسەیە بێت، کە بریتییە لەوەی چۆن ئێمە لە میدیاکانەوە یادەوەرییە نەتەوەییەکان زیندوبکەینەوەو بیانکەینە وێنەی زەینی، بەڵام خۆ دیوێکی تریشی هەیە، ئەو دیوەی تر ئەوەیە، کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ شکاندنی شکۆمانو لێڵکردنی وێنەکانی ناو یادەوەریمان، شکستەکانی ئێمە لەسەر زمانی خۆیان دەنووسنەوەو دەگێڕنەوە، جارێک من نوسیمو دەڵێم داگیرکەرانی کوردستان زۆر وێنەیان هەیەو لەساتو کاتی دیاریکراودا بڵاویدەکەنەوە، لەوانە (سمکۆی شکاک) بەسەربڕاوی، (شێخ سەعیدی پیران) بەدەست بەستراوی، (وەهاب ئاغای جوندیان) لە زیندان وێنەی گیراوە، بەنموونە لە رۆژنامەکانی تورکیا وێنەی سێدارەکان هەیە، کە بۆ شێخ سەعید و ئەوان هەڵکراوە، لە رۆژنامەکانی ئێران وێنەی سمکۆ هەیە کە دەیکوژن، ئەم وێنانە چییە، هەموو جارێک دەڵێم باوەڕبکە ئەو سەربازەی ئەو کارە دەکات، رەنگە بە فەخرەوە بیلێێتو بۆ نەوەکانی دەگێڕێتەوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر یادەوەری ئێمە بەجێدەهێڵێت.

لەبەرئەوە باوەڕی تەواوەتیم بەوە هەیە، کە چۆن لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هەموو هەوڵێک هەیە بۆ

تێکشـــکاندنی ئیـــرادەی نەتەوەیـــی لەرێگـــەی زیندوکردنـــەوەی یادەوەرییـــە تاڵـــەکان، ئێمـــەی میدیاکاریـــش دەبێـــت هـــەم بـــۆ دروســـتکردنی وێنـــە زەینیـــە دروســـتەکە کاربکەیـــن‌و هەمیـــش یادەوەرییـەکان بەزیندوویـی بهێڵینـەوە، بەڵام دوور لە شـینگێڕان.

# پارووپەك وشە، هەژاریی و میدیا

پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان میدیاو .دیاردە ئابوورییەکان هەیە، من خۆم دەرچووی کۆلێژی ئابووریمو تائێستاش هەندێک بنەمای گشتی زانستی ئابووریم لەبیرماوە، دەزانم وەک چۆن راگەیاندن لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریدا رۆڵ دەگێڕێ، بەهەمان ئەندازەش دەشێت لە کەمکردنەوەی ئەو دیاردانە دەور ببینێ، یەکێک لەوانەش هەژارییە، ئەویش لەرێگەی دروستکردنی فشارو جولاندنی رای گشتی بۆ ناچارکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن لە ئاوڕدانەوە لە دۆخی هەژاری، هەروەک میدیا دەتوانێ لەرێگەی بەبنەماگرتنی چیرۆکەکانەوە، ژیانی هەژاران بگوازێتەوەو لەرێگەی دروستکردنی هاوسۆزییەوە دەرچەیەک بۆ هاوکاریو ئاوڕ لێدانەوەیان دروست بکات، ئەوەی من دەیڵێم خواستو خەونی ئایدیالیانەی خۆمە، بەلام ئەوەی لەواقیعداو لەسەر روپەڕی رۆژنامەو لەشاشەی تیڤیەکانەوە روودەدات شتێکی ترە، ئەو شتەش بریتیە لە خۆپەنادانی سیاسیو دەولەمەندان لەپشت هەژارانەوە، بۆ ئەوەی لەگواستنەوەی چیرۆکەکانی ئەوانەوە ببنە پالەوان.

لەراستیدا میدیا لەسەر چەند ئاستێک لەسەر دیاردەی

هــەژاری قســە دەکات، یەکێــک لەرواڵەتەکانــی ئــەو شــێوازی کارکردنە خــۆی لەوەبەرهێنانــی سیاســیدا بەرجەســتە دەکات، رەنگــە ترۆپکــی ئــەو وەبەرهێنانــە سیاســییە لــە بەرنامەکــەی (غەیــس)ی ئیماراتــی خــۆی بەرجەســتە بــکات، کــە پرۆســەی پارەدارکردنــی ئــەو بەرنامەیە لەلایــەن خانــەوادەی دەســەڵاتداری ئیماراتــەوە دابیــن دەکرێــت، سروشــتی ئــەو بەرنامەیــە، کــە لەمانگــی رەمەزانــدا پێشــکەش دەکرێــت، بەکونــجو کەلەبــەری جیهانــی ئیســلامیدا دەگــەڕێو ئــەو هەژارانــە هەڵدەبژێــرێ، کــە ژیــانو چارەنووس دەرفەتێکی شایســتەی پێنــەداون، بــەڵام ئــەوە جۆرێکــە لەســەرمایەگوزاری سیاســیی‌و پێشکەشــکارەکە خــۆی لەســەر حســێبی خەڵکــە هەژارەکــە ناکاتــە پاڵــەوان، بەپێچەوانــەوە پاڵەوانســازییەکە بــۆ پادشــای ئیمــارات بەرێوەدەبــات. رواڵەتێکــی تــری کارکــردن لەســەر پرســی هــەژاری، بریتییــە لــەو فۆرمــە بێــزراوەی لەنــاو میدیــاو سۆشــیال میدیــای کوردســتاندا رەنگدەداتــەوە، ئەویــش بریتیــە لــە بەئامانجگرتنــی شــکۆی هەژارەکــە، ئاخــر کــەی رەوایــەو بازرگانێــک یــا سیاســییەک، ژنێکــی مانــدووی قوربانــی، منداڵێکــی لانــەوازو بــێ سەرپەرشــت لــە ئۆفیســەکەی ببینــێو زەرفێکــی بداتــێ ســەد هــەزاری تێــدا بــێو بــای دوو ســەد هــەزار لــە شــکۆو کەســایەتی بدرێــت، ئــەو دیاردەیــە لەنــاو میدیــاو سۆشــیال میدیــا نــەک هــەر هاندانــی خەڵــک نیــە بــۆ چاکــەی گشــتیو نیشــاندانی میهرەبانــی بــۆ هــەژاران، بەڵکــو گرێیەکــی دەروونیــەو کارەکتــەری نەخــۆش دەیهەوێــت خــۆی لەســەر حســابی ئــەو نمایشــە بکاتــە پاڵــەوان، دەیهەوێــت لەپەنــای بەخشــینەوە وێنــای خــۆی وەک بەخشــندە نیشــان بــدات.

هاوڕێم ئاریان، ئەوکاتەی قسە دەکەم دیمەنەکانم دێتەوە بەرچاو، چ دیاردەیەکی بێزراوو ناپەسەندە، با کاکی بازرگان یان سیاسیی ئەگەر ئامانجو خەونی سیاسی هەیەو دەیەوێت ببێتە ستارو پاڵەوانی چاکەی گشتی با ڕێگەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە، کە ڕەچاوی مرۆڤدۆستیو ئاکار بکات، نەک بێتو لەسەر حسابی جەستەو روخساری ماندوی هەژاران ئەو بەدڕەفتارییە بنوێنێ، بەڵام بیرت نەچێت ئەوەش دوو دیوی هەیە، ئەگەر ئەو سەرکێشیە بە شکۆی مرۆڤەوە دیوێک بێت، ئەوە دیوەکەی تری لە ئەستۆی چاودێرانی کۆمەڵگا دایە، لەگەردنی داواکاری گشتییە، لە ئەستۆی کەناڵەکانی راگەیاندنە. دەبێت بەڕاشکاوی پێیان بڵێی کاکە ئەوە تۆ خەریکی چ کارێکی ناقۆڵا دەکەی، هاتووی بەدبەختێکت هێناوەو نازانێ مەسەلە چیە، بیست هەزارێکی دەدەیتێو بە کامێرایەکی فۆڕکەی وێنەی دەگرێو شکۆی دەخەیتە بەر نەشتەری بەزەیی.

لای من وەزیفەی دامەزراوەی میدیایی، بریتی نیە لە چیرۆکی تەنها کەسێکو گۆڕینی ژیانی ئەو کەسە، بەڵکو چارەسەری ئەم مەسەلانە، چارەسەری کۆمەڵگاییو گشتییە، نەک تاکەکەسو گروپێک، ئەسڵ گۆڕینی بنەما سەرەکیەکەیەو دەبێت ئەوە چارەسەر بکەیت هەژاری کەم بکەیتەوە، دەبێت ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن پێیان بڵێی، کاکە برا ئەگەر لەدیدگای ئاینییەوە ئەو چاکە دەکەی، ئەوە ئاین پێمان دەڵێت، ئەو چاکەی بەدەستێک دەیکەیت نابێت دەستەکەی تر بیزانێ، خۆ ئەگەریش لەدیدێکی مرۆییەوە بەو چاکەیە هەڵدەستێت،

ئـەوە بنەماکانـی مافـی مـرۆڤ ئـەو شـەرعیەتەت ناداتـێ تەسـویق بـۆ فرمێسـکو نوزانـەوەو پاڕانـەوەی هەژارێـک بکـەی.

بابێینـە سـەر شـتێکی تـر، حاڵەتێکـی تـری نامـۆ، کـە بەنـاوی هەژارییـەوە دەکرێت، لەکتێبێکدا دەربـارەی سۆشـیال میدیا هەندێـک نموونـەم بەرچـاو کـەوت، ئـەو نموونانـە دەربـارەی ئـەو چیرۆکـە دروسـتکراوانە بـوو، کـە خەڵکانێـک بە سـاختەو قوڵبڕییەوە دێـنو چیرۆکـی خەمناکـی خۆیـان دەگێڕنـەوە بـۆ ئـەوەی لەرێگـەی هاوسـۆزییەوە پـارەو سـامانو هـاوکاری بەدەسـت بێنـن، رەنگـە ئـەوە لەکوردسـتان زۆر نەبووبێتـە مۆدێـل، بـەڵام لـە جیهانـدا هەیـەو لەرێگـەی نوانـدن یـان چیرۆکێکـی دروسـتکراوەوە کۆڵێـک پـارەو پـول بەدەسـت دێنـیو سـۆزی خەڵـک دەقۆزێتـەوە بـۆ بەرژەوەنـدی کەسـی خـۆی، ئەوانـەی ئـەو جـۆرە کارانـە دەکـەن هەرگیـز دروسـتکردنی هاوسـۆزی نییـە، بەڵکـو بـێ ئـاگا بـۆ پەیداکردنـی بینـەر دەبنـە بەشـێک لـەو چیرۆکـە درۆیانـە، بـۆ بەرزکردنـەوەی تیـراژ راسـتگۆییو متمانـەی خۆیـان دەخەنـە مەترسـییەوە، هەندێـک جـار وەزیفـەی ئـەو رەوتـە میدیایانـە دەبێـت رەخنـە بکرێـن. میدیـا بـۆ هـەر ئامانجێکـی ناپەسـەند بەکاربێـت، بـۆ بازرگانـی نـاڕەوا، ریکلامـی کاڵای بـێ کوالێتـی، بـۆ بەلارێدابردنی خەڵکو دروسـتکردنی چیرۆکـی ناڕاسـت، دەبێـت لەبەرامبـەری بووەسـتینەوە، چونکـە ئەوکاتـەی میدیـا دەبێتـە بەشـێک لـە خواسـتی چەپـەڵو لەلایـەن گـروپو تاکەکەسـەوە بـۆ ئامانجـی بەدفـەڕ بەکاردێت، متمانـە بـە رۆژنامەنووسـییو دامەزراوەکانیـش کەمدەبێتـەوە.

# میدیا و ئاژەڵدۆستی
# تکایە سەگەکان بوکەڵە نین

وەزیفـەو بەرپرسـیارییەتی میدیـا، تەنهـا بەرامبـەر مـرۆڤ نیـە، بەڵکـو دەبێـت کـۆی ئـەو شـتانەی تریـش کـە لـە گەردونـدا لەگـەڵ ئێمـە هاوبەشـن ببنـە جێگـەی بایـەخ، دەبێـت میدیـا بـە بایەخـەوە تەماشـای ژینگـە بـکاتو لەرێگـەی ژانـرە جیاوازەکانـی رۆژنامەنووسـییەوە هانـی خەڵـک بدات بۆ پاراسـتنی ئـەو ژینگەیەی تێیـدا دەژیـت، دەبێـت میدیـا خەڵـک رابهێنـێ لەسـەر ئـەوەی رێـز لـە هاوسـەنگی ژینگـە بگـرێو بوونەوەرەکانـی تریـش وەک هاوبـەش لەسـەر زەوی پەسـەند بـکات. ئـەوە تەنهـا قسـەی مـن نیـە، بەڵکـو یەکێـک لـە تیۆرەکانـی بـواری میدیـاش هـەر ئەوەمـان پێدەڵێـت، (تیـۆری بەرپرسـیارییەتی جیهانـی) دەیهەوێـت ئاگایـی مـرۆڤ بـە ئەندازەیـەک بـەرز بکاتـەوە، کـە نـەک هـەر ژینگـەی نیشـتمانەکەی خـۆی، بەڵکـو لەرومـاڵو کاری پیشـەیی خۆیـدا کـۆی گـەردون بـە بنەمـا بگرێـت. ئـەو تیـۆرە ئەوەمـان پێدەڵێـت، کـە خەمـی کونبوونـی چینـی ئۆزۆنمـان هەبێـت، خەیاڵمـان بـۆ سـووتانی دارسـتانەکانی ئوسـترالیا بـڕوات، فێرمـان دەکات بەخەمـەوە لەکەمبوونـەوەی ئـاوی ژێـر زەوی بڕوانیـن، وامـان لێدەکات فـەوتو نەمانـی ئاژەڵێـکو لەناوچوونـی بکەینـە خەمـی خۆمـان، دەبێـت

ئـەوە وەزیفـەی راسـتەقینەی هەمـوو رۆژنامەنـووس‌و دامەزراوەیەکی میدیایـی بێـت.

لـە تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووک کچێکـی سـوری هەیـە نـاوی (سـارا)یە، ماوەیـەک لـە (درعا) بوو، پاشـان لە (دیمەشـق)، ئەوکاتـەی خاکـی سـوریا خوێنـی لێدەچـۆڕاو شـەڕو شـۆڕ بەشـارو کۆڵانەکانــدا بڵاوببــۆوە، ئــەو ســەرقاڵی رزگارکردنــی ئاژەڵــەکان بـوو، لەخەمـی ئـەوە بـوو لـە کـوێ پشـیلەیەکی قـاچ شـکاو هەیـەو لەکوێـش سـەگێکی پـەل بـڕاو هەیـە رزگاریـان بـکاتو لەدۆخـی جەنـگو ئـازاردان بیانپارێـزی. رەنگـە هەندێـک بڵێـن ئاخـر مـرۆڤ وەک سـەرداری زەوی روبـەڕوی مـردن دەبێتـەوە، میدیـا چ حەقـی بەسـەر ئاژەڵـەوە هەیـە، ئـەوە دیدێکـی هەڵەیـە، بەڵکـو وەزیفـەی میدیـا دەبێـت رومالّـی کـۆی رەهەندەکانـی ژیـان بـکاتو هەمـوو ئاریشـەکان راڤـە بـکات، وەک چـۆن میدیالەخەمـی مرۆڤـە، بـەو ئەنـدازەش دەبێـت لەخەمـی ئـاژەڵو ژینگـەو درەختـەکان بێـت، تـۆ دەزانـی کچێـک لـە کوردسـتانیش هەیـە وەک سـارا، نـاوی فریشـتەیەو لەمیدیـا جاروبـار فیچـەرو راپـۆرت لەبارەیـەوە دەبینین، ئـەو بەتەنهـا ئاژەڵـەکان رزگار نـاکات، بەڵکـو لەرێگـەی کەناڵەکانی راگەیاندنـەوە جۆرێکـی تـر لـە فەرهەنـگو ئـاکاری مامەڵـە لەگـەڵ ئاژەڵـەکان فێـری خەڵـک دەکات، مـن خـۆم لەگـەڵ ئـەو جـۆرە ئاوێتەبوونـەی نێـوان ژیاندۆسـتی و سیاسـەتی میدیاییـم، لەگـەڵ ئـەوەم هەمـوو بوارەکانـی ژیـان لەگـەڵ رۆژنامەنووسـیی تێکـەڵ بکرێـن‌و کەناڵـەکان دەرگا بـە رووی هەمـوو چیرۆکێکـدا بکەنـەوە.

بـا بەجۆرێکـی تـر لـەو پرسـە رابمێنیـن، مـن دەزانـم

هەمـوو ئـەو دۆسـیانە جدیـن، بـەڵام زەینـی ڕۆژنامەگەریـی کـوردی بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر پرسـە سیاسـییەکان ڕاوەسـتاوە، لێـرەدا ئـەم تاوانـە تەنهـا ئەوەنـدە نییـە ڕۆژنامـە بەرپـرس بـێ لێـی یـان تەنهـا حزبـە سیاسـییەکان ئۆباڵیـان لەئەسـتۆ بێـت، بەداخـم هەندێکجار هەسـت دەکـەی (٩٠٪) میدیـای ئێمـە، میدیـای سیاسـییەو میدیـای گشـتی نیـە، ئـەوەش بەڵگـەی ئەوەیـە چـاوی میدیـای کـوردی، چاوێکـی خێڵـەو ئـەو شـتانە نابینـێ، پێیوایـە پشـیلە ئەگـەر گرنگـی پـێ بدەیـت مانـای وایـە لەسـەر پرسـی کـورد دەکەوێـت، دەک سـندان لـەو بیرکردنـەوە بـدات، ئاخـر دە لاپـەڕەت هەیـە، بـا یەکێکیـان لەسـەر پشـیلە بێـت، لەسـەر ئـەو دیـوەی تـری ژیـانو بوونەوەرەکانـی سـەر ئـەو زەمینـە بێـت، هەمـوو کارەکتەرەکانـی دونیـا لـە هەمـوو دیـن و ئاسـتەکاندا بەجۆرێـک لـە هەڵسـوکەوتیان پەیامێـک دەگەیەنـن، لـە (غانـدی) یـەوە گرنگـی بـە بزنێـک ئـەدا، پەیامبـەری ئیسـلام دەگێڕنـەوە سـۆزی بـۆ پشـیلەیەک هەبـووە، ئەمانـە هەمـووی مەسـجێکە، کـە مرۆڤـەکان دەبێـت لێـی تـێ بگـەن و لەنـاو کۆمەڵـگادا هەبێـت، میدیاکانیـش دەبێـت دووبـارە سـەرمایەگوزاری تێـدا بکەنـەوەو پێشکەشـی وەرگرانـی بکەنـەوە. بەجۆرێکـی تـر، دەزانـی وەزیفـەی میدیـا چەنـد ترسـناکە.جارێکیان باسـمکرد مـروڤ لەوەتـەی هەیـە دڵـداری دەکات، بـەڵام تەسـویقی دڵـداری بەشـێکە لـە وەزیفـەی سـینەما، چونکـە سـینەما لەرێگـەی ئـەو شاشـە زێڕینـەوە فێـری ئەویـنو خۆشەویسـتیمان دەکات، ڕاسـتە لەوەتـەی مـرۆڤ هەیـە دوو ڕەگەزەکـە بەیەکـەوە دەژیـنو وەچـە دەخەنـەوە، بـەڵام پێدانـی

ڕەهەندێکی مرۆیی جوان لەم پەیوەندییەدا، وەزیفەیەکە ئەرکی میدیاشە، بۆ ئاژەڵیش هەمان شتە، بایەخدان بە مامزێک لە پێدەشتەکانی گەرمیان، بەوورچێک لە چیایەکی سەختی وەک گارا، بە چۆلەکەیەک کە هێلانەی لەناو سویێبانی ماڵەکەتدا کردووە، نیشاندانی ڕەهەندێکی جوانو جەمالیە بە گەردونو ژیان.

ئەوەی تائێستا دەربارەی ئەو پرسە ووتوومە تەنها دیوێکە، خۆ لەو پرۆسەیەشدا دیوێکی تری هەیە، کە دەشێت سەرمایەگوزاری نەتەوەیی تێدا بکرێت، کەناڵی دۆکۆمێنتاری ناشیوناڵ جیوگرافیک ژینگەو سروشتی هەموو دنیای کردۆتە دۆکۆمێنتاری، کەچی هێشتا وڵاتی ئێمە، کە جۆرەها بوونەوەرو خشۆکی لێدەژی نەبۆتە دیمەن گەلێک، کە کەسێک لە سیئۆل یان ساوپاولۆ یان واشنتۆنو پاریس بیبینێ، لەکاتێکدا خاکی بەفەڕی ئێمە هەموو شتێکی لێ دەژی، ئەوە سەرباری ئەوەی سۆشیال میدیاش لەو پرۆسەیەدا هاوکاریمان دەکات، چونکە بڵاوکردنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی بەخێراییەکی زۆر لەناو تۆڕەکاندا بڵاو دەبێتەوەو جیهان دەزانێ ئێمە دیدگامان بۆ پاراستنی ئاژەڵ چیە، مەگەر ئەو ڤیدیۆیەی چەند گەریلایەک لەگەڵ ئاسکێکدا یاری دەکەن، دەیان ملیۆن بینەری تێپەڕاندو وەرگری جیهانین دوو حەقیقەتیان بەدەست خست، یەکەمیان ئەوەی کە گەریلا ژیاندۆستو ژینگە دۆستنو دووەمیش کە ژینگەی ئێمە ئەو جۆرە ئاژەڵە دەگمەنانەی تێدایە، ماوەیەک پێش ئێستا ڕۆژنامەنووس (خالد سلێمان)ی هاوڕێم چیرۆکی ئەو

فۆتـۆ سـتۆریەی ڕۆژنامـەی (واشـنتۆن پۆسـت)ی بـڵاو کردبـۆوە، کـە گەریلایـەک شـیر دەدات بـە بەچکـە وورچێکـی هەتیـو کەوتـوو، تورکیـای زۆر توڕەکـرد، چونکـە دەسـەڵاتدارانی تورکیـا دەیانەوێـت واوێنــای گەریــلا بکــەن، کــە دڕنــدەو دڵڕەقــن، بــەڵام کاتێــک ڕۆژنامەیەکــی پێشــەنگ لــە جیهانــدا ئــەو وێنــە بڵاودەکاتــەوە، سـتراتیژی تورکیـا لـە جـادووی تۆمـەت خاڵـی دەبێتـەوە.

# گوێزی هەورامان لە رۆژنامەدا

گەشەسەندنی دۆخی میدیای ئێمە، نابێت تەنها لە گەشەکردنی ئامێرو کوالێتیدا کورتبکرێتەوە، چونکە دیدگای من بۆ پێشکەوتن بریتییە لە پەیدابوونی رۆژنامەو کەناڵی تایبەتمەند، راستە ئێمە میدیای گشتیمان هەیە، بەڵام بەهۆی هەژموونی رەهەندە سیاسییەکەوە لەسەری، دەرفەتی حەزو خولیاکانی تری تێدا نەماوەتەوە، خۆی تایبەتمەندبوونو پسپۆڕی لە میدیادا گرنگە، بەڵام دەشێت میدیای گشتیش ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. ئەوە گرنگە کاتێک دەچم رۆژنامەیەک دەکڕم لەبازار، لەبەرئەوەی حەزم لە وەرزشە، ئەمە ئارەزوویەکی من تێر دەکات، بەڵام بەو بۆنەیەوە ئەگەر من رۆژنامەیەک بکڕم لە پەنا باسکردنی رەهەندە وەرزشییەکەی خۆم دوو شعری تێدابێ، بەجۆرێک لە جۆرەکان، پەرەپێدانی زەوقی من بۆ ژیان زیاد دەکات، بۆیە چەند گرنگە لەسەر میدیای تایبەتمەند قسە بکەین، ئەوەندەش دەست بەبوونی میدیای گشتییەوە بگرین، چونکە ئەو جۆرە میدیایە کۆی دیمەنەکەمان پێشان ئەدا.

گرنگترین شت لەناو میدیای کاغەزیدا، کە خەباتێکی زۆری دەوێت، سەندنەوەی لاپەڕەی یەکەمە لە سیاسییەکانو هەواڵی

تەشریفاتی، لەهەندێک وێستگەدا توانیوومانە ئەوە بکەین‌و بۆتە جێگای تانە و سەرنجدانیش، بەڵام خۆ دەزانی لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەیەکی حزبی بەوە ناسراوە، کە وێنەی سیاسییەکان بڵاودەکاتەوە، کاتێک لەناکاو ببینرێ وێنەی باڵندەیەکی نەورەسی تێدایە ئاسایی نابێت، یان هەناری هەورامان بخەیتە سەرو مانشێت دەمی هەموو خوێنەرەکان ئاو دەکات، یان گوێزی هەورامان، تۆش دەکرێت ڕۆژنامە بەرهەمە ناوخۆییەکان نیشان بدات، چەند جوانە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە هەواڵی سەرەکی پەیوەندی بە بەرهەمێکی ناوخۆییەوە هەبێت، بۆ نمونە ڕۆژنامەیەکمان هەیە لە بەغدا مەرج نیە هەر گەلی کورد نیشان بدەیت، دەکرێت دیوی ناوەوەو شتە پەنهان‌و سەرنج ڕاکێشەکانی دەرەوەی سیاسەت بۆ خوێنەرانی عەرەبی عێراق بگوازیتەوە.

دەزانم دەرکەوتنی ڕۆژنامەو میدیای تایبەتمەند بەتایبەت لەهەندێک بوار ئەوەندە ئاسان نیە، بەڵام بەڕاستی لەگەڵ بەخۆداچوونەوەی میدیا گشتییەکەم، دەشێت لەو میدیا گشتییە فۆکەسی گەورەی لەسەر ئەو بەرهەمو بەخششانە بێت، کە مۆرکی کوردیان پێوە دیارە، من نازانم چ شتێک ڕێگری لەوە دەکات دەیان چیرۆکو ستۆری لەسەر کلاشی هەورامان بەرهەم بهێنین‌و بەهەموو زمانەکان هەناردەی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بکەین، بۆ نابێت تایبەتمەندییەکانی گوێزی هەورامان بخەینە سەر هەموو پەڕ و شاشەیەکو بەهەموو دنیای بڵێین، خاکی بە پیتی ئێمە توانای بەرهەمهێنانی باشترین کوالێتی گوێزی هەیە، لای من ئەوە کرۆکی کارکردنی میدیایە.

# ستایلی نووسین و بە بنەماگرتنی ڕەهەندیی مرۆیی

تەکنیکی نووسین لە رۆژنامەو میدیادا، فرە جۆرەو هەر یەکێک بەپێی شارەزاییو ئەزموونو ئاگایی خۆی دەتوانێت کار لەسەر ژانرە جیاوازەکانی رۆژنامەنووسی بکات، هەیە فۆڕمو تەکنیکەکەی ئیشکردنو بە بنەماگرتنی ئیدیۆمی کۆمەڵایەتیە، هەشە لە نووسیندا هەموو بایەخی لە سحرو جادووی زماندا کورتدەکاتەوە، خۆ هەشە بە چیرۆکو ستۆرییەکی مرۆیی دەیهەوێت راوی سەرنجی وەرگرو خوێنەر بکات. من ئەو تەکنیکەی دواهەمینم زۆر جار بەکارهێناوە، بەڵام نابێت بیرمان بچێت ئەوە ستایلێکە لەنووسینو نابێت وای لە قەڵەم بدەین، کە تاکە ستایلە، بەڵکو زۆر ستایلو فۆڕمی تر هەیەو ئەوانەشی وا راڤەی دەکەن، کە تەنها ئەو جۆرە رەنگدانەوەی رەهەندە مرۆییەکەیە تێگەیشتنێکی چەوتە، چونکە شەوقو زەوقی نوسین لەلای رۆژنامەنووس، دەتوانێ وابکات لە هەموو ستایلەکانی تریش هەر رەهەندی مرۆیی رەنگبداتەوە، بەو مانایەی لەمسەی نووسینو داڕشتنو توانای رۆژنامەنووس دەتوانێ لەو تێکستەی دەینوسێت دیوە مرۆییەکە تێیدا بەرجەستە بکات.

بە ئەزموونی پێشووم لە میدیای کاغەزی، هەمیشە

پێموایە دەبێت کارکردنی ڕۆژنامەنووس لەناو تەواوی جوگرافیای میدیادا پشت ئەستوور بێت بە ئامانجی مرۆیی، ئەوەش هەمان ئەو شتەیە کە (ئایدن وایت) ناوی لێناوە (ڕۆژنامەنووسیی ئەخلاقیی)، ئەو فۆڕمە ئاکارییە بریتییە لە بەهەند وەرگرتنی چیرۆکە مرۆییەکان، یەکسانە بە گرێدانەوەی ڕەهەندی ئینسانیی بە ستایلی نووسینەوە، هاوتایە لەگەڵ دەرخستنی دیوە پەنهانەکانی ئەو ستۆرییانەی، کە مرۆڤ تێیدا جەمسەرو بنەڕەتە، کەوایە بۆ ئەوەی پیشەی ڕۆژنامەنووس وەک ئەرکێکی مرۆیی خۆی بەرجەستە بکات، لەسەر کارەکتەرەکانی ناو ئەو جیهانە پێویست دەبێت بەوپەڕی وردو دیقەتەوە ڕوماڵ بکەن.

ئێمە کاتێک دەربارەی پرسێکی لەو جۆرە قسە دەکەین، دەبێت ئەوە بەڕوونی بەیان بکەین، کە پێدانی لەمسەیەکی مرۆیی بەتێکست یارمەتیدەرە خوێنەر بیخوێنێتەوە، ئەگەر نا ئێمەی خوێنەر کاتێک زانیارییەک دەخوێنینەوەو بەشوێن ئەو شتەدا دەگەڕێین، بۆ نموونە جوتیارێک گەنمەکەی دەسوتێ یان ناسوتێ خۆ تۆ ئابووریناس نیت تا بچیتە قوڵایی ڕاپۆرتەکەوە، بەڵکو تۆ ئەتەوێ ئەو لەمسە مرۆییە بکەیت، کە جوتیارێکی کورد، پاش دەردەسەریو ماندوبوونێکی زۆر، کۆششو بەرهەمی ساڵێکی بەهۆی ئاگرێکەوە، کە کەس نازانێت کێ کردوویەتیەوە فیڕۆ دەڕوات، ئەو هەواڵە خۆی کارکردنە لەسەر ئەو ڕەهەندە مرۆییە.

هەموو ڕووداوێک، کە دەبێتە هەواڵو پاشان ڕاپۆرتو بەدواداچوون، چەند دیوێکی هەیە، ڕەنگە هەندێک دیوی

ووروژێنـەری هەبێـتو بایەخـدان بـەو دیـوەی خوێنـەرو وەرگـر بـە باشـی کەمەندکێش بـکاتو ڤیـوو بینیـن بفرێنـێ، بـەڵام ئایـا ڤیـو و فـرۆش بەسـن بـۆ ئـەوەی تـۆ تەنهـا ئـەو دیـوە بـە بنەمـا وەربگریـت کـە ورووژاندنـی تێدایـە، ئـەوە ئـەو میحنەتەیـە کـە ئێمـەی ڕۆژنامەنـووس ناتوانیـن لەسـەری کـۆک بیـن، هەندێکمـان ئـەو دیـوە بـە هەنـد وەردەگریـن، کـە دەچێتـە خزمـەت ڕاوکردنـی سـەرنجی وەرگـرەوەو هەندەکـەی تریشـمان ئـەو بەشـەمان بـۆ گرنگـە کـە لەمسـەیەکی مرۆیـیو ڕەهەندێکـی ئاکاریـی تێدایـە، چونکـە وەک چـۆن پیشـەو وەزیفـەی پزیشـک ژیـانو مردنـی مرۆڤی لەمسـتە، بـەو ئەنـدازەش ڕۆژنامەنـووسو مەسـجەکانی تەحەکـوم بـە ژیـانو مردنـەوە دەکات. کاکـە (مـەلا ئاریـان) تـۆ تەنهـا بیـر لـەوە بکـەوە، ڕاپۆرتێکـی تـۆی ڕۆژنامەنـووس دەتوانـێ ژیانـی مرۆڤێـک ڕزگار بـکاتو ڕێگـە لـە بەریەککەوتنـی گـەورە بگرێـت، دەشـتوانێ ببێتـە سـەرچاوەی ئاشـوبو هەمـووان بەگژیەکـدا بکات، ئایـا تـۆی ڕۆژنامەنـووس کامیـان هەڵدەبژێـری؟ پیشـەکەت پێـت دەڵـێ بـە ووریاییـەوە مامەڵـە بکـە، ئـاکارت پێـت دەڵێـت بـە بەرپرسـیاریەتیەوە بنووسـە، یاسـا پێـت دەڵێـت پابەنـدی بنەماکان بـەو شـتێک مەکـە ماڵوێرانیـی لێبکەوێتـەوە، کـە تـۆ گـوێ لـە یاسـا ناگـریو باکـت بـە پیشـەکەت نیـەو ئـاکارت بەخـوارو خێچـی ڕوماڵـی ڕوداوەکان دەکات، بـۆ نـاوت لـە خـۆت نـاوە ڕۆژنامەنووسو بۆچـی لەسـەر ئـەو پیشـەیە دەبیتـە بارێکـی قـورس.

بـە ئەزموونـی خـۆم ئـەوەی لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا پێـی گەیشـتووم، نەوەیـەک لـە ڕۆژنامەنـووس لـە ژێـر کاریگـەری

میدیـای ئەهلیـدا پەیدابـوون، ئـەو نەوەیـە رومـاڵ لـەوەدا دەبینـن دەنگدانــەوەی هەبێــت، وا تەماشــای هــەواڵ دەکــەن کــە دەبێــت فــەوزای بــەدوادا بێــت، ئیـدی باکیـان بـەوە نیـە ئـەو دەنگدانـەوەو فەوزایـە ماڵـی چەنـد کـەس وێـران دەکاتو چەند خانـەوادەش کوێر دەکاتــەوە. بــا نموونەیەکــت پێبڵێــم، زۆرجــار روویــداوە خانمێــک بــە رووداوێکــی ســووتان یــان شــتێکی تــر گیــان لەدەســتدەدات، ئــەو جــۆرە میدیایــە لەبــری ئــەوەی شــێوازی داڕشــتنی هەواڵەکــە بەجۆرێـک دابڕێژنـەوە، کـە دیـوە مرۆییەکـەی بەیان بکـەنو جۆرێک لەدڵنەوایــی پێشکەشــی خانــەوادەی قوربانیەکــە بکــەن، دێــنو پێـش پۆلیـسو دادگا دەکـەونو لەژێـر مانشـێتی شـەرەفو پرسـی کۆمەڵایەتــی جێگــەی دەکەنــەوە، ئــەو قاڵــبو تۆمەتــە ئامادەیــە برینـی ئـەو خێزانـە دەکاتـە دوو برینو ئازارەکانیـان زیاتـر دەکات، خــۆ نەگبەتیەکــەش لەوەدایــە کــە پێــی دەڵێــت بــۆ وا دەکــەی، هــاواری لێهەڵدەســتێو ئــەو ئامۆژگارییــە بــە ســەرکۆنەکردنو سـنووردارکردنی ئـازادی لێکدەداتـەوە، بەڕاسـتی ئەوە کارەسـاتێکی گەورەیــە، ئــەو نەوەیــە وا بیــر لــە میدیــاو رووماڵو هەواڵــەکان دەکەنـەوە، لەبەرئـەوە بـۆ منێکـی رۆژنامەنـووس، وەک فەقێیەکـی ئـەو پیشـەو بـوارە، ئەسـڵی کارکـردن بریتیـە لـە پابەندبـوون بـەو دیـووە ئەخلاقیـەی پیشـەکە.

# پەندی پێشینان و ئیدیۆمی کۆمەڵایەتی لەوتاردا

پێشـتر ئـەوەم بەیانکـرد، کـە سـتایلی نووسـین زۆرو فـرە چەشـنەو هـەر کەسـێک بەپێـی ئەزمـوونو ئاگایـی خۆی دەنووسـێ، بـەو مانایـەی رۆژنامەنـووس یـا نووسـەر باکگراونـدو پێشـینەی خوێندنـەوەی خـۆی ئـەوە دیاریـدەکات کە کام سـتایل لە نووسـیندا بەکاردێنێـتو کام زەردەچـەوە بـۆ رازاندنـەوەی خوانـی نووسـینی خـۆی لـە عەمـەل دێنـێ، هەیـە پشـت بـە ووتـەی فەیلەسـوفو بیریـاران دەبەسـتێتو لەوێـوە دەچێتـە نـاو وتار، هەیە شـعر دەکاتە دەروازەی نووسـینەکەی، هەشـە سەرگوزشـتەو بیرەوەرییەکـی خـۆی دەکاتـە ئـەو پنتـەی لێـوەی دەچێتـە نـاو تێکسـتەکەیەوە، خـۆ ئەوانـەش کـەم نیـن کـە لەرێگـەی بەکارهێنانـی ئیدیۆمـی کۆمەڵایەتـیو پەنـدی پێشـینانەوە دەیانەوێـت، رووداوەکانـی ئێسـتا پەیوەسـتی رابـردوو بکەنـەوەو بـە پشـت بەسـتن بەدیـدگای پێشـینان سـتوونو گۆشـەکانیان لەنـاو رۆژنامـەدا بنووسـنەوە.

هـاوڕێ (مـەلا ئاریـان) تـۆ دیـدگای مـن لەبـارەی قاڵـبو سـتایلی نووسـینەوە بـە باشـی تێدەگـەی، مـن وا کاری رۆژنامەنووسـی دەکـەم، کـە پێویسـتە مەسـجەکە وەک ئـەوەی دەمهەوێـت بـگات، بـۆ نموونـە کاتێـک وتارێکـی سیاسـی وشـکم

نووسـیبێ، خـۆم پێموابـووە شـیکردنەوەیەکی باشـم نووسـیووە، کەچـی بەقـەد وتارێکـی تـر دەنگـی نەداوەتـەوە کـە تـرشو خوێـی دەکـەم، لەبەرئـەوە مـن ئـەو جـۆرە لەمەسـاتانە بـە ئـەرکو پێویسـت دەزانـم، بـۆ نموونـە لـە بـواری مێژوونووسـیدا بۆچـی (کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد) ناوێکـی گەورەیـە، یەکـەم لەبەرئـەوەی خـۆی خوێنەرێکـی گەورەیـەو بـە توانایـە، هۆکارێکـی تریـش ئەوەیـە لـە نوسـینەکانیدا هەندێکجـار دەسـت پێداهێنانـی مرۆیـی لەنووسـیندا بەکاردەهێنـێ، بـەو فـۆرمو سـتایلە دەنووسـێ کـە دەتوانـێ بیـرەوەریو یـادەوەری تێکەڵـی نووسـین بـکات، رەنگـە ئـەوە پەیوەنـدی بـەو ئەزموونـەوە هەبێـت کـە (کەمـال مەزهـەر) لـە مێـژوو نوسـیندا هەیەتـی. لەوانەشـە پەیوەنـدی بـەوەوە هەبێـت کـە ئـەو زاتـە مەیلێکـی رۆژنامەنووسـی هەبێـت، ئەگەرنـا خـۆ مێژوونووسـی ترمـان هەیـەو زۆر رووداوو سەرگوزشـتەی مێژوویيـان سـاغکردۆتەوە، بـەڵام چونکـە بـە رەقو تەقـی نوسـیوویانە، لەبەرئـەوە بـە ئەنـدازەی ئـەو پیـاوە نەبوونـە بەشـێک لەیـادەوەری خەڵـک، لەبەرئـەوە پێموایـە سـتەمێکی گـەورە لـە رۆژنامەنـووس دەکەیـن، بەتەنهـا سـتایلەکەی حوکـم بـدات لەسـەر ئـەوەی کـە رۆژنامەنوسـێکی باشـە یـان نـا، چونکـە لـە ئەنجامـدا سـتایلو فۆرمـی نووسـین، مرۆڤـەکان خۆیـان دروسـتی دەکـەن نـەک ئـەوەی شـتێکی موقـەدەس بێـت، تـۆ دەزانـی هەمـوو شـاعیرەکان عاشـقن، بـەڵام کامیـان بەقـەد (شـێرکۆ بێکـەس) دەتوانی کاریگەری لەسـەر دڵـی مـن و تـۆ بـکات، رەنگـە ئێمـە خۆمـان شـاعیر نەبیـن، بـەڵام دڵدارێکـی بـاش بیـنو شـیعری (شـێرکۆ بێکـەس) یارمەتیدەرمـان

دەبێت گوزارشت لە هەستو سۆزی خۆمان بکەین. بە بڕوای من ستایل گرنگە، بەڵام نابێت بکرێتە پێوەری یەکلاییکەرەوە، چونکە دەزانی زۆر کەس شێوازی نووسینی جوانە، بەڵام سەرباری جوانییەکەی ئەو ڕەهەندە مرۆییەی (ئایدن وایت) باسیدەکات تێیدا ڕەنگناداتەوە.

پەیوەست بە بەکارهێنانی ئیدیۆمە کۆمەڵایەتییەکانو پەندی پێشینان لە وتارو تێکستەکانی تری بواری ڕۆژنامەنووسیدا، پێموایە ئەو فۆڕمە وەزیفەیەکی روناکبیری نیشتمانی ئەگێڕێو ناتوانی دەمارەکەی دەر بکەیتو جیای بکەیتەوە لە ڕۆژنامەنوسیی، بە باوەڕی من پرۆسەی نووسینو فیدباکی وەرگر وەک دوانەی گۆشتو خوێنن، وەک ئەوەیە توێکاری بۆ لاشەیەک بکەیتو ناچاربیت ئەو دوو شتە لەیەکتر جیا بکەیتەوە، چونکە ڕاستییەکەی ئەوەی ڕۆژنامەنووس پەیامەکانی دەنێرێو ئەوەشی کە خوێنەران وەریدەگرن، دیوێکی پەنهانو نهێنییەو تەنها وەرگر خۆی دەزانێ ئەوەی خوێندویەتیەوە بەدڵی بووە یان نا، خۆی دەتوانێ لەوتارەکەی مندا پۆلێنبەندی نێوان زانیاریو چێژی خوێندنەوە بکات، ڕەنگە هەندێکجار نووسەر خۆشی بە ئامانجێکی پەنهانو پێکچواندن ئەو ئیدیۆمانە بکاتە کەرەستەی نووسین، بۆ نموونە کاتێک نووسەرێک دەڵێت «سەعدی شیرازی وایووتو شای ئەو سەردەمەش پێی ناخۆش بوو»، خۆ ئەمە زانیارییەکە لە ئەدەب و دیوانی ئەدەبیدا هەیە، بەڵام کاتێک ئەو نموونەیە لە نووسیندا دێنیتەوە، دەتەوێت بە شاو پادشاکانی کوردستان بڵێی، کاکە ئێوەش لەگەڵ دەستەبژێرو

ڕۆژنامەنووس وەک (سەعدی شیرازی) مامەڵە مەکەن.

من خۆم وەک ڕۆژنامەنووس زۆرجار لە نووسیندا پشتم بەو جۆرە ئیدیۆمانە بەستووە، تەنانەت کتێبێکم بە پێنج بەرگ لەژێر ناوی (مەسەلەی توتنەکە) چاپکراوەو خودی ناونیشانەکەم، لە سەرگوزشتەیەکی مێژووییەوە وەرگرتووە، چونکە لەو باوەڕەدام بەکارهێنانەوەی ئیدیۆمە کۆمەڵایەتییەکان هاوکاری یادەوەری خوێنەر دەکات بۆ ئەوەی باشتر لە قوڵایی نووسینەکان تێ بگات، هەروەک چۆن لەزۆرێک وتاریشدا هەمان تەکنیکم بەکارهێناوەو خوا یاربێت لەمە بەدوا زیاتریش لەسەر ئەو قاڵبو فۆڕمە بەردەوام دەبم.

# تەکنیکی نووسینی مام جەلال- یانە

هەمـوو کەسـێک خاوەنـی تەکنیکێکـی نووسـینی تایبـەت بەخۆیەتـی، بـەو شـێوازە وتـارە دەنووسـێ‌و تۆمـار دەکات کـە نزیکـە لـە تواناو چێـژی خۆیـەوە، خـۆ ئەوانەشـی کـە زیـاد لـە زمانێـک دەزانـن، بەدڵنیاییـەوە زیـاد لـە تەکنیکێـک فێردەبـن‌و لەسـەری رادێـن، چجـای ئـەوەی ئـەو کەسـە مـام جـەلال بێـت، کـە هـەر خـۆی بەتەنهـا کانـگای دەیـان تەکنیـکو شـێوازو فۆڕمی نووسـینە. ئاخـر خـۆ بەشـی زۆری خەڵـک تەنها ئەو دیـووەی مام جەلالـی سیاسـیی‌و رابـەری بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی نیشـتمانی‌و سـکرتێری گشـتی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەناسـن، نازانـن ئـەو زاتـە بـۆ مافپـەروەران هێمـای یاسـا پارێزییـەو بـۆ ئێمـەش مـام جەلالـی رۆژنامەنووسـە.

کاتێـک لەسـەر مـام جەلالـی رۆژنامەنـووس قسـەدەکەین، دەبێـت لەسـەر دوو ئاسـتی دیاریکـراو بدوێیـن، ئاسـتێکیان ئـەو مـام جەلالـە نووسـەرەیە، کـە بـە تەکنیکێکی تایبـەت بەخۆی، کە پشـت بەسـتنە بەمیتۆدی مێژوویی‌و ئیشـکردنە لەسـەر یادەوەری دەنووسـێ‌و ئاسـتی دووەمیـش مـام جەلالـی رۆژنامەنووسـە، کـە لەنـاو مێـژووی رۆژنامەگەریـی کوردیـدا لەنووسـینی هـەواڵ

لەخـۆی نەبێـت لـە کـەس ناچێـت، مـن لەدووەمیانـەوە دەسـت پێدەکـەم، لـە ئەزموونـی ڕۆژنامەنووسـی خـۆم لە (کوردسـتانی نـوێ)ەوە ئـەو ئەزموونـە دەگێڕمـەوە، کـە مـام جـەلال هـەم وتـار و هـەم هـەواڵو ڕاپۆرتیشـی نووسـیووە، بانموونەیەکت بۆ بێنمـەوە، سـاڵی (١٩٩٩) ئەوکاتـەی خوالێخۆشـبوو (نەوشـیروان مسـتەفا) گەڕایـەوە کوردسـتان، مـام پێشـوازیکردو هـەر خۆشـی هەواڵەکـەی بەدەسـتو خەتـی خۆی نووسـیبوو، وا ناونیشـانەکەی داڕشـتبوو «هەڤـاڵ نەوشـیروان موسـتەفا فەرمانـدەی گشـتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان گەڕایـەوە کوردسـتان». مـام جـەلال ئـەو هەواڵـەی بـە ئامانـج وا نوسـیبوو، لەکاتێکـدا خـۆی فەرمانـدەی گشـتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـوو، نەوشـیروان موسـتەفای وەک سـکرتێری موکـەڕەر لـەو خەبـەرە هێنـاوەو مەبەسـتی بـووە بەخەڵـک بڵێـت خـۆم بەتەنهـا نیـمو ئەمـە شـەریکم بـووە لـەم پرۆسـەیە، مەبەستیشـی بـووە بـە خۆشـی بڵـێ ڕاسـتە سـکرتێری یەکێتیـمو تـۆ وەک ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی و دەسـتەی دامەزرێنـەر هاتویتـەوە، بـەڵام لـەلای ئێمـە پێگـەو سـەنگەکەت وەک هاوبـەش ڕێزلێگیـراوە. ئـەو زانیارییانـەی کـە مـام جـەلال هەندێکجـار خـۆی هەواڵی نوسـیووە زۆر کـەس نایزانێـت، جارێکیـان لـە سـیمینارێکی کوردسـتانی نـوێ مامۆسـتا (مومتـاز حەیـدەری) گلەیـی کـرد لـە شـێوەی هەواڵـی پرۆتۆکۆڵـی و تەشـریفاتی لـە (کوردسـتانی نـوێ) و بانگەشـەی ئەوەیدەکـرد، کـە ئـەو قاڵـبو فۆڕمـی هەواڵـەی کوردسـتانی نـوێ کاری لەسـەردەکات بـاوی نەمـاوە، گلەیـی

ناکــەم لەوجــۆرە بیرکردنــەوەی مامۆســتا، چونکــە نەیدەزانــی لەپشــت هــەر هەواڵێکــی مــام جــەلال ئامانــجو خەونێکــی سیاســیی هەبــوو، نموونــەم بــۆ هێنایــەوە، کــە جەنابــت کاتــی خــۆی لەکوردســتانی نــوێ کارتکــردووە، پــاش ئــەوەی بڕیاربــوو کاندیــدی پەرلەمانــی کوردســتان بیــت وازت لــە ڕۆژنامــە هێنــا، بەداخــەوە بەڵێنێکیــان پێدابــوو کــە بیکەنــە بەربژێــر، بــەڵام لــە لیســتی کۆتایــی ســڕدرابۆوەو ئەویــش هەڵوێســتی وەرگرتبــوو، دیــارە توڕەبوونەکــە مافــی خۆشــی بــوو، پــاش چەنــد ســاڵێک لەچوارچێــوەی ئاشــتکردنەوەیدا مــام جــەلال پێشــوازی لێدەکاتو دیســانەوە هــەر خــۆی هەواڵەکــەی داڕشــتبۆوە، هەواڵەکــە بەشــێوەیەک داڕێژرابــوو، کــە ئەوپــەڕی ڕێــز نوانــدنو شــکۆ بەخشــینی تێدابــوو، هــەم وەک مامۆســتا مومتــازو هەمیــش وەک بنەماڵــەی حەیدەرییــەکان، جــا وتــم «مامۆســتا گیــان، ئــەو هەواڵــەی لــە پێشــوازی جەنابــت مــام جــەلال نوســیبووی، دەزانــم زۆر ستایشــی تێدابــوو، کــە ڕەنگــە بــۆ هــەواڵ نامــۆ بێــت، بــەڵام چونکــە مــام جــەلال ئامانجێکــی سیاســیو ئاکارێکــی بــەرزی لەپشــت هەواڵەکــەوە دەبینــی، هــەر بــەو جــۆرە بڵاومانکــردەوە، کــە ناردرابــوو»، لەبەرئــەوە ڕۆژنامەیــەک کــە هــەواڵو هەمــوو ژانرەکانــی تــر تەوزیفــی سیاســی بــۆ دەکرێــت، بــەو قاڵبــە دادەڕێژێتــەوە، کــە پێــی پەســەندە.

بــا چیرۆکێکــی تــرت بــۆ بگێڕمــەوە، لەبیرمــە کاتــی خــۆی (٢٠٠١-٢٠٠٤) لــە ڕاگەیاندنــی حکومەتــی هەرێــم لای کاک بەرهــەم کارمدەکرد، ســەرۆکی حکومەت بەگەشــتێک ســەردانی ئەمەریکای

کـردو لـەوێ (دیـک چینـی) جێگـری سـەرۆکی بینیبـوو، لەرێگـەی تەلەفۆنـەوە (د. بەرهـەم سالّح) زانیارییەکـەی پێدام، بـەڵام هـەر بـۆ خـۆم نـەک بـۆ بڵاوکردنـەوە، راسـتییەکەی بـۆ ئـەوکات هەواڵێکـی گرنـگو نیشـانەی سـەرکەوتنی دبلۆماسـیەتی کـوردیو یەکێتـی بـوو، ئـەوە کاتێـک بـوو کـە دەنگۆکانـی لێدانـی عێـراق نزیکتـر دەبوونـەوە، بـەڵام لەبەرحورمەتـی (د.بەرهـەم سـالّح) کـە داوایکـرد باسـی نەکـەم، بـە نهێنـی هێشـتمەوە، وتـم مـادام خـۆت پێـت باشـە بـڵاوی ناکەمـەوە. هەمـووی نیـو کاتژمێـری پێچـوو لـە سـکرتاریەتەوە تەلەفۆنکـراو وتیـان «مـام جـەلال دەڵێـت هەواڵێـک هەیـە بـۆت دەنێـرمو بـڵاوی بکەنـەوە»، کـە هەواڵەکـە بەدەسـتو خەتـی مـام گەیشـت پێـم سـەیر بـوو، سـکرتێری گشـتی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان خـۆی هەواڵـی ئەندامێکـی مەکتەبـی سیاسـی بنووسـێو بـۆ بڵاوکردنـەوە بینێـرێ، مـام جـەلال مەبەسـتییەتی بـە دونیـا بڵـێ (دیـک چینـی) پێشـوازی لەسـەرکردەیەکی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـردووەو پێشـوازی لـە کەسـێک کـردووە سـەرۆکی حکومەتەکـەی جـەلال تاڵەبانیـە لـە سـلێمانی، لـە بیرمـە مـام جـەلال نوسـیبووی «دیـک چینـی زۆر مەعجـەب بوو بـە تێزەکانی دکتـۆر بەرهـەم سـالّح خسـتویەتیەڕوو»، بەڕاسـتیش ئیشـی مـام جـەلال نییـە هەواڵـی دکتـۆر بەرهـەم بنوسـێ، بـەڵام نووسـیو نـاردی بـۆ مـن، منیـش تەلەفۆنـم بـۆ دکتـۆر بەرهـەم کـردو وتـم «منو تـۆ بڕیارمـان وابـوو، تـۆ وەکـو سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانو منیـش وەک لێپرسـراوی راگەیانـدنو میرزای

میریی، هەواڵەکە بڵاو نەکەینەوە، بەڵام مام جەلال هەواڵەکەی نوسیووەو ناچاربووم بڵاوی بکەمەوە، راستە تۆ سەرۆکی حکومەتی منیو من لای تۆ کاردەکەم، بەڵام بەنەتیجە ئەندامێکی یەکێتیمو سکرتێرەکەم ئەمری فەرمووە ئەو هەواڵە بڵاوبکەرەوە»، پێکەنی و وتی کاکە بڵاوی بکەرەوە لەگەڵ مام جەلال چیدەکرێت. براگەورەمانەو ئەمر بەسەر من و دیکچینیشدا دەکات جا سەیربکە ئەم مەسجانە لەم هەواڵەدا هەیە، پیاوێک خۆی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو سەرۆکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە هەواڵێک بڵاودەکاتەوە، رێک ئەڵێی مام جەلال رێنماییەکانی (ئایدن وایت) جێبەجێ دەکات.

لەڕاستیدا شێوازی نووسینی مام جەلال لە هەواڵدا بەجۆرێک بوو، هەندێکجار زاراوەی کوردەواری تێدابوو، من خۆم لایەنگری ئەوەم دەستکاری ئەم شێوازە نەکرێ، بۆ نمونە مام جەلال نوسینی هەیە دەڵێ «دەربارەی هینەکەی خۆشمان»، ووشەی هینەکەی خۆشمان زمان و بەهای هەواڵیی نییە، بەڵام دانانی ئەم نوسینو ستایلە وەکو خۆی بە بڕوای من بەهایەکی هەواڵییە، لەبەرئەوەی تۆ هەموو جارێک دووبارەی ناکەیتەوە. تۆ بە خەڵک دەڵێی ئەمە هەواڵێکە بۆ ئەو کەسانەی ئسلوبی مام جەلال دەزانن. ڕاستە ئەو زاتە سەرپشکی کردبووین دەستکاری بەشێک لە هەواڵەکانی بکەین، بەڵام هەندێکجار نوسینەکەیم وەک خۆی داناوەتەوە، لەبەرئەوەی بەکوردەوارییەکی جوان دەینووسی،

هـەم لەبەرئـەوەی مەسجێک بگەیەنیـن بـە خەڵک کـە بڵێین ئەمە مـام جـەلال نوسـیویەتیو شـێوازەکەی خۆیەتـی. جـا بـا شـتێکی خۆشـت بـۆ بگێڕمـەوە، کەمێـک لـە هونەرەکـە تێگەیشـتبوومو وتارەکانـی مـام جەلالـم وەک فەرهەنـگ دەرخکردبوو، ئەو ووشـەو زاراوانـەی بەکاریدەهێنـان هەموویـم کۆکـردەوەو بـۆ خۆشـم دوو سـێ جـار کـە وتـارم لەسـەر حکومـەت نوسـیووە بـۆ ئـەوەی توشـی گێچـەڵ نەبـم، ووشـەکانی مـام جەلالـم بەکارهێنـاوە، هـەم مەسـجەکەم دەگەیانـدو هـەم ئەوانەشـی دەیانخوێنـدەوە نەیاندەوێـرا هیـچ بڵێـن لەبەرئـەوەی گومانیـان نەبـوو کـە مـام جـەلال نوسـیوویەتی.

دیـوی دووەمـی نووسـین لای مـام جـەلال، نووسـینی وتـارو سـتوونو گۆشـەیە، لەراسـتیدا ئـەم سـتایلەی مـام جـەلال هەیبـووە لـە نوسـیندا زۆر نـاوازەو سـەرنج راکێشـبوو، کاتـی خـۆی لەگۆڤـاری (خـاک) دا زنجیرەیـەک وتـاری زۆر نایابـی بڵاوکـردەوە، یەکێـک لەوتـارەکان لەبیرمـە لەسـەر مامۆسـتا (کەریـم ئەحمـەد)ی سـکرتێری پێشـووتری (حزبـی شـیوعی کوردسـتان) نوسـیبووی. ئـەو وتـارەی مـام جـەلال تەنهـا بیرکـردنو بیرکردنـەوە لـە تێکۆشـەرێکی دێریـنو مامۆسـتاو هاوشـارییەکەی نەبـوو، بەڵکـو لـە پەنـا ستایشـکردنی (کەریـم ئەحمـەد) ئامانجـی سیاسـیو پەروەردەیـی هەبـوو، دەیوویسـت لـەو تێڕوانینـەی ئـەوەوە فێـر بیـن، چـۆن رێـز لـە مامۆسـتاو پێشـینەکانی خۆمـان دەگریـنو دەبێـت بـە چ رێگایـەک رێـزو شـکۆیان بپارێزیـن، ئـەوە سـەرباری ئەو سـتایلە نایابو نـازدارەی

پێـی دەنووسـی. جگـە لـەو وتـارە لەچەندیـن نووسـینو بۆنـەدا ستایشـێکی زۆری (هۆمـەری دزەیـی) دەکاتو دەڵێـت «هۆمـەری دزەیـی ئێسـتا لـە دەنگـی ئەمریکایـەو دۆسـتی ئێمەیـەو خەڵکـی کوردسـتانە، کارەکتەرێکـی دیـاری نـاو رۆشـنبیری کـوردی نـاو حەرەکـەی کـوردی بـووە، راسـتە ئێسـتە بـە ئەمانـەت داوامانـە بـە ئەمریکییـەکان کاری میدیایـی بـە شـێوازی ئەمریکـی دەکات، بـەڵام بـە نەتیجـە هـەر بەرهەمـی خۆمانـە»، ئایـا بەڕاسـت کـێ لـە رۆژنامەنوسـانی کـورد ئـەو جـۆرە شـێوازانەیان هەیـە؟

# جوان نووسەکانی راگەیاندنی یەکێتی

زۆرجار من دەستەواژەی قەڵەمەکانی ئێزگە بەکاردەهێنم، رەنگە ئەوە ناونانێکی سەیر بێت بۆ ئەوانەی ئاشنای مێژووی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نین، چونکە ئەگەر پۆلێنبەندییەک لە مێژووی میدیای یەکێتیدا بکرێت، ئەوە ئەو قەڵەمانەی دەرچووی قوتابخانەی ئێزگەن، بەوە ناسراون کە بەکوردییەکی زۆر جوانو نایاب دەنووسن، راستە هەندێکیان دەچنەوە سەر فۆرمی نوسینی مام جەلال، بەڵام پارێزگارییان لەخەسڵەتەکانی خۆشیان کردووە.

یەکێک لەوانە (نەوشیروان مستەفا)یە، خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا، لە نووسینە رۆژنامەنووسیەکانیشیدا شێوازێکی تایبەت بە خۆی بەکارهێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی کاک نەوشیروان خۆی کوڕی بزاوتێکی پێشکەوتوخواز بووە لەناو بزوتنەوەی کوردی، بە کوردییەکی پاراوتر نوسیوویەتی. نووسینەکانی زیاتر نزیک دەبێتەوە لە نوسینەکانی مەدرەسەی (سلێمانی) بابان تا ئەوەی نزیک بێتەوە لە مەدرەسەی مام جەلال، کە مام زمانی نووسینو ئاخاوتنی، شێوەزاری کۆیی بەسەریدا زاڵ بوو. شێوازی نوسینی کاک نەوشیروان تایبەتمەندە،

بەشێک لە ئەدەبیاتەکانی شۆڕشی نوێ لە ئێزگەو نوسینەکانی تری شۆڕش، دەستاوو و تەڕدەستی ئەو زاتە بەسەریدا زاڵە، بۆ نموونە یەک (واو) نوسینو دوو (واو) نوسین، وابوو نوسینەکانی پێویستی بەدەستکاریکردن نییە. جگە لەزمانی نووسین لای ئەو نووسەرو سیاسییە، تەکنیکی نووسینو خوردکردنەوەی شتەکانیش، پێناسەکردنی دیاردەکانو رۆچوون بەقولایی دیاردەکاندا لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی نووسینەکانی بوو. هەر لە نەوەو قەڵەمەکانی ئێزگە کاک (ئەرسەلان باین) یش قەڵەمێکی بەبڕشت بوو، ئەویش لە قوتابییەکانی رادیۆی گەلی کوردستان بوو، شێوازێکی جوانی ئاوێتە بەبیرەوەریو شیکاری ورد لە رواڵەتە سەرەکیەکانی نووسینەکانی بوو. فەرید ئەسەسەرد تایپێکی نایب بوو لەنووسەران یەکێک لە شتەکانی (ئازاد جوندیانی) ئەوەیە، ئەوکاتەی وتارێکی سیاسی وشکو برنگ دەنووسێ بە رای من سەرکەوتوو نابێت، بەڵام ئەوکاتەی خۆی شتێک یان حیکایەتێک دەگێڕێتەوە بەشێوەیەکی جوان دەیهۆنێتەوەو سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، کاتی خۆی پێشنیازم بۆ کرد کە گۆشەیەکی هەفتانەی هەبێتو هەر جارەی شتێک باس بکات، ماوەیەکی زۆر لەسەری بەردەوامبوو، بەبڕوای من یەکێک لە گۆشە سەرکەوتووەکان بوو، ئەگەر کۆی بکاتەوەو بیکات بەکتێب شتێکی باشی لێ دروست دەبێت. جگە لەویش (فریاد رەواندزی) شێوازێکی تایبەتی هەیە، زیاتر لە وردەکاریدا لە گێڕانەوە دەچێت وەک ئەوەی لەنووسینی سیاسی بچێت، هەرچی (فەرەیدون عەبدوالقادر)ە، یەکێکە لەو

کەسانەی تا خوا حەزبکات لە نووسیندا دەست ڕەنگینە، لێرە من باسی شێوازی نووسینو فۆڕمی نوسینو زمانی نووسین دەکەم، دەبینی لە کوردستانی نوێ لە یەک رۆژدا سێ وتاری هەیە، یەکێکیان سەر وتارەو گوزارشت لە سیاسەتو ستراتیژی هێزێکی سیاسیی دەکات، دووەم وتارێکی خۆیەتی لە لاپەڕە یەک وەک سەرنووسەرێک نوسیوویەتیو شیکار بۆ دۆخ یان دیاردەیەک دەکات، ستونێکی لاپەڕەی کۆتایی کە وتارێکیەتی باسی شەهیدو گوڵ دەکات، کە بیردەکەیتەوە، پیاوێک بتوانێ لە یەک ژمارەی رۆژنامەدا بەسێ تەکنیک بنووسێت زۆر گرنگە، یەکێک وەک یەکێتییەکو لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندنی ئەوسا، وتارێکیش وەک سەرنووسەرو بە ئەزموونترین رۆژنامەنووسەکانی ناو کوردستانی نوێ، ئەوەی دیکەشیان وەک قەڵەمی نووسەرێکی بەتواناو لێهاتوو، هەمیشە باوەڕموابووە لەدوای ئەو ئەزموونە زێڕینەی کوردستانی نوێ دەبوایە (فەرەیدون عەبدولقادر) وازی لەسیاسەت بهێنایەو لەبواری نووسینو میدیادا هەمیشە لە لوتکەدا دەمایەوە. بەڕاستی هەندێک قەڵەم هەن دەکرێت شەوقو رەونەق بە رۆژنامە بدەن. بۆ نموونە دکتۆر (شێرکۆ عەبدوڵڵا) کە ستوونەکەی دەنوسی هەموو جارێک پێم دەوت «دکتۆر ئەگەر خۆم رۆژنامەیەکم هەبوایەو حزبی نەبوایە، گۆشەکەی تۆم لە لاپەڕە یەک دائەنا»، بەڕاستیش گۆشە تەنزەکانی شێوازێکی خۆشو سەرنج راکێشی هەیە.

تۆ دەزانی یەکێتی بەدرێژایی تەمەنی، بە تەنها لەبواری سیاسەتو هەڵوێستو شەڕی پارتیزانی پێشەنگ نەبووە، بەڵکو

لەناو کۆی کایەکانی تریش هەر ئەو پێشەنگیەی ماوەتەوە، یەکێک لەو بوارانە بریتی بووە لەوەی یەکێتی وەک مەدرەسە هەمیشە رۆژنامەنووسو نووسەری بەتوانای بەرهەمهێناوە، بەردەوام قەڵەمی بەبڕشتو نووسەری بیر تیژو ئەدیبی بەهەڵوێستی خستۆتەوە، ئەوەش وایکردووە کە ئەرشیفەکەی، میدیاکەی بە بەردەوامی لە ترۆپکو لوتکەدا بمێننەوە.

# نووسین بە زمانی نەتەوەی سەردەست

بۆ نەتەوەی ژێردەست، زۆر گرنگە ڕۆڵەکانی بەر لەفێربوونی هەر زمانێک، زمانی دوژمنو ڕکابەرەکەیان بزانن، چونکە نووسین بە زمانی نەیارو ڕکابەرەکەت بەتەنها بریتی نابێت لە ڕوونکردنەوەی باری سەرنجو هەڵوێستی نەتەوەییت، بەتەنها یەکسان نابێت بە گواستنەوەی خەونو خەیاڵە نیشتمانیەکانت، بەڵکو کەشێکیش دەڕەخسێنێ تا لەنێوان دەستەبژێری هەر دوو نەتەوەدا کارلێکێکی ئەرێنی دروست بکات. بەمانایەکی تر، نووسین بە زمانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، ئەوانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، لەوەدا بایەخو گرنگی پەیدا دەکات کە جگە لەگواستنەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینەی کورد، دەستکاری وێنە زەینییەکانی ناو یادەوەری ئەوانیش دەکات. چۆن ئێمە کاتێک وتاری نووسەرێکی عێراقی دەخوێنینەوە لە کۆدەکانی رادەمێنینو بزانین چۆن باسی کورد دەکات، ئەوانیش بەو خەیاڵەوە لە وتاری نووسەرێکی کورد رادەمێنن.

ئێمە لە باشووری کوردستان، چونکە بەریەککەوتنمان لەگەڵ عەرەب هەبووەو زمانی نەتەوەی سەردەست عەرەبیە، لەبەرئەوە بەشێک لەنووسەرو ڕۆژنامەنووسەکانمان تەنها بە

عەرەبـی نوسـیوویانە، بـە بـاوەڕی مـن کاردانەوەشـی لەسـەر رای گشـتیو دەسـتەبژێری عەرەبـی دروسـتکردووە. یەکێـک لەوانـەی جـوان نووسـێکی زۆرباشـی عەرەبی بـوو، خوالێخۆشـبوو (فەلەکەدیـن کاکەیـی) بـوو، بـەڕای مـن فەلەکەدیـن کاکەیـی، بـە پارتـی گـەورە نەبـوو، پارتـی بـەو گـەورە بـووە. ئـەو زاتـە شـێوازی نووسـینی ئەوەنـدە جـوان بـوو هـەر شـیرین بـوو وەک تێکسـتێکی ئەدەبـی بیخوێنیتـەوە، ئـەو مـاوەی کـە سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (التأخی) بـوو، زنجیـرە وتارێکـی نووسـی، بـە برادەرانـی پارتیـم ووت ئـەوە بکـەن بـە کتێبێـکو بـڵاوی بکەنـەوە. بیرمـە جارێـک وتارێکـی نووسـی باسـی گـوڵ و گوڵـزار دەکات، ئەوەنـدە جـوان نووسـیبووی چەنـد جارێـک خوێندمـەوە، سـەیریش بوو، سـەروتاری ڕۆژنامەیەکـی سیاسـی لەسـەر گـوڵ بنووسـرێ.

یەکێکـی تـر لـەو قەڵەمـە بەبرشـتانەی بـە کوردییەکـی رەوانو بـە عەرەبیەکـەی قـوڵ دەینووسـی خوالێخۆشـبوو (د. عیزەدیـن مسـتەفا رەسـوڵ) بـوو، کـە هـەم بـە عەرەبی دەینووسـیو هەمیـش کـوردی. لەهـەردوو وێسـتگەی کارکردنـم لـە ڕۆژنامـەی (کوردسـتانی نـوێ)و (ئاسـۆ) داوام لێکـرد گۆشـە بنووسـێت، شـێوازو نووسـینی گۆشـەو سـتونەکانی سـەرنج راکێـشو پـڕ لـە زانیـاریو مەعریفـە بـوونو خوێنـەری ناچـار دەکـرد بـە دیقەتێکـی زۆرەوە لەوتارەکانـی رابمێنـێ. بێجگـە لـەو (مامۆسـتا محەمـەد رەسـوڵ هاوار)یـش لەنـاو ئەدەبیاتـی (حزبـی شـیوعی عیـراق) دا وتـاری زۆری بـە زمانـی عەرەبـی بڵاوکردۆتـەوە، ڕاستیەکەشـی بەشـێکی زۆری خەڵـک ئـەو زاتـە وەک شـاعیر یـان مێژوونـووس

دەناسـێت، بـەڵام لەبـواری کاری ڕۆژنامەنووسـیی بەرهەمەکانـی هـەر خۆیـان توحفەیـەک بـوون. (عەبـاس بـەدری)ش نووسـەرێکی گـەورە و ڕۆژنامەنووسـێکی بـە قابیلـەت بـوو.

بەدڵنیاییـەوە ئـەو لیسـتە زۆر درێژتـرە، بـەڵام ڕەنگـە بەپێـی پۆڵێنبەندییەکـە کـە سـێ قۆناغـەو هـەر قۆناغێـک کاریگەریـی خـۆی هەیـە جیاوازتـر بێـت. یەکـەم پەیوەسـتە بەقۆناغـی ڕزگاریـی نیشـتمانیو ئـەو سـەردەمەی کـە نووسـەرانی کـورد لەنـاو ئەدەبیاتـی عەرەبـی شـاخ وەک جۆرێـک لەئۆپۆزسـیۆنی سیاسـیی لـە گۆڤـارو ڕۆژنامـەو بڵاوکراوەکانـی هێـزە سیاسـییەکان وتاریـان نوسـیووەو بڵاوکردۆتـەوە، ئـەو وێسـتگەیە ئاراسـتەی وتـارەکان بـۆ بـە ئامانجگرتنـی بەعـسو سـەرانی بەعـس بـووەو بەشـێک بووە لـە پاکێجێکی گشـتی خەباتـی نیشـتمانیی بـۆ دروسـتکردنی کۆدەنگـی لەبەرامبـەر بەعـس. هەرچـی قۆناغـی دووەمـە دوای ڕاپەڕینـە، ئـەو سـەردەمەش نەوەیەکـی تـر لـە عەرەبیـزان لەنـاو ڕاگەیاندنـەکان دەردەکـەونو لەڕێگـەی نووسـینەوە دوو شـت بۆ ڕای گشـتی عەرەبـی دەگوازنـەوە، یەکەمیـان سـتەمکارییەکانی بەعـسو دووەمیـش ئەزموونـی خۆڕێبـەری هەرێمـی کوردسـتان، هەرچـی دوا قۆناغیشـە دوای پرۆسـەی ئازادیـی عیراقـە، کـە ئیـدی هێـزە سیاسـییەکان لەناوەنـدی بەغـدادەوە ڕۆژنامـە بـە زمانـی عەرەبـی دەردەکـەنو لەوێـوە بەشـێکی زۆر لـە عەرەبیزانـەکان لەسـەر پرسـە نیشـتمانییەکانی کوردسـتان دەنووسـنو موخاتەبـەی ڕای گشـتی عێراقـیو عەرەبـی دەکـەن، ئـەوەش بایەخـی نووسـین بـە زمانـی نەتـەوەی سەردەسـت نیشـان دەدات.

لەراستیدا لەبەشەکانی سەرەتاش باسی فیدباکم کرد، ئێمەی رۆژنامەنووسی کورد هەر قسە دەکەینو دەنووسین، هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە داخۆ کاریگەریو فیدباکی ئەوەی دەینووسینو نووسیومانە چیە؟ ئایا کاردانەوەی مەسجو پەیامەکانمان لەسەر وەرگران چۆنو چی دەبێت، بەپشت بەستن بەو لۆژیکە، تائێستا لەکاردانەوەو کاریگەری رای گشتی عەرەبیمان نەپێچاوەتەوە، کە بزانین ئایا ئەو وتارو نووسینانەی رۆژنامەنووسانی کورد بە عەرەبی دەینووسن لەسەر شەقامو رای گشتی عێراقی چیە؟ بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر کاریگەریی خۆی بەجێهێشتووە، لەبەرئەوە من پێموایە پێویستە کورد هەمیشە بە تەنگ ئەوەوە بێت هەم نووسەرو قەڵەمی کوردی هەناردەی ناو میدیای عەرەبی بکاتو هەمیش بە زمانی عەرەبی گۆڤارو رۆژنامەی هەبێت، چونکە دواجار ئەو کارلێکەی لەنێوان هەردوو نەتەوە لەسەر کاغەزو لەناو شاشەکان دروست دەبێت، زۆر گرنگترو بایەخدارترە لەوەی هەر لە جوگرافیا لۆکاڵیەکەی خۆماندا بنووسینو قسە بکەین.

# رۆژنامە بەزمانی نەتەوە هاوبەشەکان

لەئەدەبیاتــی سیاســیی هەشــتاو نــەوەدەکان زۆرجــار ئــەو گوتەیــەی (کارل مارکــس) دەکەوتــە بەرچاومــان، کــە دەڵێــت «هەمــوو هێزێکــی سیاســیی بــەوە دەپێورێــت، کــە کــێ ســەرکردایەتی دەکات»، رەنگــە ئــەوە بــۆ هەڵســەنگاندنی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان، وەک هێزێکــی پێشــکەوتوخواز وەڵامێکــی بەجــێ بێــت، بــەو پێیــەی رابەرایەتیکردنــی ئــەو هێــزە لەلایــەن (مــام جــەلال)ەوە، خــۆی لەخۆیــدا نیشــانەی ئەوەیــە کــە یەکێتــی هــەم جیــاوازەو هەمیــش دەتوانــێ جیــاواز بێــت، هەڵبەتە بــە ئێستاشــەوە، کــە فەرهەنــگو ئــاکاری سیاســیی مــام جــەلال وەک چوارچێــوەی ئەخلاقیــی لەنــاو یەکێتــیو لــە بەڕێوەبردنــی یەکێتیــدا ماوەتــەوە، لەبەرئەوەشــە بەدرێژایــی مێــژووی یەکێتــی، هەمــوو ئــەو پرســە بالایانــەی کــە مــام خــۆی بــاوەڕی پێــی هەبــووە، وەک ســتراتیژی کارکــردن بــە راگەیاندنیشــەوە رەنگیداوەتــەوە، لەپرســی ژنــانو ئازادییــەوە، بــۆ نەتەوەکانــی تــر، بــۆ پێکەوەژیــانو لێبوردەیــیو کــۆی بــوارەکان، لەهەمــوو ئەوانــەدا یەکێتــیو میدیاکــەی پێشــەنگ بــوون.

یەکێــک لــەو پرســانەی کــە هەمیشــە مــام جــەلال

لەکۆبوونــەوەو ڕێنماییەکانــی بــۆ دامەزراوەکانــی میدیــا جەختــی لەســەر کردۆتــەوەو هەندێکجــار لــەدەرەوەی خواســتی کەناڵــەکان بــە فەرمــان ســەپاندویەتی، بریتــی بــووە لــە بایەخــدان بــە پرســی پێکهاتــەو نەتەوەکانــی تــری کوردســتان، تەنانــەت هــەر لەژێــر فەرمایشــتی ئــەودا، کەناڵــی کەرکــوک لەســەرەتای دامەزراندنیەوە پەخشــکردنی بەرنامــەو هــەواڵ بەزمانەکانی (عەرەبــی، تورکمانی، ئاشــووری) تێــدا کراوەتــە مــەرج، ئەمجــۆرە ئاوڕدانــەوەو بایــەخ پێدانــە، ئەگــەر بەســەرێکدا بــۆ ئــەوە بێــت مەســجەکانی یەکێتــی بــە وەرگرانــی ئــەو پێکهاتانــە بــگات، ئــەوە بەدیوەکــەی تریــدا بــۆ ئەوەیــە ئــەو پێکهاتانــە بتوانــن لەرێگــەی ئــەو شاشــەوە گوزارشــت لــە بوونــی خۆیــان، لــە فەرهەنــگو کەلتــووری خۆیــان بکــەن. ئەمــەش شــتێکە یەکێتــی هەمیشــە ئولفەتــی پێوەگرتــووە، ئولفەتێــک بــە تەنهــا ڕەهەندێکــی زارەکــی نیــە، بەڵکو بەشــێکە لە مێژووەکەشــی، بەشــێکە لــە تێکۆشــانی رابردوشــی، بــە بەڵگــەی ئــەوەی لەمــاوەی ســاڵانی تێکۆشــاندا بەدەیــان تێکۆشــەری ئــەو نەتەوانــە لەریزەکانــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتاندا لەپێنــاو گەیشــتن بــە ئامانجــەکان بــە شــەهادەت گەیشــتوون. خــۆ ئەگــەر لەهەندێــک کاتو دەورانــدا جۆرێــک لــە پاشەکشــەش روویدابێــت، بەبــڕوای مــن پاشەکشــەکە پەیوەنــدی بــە راگەیاندنــەوە نەبــووە، بەقــەدەر ئــەوەی پاشەکشــێی کــۆی یەکێتیــی بــووە، بــۆ نموونــە لەداخــی پارتــی وایلێهاتــووە هەندێکجــار دژی کۆتــاو کەمینــەکان قســەیەک بکرێــت، بــەڵام دەبێــت لــەوەدا پۆلێنبەندیەکــی لۆژیکــی بکرێــت، ناکرێــت تــۆ لەداخــی دەســتەبژێرێکی نــاو ئــەو پێکهاتانەو

لەداخــی خــراپ بەکارهێنانــی پارتــی دژ بــە مافــە نەتەوەیــیو کەلتوورییەکانــی ئــەوان بوەســتیتەوە. هەمیشــە ووتومــە ئەگــەر دەزانــی پارتــی یــاری بــە چارەنــووسو قــەدەری ئــەوان دەکات، وەرە بەشــێوەیەکی مرۆیــیو لەچوارچێــوەی یاســاو پرەنســیبە بــاڵاکان پێچەوانــەی پارتــی بکــەو رەفتارێکــی بەجــێ بنوێنــە.

ئــەو جــۆرە جریوەیــە بــە یەکێتــی نامۆیــە، ئــەو نەغمــەو ئــاوازە لــەدەرەوەی دنیابینــی مــام جــەلالو ســلێمانی بــووە، بەدیاریکراویــش ئــەو دیاردەیــە کاتێــک لەســنووری قەڵەمــڕەوی یەکێتــی دەردەکەوێــت، کــە بزوتنــەوەی گــۆڕان لــە یەکێتــی جیادەبێتــەوە، چونکە ئــەو بزوتنەوەیە لەبنەڕەتەوە بزوتنەوەیەکی ســلێمانینو لــەو شــارەش کەمینــە مەســیحیەکەش خۆیــان بەکــورد دەزانــن، لەبەرئــەوە لەبەرامبــەر ئــەو پێکهاتانــە بــارگاوی بــوون بە رقێکــی سیاســی، بــەو واتایــەی رق هەســتان لــە رەفتــاری پارتــی لــە پرســی زۆرینــەو کەمینــەی نــاو پەرلەمــان بــە بەکارهێنانــی کەمینــەکان، لــەلای دەســتەبژێری گــۆڕان بۆتــە گــرێو ئــەو شــەڕە هەندێکجــار لەســەر تــەواوی پێکهاتــەکان تاقیدەکرێتــەوە. مــن خــۆم پێموایــە باشــترین رێــگا بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ ئــەو پێکهاتانــە بریتیــە لــە رەفتارکردنی دیموکراســیو پەســەندکردنیان وەک ئــەوەی خۆیــان دەیانەوێــت، چونکــە دواجــار کوردســتان ئەگــەر هــی هەمــووان نەبێــتو لــە نەتــەوەی کوردیــدا بچوکــی بکەیتــەوە، قــەدەری ئــەو هەرێمــەش دەخاتــە مەترســیەوە، خــۆ لــە رووی مێژووییــەوە (دەوڵەتــی عوســمانی) دەوڵەتێــک بــووە هــی هەمــوو نەتــەوەکان بــووە، کەچــی کاتێــک بــوو بــە دەوڵەتــی

نەتەوەیـەک تێکشـکاو هەڵوەشـایەوە، ئەوکاتـەی سروشـتی ئـەو دەوڵەتـە وەرگـۆڕا بـۆ دەوڵەتـی نەتـەوەی سەردەسـت، دەبینـی چـی لـێ بەسـەرهاتو چەنـدە بچووککرایـەوە. کەوایـە دەبێـت بەهەمـوو ئامـرازەکان ڕێگـە لـەوە بگریـن کـە هەرێمـی کوردسـتان نەبێتـە هەرێمـی یـەک نەتـەوە، بەڵکـو ئـەو ڕۆحـی هاوبەشـییە قوڵتـر بکەینـەوەو دەرفـەت بـۆ ئەوانیـش بڕەخسـێنین بـەو تایـپو فۆڕمـە بژیـن کـە خۆیـان دەیانەوێـت، یەکێـک لـەو ڕێـگا دیموکراسـییانەش بریتیـە لـە بایەخـدان لـەڕووی میدیاییـەوە.

بەداخـەوە ڕاگەیاندنـی کـوردیو یەکێتیـش کەمێـک دوا کەوتـوون، پێـش ئـەوەی بـۆ کەمینـەکان بکەوێـت بـۆ کـوردەکان خۆیـان کـە زۆرینـەن کەوتـووە، چونکـە لەگوتـاری کوردسـتانیبوون بەتاڵبوونـەوە، مـن کاتـی خـۆی بـە (هیـرۆ خـان)م وت، پێتانوایـە «کوردسـات دەتوانـێ وەزیفـەی گەلـی کوردسـتان بـکات، ئەگـەر لـەو بـاوەڕەدای کوردسـات دەتوانـێ هـەم ئەرکەکانـی کەناڵـی گەلـی کوردسـتان بـکات، کەوایـە پێویسـتت بەمانـەوەی گەلـی کوردسـتان نیەو هەڵیبوەشـێنەوە»، ئـەو نموونەیـەم بۆیـە هێنایـەوە، کـە پێموایـە کوردسـاتو گەلـی کوردسـتان بـە ئێستاشـەوە لەنـاو میدیـای بینـراو باشـترینن، بـەڵام چونکـە نـاوی (کـوردو کوردسـتان)یان پێـوە لـکاوە، دەبینیـن لـە بایەخـدان بەپێکهاتەکانـی تـر، لـەو سـۆنگەیەوە مامەڵـە بکرێـن، بەداخـەوە بەشـێک لەمیدیاکانـی کوردسـتان زۆرجـار شـێوازی ڕومـاڵو مامەڵەیـان لەگـەڵ پێکهاتـەکان دەگاتـە ڕادەی دڵڕەقـی، دەگاتـە ئاسـتێکی مەترسـیدار لـە هەڵلوشـینو

قوتدانی ئەوانی تر. ئەمە شتێکە یەکێتی نە پەسەندی دەکاتو نە وەک رەفتارێکی ئەخلاقی تەماشای دەکات، چونکە ئێمە بە فەرمانێکی ئاکاریی لەلایەن مام جەلالەوە لەسەرمان چەسپاوە، کە چەکی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکان تەنها دەبێت دیموکراسیو بەیەکەوەژیانو کوردستانیبوون بێت. تەنانەت کە لەرۆژنامەی (ئاسۆ) کارمەدەکرد، مام جەلال هەر بە خۆمی ووت «رۆژنامەکەتان بکەن بەچەند لقێکەوە، یەکێک بە عەرەبیو دانەیەک بە تورکمانیو یەکێک بە کلدو ئاشووری دەربچێ»، من تەنها ئەوە وەک روانگەی کوردستانییو یەکێتییو مام جەلال وەردەگرمو ئیشی لەسەر دەکەم.

ئەسڵ لە بیرۆکەی بایەخدان بەو پێکهاتانە لەرووی میدیاییەوە دووسەرەیە، سەرێکیان ئەوەیە گوتارێکی کوردانە بە زمانێکی تر ئاراستەی ئەو پێکهاتانە بکەیت، سەرەکەی دیکەش بۆ ئەوەیە لەرێگەی ئەو فۆرمە لە ئیشکردن بەزمانی ئەوان کارلێکی ئەرێنی لەنێوان پێکهاتەکانی کوردستان دروست بێت بۆ ئەوەی شوناسی کوردستانیبوونو هاوبەشییەکان پتر قوڵ ببێتەوە، بۆ ئەوەیە بەرەنجامی ئەو کارلێکە پاڵەوانەکانی یەکتر بناسین، دیوە پەنهانەکانی کەلتوورو فەرهەنگی یەکتر بدۆزینەوە، لەپێناو ئەوەیە لە شانازییەکان هاوبەشی دروست بکەین. تۆ سەیر بکە ئێمەی کورد چەند بە شانازیەوە (کەریمی عەلەکە) باسدەکەینو کردومانەتە بازرگانێکی بە ئاکار، کە لەپێناو ئەو ناسنامە کوردستانیەدا هەموو شتێکی

بەخشیووە، ئەی بۆ لەو شانازییەدا کریستیانەکان هاوبەشیمان نەکەن، ئەی بۆ پاڵەوانەکانی تری ئەوان لەناو میدیای کوردی زماندا رەنگ نەدەنەوە، ئەمانە پرسیاری جددیو جەوهەرین؟

قوڵتر لەدیاردەی شوناسی کوردستانیبوون رادەمێنمو ئەو دیاردەیە تەنها بە میدیاوە گرێنادەم، من هەمیشە باوەڕموابووە کە تەواوی جوگرافیای ئێمە لەو کارلێکە ئەرێنیە کەمتەرخەمن، رەنگە کورد بەهۆی ئەوەی زۆرینەیە بەشە زۆرەکەی ئۆباڵی بەرکەوتبێت، بەڵام پێکهاتەکانیش کەمێکی ئەو ئۆباڵەیان لەگەردنە. ئەقڵی مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئاوێتە نیە، ئاوێتە بەو مانایەی دەشێ تۆ کەسێکی ئاشوری یان تورکمان بیت، بەڵام لەهەمان کاتدا دەشێت عێراقیو کوردستانیی بیت، ئەو چەمکەیە کە دەشێت مرۆڤ لە یەککاتدا هەڵگری کۆمەڵێک شوناس بێتو هیچیان لەگەڵ یەکتر ناکۆک نەبن، ئەگەر لەمن بپرسن ناسنامەکەت چیە، دەڵێم کوردمو کوڕی باوکی خۆممو هاوژینی ژنەکەممو باوکی منداڵەکانمم، ئەم ناسنامانە هیچیان نابن بە بەدیل بۆ ئەوی ترو تەواوکاری یەکترین، ئەو فرە شوناسیە دەبێت قوڵ بکەینەوەو کەسێکی تورکمانیش وابڵێت، با شانازی بەناسنامە نەتەوەییەکەی خۆیەوە بکات، بەڵام دان بەوەشدا بنێت کە لەشتێکدا لەگەڵ من هاوبەشە کە کوردستانیبوونە. ئەوە جەوهەری بیرکردنەوە دروستەکەیەو لەو پرۆسەیەشدا دەبێت میدیا رۆڵە گەورەکە ببینێو یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی درزەکان نەیەڵێتو وابکات گوتاری بارگاوی بە توڕەییو رق چیتر بڵاونەکەنەوە.

رێـگا زۆرن بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی کارلێکـی نەتەوەیـی لەنـاو پێکهاتـەکان پـەرە پێبدەیـن، چ لەرێگـەی دەرکردنـی رۆژنامـەو گۆڤـاری تایبـەت بـەو نەتەوانـە بێـت، یـان تەرخانکردنی بەشـێک، روبەڕێـک، پانتاییـەک لـە هەمـوو بەشـەکانی جەسـتەی میدیـا بـۆ ئـەوەی ئـەو نەتەوانـە بـە زمانـی خۆیـان فەرهەنـگو کەلتـووری خۆیـان بەئێمـە ئاشـنا بکـەن.

# مەدرەسەی چینی و سۆڤیەتی لەرۆژنامەدا

کاریگەریی بزوتنەوەی چەپ لەسەر بزافە سیاسییەکەی کوردستان، بەتەنها خۆی لە ئاستو رەهەندە سیاسییەکەیدا نابینێتەوە، بەڵکو ئاستی ئەو کاریگەرییانە لەسەر بوارو سێکتەرەکانی تریش جێدەمێنێ، یەکێک لەو بوارانە رۆژنامەنووسییە، کە دەستەبژێری ئەو قۆناغە مێژووییەی کورد بەهۆی سەرسامبوونیان بەئاراستەکانی ناو ئەو بزوتنەوە چەپگەرایانە، شێوازو فۆرمی نووسینو رۆژنامەنووسیان لەیەکتر جیابۆتەوە، راستیەکەشی ئێمە دوو شت نازانین، ئەویش لێک جیایی قوتابخانەی (سۆڤیەت)یو قوتابخانەی (چین)یە لە رۆژنامەنووسیدا، ئێستا کە سەیری بکەین لەنێوان میدیا چینیەکانو روسیەکان جیاوازییەکی زۆر لەشێوازی نووسینو تەکنیکی دارشتن هەیەو هەر یەکێک لەو شێوازانە مۆرکی خۆی جیاوازە، بیرمە کاتی خۆی لەوەڵامی برادەرێکدا کە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی بە (پراڤدا) چواندبوو، وتارێکم لەژێر ناونیشانی (بۆ پراڤدا چیەتی) نووسیو لەو وتارەدا بەشێوەیەکی وورد لەسەر شێوازو تەکنیکەکانی نووسین لە رۆژنامەو راگەیاندنەکانی سۆڤیەتی جاران وەستاوم، هەروەک

بەراوردکارییەکـی نێـوان قوتابخانـە مارکسیسـتیەکانی چیـنو سـۆڤیەت ـ م لەبـواری ڕۆژنامەنووسـیدا کـردووەو کاریگـەری ئـەو دوو قوتابخانەیەشم لەسـەر ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی ڕونکردۆتـەوە.

دەزانـی ڕۆژنامـەو میدیـای هـەر وڵاتێـک یـان هـەر ڕەوتو ئاراسـتەیەکی مێژوویـی، لەڕێگـەی خاوەندارییەتـی هەندێـک تەکنیکی تایبـەت بەخۆیـەوە لەوانـی تر جیـا دەبێتەوەو خەسڵەتی تایبـەت بەخـۆی هەڵدەگرێـت، ئێسـتا تـۆ سـەیری ڕۆژنامەیەکـی چینـی دەکەیـت، بەدڵنیاییـەوە پروپاگەنـدە بـۆ جوانکردنـی چیـنو سیسـتەمە سیاسـییەکەی بڵاودەکاتـەوە، بـەڵام خـۆ لەپەنایەکـدا وێنەیەکـی گـەورەی جوتیارێکیـش بڵاودەکاتـەوە کـە پێـت دەڵێـت بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکانی ئەمسـاڵ لەسـایەی ئـەو سیسـتەمە ئابوورییـەوە چەنـد هەڵکشـاوە، وێنـەی کارگوزارێکـت نیشـان دەدات بـۆ ئـەوەی بڵێـت لەسـایەی ڕێزگرتـن لەژینگەیەکـی خاوێنـەوە، چیـن چەنـدە پاکـەو لەجیهانـدا ڕەونـەق دەداتـەوە. ئـەم شـێوازە لـە نوسـینو بڵاوکردنـەوە، تەکنیکێکـی زۆر سـەرنج ڕاکێشـەو حەقـە ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی بەجۆرێـک لەجـۆرەکان بـۆ ئـەو دوو قوتابخانەیـەش بگەڕێتـەوە، کـە ڕاسـتیەکەی ئێسـتا بەهـۆی هەژموونـی وڵاتانـی دیموکراسـیو لیبراڵیـەوە ئەوەنـدەی بـە قوتابخانەکانـی ئەمەریـکاو خۆرئـاوا سەرسـامە، ئەوەنـدە بـە قوتابخانـە مێژووییەکانـی وڵاتانـی چەپـەوە پەیوەسـت نەمـاوە.

نـەوەی حەفتاکانـی ئێمـە، بەهـۆی ئـەو کۆچـە زانسـتیەی لەپێنـاو خوێنـدنو بەدەسـتهێنانی بڕوانامـە ڕوویـان لەیەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران کـرد، نەوەیەکـن بـە باشـی لەشـێوازی

نووسـینو تەکنیکـی ڕۆژنامەنووسـی سـۆڤیەتدا قوڵبوونـەوەو ئـەو ئەزموونەشـیان بـۆ نـاو ڕۆژنامەگـەری کـوردی گواسـتەوە، لەبەرئەوەشـە فۆڕمـی ئەزموونی سـۆڤیەتی لەمێـژووی ڕۆژنامەگەریی حەفتـاو هەشـتاکانی ئێمـە بەشـێوەیەکی ڕوون خـۆی بەرجەسـتە دەکات، یەکێـک لەوانـە (د. عیزەدیـن مسـتەفا ڕەسـوڵ) بـوو، کـە لەپرۆسـەی گواسـتنەوەو جێگیرکردنـی ئـەو فۆڕمـە نووسـینە تـا ئەندازەیەکـی گـەورە سـەرکەوتوو بـوو، هەروەهـا (د. مـارف خەزنـەدار)و زۆر زاتـی تریـش جێپەنجەیـان لەسـەر جێگیرکردنـی قوتابخانـەی سـۆڤیەتی لـە نووسـیندا هەبـووە.

بیرمـان نەچێـت قوتابخانـەی ئێرانیـش نزیکـە لـە قوتابخانەی سـۆڤیەتی، ئەویـش یەکێکـە لـەو ئەزموونانـەی کـە دەبێـت لێـوەی فێرببیـنو سـوودی لێوەربگریـن، ئـەو میدیایـەی ئێـران ئەگەرچـی بـە ئـاگاداری ڕێبـازی ئیمامـە، بـەڵام پانتایـیو ڕووبەڕێکـی بـۆ کارکـردن تێدایـەو تەکنیکـی جـوانو بەجێـی لەبـواری ڕۆژنامەنووسـیدا لەخـۆی گرتـووە، لەبەرئـەوە بەبـاوەڕی مـن گرنگـە ئـەو ئەزمـوونو قوتابخانـە جیاوازانـەی ڕۆژنامەگـەری جیهانیـی بەشـێوەیەکی وورد کاریـان لەسـەر بکـرێو لـەزۆر ئاستیشـدا بـۆ دەوڵەمەندکردنـی ڕۆژنامەگەریـی کـوردی سـوودیان لێوەربگیـرێ.

## هێرۆخان میراتگری
## ئیبراهیم ئەحمەدی ڕۆژنامەنووس

قسـەکردن لەسـەر تەکنیکـی نووسـینی (هێرۆخـان) بـە تەنهـا نابێـت لەروانگـەی نووسـینەکانی خۆیـەوە راڤـە بکرێـت، بەڵکو دەبێت بەشـێوەیەکی ووردو درشـت لەسـەر شـێوازو فۆڕمـی مامۆسـتا (ئیبراهیـم ئەحمـەد) بوەسـتین، ئـەو کەسـێتیە دانسـقەی مێـژووی ئێمـە، کـە هـەم لـە فۆڕمـی نووسـینی چیـرۆک پێشـەنگ بـووەو هەمیـش لـە بـوارو ئەزموونـی رۆژنامەنووسـیی، سـەرباری ئـەوەی کـە سیاسـییەکی خـاوەن پرەنسـیبو بنەمـاش بـووەو فەزڵێکـی گـەورەی لەسـەر بزاوتـی نیشـتمانی کـوردی لەهـەر چـوار پارچەکـەی کوردسـتاندا هەیـە.

لەڕاسـتیدا مامۆسـتا (ئیبراهیـم ئەحمـەد) ئـەو شـێوازەی لـە نووسـینی هەندێـک چیـرۆک بەکاریهێنـاوە، هـاوکات لـە هەندێـک کاری رۆژنامەنوسیشـدا سـەرلەنوێ بەکاریهێناوەتـەوە، یەکێـک لـەو بەرهەمـە رۆژنامەنووسـیانەی هەرگیـز ناکرێـت لەبیربچێتـەوە، نووسـینی ئـەو ریپۆرتاژەیـە کـە لەسـەر پێکهاتەیەکـی کۆمەڵگـەی ئەڵمانـی نووسـیوویەتی، کاتـی خـۆی لەگـەڵ وەفدێکـی پارتـی و حکومەتـی عێراقیـدا سـەردانی ئەڵمانیـای دیموکراتـی دەکەن، لەوێ ئاشـنا دەبێـت بـە پێکهاتەیەکـی نەتەوەیـی کـە بەزمانـی ئەڵمانـی

قسـه ناکـەن، ریپۆرتاژێکـی زۆر جـوان لەسـەر ئـەو کەمینەیـە دەنووسـیّو لەشەسـتەکاندا لـە رۆژنامـەی (خەبـات) بڵاویدەکاتـەوە، دواتـر گۆڤـاری (روناکـی) کـە (حافـز قـازی) سەرنووسـەری بـووەو بـە کرمانجـی دەردەچـوو، وەریدەگـریّو سـەرلەنویّ بڵاویدەکاتـەوە. تـۆ سـەرنج بـدە شـێوازەکەی ئەوەنـدە جـوان بـووە، کـە گۆڤارێکـی ئەهلـی لـە رۆژنامەیەکـی حزبـی وەریدەگـریّو سـەرلەنویّ پەخشـی دەکاتـەوە، خـۆم چەنـد جارێـک خوێندومەتـەوەو هەمیشـە شـتی تـازەی لێوەفێـر دەبـم.

لەراسـتیدا مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد لەنووسـینو کاری رۆژنامەنوسـیدا خـۆی بـە تەنهـا قوتابخانەیەکـی سـەربەخۆ بـوو، بـە فـۆرمو سـتایلێک دەینووسـی کـەس لـە خـۆی نەدەچـوو، زمانێکـی شـیرینی کوردەواریـی، ووردبوونەوەیەکـی قـوڵ، بـە بەرپرسـیاریەتیەوە نووسـین لەتایبەتمەندییەکانـی بـوو. جارێـک لـە کۆنگـرەی ئۆپۆزسـیۆنی عێـراق لـە نیـۆرک بەدیـداری شـادبوومو لەسـەر نووسـین گفتوگۆمـان کـرد، دەیـووت تـا لـە وتارێـک تـەواو دەبـم چەنـد جارێـک پێیـدا دەچمـەوەو ئەگـەر کەسـێک لـە ژێـر دەسـتم دەرینەهێنـیّ، دە جـارو بیسـت جاریـش کۆڵنـادەمو هـەر پێیـدا دەچمـەوە. ئـەو قوڵنووسـیو جواننووسـییە مەگـەر بـە میـرات تەنهـا بـۆ (هێـرۆ خـان) جێمابێـت، ئەگـەر نـا کەسـی تـر وەک ئـەو نانووسـێت.

(هێرۆخـان)ی کچـی مامۆسـتا (ئیبراهیم ئەحمـەد)و هاوژینی (مـام جـەلال) لـە یەککاتـدا دوو قوتابخانـەی سیاسـەتو نووسـینی پێکـەوە ئاوێتـە کردبـوو، لەدامەزراندنـی دەزگای (خـاک)دا توانـی

وەرگۆڕینێکـی گـەورە بـکات لـە پەرەپێدانـی بـواری کۆمەڵایەتـی جەلالیـەتو قوتابخانـەی ئیبراهیـم ئەحمـەد، لەراسـتیدا دەبوایـە ناوەکـەی دەزگای (خەڵـک) بێـت، چونکـە زۆر پرسـی کۆمەڵایەتـی لـە دەزگای خاکـەوەو لـە رێـگای تەلەفزیۆنـی خاکـەوە رەهەندێکـی کۆمەڵایەتـی وەرگـرت، راستیەکەشـی پەرەپێـدانو پێشخسـتنی ئـەو قوتابخانەیـە بـە دیـوە کۆمەڵایەتیەکەیـدا، رێـک یەکسـانە بـە رەنگدانـەوەی تیـۆری بەرپرسـیارییەتی کۆمەڵایەتـی لەنووسـینو وتنـدا، وەک چـۆن دەڵێـی هونـەر بـۆ هونـەر نییـەو هونـەر بـۆ کۆمەڵگەیـە، رۆژنامەنووسـیش بـۆ رۆژنامەنووسـی نیـە، بەڵکـو بـۆ کۆمەڵگەیـە، لەسـەر ئـەو بنەمایـەش هێرۆخـان لـە بنیادنانی تەلاری ئەخلاقیـی دامـەزراوەی خاکدا هـەر ئـەو بنەمایانـەی پەیـڕەو کـرد.

پێداهەڵگوتـنو سـتایش نییـە ئەگـەر بڵێـم ئەزموونـی گۆشـە نووسـینەکەی هێرۆخـان لەگۆڤـاری خاکـدا، ئەزموونێکـی نـاوازەی ژنێکـە دووبـارە نابێتـەوە، بەدڵنیاییـەوە لـە دڵـەوە بـۆ دڵ دەیڵێـم (هێرۆخـان) لـە گۆڤـاری خاکـدا لـە گۆشـەکەی خۆیـدا سـتایلێکی تایبەتـی بەکارهێنـاوە بەبـاوەڕی من ترۆپکی پێشخسـتنی نووسـینی ژنانەیـە لـە رۆژنامەنووسـیدا، هەروەهـا ترۆپکـی پەرەپێدانـە بـە ئاوێتەکردنـی زمانێکـی سـادەو سـاکاری خەڵـک بـۆ نـاو میدیـا، هیـوادارم رۆژێـک لـە رۆژان، بـە بـێ ئیزنـی هێرۆخـان ئـەو گۆشـانە کۆبکەینـەوەو چاپـی بکەیـن، چەنـد جارێکیـش لەگـەڵ کاک (زاهیـر سـدیق)ی خـاک قسـەمان کـردووە بـۆ ئـەوەی رێگـە نەدەیـن ئـەو کۆششـە میدیاییـەی هێرۆخـان بفەوتێـت. ئەوانـەی لەنزیکـەوە بەریەککەوتنیـان لەگـەڵ منـدا هەیـە دەزانـن چـۆن بیـر لـە سـتوونو

گۆشــە ڕۆژنامەنووســییەکان دەکەمــەوە، هەمیشــە باوەڕموابــووە کــە پێویســتە نووســەرو ڕۆژنامەنووســەکان گۆشــەکانیان لــە کتێبــدا کۆبکەنــەوەو چــاپ بکــەن، ئاخــر ئەگــەر گۆشــەی ئــەم (ئــەم کونجــە)ی (عیزەدیــن مســتەفا ڕەســوڵ) لەکوردســتانی نــوێو ئاســۆدا کۆنەکرێنــەوەو نەبنــە کتێــب، چــۆن بتوانیــن لــە ئەزموونــی نووســینی ئــەو تێبگەیــنو چۆنیــش ئاگاییمــان لەبەرامبــەر قوتابخانــەی ســۆڤیەتی بــۆ دروســت بێــت. ئــەو قســەیە بــۆ (ســاڵح یوســفی) ش ڕاســتە، بــۆ مامۆســتا (ئیبراهیــم ئەحمەد)یــش هــەر دروســتە، بــە پێچەوانــەوە بــە ئەرکێکــی نەتەوەیــی گــەورەی دەبینم، چونکــە (ئیبراهیــم ئەحمــەد)ی چیرۆکنــووسو نووســەری سیاســی، (ئیبراهیــم ئەحمــەد)ی ســەرکردەو سیاســی، زۆری لەســەر وتــراوە، بــەڵام لــە ڕاســتیدا (ئیبراهیــم ئەحمــەد)ی ڕۆژنامەنــووس کەمتــر فۆکەســی خراوەتەســەر، لەکاتێکــدا لەهەمــوو قۆناغەکانــدا ئــەو زاتــە هەتــا ســەر ڕۆژنامەنــووس بــوو، کــە مەکتەبــی سیاســی بــوو، کــە بــووە شۆڕشــگێڕێک لــە چیــاکان، کــە وەک تێکۆشــەرێک لــە تاراوگە خەباتــی دەکــرد، هیــچ یەکێــک لــەو پلەو پۆســتو بەرپرســیاریەتیانە لــە ڕۆژنامەنووســیی داینەبــڕیو هــەروەک ڕۆژنامەنــووس مایــەوە.

گرنگــی تایپــی نووســینی هێرۆخــان، چونکــە ســەر بــەو قوتابخانەیــە، لــەو زمانــە ســاکارو ســادەیەدا خــۆی بەرجەســتە دەکات کــە هەمــوو کــەس دەتوانــێ بیخوێنێتــەوەو لێــی حاڵــی بێــت، لــەو ئاســتەدا بایــەخ پەیــدا دەکات، کــە خەمەکانــی خــاکو خەڵــک پێکــەوە گرێــدەداتو دەینوســێتەوە، بەڕاســتیش گۆشــەکانی لــەو گۆڤــارە هەمیشــە وەک هێرۆخانــی ژن نووســراوەو نــەک

وەک هێرۆخانــی بەرپــرسو هاوژینــی مــام جــەلال، ئەوکاتــەی نووســیوویەتی خــۆی لەهەمــوو نــاوو ناونیشــانێک داماڵیــووە. جارێـک بیرمـە لـە گۆڤـاری خاکـدا سـتونێکی نووسـیبوو، دەڵـێ «پێشـمەرگەیەکی دێریـن هاتۆتـە لای مـن قسـەی خێـری بـۆ بکەن، بـەس بـا فـلان کـەس نەزانێـت»، هێرۆخـان ئـەوەی نوسـیووەتەوەو نـاوی کەسـەکەی نەهێنـاوە، ئـەم شـێوازە کە هێرۆخان نوسـیویەتی لــەکاری رۆژنامەنوســیدا لــە جیهانــدا کــەمو دەگمەنــە، چەنــد ئەزمونێکــی هاوشــێوەم لەنووســینەکانی رۆژنامەنووســی میســری (نەجــلا فەریــدە)دا بینیــووە، ئــەوەش گەیشــتنە بــە ترۆپکــی مرۆییبـوونو پابەندبـوون بـە ئـاکارە مرۆییەکانـەوە. راستییەکەشـی رۆژنامەنـووس تەماحـکارەو بـەو تەماحـەوە زۆرجـار ئیرەییـم بـە هەندێــک لــە گۆشــەکانی بــردووە و حەزمکــردووە ئــەو لەمســە مرۆییــەی نــاو نووســینەکە هــی مــن بوایــە، حەســودیم بــەوە بـردووە کـە ئـەو شـێوازی داڕشـتنو بەکارهێنانـی نموونـەو ئیدیۆمـە کۆمەڵایەتییــەکان موڵکایەتیەکــەی بــۆ مــن نەگەڕێتــەوە.

# شێوازی فەقێیایەتی لەرۆژنامەنووسیدا

هـەر گرێـدراو بـە تـەکنیکـی نووسـینو ئـەو شـێوازو فۆڕمـەی ڕۆژنامەنووسـانی کـوردی پێدەناسـرێتەوە، نـاوی تـری گـەورەو نووسـەری ناسـراوی بـە بڕشـتی تریشـمان زۆرن، هەریەکێـک لـەو کەسـانە هـەر بـە تەنها خۆیـان فەرهەنـگو مێژوویەکـی دەوڵەمەندی بـواری ڕۆژنامەنووسـیی کاغەزیـن، لەنـاو ئەوانـەدا هـاوڕێو دۆسـتی هەمیشـەییم (فەرهـاد شـاکەلی)یە، هـەم بـە هـۆی بەکارهێنانـی هەمـوو ژانرەکانـی ڕۆژنامەنووسـییو هەمیـش بەهـۆی ئیشـکردنی لەسـەر زۆر بـوارو سـێکتەری گرنـگ، کـە دواجـار هەموویـان دەچنـە خزمـەت مێـژووی ڕۆژنامەگەریـی ئێمـەوە بۆتـە ناوێکـی گـەورەی ئـەو بـوارە.

فەرهـاد شـاکەلی، کاتـی خـۆی لـە گۆڤـاری (مامۆسـتای کـورد) سـێ چـوار شـتی کـردووە بـۆ بزاوتـی ڕۆژنامەنووسـیی ئێمـە زۆر گرنگـە، یەکەمیـان ئەوەیـە کـە کۆمەڵێـک دیـداری کـردووە لەسـەر پـرسو مێـژووی کـورد زۆر گرنگـن، لەوانـە دیدارەکـەی لەگـەڵ (هێمـن موکریانـی)، دووەم لێکۆڵینەوەیەکـی کـردووەو پێشـەکی بـۆ چیرۆکێکـی (عەلائەدیـن سـوجادی) نووسـیووە، لەهـەردوو ئـەو ئەزموونـەدا شـاکەلی وەک ڕۆژنامەنـووس خـۆی

بەیانـدەکات نـەک وەک روناکبیـرو نووسـەر، بۆیـە سـەرلەنوێ کۆکردنـەوەو کارکـردن لەسـەر ئـەو رەهەنـدە رۆژنامەنووسـییەی فەرهـاد شـاکەلی لـە سـوودی بوارەکـە دەشـکێتەوە.

یەکێکـی تـر لە فەقێ راسـتەقینەکانی بواری رۆژنامەنووسـی، مامۆسـتا (محەمەدی مـەلا کەریـم)ە، شـاکارێکی زۆر نایابـی هەیـە لەسـەر رۆژنامەگەریـی کـوردی نوسـیوویەتی، ئەگـەر ژیـان بـوار بـدات، حەزدەکـەم ئـەو لێکۆڵینەوەیـەی کـە لەسـەر بـواری رۆژنامەنووسـیی نوسـیوویەتی کۆبکەمـەوەو چاپـی بکەمـەوە، چونکـە خەڵکێکـی زۆر (محەمـەدی مـەلا کەریـم) زیاتـر وەک پێشـەکی نووسـی دیوانە شـیعرییەکان دەناسـێ، وەک تێکۆشەرێکی دێرینـی بزوتنـەوەی چـەپ لـە عێراقـدا دەیناسـێ، هیـوادارم بـە بڵاوکردنـەوەی ئـەو پیشـەکییە جارێکـی دیکـە محەمـەدی مـەلا کەریمـی رۆژنامەنـووس بناسـێنمەوە، نـەک هـەر ئـەو، لەوبـاوەڕەدام زنجیرەیـەک کتیـب هەیـە لـە داهاتـوودا دەینوسـم، کـە نـاوم نـاوە زنجیـرەی ناسـاندنەوەی رۆژنامەنووسـەکانی کـورد، کـە هەندێکجـار وەک ئەدیـبو روناکبیـر بوونـە بەشـێک لـە یـادەوەری خەڵـک لـە سەروشـیانەوە پیرەمێـردی مـەزن.

دێمـەوە سـەر ناونانـی ئـەو نووسـەرو رۆژنامەنووسـانە وەک فەقـێ، لەراسـتیدا بـۆ ئـەوەی لەشـێوەی فەقێیەتـی تێبگەیـن، دەبێـت لـە شـێوازەکەیان رابمێنیـن، مـن خـۆم زۆر پۆسـتو پلـەو بەرپرسـیاریەتیم لەنـاو میدیـادا هەبـووە، بـەڵام بەپێچەوانـەی ئـەو ناونیشـانانەوە هەمیشـە وەک فەقێـی رۆژنامەنووسـی خـۆم وێناکـردوە، ئـەو شـێوازە بریتیـە لـە دۆزینـەوەی ئاسـانترینو

جوانترین شێواز لە دارشتن بۆ ووردبوونەوەو تێگەیاندنی خەڵک، فەقێیایەتی بریتیە لە رەتکردنەوەی پلەبەندی رۆژنامەنووسیو کارکردن وەک سەربازی وون لەناو دامەزراوەدا، بە ئامانجی گەیاندنی مەسجو پەیام. من لە رۆژنامەی (ئاسۆ)و دەزگای (خەندان)دا کارمکردووە، لە گۆڤاری (هەفتانە) ئیشمکردووەو لە (کوردستانی نوێ)یش سەرنوسەر بووم، لەهەموو ئەو شوێنانە دەمتوانی بەس فەرمان بکەم، بەڵام ئەوەم نەکردووە، چونکە پێموابووە پەیڕەوکردنی شێوازی فەقێیەتی بایەخەکەی لەوەدایە لەگەڵ خۆتا کەسێک فێردەکەیتەوە، راستیت دەوێت ئەوە شێوازی (مام جەلال)ە، شێوازی (نازم حیکمەت)ە، شێوازی (محەمەدی مەلا کەریم)ە، شێوازی سێ چوار کەسی جیاوازە لە مەقامی سیاسی کاری سیاسیدا، بەڵام لەو خەسڵەتە رۆژنامەنووسیە یەکدەگرنەوە، ئەویش پەروەردەکردنو راهێنانی ئەوانی تر لەسەر کاری رۆژنامەنووسی.

نووسەری دیار (حەنامینا) لە کتێبی (ناظم حکمت السجن . المراة . الحیاة) باسی سەرگوزشتەیەکی نازم حیکمەت دەگێڕێتەوە، بەپێی سەرگوزشتەکە لە یەکێک لە زیندانەکانی تورکیا نیگارکێشێکی کورد بەناوی (عارف دینۆ) لەسەر دۆسیەیەکی ئاسایی دەستگیرکراوە، لەزیندانەدا لەگەڵ نازم حیکمەت هەمیشە گفتوگۆ دەکەن، ئەو باس لە خەسڵەتێکی دەکات، کە بریتی بووە لەوەی هەمیشە نازم حیکمەت بیرۆکەکانی لەگەڵ هاوەڵەکانی خۆی گفتوگۆ دەکردو پاشان لەرێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی «بیرۆکەکەمانت پێ چۆنە»،

ئەوانــی تــری لــە بیرۆکەکــەی خۆیــدا هاوبــەش دەکــرد، لەراســتیدا ئــەو ســتایلە زۆر نایــابو گرنگــە، مــن خــۆم هەمــان شــتم لــە (مــام جــەلال) بینیــووە، لــە (محەمــەدی مــەلا کەریــم)دا بینیوومــە، زۆر جــار مــام جــەلال بیرۆکەیەکــی پێدەوتــیو تەشــویقی پێدەکــردی، دواتریــش هــەر خــۆی دەیپرســی بیرۆکەکەمانــت پــێ چۆنــە، کەوایــە حــەزی بــەوە بــوو هاوبــەش بــۆ بیرۆکەکــە پەیــدا بــکاتو لەرێگــەی کارکردنــی بــە تیمــەوە پــەرە بــە هەمــوو ڕەهەندەکانــی بیرۆکەکــە بــدات.

# فەرمایشتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد
# لە نیۆرك (حقوق و حدود)

هەمـوو ئەهلـی قەڵـەم، کـۆی ئەوانەمـان کـە رزقو رۆزیمـان لەسـەر نووسـینە، لەرێگـەی کتێبەکانـەوە، بەهـۆی رۆژنامـەو گۆڤارەکانـەوە بـە مامۆسـتا (ئیبراهیـم ئەحمـەد) ئاشـناین، بـەڵام ئەوانـەی کـە چانسـی دیـداری ئـەو زاتەمـان پێبـڕاوە زۆرنیـن، تەمـەنو دابـڕانو ژیانـی ئـەو لـە تاراوگـە، لـەو ئاسـتەنگانە بـوون، کـە زۆرێـک لـە نەوەکـەی ئێمـە ئـەو دەرفەتەیـان نەبـوو لـە نزیکەوە بـە ئەزمـوونو یـادی دەوڵەمەنـدی مامۆسـتا ئاشـناو شـادبن، مـن بـۆ خـۆم یەکجـار بەدیـداری گەیشـتم.

لەکۆنگـرەی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی لەنیـۆرک بـۆ یەکەمجـار لـە نزیکـەوە (مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد)م بینـی، بەڕاسـتیش گفتوگۆیەکـی خۆشـمان کـرد، ئـەوەی وەبیـرم مابێـت دوو شـتی گرنگـی لێـوە فێربـووم، یەکەمیـان وتـی «میلەتەکـەی ئێمـە وادەزانـێ ئێمـە شـتی زۆر گەورەیـن، خـۆی کوردسـتان بیابانێکـی گەورەبـووەو ئێمـە وەک گـوڵ دەردەکەویـن، ئێمـە گـوڵ نیـن، خڕنوکیـن، بـەڵام لەبەرئـەوەی بیابانەکـەی ئێمـە کوردسـتانە، ئێمـە وەک گـوڵ دەرکەوتیـن». ئـەوەی تریـش لـەو فێردبـووم، وتـی «رۆڵـە مـن کـە ئەنوسـم، کەسـێکم ئەوێـت لێموەرگرێتـەوە،

ئەگینا بەردەوام دەستکاری دەکەم، چونکە ئەقڵی پێنچ کەس باشترە»، ئەو دوو ئەزموونە بۆ من سەرنج راکێش بوو، دوای ئەوەش بەڕاستی ئەوەی دووەمم لە ژیانی رۆژنامەنووسی خۆمدا بەجۆرێکی تر پەیڕەوکردەوە، زۆرجار کە سەروتار دەنوسم یان وتاری لاپەڕە یەک لە (کوردستانی نوێ) دەنووسم هەمیشە دەڵێم کاک (حەمە کەریم) سەیرێکی بکەو چاوێکی پێدا بخشێنەوە، یان بە (هەڵکەوت زەنگەنە) دەڵێم تەماشای بکەوە، فەزڵی ئەو هاوبەشیکردنەی هەڤاڵان لە نووسینو داڕشتنی چوارچێوەی گشتی وتارەکە لە ئەزموون و گێڕانەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە فێربووم.

هەر لەو کۆنگرەیەدا بە تاسوقی زۆرەوە گوێمان لەو تێکۆشەرو نووسەرە موخەزرەمەی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی دەگرت، لەیەکێک لەدانیشتنەکاندا بیرمە کەسێتیەکی پێکهاتەی ئاشوورییەکان قسەیکردو و من دەمهەویست وەڵامی بدەمەوە، بەڵام مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) نەیهێشت قسە بکەم، وتی «ئێمە بۆ جێگیرکردنی مافەکانی خۆمان لێرەین، نەک بۆ گفتوگۆ لەسەر سنووردارکردنی مافی خەڵکانی تر»، هەر کاتێکیش (ئیبراهیم ئەحمەد) قسەیەکی دەکرد هەموویان بێدەنگ دەبوون، ئەو یەکێک لە بەتەمەنترین بەشدارانی کۆنگرەکە بوو، بەدەنگێکی هێمنو لەسەر خۆ بە مایکەکەدا چپاندیو وتی «کورد دوو شتی لە عێراق گەرەکە، حقوقو حدود»، مافەکانمان چەندەو سنوورەکەشمان تا کوێیە، بەرای من ئەوە ترۆپکی خوێندنەوەی مەسەلەی کوردە لە دوو دێڕدا،

ئـــەوەش هەمـــان ئـــەو شـــتەیە کـــە مـــام جـــەلال لەمورافەعەکـــەی خۆیـــدا لەســـەر کەرکـــوک کـــردی.

لەژێـر رۆشـنایی ئـەو دیـدارە راگـوزەرەی یەکێـک لـە کۆڵەکـە سـەرەکییەکانی مێـژووی رۆژنامەگەریـی کـوردی، مـن دان بـەوەدا دەنێـم، کـە ناسـینو دیتنـی (ئیبراهیـم ئەحمـەد)ی رۆژنامەنـووس، بەتەنهـا بریتـی نیـە لـە ئەبدەیتکردنـەوەی ئـەو وێنـە زەینیانـەی لەسـەر ئـەو زاتـە لـە یادەوەریمـان چەسـپاوە، بەڵکـو وێسـتگەیەکی تـری فێربـوونو زانینـە، کـە بەشـێوەیەکی ئاسـان دەتوانیـن شـتی نوێـی لێـوە فێربیـن.

# مەسەلەی تۆڕەکە،
# نوێکردنەوەی ڕاگەیاندنی یەکێتیی

هەموو شتێک لە ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەزموونی من لەگەڵ میدیای حزبیی شتێک نیە لەگەڵیدا لەکێشە بم، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوونی میدیایەک و کۆکردنەوەی لەژێر مانشێتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هەر خۆی جۆرێکە لە مسداقیەتو راستگۆیی، جێکردنەوەی دامو دەزگایەکی راگەیاندن لەژێر ناوی یەکێتیدا دان پیانانێکی راستگۆیانەیە، کەوایە هەر پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی ئەو نەخشەو چوارچێوەیە، بە مانای ئەوە نایە کە تۆ شوناسە حزبیەکەت پێ نەنگی بێت، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە دەشێت لەو گۆڕانکارییە جارێکی تر بە تایپێکی تر روح بکەیتەوە بە بەر راگەیاندنەکەی خۆتدا. واتە لە بانگەوازی پرۆژەکەی خۆمدا کە بۆ نوێکردنەوەی میدیای یەکێتی خستمەڕوو، ئینکارکردن نییە لە یەکێتیی بوون یان حزبی بوون، فێڵێکیش نییە لە جەماوەرو وەرگران کە شتێکی تری پێ بڵێیت بە ناونیشانێکی ترەوە، بەڵکو ئەوە فۆڕمێکی تری رێکخستنی موڵکدارێتیو ئەو پەیوەندیانەیە کە پێویستە لە نێوان سیاسەتو راگەیاندندا هەبێت، یان لەنێوان پارتو میدیاکاندا هەبێت، ئەسڵ لەو بیرۆکەیە پەیوەندی بە چەند

هۆکارێکـەوە هەیـە.

یەکێـک لـە هۆکارەکانـی خسـتنەڕووی پرۆژەکـە، پەیوەنـدی بـە ئەزموونـی دوورو درێـژی خۆمـەوە هەیـە، کـە ماوەیەکـی زۆر هـەم لـە راگەیاندنـی یەکێتـی کارمکـردووەو هـەم لەوانـەی دەرەوەی یەکێتـی لـە (ئاسـۆ)و (دەزگای خەنـدان)، ئـەو ئەزموونـە منـی گەیانـدە ئـەو قەناعەتـەی ئـەم پرۆژەیـە بخەمـەڕوو، بـەڵام بۆچـی لە سـاڵی (٢٠١٤) خەیاڵـی پرۆژەکـە چەکەرەیکـرد، چونکە لەدوای ئەو قۆناغـەوە ئیـدی راگەیاندنـی حزبیـی کەوتە بەر کۆمەڵێک نەشـتەری جیاجیـاوەو زۆر کێشـەی دەروونـی بـۆ دروسـتکردین، راسـتیەکەی چونکـە یەکێتـی حزبێکـی بەرپرسـیارەو روبەڕێکـی جوگرافـی گەورە بەڕێـوە دەبـات، لەبەرئـەوە هـەر گلەیـیو دەردەڵێـک لەبەرامبـەر یەکێتـی هەبێـت، راسـتەوخۆ روبـەڕووی میدیاکـەی دەکرێتـەوەو کەناڵەکانـی بـە ئامانـج دەگیـرێ، لەکۆڵانێـک کەسـێک دڵـی لـە یەکێتـی گـەرد بگـرێ، راسـتەوخۆ بـە هـەق و ناحـەق پەلامـاری راگەیاندنەکـەی دەدات، جگـە لـەوەش هۆکارێکـی تـر ئەوەیـە دامـەزراوەی میدیایـی حزبیـی هەندێکجـار تێـری ئـەو پێداویسـتییانە نـاکات، کـە گەشـەی کۆمەڵایەتـی یـان گەشـەی فکـری لـە پرۆسـەی سیاسـی هـەر وڵاتێکـدا بەخۆیـەوە دەیبینـێ، مەبەسـتم ئەوەیـە بـۆ نموونـە دەزگاکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەگشـتی نەک تەنهـا راگەیاندنەکـەی، تێـری پێداویسـتییەکانی قۆناغـی سیاسـی کوردسـتان نـاکات، ئـەو هێـزەی خوێـن و قوربانـی زۆری بـۆ ئـەو ژیانـە سیاسـییە داوە، بـەڵام ئاسـتەنگی زۆر روبـەڕووی بۆتـەوە، جیابوونـەوەو پاشـقوڵ لێگرتـنو ململانێـی ناوخۆیـی شـتێک نەبوون

تەنها لە ئۆرگانەکانی ڕێکخستندا ڕوویاندابێت، بەڵکو دواجار لەناو ڕاگەیاندنیش لێکەوتەیان هەبووە، لەبەرئەوە گرنگە بە چاوی ڕەخنەو بونیادنانەوە لەکۆی دامەزراوەی میدیای یەکێتی بڕوانینو پەنجە بخەینە سەر برینەکان، بۆیە من لەو پرۆژەیەدا لەسەر چەند ئاستو جومگەیەک کارمکردووە، لەوانە:

**یەکەم**: لەپرۆژەکەدا من لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن نیم، بەڵکو پێموایە پێویستە ئەو ئۆرگانە وەک دامەزراوەیەکی یەکێتی بمێنێتەوە، بەڵام ئەرکو وەزیفەکەی بگۆڕێت، کاری ئەو مەکتەبە بریتی بێت لەڕێکخستنی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ میدیاو ماس میدیا، یەکسان دەبێت بەرۆڵ بینینی وەک چەترێک بۆ ڕێکخستنەوەی شێوازی کارلێکی یەکێتی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکەی خۆیو ئەوانەشی کە دۆستی یەکێتین، بەو مانایەی کە ئەرکی ئەو ئۆرگانە حزبیە بریتی دەبێت لە دروستکردنی لینکێکی هاوبەش لەنێوان کۆی یەکێتیو تەواوی ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لەچوارچێوەی سیاسەتو ستراتیژی یەکێتیدا ڕوماڵی ڕووداوەکان دەکەن، بەوپێیەش ڕۆڵەکەی، ڕۆڵێکی هەماهەنگی دەبێ.

**دووەم**: لە پرۆژەکەدا، لەگەڵ ئەوەم دەزگایەکی ڕاگەیاندن هەبێت، هەموو خەڵک بزانێت کە هی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی بە جۆرێکی تر ڕێکبخرێتەوە، کە لەسەر بنەڕەتی دیموکراسیو حورمەت بێت، دەشێت ئەو دەزگایە چوارچێوەیەکی گەورە بێتو مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیش بەشێک بێت لەو چوارچێوەیە،

بۆ ئەوەی زەمانی ئەوەش بکەیت کە ستراتیژی دەزگاکەو سیاسەتە میدیاییەکە هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەتی یەکێتی، دەکرێت ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سەرپەرشتی پرۆژەکە بکات، جگە لەو لێپرسراوی هەموو کارەکتەرەکانی ناو ئەو پرۆژەیە لەسەر بنەمای پیشەیی مامەڵە بکەن، بەواتای ئەوەی هەر هەڤاڵێک لەناو ئەو دامەزراوەیە کاریکرد دەبێت ناونیشانو وەزیفە حزبییەکەی خۆی لە پرسگە بەجێ بهێڵێتو لەوێ نووسەرێکی باش یا بێژەرێکی باش، یا گۆشەنووسێکی باش بێت، لەبەرئەوە پێشنیارەکەی من ئەوەبوو، کە بە تەنیشت یەکترەوە، یەکێتی مەکتەبێکی راگەیاندنی هەبێت سەرقاڵی رێکخستنی پەیوەندی یەکێتیو میدیاکانی تر بێو دامەزراوەیەکی راگەیاندنیش هەبێت کە لەدەرەوەی ئەو هەموو دیسپلینە حزبییە بە ئیشی پیشەیی خۆی هەستێت.

**سێیەم**: هۆکارێکی تری سووربوونی من لەسەر پرۆژەکە، پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە راگەیاندن وەک جاران نەماوە، من جارێکی تر ئەو ئیدیۆمەی خۆم بەکاردەهێنمەوە، کە «کەبابخانە کەبابخەنەیەو چێشتخانەش چێشتخانە»، هەر یەکەو لەسەر جۆرێک لە پسپۆڕیو دەستاوکار دەکات، رەنگە لە رواڵەتدا راگەیاندنیش هەر یەکەو بە دەستاوی خۆی کاربکات، بەڵام خۆ ئەوە رێگە لەوە ناگرێت کە بەتۆڕێکی بەتینو بەهێز بەیەکترەوە گرێبدرێنەوە. راستە تۆ رۆژنامەیەکت هەیەو دەشێ چەند کەناڵێکیشت هەبێت، رەنگە چەندین ئێزگەو تۆڕی کۆمەڵایەتیش موڵکەیەتیەکەیان بۆ تۆ بگەڕێتەوە، بەڵام دواجار

ئـەو هەمـوو بەخششـە میدیاییـە بەیەکـەوە نەبەسـتراونەتەوەو نەبوونـە تۆڕێکـی هاوبـەش، کەوابێـت مـادام ئـەو تـۆڕە نیـە، کەوایە سـەرباری پـەرتبوونـی گوتـارو جیاوازیـی رومـاڵ، خەرجیەکـی زۆریـش روبـەڕووت دەبێتـەوەو پارەیەکـی زۆر بـە هـەدەر دەڕوات، لەکاتێکـدا ئـەو پـارە بەهـەدەر دراوە، دەشـێت بخرێتـە خزمـەت پێشخسـتنی زیاتـری کەناڵـەکان.

هەمـوو ئەوانـە پێکـەوە هـۆکار بـوون، کـە بیـر لـە نووسـینی پرۆژەکـە بکەمـەوە، ئەوکاتیـش مـن لەگـەڵ زۆربـەی هەڤـاڵان باسـی ئەوەمـان کـرد، کـە ئـەو دەزگایانـەی هەمانـن، نایانڕوخێنیـن بـۆ ئـەوەی دانەیەکـی نوێ دروسـت بکەینەوە، بەڵکو دەستەخوشـکێکی نـوێ دروسـت دەکەیـنو نـاوی دەنێیـن (رێبـازی نـوێ)، کەوایـە ناونانـی ئـەو دامەزراوەیـە بـە ناوێکـەوە دەبێـت کـە لەفەرهەنـگو مێـژووی راگەیاندنـی یەکێتییـەوە هەڵێنجـراوە، شـتێکە هەمـوو کـەس دەزانێـت موڵکایەتیەکـەی بـۆ یەکێتـی دەگێڕێتـەوە، وەک چـۆن ئێسـتا کۆمپانیایـەک هەیـە نـاوی (نـۆکان)ە، خەڵـک کـە گوێـی لـەو نـاوە دەبێـت دەزانێـت هـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانە، لەبەرئـەوەی نـاوی نۆکانـی هەڵبـژاردووە، ئـەو نـاوو شـوێنەی رەهەندێکـی مێژوویـی هەیـەو شـوێنی یەکێتـی بـووە لـە خەباتـی شـاخدا، بـەڵام ئـەو کۆمپانیایـە پەیوەنـدی خۆی لـە بازاڕدا بەگوێـرەی ئـەو یاسـایانەی لـە وڵاتـدا کاری پێدەکرێت رێکخسـتووە، ئەمـە جیـاوازە لـە مەکتەبـی دارایـی، بۆیـە پێشـنیارمکرد نـاوی دەزگاکـە بنێیـن رێبـازی نـوێ، کـە وتـت رێبـازی نـوێ خەڵـک دەزانـێ بڵاوکراوەیەکـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو،

کەواتــە ئەمــە راگەیاندنێکــە هــی یەکێتیــەو بــۆ یەکێتیــە، بــەڵام مــەرج نیــە موڵکایەتیەکــەی بەنــاوی یەکێتییــەوە بێــت، ئێســتا بــۆ نموونــە (کوردســتانی نــوێ) خاوەنــی ئیمتیازەکــەی تائێســتاش (دکتــۆر فوئــاد مەعســوم)ە، دوو ســێ جــار شــکاتیان لێکــرد، ئاخــر خــۆ نابێــت پیاوێــک بــەو پێگــەو تەمەنــە، بــەو کەســایەتیە دیــارەوە بچێــت بــەدوای شــکاتێکدا، لەبەرئــەوە پێشــنیاری مــن ئــەوە بــوو، ئــەو دەزگایــە بــە ناوەکــەی دیاربێــت ســەر بــە یەکێتیــە، بــەڵام لــەدەرەوەی یەکێتــی کاری راگەیانــدن دەکاتو هــەر هەڵەیــەک بــکات یەکێتــی باجەکــەی نــادات.

# پرۆژەی نوێ، بۆ رزگاربوون لە هەواڵی تەشریفاتی

ئەگەر بمانەوێت لە پرۆژەی (رێبازی نوێ) تێبگەینو لەشوێنی هەواڵی تەشریفاتی لە دامەزراوەیەکی لەو جۆرە حاڵی بین، گرنگە دووبارە ئەزموونی خەندانو ئاسۆ بخوێنینەوە، لەراستیشدا ئەو بیرۆکەیە پێش حەڤدە ساڵ بۆ خەندانمان دانابوو، ئەوکاتیش دیدگاکە بریتی نەبوو لەوەی ئێمە حاشامان لە یەکێتیبوونی خۆمان کردبێت، قەت رۆژێک لە رۆژان نەموتووە یەکێتیی نیم، بەڵام دەڵێم دەشێت باخچەی پێشەوەمان هەبێتو لەو باخچەیەدا لەسەر بنەمای پیشەییبوون کاری باغەوانی گوڵو گوڵزارەکانی رۆژنامەنووسیی بکەین، لەوێدا لەسەر بنەمای لێوەشاوەییو لێهاتوویی، کارەکان لەتۆرێکی فراواندا رێکبخەینو میدیا مەحکوم نەکەین بەدیدگای کەسێکەوە یان تیمێکەوە، خۆ سەرەتا خەندانیش وابوو، هەموو خەڵک دەیزانی دامەزراوەیەکە دیدێکی سیاسی خۆی هەیە، بەڵام دواتر بەداخەوە هەر کردیان بەهی کەسێک.

لەبنەڕەتەوە هەموو دامەزراوەیەک لەسەر فەلسەفەیەک دادەمەزرێت، لە پێشدا فەلسەفەکە هەیە، پاشان دامەزراوەکە بنیادەکرێت، کەوایە ئەسڵ فەلسەفەکەیە نەک دامەزراوە،

بنەڕەتەکە مەسجەکەیە نەک ئامرازەکە، کەچی خەڵک بەداخەوە وا دەق بەدامەزراوەکانەوە دەگرێت، وادەزانێ دینەکە ئەوەیە، لەکاتێکدا ئاینەکە شتێکی ترە، دینەکە ئەسڵی ڕێبازەکەیە. لەبەرئەوە ئامرازو ناوەکان گرنگ نین، تۆ دەزانی ڕۆژنامەکەی یەکێتی لە شاخ ناوی (ڕێبازی نوێ) بوو، عەرەبییەکەش ناوی (شەرارە)، کە هاتە کوردستانی ئازاد ناوی (ڕێبازی نوێ)ی کرد بە گۆڤارێک، بەڵام ڕۆژنامە ڕۆژانەکەی ناونا (کوردستانی نوێ)، ڕۆژنامە عەرەبیەکەشی ناونا (ئیتیحاد)، کەواتە ناو کێشە نییە، بۆ نموونە (گەلی کوردستان) ناوبنرایە ئەزمەڕ، خۆ ئەزمەڕ شاخێکی گەورەیە لە کوردستانو خەڵک دەیزانی ئەمە هی یەکێتییە، بیرمە پێشنیارم نارد بۆ (ئازاد جوندیانی) ئەوکاتەی لێپرسراوی ڕاگەیاندنی یەکێتیی بوو، وتم کاکە «تۆ ئێستە سەتەلایتێکت هەیە بەناوی گەلی کوردستان، لەبەرئەوەی تۆ هەست دەکەیت ئەو سەتەلایتە نەیتوانی پێداویستی هەموو کوردستان پڕبکاتەوە، کەناڵێکت داناوە لە کەرکوکو دانەیەکی ترت داناوە لە بادینانو ناوخۆیەکیشت داناوە لە هەولێر، ئەوە ستەمە لە هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە ناوخۆییەکت هەبێت»، وتم «بابێین شتێک بکەین»، وتی «چی بکەین»، وتم «وەک چۆن ئێم بی سیەکان وەک چەپک بە ژمارە لەیەکتر جیادەبنەوە، دەکرێت چەپکە کەناڵی گەلی کوردستان هەبێتو هەر یەکێکیان تەرخان بێت بۆ شارێک»، من ئێستاش لەو باوەڕەدام ئەو شێوازە مامەڵەکردنەی ئێستامان بریتیە لە پەرتکردنی وەرگرانی خۆمان.

بابێمـــەوە ســـەر ئـــەو تـــەوەرەی کـــە پەیوەســـتە بـــە ڕەنگدانـــەوەی هەواڵـــی تەشـــریفاتی لەنـــاو میدیـــادا، پێموایـــە ئـــەو هەویـــرە ئـــاوی زۆر دەکێشـــێ، چونکـــە هەمیشـــە سروشـــتی مـــرۆڤ وایـــە، کـــە خواســـتی دەرکەوتنـــی لەمیدیـــادا کردۆتـــە بنەڕەتـــی هەموو جوڵـــەو چالاکیـــەک، ئیـــدی چ جـــای ئـــەوەی کـــە ڕاگەیاندنەکـــە بە هی خـــۆی بزانـــێو بەهـــۆی پلـــەو پۆســـتەکەیەوە، دامەزراوەکانـــی میدیـــا بـــە ســـنووری قەڵەمـــڕەوی خـــۆی لەقەڵـــەم بـــدات. ئێمـــە لەهەمـــوو کـــەس زیاتـــر لـــەو دەردە دڵـــە تێدەگەیـــنو بەردەوامیـــش بەهـــۆی ئـــەو تێگەیشـــتنەوە فشـــاری هەمـــە چەشـــنەمان لەســـەر دروســـتبووە، بەدبەختیەکـــە لەوەدایـــە هەڤـــاڵ هەبـــووە، خـــۆی دامەزراوەیەکـــی ڕاگەیاندنـــی هەبـــووە، کەچـــی تەلەفۆنـــی کـــردووە کـــە بۆچـــی هەواڵەکـــەی بڵاوناکەینـــەوە، وتوومـــە تـــۆ خـــۆت ڕۆژنامـــەت هەیـــە بـــۆ لای خۆتـــان بڵاویناکەنـــەوە، ئاخـــر ئـــەوە وەک ئـــەوە وایە تۆ کلێنکس لـــە حەوشـــەو ماڵـــی خـــۆت فڕێنەدەیـــتو لەســـەر شـــەقامەکان جێـــی بهێڵێـــت، بـــە عەقڵـــی کـــێ ڕەوایـــە تـــۆ ڕۆژنامـــەی خۆتـــە هەواڵـــی تەشـــریفاتی بڵاوناکەیتـــەوە، بـــەڵام لای مـــن هەواڵـــە تەشـــریفاتەکان بڵاودەکەیتـــەوە، مانـــای وایـــە تـــۆ ناتەوێـــت من کاری ڕۆژنامەنووســـی بکـــەمو دەتـــەوێ مـــن چڵـــکاو خـــۆری بکـــەم، بەڕاســـتی ئـــەوە ئیشـــی مـــن نیـــە، هەمیشـــە ووتوومـــە کارکـــردن لەمیدیـــای حزبیـــدا، بـــۆ مـــن فۆڕمێکـــی تـــری پێشـــمەرگایەتیە لەپێنـــاو کـــوردو یەکێتیـــدا، بـــەڵام تـــۆ کـــە دەتەوێـــت مـــن لـــەدەرەوەی ئـــەو دوو بەهایـــە ســـەرقاڵم بکـــەی بـــە تەشـــریفات، دەبێـــت بزانیـــت ئـــەوە تـــۆ مەبەســـتتە جاشـــایەتیم پـــێ بکـــەی، مـــن ئـــەوە ناکـــەمو لەشـــانو شـــەوکەتم ناوەشـــێتەوە،

جگـه لـەوەش دەبێـت ئـەو دیاردەیـە کۆتایـی پـێ بێـت، خـۆ ئێمـە نامانەوێـت راگەیانـدن دروسـت بکەیـن دژی یەکێتـی بێـت، بەڵکـو دەمانەوێـت فۆڕمێکـی نـوێ بدۆزینـەوە کـە لـە هەژمـوونو قەڵەمڕەوی تەشـریفاتو خـۆ بەپاڵەوانکردنـی کەسـەکان رزگارمـان بێـت.

# پێکهاتەکان لە ئەندێشەی یەکێتیيانەدا

جارێکی تر دەربارەی پێکهاتەکان قسە دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر کۆی میدیای کوردییە دەربارەی پێکهاتەکان شتێکەو ئەگەریش بە تەنها بە بنەماگرتنی میدیای یەکێتیە شتێکی تر، خۆم پێموایە هەموو میدیای کوردستانیی لەو خەوشیو کەموکورییەدا دەژیت، هەموو جارێک جەنابی مام جەلال بە نوکتە دەیووت لە حوشتریان پرسی بۆچی پشتت خوارە، وتی ئینجا من کوێم راستە، کەموکوڕی میدیای کوردی، کەمو کوڕییەک نییە لە بوارێکدا بەرجەستە بووبێت، بەڵکو لەهەموو بوارەکاندایە، بەڵام لەهەندێک ئاستدا خەوشییەکە یەکجار گەورەو زەقەو بە ئاشکرا دیارە.

کاتێک لەسەر رەهەندە جیاجیاکانی کەموکورتی میدیای کوردی دەوەستین، پەی بەو دیوە پەنهانانە دەبەین کە تێیدا میدیا شکستی هێناوەو دەبێت پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، درک بەو هەڵە زەقانە دەکەین کە راگەیاندن بەشێوەیەکی باش مامەڵەی لەگەڵ نەکردوون، یەکێک لەو پرسانە مەسەلەی ژنانە، تۆ دێیتو لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان دەکەیتو لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا قەتیسی دەکەیت، لەکاتێکدا دەشێت هەموو

رۆژنامەکــە بدەیتــە دەســت ژنــەوە، ئــەوە بــۆ ئەدەبــی ژنانیــش راســتە، ئــەو پۆلێنبەندیــە هەڵەیــە، شــاکاری جــوانو دەقــی نایــاب ژن بینووســێت یــان پیــاو بــۆ دەبێــت جیاکاریــی لەبەرامبــەردا بکرێــت، ئــەو رۆمانــەی (ئەلیــف شــەفەق) دەخوێنیتــەوە چێژێکــی هەیــەو ئــەوەی (یەشــار کەمال)یــش چێژێکــی تــر، هیــچ کاتێــک نابێــت رەگــەزو خەســڵەتو ئایدۆلۆژیــا ببێتــە بەربەســتی بــەردەم نووســینێکی نــاوازە، تــۆ ســەیر بکــە (دیستۆفیســکی) هەمــوو جیهــان دەیخوێنێتــەوە، بــەڵام (مەکســیم گۆرکــی) هــەر شــیوعیەکان تامــەزرۆی خوێندنــەوەی دەکــەن، گۆرکــی نەیتوانــی ســەدەی بیســتەم تێپەڕێنــێ لەکاتێکــدا ئــەدەبو شاکارەکانیشــی بەپێــزن، کەچــی ئەدەبــی (تۆڵســتۆی) ئێســتاش هەمــوو نەتەوەکان دەیخوێننــەوە، شــەڕو ئاشــتیەکەی گیانــی بــە بــەردا دەکاتو چەنــد جارێــک کــراوە بــە فیلــم، (ئانــا کاینــا)ی تۆڵســتۆی کــراوە بــە فیلــم، مــن هەمــوو جارێــک دەڵێــم ئەوروپیــەکان لــە شەســتەکاندا فیلمــی (شــەڕو ئاشــتی)ان دروســتکرد، بــەڵام هەمــان رۆمــان چونکــە بەزمانــی نەتەوەیــی خۆیــان نوســراوە روســەکان دڵیــان نەهــات کورتــی بکەنــەوەو کردیــان بــە چــوار فیلــم.

هەرچۆنێــک بێــت ســەرباری ئــەوەی هەندێــک لــە کرۆکــی پرســیارەکە دوورکەوتمــەوە، بــەڵام دەمهەوێــت بەجۆرێکــی تــر لەســەر پرســی پێکهاتەکانــی تــرو دیــدگای یەکێتیانــە بوەســتم، بەتایبــەت یەکێتیــی کــە وەک هێزێکــی کوردســتانیی لەمێــژووی تێکۆشــانی خۆیــدا توانیوویەتــی نوێنەرایەتــی راســتەقینەی تــەواوی پێکهاتەکانــی خەڵکــی کوردســتان بــکاتو ئــەو یەکتــر

پەسـەندکردنەش لـە گوتـارو سیاسـەتیدا رەنگبداتـەوە، نـەک هـەر یەکێتـی بەڵکـو هێزەکانـی تریـش لـە قۆناغـی رزگاری نیشـتمانیدا جۆرێـک لـە ئاوێتەبوونـی خەبـاتو دۆزینەوەی فۆرمێکـی هاوخەباتی بەخۆیـەوە بینیبـوو، تەنانـەت ئـەم پارتیـەی کـە ئێسـتا هەیـە، ئـەم پارتییـە لەهـەردوو جەناحەکەشـی کـوردی هەمـوو بەشـەکانی تـری تێدابـوو، پێکهاتـە نەتەوەیـیو ئاینەکانـی تێدابـووە، سـەیر بکـە ئـەو رۆژنامەنووسـانەی لـە ئەزموونـی شۆڕشـی ئەیلولـدا هاتـوون بـۆ لای (مـەلا مسـتەفا)و چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کـردووە، خەڵکـی تێـدا بـووە لـە بنەماڵـەی (جەمیـل پاشـای دیـار بەکـری پاشـا)، خەڵکـی تێـدا بـووە لـە بنەماڵـەی (شـەمزینەکان)، مەسـیحیو کاکەیـیو ئێـزدیو ئاشـووریو تورکمانـی تێدابـووە، بـەڵام کاتێـک ئـەو هێزانـە دەبنـە دەسـەڵات، لەجیاتـی ئـەوەی ببێتـە دەرفەتێـک مافـی زەوتکـراوی ئـەو پێکهاتانـە بداتـەوە، کـە لەقۆناغـی رزگاری نیشـتمانیی هاوکاربـوون، بەپێچەوانـەوە تەماعـی پرسـی خاوەندارییەتـی دێتـە پێشـەوەو وەک سیسـتەمی پێـش خۆمـان شـوێن یاسـاو رێسـا خراپـەکان دەکەویـن، یەکێتـی بەهەمـان شـێوە هەرچـی تێکۆشـەرە لەمنداڵدانـی ئێمەوە بۆ کوردسـتان تێکۆشـاون، سـەرکردە حسـێن باباشـێخی ئێـزدی شـەهید دەبێـتو (سـۆرانی مەسـیحی) گیانـی خـۆی فیـدای کوردسـتان دەکاتو (عـادل مـوراد) تـا دوا هەناسـە لەخەمـی سەرخسـتنی خەباتـی کوردسـتان دەبێـت، کەچـی کاتو دەورانـی تـر ئێمـە ناتوانیـن بـاش بیـر بکەینـەوە، بەنموونـە ئەگـەر بەپێـی سیسـتەمی سیاسـی عێـراق بوایـە، ئێمـە نەدەبوایـە (عـادل مـوراد) بکەیـن بەسەرنووسـەری رۆژنامـەی

(ئیتیحـــاد) و لێپرســـراوی مەکتەبـــی ڕاگەیانـــدن، لەبەرئـــەوەی فەیلیـــەکان ڕەگەزنامـــەی عیراقیـــان لێســـەندراوەتەوە، بـــەڵام مـــن خەبـات دەکـەم بـۆ ئـەوەی ئـەو سیسـتەمە سیاسـییە بگـۆڕمو ئـەو جیاکارییـە نەمێنێـت، نـەک شـوێن ئـەو بەهـا ڕەگەزپەرسـتیانەی بەعـس بکـەومو بـە فۆڕمێکـی تـر جێبەجێیـان بکەمـەوە، ئاخـر تـۆ بیربکـەوە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لەوشـاخ و داخـە (یوسـف زۆزانـی، عومـەر شـێخ مـووس) ئەندامـن تێیـدا، یەکێکیـان دەسـتەی دامەزرێنـەرەو ئـەوی تریـان لـە تێکۆشـەرە دێرینەکانـە، بـەڵام مەعقولـە مافـی ئـەوە نەدەیـت بـە پیاوێکـی وەکـو (یوسـف زۆزانـی) سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (ئیتیحـاد) بێـت، بۆچـی ئەبێـت کوردێکـی عیـراق سەرنووسـەر بێـت و کەسـێکی کوردپـەروەرو تێکۆشـەری تـر ئـەو مافـەی نەبـێ، ئـەو دابەشـکردن و جیاکارییـە حەیـاو ئابـڕوی ئێمـە دەبـاتو بچووکمـان دەکاتـەوە.

بیرکردنـەوەی لۆکاڵیانـەو پشتبەسـتن تەنهـا بـەوەی دەبێـت کـوردی عێـراق بیـت، یـان ناسـنامەکەت تەنهـا کـوردی بێـت، شـتێک نیـە یەکێتـی شـانازی پێـوە بـکاتو خـۆی پێـوە بابـدات، بەڵکـو ئـەوە فەرهەنگێکـی ناپەسـەندی هاوردەکـراوە، هێـزی تـر هێناویانـەو بەسـەر ئێرەیانـدا سـەپاندووە، ئەگەرنـا یەکێتـی بـە فەرهەنـگو خوێـن لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە قـەدەری هاوخەباتـی هەڵبـژاردووە، دەنـا کـە تێکۆشـەرانی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە سـووریا بـوون نانـی کـوردی سـوریایان دەخـوارد بـۆ نەیـان دەووت ئـەم نانـە ناخۆیـن، نانـی کوردسـتانی عیـراق نییـە، ئـەو یارمەتیانـەی کـە (حەمیـد دەرویـش) داویەتـی بـە یەکێتـی

وەرمـان نەدەگـرتو دەمانـووت دراوی سـوریامان پێویسـت نییـە، یـان کـە (جەعفـەری شـەفیعی) پـارەی بـۆ دەهێنایـن، بڵێیـن وەڵـڵا وەریناگریـنو شـۆڕش بـە تمەنـی ئێرانـی ناکەیـن، ئـێ خـۆ هەمـوو بزوتنـەوە چەپـەکان بـە پـارەی دۆلار مامەڵـەیـان کـردووە، لەکاتێکدا دژی ئەمەریکاشـن، لەبـەر ئـەوە کێشـەکە بیرکردنەوەیـەو لەبیـر خۆبردنەوەشـە، بیرکردنەوەیـە لـەوەی کـە نابێـت بەپێودانگی رۆژگار مامەڵــە لەگــەڵ پێکهاتــەو دۆســتە قەدیمەکانــی خۆمــان بکەیـنو لەبیرخۆبردنـەوەی ئەوەشــە کـە رەفتـاری ناپەسـەند کـە درز دەخاتــە پەیوەندییەکانمانــەوە دەبێــت وەلا بنێرێـت.

مـن لەگـەڵ بوژاندنـەوەی ئەندێشـە قەدیمەکـەی یەکێتیـم، بـۆ ئـەوەی یەکێتـی وەک هێـزو میدیاکەشـی وەک ئامرازێـک وەک جارانــی لــێ بکرێتــەوە، دەبێــت جێــگای تێکۆشــەرانی کــوردی پارچەکانـی تـری تێـدا پارێـزراو بێتو هەروەهـا هاونیشـتمانییەکانی پێکهاتەکانـی تـر لـە تورکمـانو ئاشـوریو کلدانیـش خۆیانـی تێـدا ببیننـەوە، ئـەوەی مـن لـە ژیانـی پیشـەیی خۆمـدا پەیڕەومکـردووە، جـا چ لـە کوردسـتانی نـوێ بووبـم یـا ئاسـۆ، هـەر بـەو نەفەسـە مامەڵـەم کـردووە، کـە ئەزموونـی ئێمـە بـە تەنهـا هـی ئێمـە نیـە، موڵکایەتـی یەکێتـیو کوردسـتان بەتەنهـا بـۆ ئێمـە ناگەڕێتـەوە، بەڵکـو بـۆ ئـەو تێکۆشـەرانەش دەگەڕێتـەوە، کـە لـەرۆژگاری پـڕ برینـی ئـەو نەتەوەیـەدا وەک تێکۆشـەر، یەکێتـیو کوردسـتانیان جێنەهێشـتووە.

ئەگــەر بەشــێوەیەکی وورد لــە رووداوەکان رابمێنیــن، کاریگــەری دیــاری ئــەو کەســایەتیانە درک پێدەکەیــن کــە لــە

چوارچێوەی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانیی ئێمەدا چەند رۆڵێکی گەورەیان بینیووەو کوردیش نەبوون، لەسەرخستنی پرسە نەتەوەییەکانی ئێمەدا هاوبەش بوونو سەربە نەتەوەی ئێمەش نەبوون، ئازارەکانی ئێمەیان نووسیووەتەوەو شوناسەکەیان کوردی بەبووە، قۆناغبەندییەکانی مێژووی کوردیان تۆمار کردووەو سەر بە نەتەوەو پێکهاتەکانی تر بوون، مەگەر بیرمان دەچێتەوە (کاترین میخایل)ی ئاشووری چۆن وەک شێرە ژنێک لەدادگای تاوانەکانی سەرانی بەعس لەسەر دۆسیەی ئەنفال بەڕوی سەدامدا وەستایەوەو بە بەڵگە شاڵاوی ئەنفالی بادینانی لەسەر سەدام ساغکردەوە، ئەوانە نموونەیەکن لە هاوخەباتیو هاوچارەنووسی ئێمەو ئەوان، کە دەبوایە رۆژنامەو میدیاکانی ئێمە بەشێوەیەکی قوڵترو باشتر رومالیان کردبایەو ئەو فیگەرانەیان بە چەشنێکی تر بە وەرگران ئاشنا کردبایەوە، بەڵام کە نەکرا ئەوە بەباوەڕی من نیشانەی لاوازی ئەندێشەی دامەزراوەکانە، من نموونەیەک بەتۆ دەڵێم: کاتی خۆی دەزگای راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەهاتو دەچوو هەرباسی یەکێتیو کارەکتەرەکانی یەکێتی دەکرد، بەڵام کە دەزگای چاپەمەنی خاک دروستبوو، دەهاتو بەرنامەی هەمە چەشنەی لەسەر (شێخ مەحمود) دەکرد، لەسەر (رەفیق حیلمی) دۆکۆمێنتاری بەرهەمدەهێنا، لەسەر (پیرەمێرد) فیچەری سازدەکرد، لەکاتێکدا هەندێک لەوانە ناکۆکی سیاسیان لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد) هەبووە، کە هێرۆخان کچەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خۆی خاوەندارییەتی دامەزراوەکەشی دەکرد،

بەلام بەدیدێکی کراوەو فراوانەوە لەو مێژووەی دەڕوانی ئەوەش نیشانی دەدات ئەوە گرێ دەرونییەکانی دامەزراوەکانە ناتوانن ئەو ناکۆکیو دەردەڵە تێپەڕێننو کارەکتەرە مێژووییەکان لەگرێو گۆڵی سیاسیو ئایدیۆلۆژیو نەتەوەیی داببڕن.

# یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی و سەرنجەکانم

رۆژنامەنووسـیی وەک هـەر بوارێکـی تـری ژیـانو ژیاریـی پێویسـتی بـە رێکخسـتن هەیـە، فۆڕمـی ئـەو رێکخسـتنە بـەدوو شـێوە دێتـەدی، یەکەمیـان لەرێگـەی ئـەو میسـاقو چوارچێـوە ئەخلاقییانـەی کـە دامەزراوەیـەک یـان چەنـد دامەزراوەیـەک بـۆ خۆ پابەندکـردن بڕیـاری لێـدەدەن، دووەمیـش لەرێگـەی ئـەو یاسـایەی دامـەزراوەی یاسـادانان بەپشـت بەسـتن بـە سـەرنجو تێبینـی رۆژنامەنووسـانو پسـپۆڕان پەسـەندی دەکـەن، ئـەوەی یەکـەم تـا ئێسـتا لەکوردسـتان نەبۆتـە مۆدێـلو ئـەوەی دووەمیـش یاسـایەکە هـەم لەناوەڕۆکـدا پێویسـتی بـە پێداچوونەوەیـەو هەمیـش لـە دادگاکان پێویسـتی بـە جێبەجێکـردن هەیـە.

ئەوکاتـەی یاسـای کاری رۆژنامەنووسـیی پەسـەندکرا، مـن لە راگەیاندنـی یەکێتـی نەبـوومو لەدامـەزراوەی خەنـدان کارمدەکـردو بەهیـچ جۆرێـک بـۆ سـەرنجو تێبینیـەکان پرسـیان پێنەکـردم، بەپێچەوانـەوە مـن یەکێـک بـووم لـەو کەسانەی لەهەندێـک مـاددەو برگـەی یاسـاکە ناڕازیبـووم، وەک زۆرێکـی تـر لـە بەسـتنەوەی پرسـی ئاسایشـی نەتەوەیـیو چەمـک گەلـی تـر بـە یاسـاکەوە نیگـەران بـووم، وەک بیـرم بێـت بەشـێکی زۆری رۆژنامەنووسـان

نامەیەکی پڕ لە نیگەرانیمان ئیمزا کردو ئەوەمان بە هەمووان ووت کە دەشێت ئەو ناڕۆشنیو دیوە پەنهانەی یاساکە لە داهاتوودا بەهۆی راڤەکردنی خراپەوە ببێتە تەوق لەدەستو ملی رۆژنامەنووساندا. لەراستیشدا من لەگەڵ بەشی زۆری یاساکە بوومو تێبینییەکانم تەنیا دوو بواری دەگرتەوە:

**بواری یەکەم:** یاساکە لەهەندێک برگەی لاستیکی بوو، ناڕۆشنو پەنهان، بواری راڤەکردنی جیاجیای دەداو لەوانەبوو لە داهاتوودا ببێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم رۆژنامەنووسان، من بۆ سێو دوو لەگەڵ رۆژنامەنووسانی ئۆپۆزسیۆن کە گوزارشت بوون لەوانەی لەناو میدیای ئەهلیدا کاردەکەن ئیمزام کرد، لەبەرئەوەی منیش هەمان تێڕوانینو مەترسیم درک پێدەکرد.

**بواری دووەم:** لە یاساکەدا فۆکەسی سزادانی دارایی لەسەر رۆژنامەنووسە، کە من پێموابوو دەبێت لەسەر دامەزراوەکە بێت، چونکە هەم لە ئاراستەکردنو هەمیش لە بڵاوکردنەوە ئۆباڵە گەورەکە لەسەر دامەزراوەکەیە لەجێگەی ئەوەی لەسەر رۆژنامەنووسەکە بێت. لەراستیشدا هەندێک برگە هەبوو زیاد لە پێویست لیبراڵ بوو، زیاد لە پێویست فشۆڵبوو، کە پەیوەندی بەسزاکانەوە هەیە، ئاخر خۆ ئەوکاتەی من لاسارییو سەرپێچی دەکەم دەبێت سزا بدرێم، من خۆم لەگەڵ ئەوە بووم ئەو پارەیەی کە دانراوە کەمەو دەبێت زیاتر بکرێت، بەڵام ئەو زیادکردنە دەبێت لەئەستۆی رۆژنامەکە بێت نەک رۆژنامەنووسەکە، چونکە هەموو رۆژنامەو رۆژنامەنووسێک

سـەرۆکێکی هەیـە، تەنانـەت ئەگـەر ڕۆژنامـەی ئەهلیـش بێـت هـەر سـەرۆکێکی هەیـە، کۆمپانیایـەک یـان کەسـێک هەیـە کـە دەتوانیـت پـارەی ڕۆژنامـە دەربـکات.

بەشـێوەیەکی گشـتی لـەو ئاسـتانەدا کۆدەنگـی هەبـوو، بـەڵام بەپێچەوانـەی ئەوانـی دیکـەوە مـن سـەرنجی زیاتـرم هەبـوو، لەوباوەڕەدابـووم دەبێـت یاسـاکە ڕەنگدانـەوەی ژینگـەی کۆمەڵایەتـیو فەرهەنگـی کوردسـتان بێـتو سـنوور لەبەرامبـەر زۆر دیـاردە دابنێـت کـە دەبنـە مەترسـی لەسـەر ژیـانو ئازادییەکانـی خەڵـک، تەنانـەت ئـەو سـزایە سەربکێشـێ بـۆ داخسـتنو ڕاگرتنـی ڕۆژنامـەش، چونکـە هەندێکجـار ڕۆژنامـە کارێـک دەکات پەیوەنـدی بـە ژیانـی تایبەتـی کەسـەکانەوە هەیـە، هەندێکجـار پەیوەسـتە بـە شـکۆی مرۆڤەکانـەوە، گرێـدراوە بەژیانـی کەسـییەوە، هەمـوو ئەوانـەش لەبەرئـەوەی کەسـێک ڕایەکـی جیـاوازی لەگـەڵ تـۆدا هەیـە، بـەرای مـن دەبێـت یاسـاکە بەشـێوەیەک هەمـوار بکرێتـەوە، کـە سـنوورێک لەبـەردەم ئـەو سەرکێشـییانە دابنـێ، ئاخـر خـۆ ناکرێـت تەنهـا لەبەرئـەوەی بیـرو بـاوەڕی سیاسـیم جیـاوازە لـە شـکۆم بدەیـت، تەنهـا لەبەرئـەوەی سـەر بە ئاراسـتە سیاسـییەکەی تـۆ نیـم، ژیانـی تایبەتیـم بخەیتـە بـەردەم نەشـتەرەوە. ئـەوە ئـەو دیـوە خراپانـەی یاسـاکەن کـە دەبێـت سـەرلەنوێ هەمـوار بکرێنـەوە.

لەراسـتیدا گەشەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان، نەشونماکردنی زیـاد لەپێویسـتی ڕاگەیانـدن، نـەک هەر هەموارکردنەوەی یاسـای کاری ڕۆژنامەنووسـیی کردۆتـە پێویسـتییەکی حەتمـی، بەڵکـو پێداچوونـەوە

بــه (ڕێنماییەکانــی ڕێکخســتنی فریکوێنســی تەلەفزیۆن)یــش کــە وەزارەتــی ڕۆشــنبیریی کردویەتیــە بنەمــا بــۆ مامەڵەکــردن لەگــەڵ کەناڵــە بینــراوەکان بۆتــە پێویســتی، هــەروەک چۆن (یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری)ش بـۆ ئەو گەشـە ڕۆژنامەنووسـییە پێویسـتەو (یاســای تاوانــە ئەلیکترۆنیەکان)یــش بــۆ ڕێکخســتنەوەی جیهانــی پــڕ سەرئێشــەی سۆشــیال میدیــاو تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان گرنگــە، کەوابێــت ئێمــە پێویســتمان بــە چەپکــە یاســا هەیــە بــۆ ڕێکخســتنی کاری میدیایــیو دەبێــت دامــەزراوەی یاســادانان بەشــێوەیەک بــەو یاســایانەدا بچێتــەوە، کــە لەگــەڵ گەشــەو ئــازادیو بنەماکانــی مافــی مــرۆڤ یەکبگرێتــەوە، هەڵبــەت بــە ڕەچاوکردنــی دۆخــی کۆمەڵایەتــیو ئاســتی هۆشــیارییو ئاگایــی کۆمەڵگــە، بــەو چەشــنەش سەرکێشــیو لادانــەکان کەمتــر دەبنــەوەو ئــازادی هەمووانیــش پارێزراوتــر دەبێــت.

# شەهیدانی قەڵەم و ئۆباڵی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

چەنـد سـاڵێکە پرۆسـەی ناونانـی قوربانیانـی بـواری رۆژنامەنووسـیی لەکوردسـتان لەژێـر ناونیشـانی (شـەهیدانی قەڵـەم) جێگەیـان کراوەتـەوە، ئەمجـۆرە ناونانـە ئەگـەر لـە ئاستە ناوخۆییەکـەی بریتـی بێت لەبەریەککەوتنـی نێـوان ئەهلـی چـەکو قەڵـەم، ئـەوە لـە ئاسـتە دەرەکیەکەیـدا بریتیـە لـە بەرتەسـکبوونەوەی ئازادی کاری رۆژنامەنووسـیو سـنووردارکردنی ئـازادی وتـن، هەمـوو راپۆرتـە نێودەوڵەتییەکانیـش بـۆ هەڵسـەنگاندنی رەوشـی مافـی مـرۆڤ لەکوردسـتان هـەر ئـەو مەترسـیە دوپاتدەکەنـەوە.

پرسـیاری گەوهەریـی دەرهـەق بەخوێنـی ناهـەق رژاوی ئـەو ئایکۆنـە رۆژنامەنووسـییانە ئەوەیـە، کـە ئاخـۆ نەدەکـرا رێگـری لـە کوشـتنو تیرۆرکردنـی ئـەو رۆژنامەنووسـانە بگیـرێ؟ نەدەبـوو لەرێگـەی دەربڕینێکـی نەرمتـرو سیاسـەتێکی نیانتـر ئەو کوشـتارە بوەسـتێنین؟ئەوە ئـەو سـاتەوەختەیە کـە مـنو ئەوانـی تـر لـە بیرکردنـەوەدا لەیەکتـر جیادەبینـەوە، چونکـە پێموایە لـە بەرامبەر ئـەو دیـاردە ناپەسـەندە هەموومـان دەبێـت بەشـێک لـە ئۆباڵەکـە هەڵبگریـن، ئـەوە پاسـاوی پاککردنـەوەی بکوژەکـە نیـە لـە تاوان،

خۆدزینــەوە نیــە لەحوکمدانــی ئەوانــەی لولــەی تفەنــگ دەخەنــە ســەر ســینەی گەنجێک، بەڵکــو پێداچوونــەوەو رەخنەگرتنە لەکۆی ئــەو سەرکێشــیانەی دامەزراوەیەکــی میدیایــی دەیــکاتو گەردنــی گەنجێــک دەخاتــە بــەردەم چەقــۆی خەڵکێکــی تــرەوە. هەموومــان دەزانیــن بەشــێکی زۆری ئەوانــەی شــەهید بــوون لەدامــەزراوە نارەســمیەکاندا کاریانکــردووە، ئــەوە دوو مانــا هەڵدەگرێــت، یــان ئەوەتــا لــە رۆژنامــەی ئەهلــی ئیشــیان کــردووە، یانیــش ئەوانــەن کــە لەئەنتەرنێــت و سۆشــیال میدیــا کاریانکــردووە، کەوابێــت ئــەو خێــر لەخۆنەدیوانــە وانــە ســەرەکیەکەیان فێرنەکــراوە، کــە هەمیشــەو هەمــوو رێبــەرە پیشــەییەکان بــۆ پاراســتنی ســەلامەتی رۆژنامەنــووس ئــەوە دوپاتدەکەنــەوە، کــە دەڵێــت «گرنگتــر لــە هــەواڵو زانیارییــەکان، ژیانــی رۆژنامەنووســەکە خۆیەتــی»، واتــە ئەگــەر هەواڵێــک نرخەکــەی ژیانــی رۆژنامەنووســێک بێــت، هەواڵەکــە نەبێــت باشــترە، عەرەبــی پەندێکــی هەیــە دەڵێت»ئــەو هەواڵــەی ئەمــڕۆ بەپارەیــە، ســبەی بــە بەلاشــە»، ئەمــە یاســاو بنەمایەکــە بــۆ ئــەوەی تــۆ ژیانــی رۆژنامەنووســان بپارێزیــت، نابێت داوا لــە رۆژنامەنــووس بکەیــت بچێتــە مەترســییەوە لەپێنــاوی هەواڵێکــدا، ئــەوە بەهیــچ جۆرێــک پاکانــە نیــە بــۆ ئــەوەی رێگــە لــە بەدەســتهێنانی زانیــاری بگیــرێ، بەڵکــو جەختکردنەوەیــە لەســەر وەزیفــەی دامــەزراوەکان بــۆ ئــەوەی ئــەو بنەمایــە فێــری رۆژنامەنــووس بــکات، یــان خــۆی تووشــی تەهلوکــە نــەکات کــە بکوژرێــت، دووەمیــان رۆژنامەنــووس فێربکەیــن بــە پرۆفیشــناڵی بیــکات، زانیارییــەکان بەدەســت بهێنــێو دامەزراوەکــە لــە

دارشتنەوەی زانیارییەکاندا رەچاوی ژیانو پاراستنی سەلامەتی پەیامنێرەکەیان بکەن بۆ پاراستنی ژیانی کەسەکە، ناوی رۆژنامەنوسەکە لەسەر هەواڵ و راپۆرتەکە لابدەن.

بەداخەوە رێژەی کوشتنو تیرۆری رۆژنامەنووسان وەک زۆر حاڵەتی دیکەی کۆمەڵگای کوردستان، بەشێوەیەکی ناقۆڵا کاریگەری لەسەر وێنەی هەرێم لەئاستی نێودەوڵەتی کردووەو تەواوی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بەرتەسکبوونەوەی ئازادییەکان بە خەوشی گەورە دادەنێن، لەبەرئەوە بێ چەندو چوون ئەوە دەڵێم کە دەستبردن بۆ ژیانو سەلامەتی رۆژنامەنووس، ترۆپکی ئابڕوچوونو سکاندالی ئەخلاقییە کە هەر کۆمەڵگەیەک بەخۆیەوە ببینێ، بەڵام دیسانەوە ئەوەش هەر قسە هەڵدەگرێت، یەکەمیان لەو دابەشکارییو فیفتی بە فیفتیەی بەسەر زۆنی سەوزو زەردیدا دابەش دەکەن، فیفتی بە فیفتی لە بنچینەی ململانێی سیاسی خۆی فەشەلی هێنا، بێگومان لە بنچینەی دابەشکردنی تاوانیش هەر فەشەل دەهێنێت، چونکە ناکرێت حوکمێکی پێشوەختە لەساغکردنەوەی تاوانەکان وەک قاڵبێکی ئامادە ئامادەبێت. دووەمیان کە زۆر گرنگە بیزانینو لێی حاڵی بین ئەوەیە کە بۆچی لەکوردستان هەر پەیامنێرەکانی پلەکانی خوارەوە شەهید دەبن، بۆ سەرنووسەرێک شەهید نابێت، بۆ بەڕێوەبەرێکی نووسین بە ئامانج ناگیرێو تیرۆر ناکرێت، ئەمە رێک پێچەوانەی وڵاتانی دنیایە، چونکە لەهەموو جیهاندا ئەوانەی روبەڕووی تیرۆرکردن دەبنەوە ناوی گەورەن لەبواری

ڕۆژنامەنووسـیدا، فیگـەری ناسـراون، ئایکۆنـی دیـاری بوارەکـەن، ئەمـە شـتێکە پرسـیار دروسـت دەکات کەچـی کـەس بەشـوێن وەڵامەکانیـدا ناگەڕێـت.

دیوێکـی تـری ئـەو پرۆسـە نابـودە ئەوەیـە کـە دەبێـت ئێمە بـەووردی لـە کەیسـەکان رابمێنیـنو لێـی ووردبینـەوە، چونکـە لەبنەڕەتـەوە زۆرجـار دەکەوینـە هەڵـەی گـەورەوە، کـە هەڵـەی پاکانەکردنـە بـۆ دەمـی سیاسـییەکان، لەراسـتیدا کوشـتنی ڕۆژنامەنـووس تاوانێکـی گەورەیـەو لەیـەک کاتـدا دوو تاوانـە، یەکەمیـان کـە خەڵکـت کوشـتووەو دووەمیـان تاوانێکـی سیاسـی بـێ وێنـە و بـە ئیمتیـازە، لەبەرئـەوەی خەڵکێـک دەکوژیـت لـە پێدانـی هـەواڵ و زانیاریـدا کاردەکات و بەشـێکە لـە دامـەزراوەی شـەرعی و مەدەنـی، بەشـێکە لەدەسـەڵاتی چاودێریکردنـی ئـەو وڵاتـە.

ئێمـە دەبێـت واز بهێنیـن لـەوەی کەیسـی ڕۆژنامەنووسـی شـەهید تەوزیفـی سیاسـیی بـۆ بکەیـن، حیزبـی سیاسـی لـە کوردسـتان بێـت یـان لەهـەر شـوێنێک سـەرمایەگوزاری سیاسـیی خـۆی هـەر دەکات، بـەڵام مەترسـیەکە لەوەیـە دامـەزراوە ڕۆژنامەوانییەکانیـش ئـەم کەیسـانە بقۆزنـەوەو سـەرمایەگوزاری تێـدا بکـەن. ئـەوە لای مـن جۆرێکـە لـە ئـاکارو مـۆڕاڵ، ڕۆژنامەنـووس دەبێـت دوای ئـەوەی کـە شـەهید دەبێـت، کەناڵەکـەیو دەزگاکانـی تایبـەت بەڕۆژنامەنووسـان، ئەوەنـدەی خەریکـی دابینکردنـی مافـی ڕۆژنامەنووسـەکە بـنو قەرەبـوی قوربانیەکـە بەدەسـت بهێننـەوە، ئەوەنـدە خەریکـی بەکارهێنانـی

ناوی قوربانیەکە نەبن بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا بکەنە پاڵەوان. ئەوە چ ئاکارێکە ڕۆژنامەنووسێک پاش چەند ساڵ لە شەهیدبوونی تۆ لەپێناو ئامانجی سیاسیو بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکانی ناڕازی بۆ هەڵبژاردنەکان وەبەرهێنانی تێدا بکەیت، بەڵام لەژیانو گوزەرانی کەسوکاری ڕۆژنامەنووسەکە نەپرسیتەوە.

# گەڕان بەشوێن بکوژدا

جارێکـی تـر دێمـەوە سـەر پرسـی شـەهیدکردنی ڕۆژنامەنـووس و ئەجێنـدای هێـزەکان، ڕاسـتییەکەی وەزیفـەی دامـەزراوە میدیاییـەکان نابێـت بریتـی بێـت لـە تێکەڵکردنـی ئەجێنـدای سیاسـیی هێـزەکان لەسـەر حسـابی خوێنـی شـەهیدەکە، ئـەوەی لەمـاوەی ڕابـردودا بینیوومانـە، هێنـدەی دامـەزراوەکان وەک حەوشـەی پێشـەوەی هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆن سـەرقاڵی سـەرمایەگوزاری خوێنـی قوربانیەکـە بـوون بـۆ بەدەسـتهێنانی دەنگـی هەڵبـژاردن، ئەوەندە بەشـوێن دۆزینەوەی جـێ پێـی بکوژەکـەوە نەبـوون، ئەوەنـدە لەشـوێن دەسـتەکانی قاتیلەکەیـان نەکۆڵیوەتـەوە. لەکاتێکـدا وەزیفـەی ئەخلاقـی ئـەوان لەبەرامبـەر هاوپیشـەیەکیان بریتـی بـووە لـە دۆزینـەوەی جەلادەکـە.

ئـەوەی لەکوردسـتان ڕویـداوە بەشـی زۆری گریمانـەو حوکمـی پێشـوەختە بـووە، تـۆ کاتێـک بکەرەکـە نادۆزیتـەوە، مانـای وایـە بکـوژ وەک بەرزەکـی بانـان بـۆی دەرچـووە، خـۆ خەریککـردن بـە داتاشـینی چیـرۆک شـتێکەو دۆزینـەوەی بکـوژ شـتێکی تـرە. بەبـاوەڕی مـن ئەگـەر کەسـێک ناوەنـدی

ڕۆژنامەنوسی کوردستان سوور دەزانێ تاوانێکی کردووە یان تاوانێکی لەسەر ساغ بۆتەوە و کەچی لێی دەرباز بووە، مانای وایە ڕۆژنامەنوسان لەم کەیسەدا دۆڕاونو لە رووی مورالّییەوە کێشەی زۆر گەورەیان هەیە، چون ڕۆژنامەنووس پێویستە یارمەتی کۆمەڵگە بدات لە ئاشکراکردنی تاوانەکان، کەچی تاوانێک بەرامبەر بەخۆی بکرێت و کاری لەسەر نەکات؟ بە بڕوای من کێشەیەکی هەم مۆراڵی و هەمیش لاوازی توانای دامەزراوە ڕۆژنامەنوسییەکەش دەردەخات. ئەوە سەرباری ئەوەی ئاستی تاوانکردن بەرز دەکاتەوەو زۆر کەسی تر هاندەدات کە بەشوێن ئەو ڕێگایەدا بڕوات و تاوان بکات.

نموونەیەکم بیرهاتەوە، فیلمێکی میسری هەیە لە ڕۆمانی (اللص والکلاب) ئەدیبی گەورە (نەجیب مەحفوز)ەوە وەرگیراوە، فیلمەکە لەسەر تاوانبارێکە کە ڕۆژنامەنووسێک هانیداوە بۆ ئەوەی تاوانێک بکات، کاتێک تاوانەکەش ئەنجامدەدرێت، ڕۆژنامەنووسەکە نەک شان ناخاتە بەر ئەرکو بەرپرسیارییەتی هاندان، بەڵکو چیرۆکی کەسەکە وەک ماددەو کەرەستەی هەواڵ دەخاتە خزمەت و قازانجی ڕەواجی پیشەکەی خۆیەوە. ئەم ڕۆمانە ئەزموونی کارکردنی نەجیب مەحفوزە، کە کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (ئەهرام) کاریکردوەو بە چاوی تیژی ڕۆماننووسەوە نەک بە چاوی ڕۆژنامەنووسییەوە سەیری رووماڵی بەسەرهاتێکی کردووە و نووسیویەتی، کاتی خۆی ڕۆژنامەی (اخبار الیوم) سەرکۆنە دەکرێت لەسەر ئەوەی هەواڵی کوشتنی خاوەن ماڵێکی لەلایەن دزێکەوە

بەشێوەیەک بڵاوکردۆتـەوە، کـە خوێنـەر لەگـەڵ دزەکـە هاوسـۆز دەبێـت، ئیـدی تاوانەکـە دووبـارە دەبێتـەوەو خەڵکیـش ووردە ووردە لەگـەڵ تـاوان رادێـن، جارێکیـان رۆژنامەکـەش لـە لاپەڕەی یەکـەم دەنووسـێ (کۆتایـی بکوژەکـە)و لەژێریشـیدا نووسـراوە (جەمـال عەبدولناسـر لـە پاکسـتانە)، خەڵـک دەیخوێنیتـەوە وا پێدەچێـت عەبدولناسـر پیاوکوژەکـە بێـت، لێـرەوە ئیتـر ناسـر بڕیـاری دا کەرتـی رۆژنامەنووسـی خۆماڵـی بـکات، واتـا دەوڵـەت دەسـتی بەسـەردا بگرێـت. ئـەوەی لـەو نموونانـە مەبەسـتم بـوو ئەوەیـە کـە بـواری رۆژنامەنووسـی زۆرجـار خـۆی هانـی کوشـتن دەداتو هـەر خۆشـی تاوانکارەکـە دەکاتـە کەرەسـتەو ماددەی رۆژانـەو راپـۆرتو ریپۆرتـاژی لەسـەر دەکات، بـە بـڕوای مـن ئـەم کیشـەیە زۆر جـار رۆژنامەنوسـەکانی خـۆت هـان ئەدەیـت هەندێـک شـت بکـەنو دوایـی مردنیشـیان بـەکار دەهێنـی بـۆ ململانـێو دەسـتکەوت، بەڕاسـتی ئـەوە ئەوجـی بـێ موراڵییـەو هەرگیـز لەگـەڵ ئـەو وەزیفـە ئەسـڵە ناگونجـێ کە پێش هەرشـتێ ژیانـی رۆژنامەنووسـەکان بپارێـزرێ.

دیوێکـی تـری پـڕ خەوشـی ئـەو پۆلێنبەندیـەی میدیـای ئەهلـی جـارانو ئۆپۆزسـیۆنی ئێسـتا ئولفەتـی پێوەگرتـووە، جیاکردنـەوەی رۆژنامەنووسـە شـەهیدەکانە، رۆژنامەنوسـی شـەهید هـەر ئـەوە نییـە کـە شـەهیدی ناوخـۆی کوردسـتانە، ئێمـە رۆژنامەنوسـی ترمـان هەیـە لەبەرەکانـی بەرەنگاریـدا شـەهید دەبـن، بەداخـەوە میدیـا لـە کوردسـتانا ئەمانـە وەک شـەهید حسـاب نـاکات، وەک بڵێـی تەحسـیڵ حاسـڵ مامەڵەیـان

لەگەڵ دەکات. ئەو پۆلێنکارییە قێزەونەی ئەوانە دەیکەن شورەییە، خۆ شەهید نییە ئاڵتونی بێت. شەهید هەر شەهیدەو ئەوکەسەی لەپێناو گەیاندنی زانیاری گیانی بەختدەکات یەکێتییە یان پارتی، پەکەکەیە یان بێلایەن، لەروبەڕووی گەندەڵی ناوخۆیی یان رووبەرووی تورکیایە یان ئێران یان عیراق یان داعش، هەر شەهیدە.

# کاتێك وتن و نووسین زیندانی دەکرێت

وەک چۆن کوشتنو لەنێوبردنی جەستەیی لەهەندێک ئاستو قۆناغی دیاریکراو بژاردەی بەشێک بووە بۆ سەرکوتکردنی ئازادی رۆژنامەنووسیی، هاوکات زیندانیکردنو ئازاردانی جەستەییش چ لەرێگەی کەسییەوە بێت یان بە پشت بەستن بە بڕیاری دادگاکان بژاردەی دووەمی بێدەنگکردنو سەرکوتکردن بووە. راستە رەنگە بە بەراورد بە وڵاتانی تر، رێژەی رۆژنامەنووسانی زیندانیی بەو ئەندازەیە زۆر نەبێت، ئەوە ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بەو سوڵحە کۆمەڵایەتییەوە هەبووبێت کە لەدەرەوەی دادگاکان کراوە، بەشەکەی تری پەیوەست بووە بە سروشتی یاسای کاری رۆژنامەنووسییو هیمەتی سەندیکاو رێکخراوەکانی ترەوە.

بەبنەماگرتنی بەرتەسککردنەوەی ئازادییە رۆژنامەنووسییەکان و بەکارهێنانی بۆ تەوزیفی سیاسی وایکردوە لە زۆر قۆناغدا سیاسەتی (مێش کردنە گامێش) پەیڕەو بکرێت، راستییەکەی ئەو دەزگا میدیاییانەی لە کوردستانا هەن، چونکە بەشێکن لە پرۆسە سیاسییەکە، هەمیشە بەچاوی سیاسییەوە لەو روداوانە دەڕوانو سەرمایەگوزاری سیاسی تێدا دەکەن، راستە هیچ

پاکانەیەک بۆ گرتن‌و کوشتنی رۆژنامەنووس نییە، چونکە رۆح‌و شکۆی مرۆڤ لەهەموو شتێک پیرۆزترە، بەڵام لە تەوزیفکردنی ئەو دۆسیانە دوو شت بە بنەما دەگیرێن، یەکەمیان دامەزراوەی پەنهان، کەدەوڵەتانی هەرێمیی ئەو دۆسیانە بۆ شکاندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنن‌و دووەمیش ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی دەیهەوێت ئەو کەیسانە بخاتە خزمەت رکابەرییەکانی هەڵبژاردنەوە، بەڵام پێموایە هەردوو ئەو شتەش بە رەتکردنەوەو وەڵامدانەوە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت سەرلەبەری ژینگەی ئازادییە رۆژنامەنووسییەکان پێداچوونەوەی پێدا بکرێت‌و سنوورێک بۆ سەرکێشی هێزو کەسەکان دابنرێت. دەبێت ژینگەی رۆژنامەگەری‌و ئازادی لە وڵاتی خۆمان بۆ خۆمان باش بکەین، لەبەر خاتری ئەوە نا لە راپۆرتە نیودەوڵەتێکاندا ناومان باش بێت، چونکە دەیان ساڵ ناوی (سەدام حسێن) لەئاستی نیودەوڵەتیدا بە خراپە دەگەڕاو کام وڵاتەشت پێ دیموکراسییە مامەڵەی لەگەڵ دەکردو ئیشەکانی ماشی بوو، بەڵام بۆ خۆمان‌و بۆ پرۆسەی سیاسی کوردستان، بۆ مرۆڤی کورد گرنگە ئێمە ئەم ژینگەیە باش بکەین و گەشەی پێبدەین، ئەم ژینگەیە تەنها ژینگەی میدیایی نییە، بەڵکو ژینگەی یاساییشە، یاسای رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا زۆر لیبراڵە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم یاسایە زۆر بیروقراتییەو لەناو یاسای رۆژنامەگەری کوردستاندا رۆژنامەنوس بە هیچ شێوەیەک ناگیرێ، کەچی رۆژنامەنوس بە ماددەی تر دەگیرێت، بەناوی یاسای دیکەوە زیندانی دەکرێت. هەندێکجار دامو

دەزگا بیرۆکراتییەکان ئەوەی پێی دەوترێت دەوڵەتی قوڵ لە کوردستاندا ئەوە دەکەن. دیارە ئاشکرایە شێوەی کارکردنی ئەو رۆژنامەنووسانە نابەجێو ناپەسەندن، پێویستیشە رۆژنامەنوسانی کوردستانیش بەهەندێک رەفتاردا بچنەوە، چونکە ناکرێت تۆ رۆژنامەنوس بیت هاوار دەکەیت بەرامبەر دەزگایەکی ئەمنیو سوڵتەیەکی سیاسیو دوو بەیانیش دادەنیشی لەتەنیشتییەوەو سێلفی دەگریت. ئەوە مانای ئەوەیە لە بەهای رۆژنامەنووسیی خۆت دێنیتە خوارەوە، من دەزانم رۆژنامەنووس سۆپەرمان نیەو سپارتاکۆسیش نییە، بەڵام هەتا کارەکەی خۆی بەپرۆفیشناڵ و حەرفی بکات بێگومان خزمەتەکەی بۆ بوارەکانی خۆی رونتر و بەرچاو تر دەبێت.

من پاساو بۆ دەسەڵات ناهێنمەوە، ناشمەوێت هەرگیز رۆژنامەنووس دەستگیر بکرێو زیندانی بکرێت، بەڵام دەمەوێت شتە باشەکان ئاراستەی خۆیان وەربگرنو چیتر رۆژنامەنووس نەبێتە کائینێکی سیاسیو دەستوەربداتە هەموو شتێک، دەبێت ئەو سەنگەرە تێکەڵاوانە جیابکرێنەوە، چونکە بەشێک لەشەڕی رۆژنامەنوسیی، شەڕێکی مۆڕاڵییە، ئەو شەڕە مۆڕاڵیە دەبێت لەچوارچێوەی پیشەو یاسادا یەکلایی بکرێتەوە نەک لە داخڵبوون بە مەلەفو دۆسیەی ناکۆکیە سیاسییەکان، ئاخر رۆژنامەنوسمان هەیە دە ساڵە قسە بەدەسەڵاتی سیاسی دەڵێتو لە پڕ لە شاشەی شوێنێکی ترەوە دەردەکەوێت و دەیەوێت بەبێ حسابیش بڕوات، خۆ تۆ تیرۆری ناکەی لەسەر ئەو سەنگەرگۆڕکێیە، بەڵکو حسابەکە ئەوەیە تۆ بێی هەڵسەنگاندنی

بۆ بکەیتو پێی بڵێی زەحمەت نەبێت ناسنامەی تۆ چییەو بە کوێ گەیشت؟ ڕۆژنامەنوس هەیە پەلاماری منو تۆ دەدات لە بەرئەوەی بەجۆرێک لەجۆرەکان یەکێتی یان زەحمەتکێشان یان پارتی بووین، کە سەیری دەکەین دوای ماوەیەک لە دیوەخانی هەمان ئەو حزبەی من و تۆدا سەری مەجلیسی گرتووە، خەڵک هەیە حەیاو شەرەفی ئێمەی بردووە چونکە یەکێتی بووین و لەبەرئەوەی خۆی لە حزبی ئۆپۆزسیۆنەو لەوێ بۆتە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ، کەچی دوایی دەبێتە یەکێتی و دێت لێپێچینەوە لە ئێمە دەکات. من وەک چۆن دەمەوێت سەرکۆنەی دەسەڵاتی سیاسی بکەم لە زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان، هەر بەو چەشنەش دەمەوێت سەرکۆنەی ڕۆژنامەنووسانیش بکەم لەوەی هەندێکجار بۆ خۆپاڵەوانکردن، بۆ پەیداکردنی شوهرەتو ناوبانگ، بۆ بەئەستێرەبوون، دەیانەوێت کەلەپچە لە پۆلیس وەربگرنو بیخەنە دەستی خۆیان، بۆ ئەوەی لەبەردەم زوومی کامیراکان وەک شۆڕشگێڕو سوارچاکی چاکەکاری خۆی نمایش بکات.

لەراستیدا زۆرجار، بەتایبەت لەوێستگەکانی پێش هەڵبژاردن ئەو کەیسانە زوو زوو سەرهەڵدەدەنو پەیدا دەبن، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کاکی ڕۆژنامەنووس ڕەنگە ڕەچەتەی گەیشتن بە پەرلەمانی بۆ نوسرابێتەوەو یەکێک لەدەرمانی دەردی گەیشتن بە کورسیەکەی بریتی بووبێت لە خۆ بە پاڵەوانکردن، بەڵام ئەو خۆ بەپاڵەوانکردنە لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی کاری پیشەییە بە کەیسە سیاسییەکان، ئاخر خۆ

ئەوانــەی بــەرد دەگرنــە پەنجــەرەی قوتابخانەیــەک، ترافیکێکــی ســەر شــەقامەکە دەشــکێنن، هانــی خەڵــک دەدەن نووســراوەکانی شــارەوانیو بــاج بســوتێنن، کــە روبــەڕووی یاســا دەکرێنــەوە ناڵێــن ئێمــە لەســـەر ئاشــوبو ئــاژاوە دەخرێینــە حەپســەوە، بەڵکــو لەرێگــەی بەرزکردنــەوەی دەســتەکانیانەوە هــاواری رۆژنامەنووســیان لێهەڵدەســتیو دەیبەســتنەوە بــە ئــازادی رۆژنامەنووســییەوە. بــەڵام هــەر چۆنێــک بێــت مــن تــا دوا چرکــە دژ بــە گیــرانو زیندانیکردنــی رۆژنامەنووســان دەوەســتمەوە، ناشــبێت هێــزەکان لەرێگــەی دروســتکردنی کەیســی سیاســیی رۆژنامەنــووس بخەنــە کونجــی زیندانەکانــەوە.

# ئاڵودەبوون بە سەرکێشی، 
# بە ئامانجگرتنی ژیانی تایبەت

فۆڕمێکـی بـاو کـە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی میدیـای ئەهلیـەوە بووەتـە دیـاردەو پاشـانیش بە ترشو خوێکردنێکی زۆرەوە خۆیکرد بـە جیهانـی پـانو بەرینـی سۆشـیال میدیـادا، پەنابردنـی هەندێک کارەکتــەرە بــۆ ژیانــی تایبەتــی کەســەکانو پەیوەســتکردنەوەی ئازادییــە کەسـییەکان بـە سروشـتی ئیـشو کارو بەرپرسـیارییەتی مرۆڤــەوە، ئــەو تایپــە لــە پەلاماردانــی یەکتــری وەک درێژکــراوەی ململانـێ سیاسـییەکان، بـە ئەندازەیـەک تاقـەت پڕوکێنـە، مـرۆڤ حــەز نــاکات لــە بارەیــەوە هــەر قســەش بــکات، نەگبەتیەکــەش لەوەدایــە، داهێنەرەکانــی ئــەو فۆڕمــە لەتێغزاندنــی جنێوفرۆشــیو سـوکایەتی، دواجـار خۆشـیان تێیـدا پارێـزراو نەبـوونو ئـەو ئاگـرە سـوورە خۆشـیانی گرتــەوە.

لەدیـدی منـدا ئــەو دیاردەیــە پەیوەنـدی راســتەوخۆی بــە ئاسـتی خوێنـدەواری رۆژنامەنووسـانەوە هەیـە، مەبەسـتم ئەوەیـە رۆژنامەنــوس هەیــە کار دەکات، بــەڵام باکگراوندێکــی رۆشــنبیری لــە پشــتەو لەپێشــەکەی خۆیــدا موحتەریفــە، لەهــەر ئاســتو ژانرێکـی رۆژنامەنووسـی کاربـکات پیشـەکەی خـۆی بەحورمەتـەوە دەکات، بەبۆچوونـی مـن زۆربـەی ئەوانـەی لـەو رەفتـارە نابەجێیـە

تێوەدەگلێن‌و ماڵی خۆشیان‌و خەڵکیش وێران دەکەن، ئەوانەن کە خاوەن ئەو ئاگایی‌و باکگراوندە رۆشنبرییە نین. تۆ سەیر بکە، لەهەموو دامەزراوەیەکی رۆژنامەنووسی هەندێک ئەدگار هەیە دەبێت رێز لێگیراوبن، بۆ ئەوەی تۆ رۆژنامەنوسێکی باش بیت پێویستە سەنگەری خۆت و هەڤاڵەکانت لە زۆر ئاستا جیا بکەیتەوە، حزب هەیە پەرلەمانتاری هەیەو وەزیریشی هەیە، وەزیفەی هەردوکیان جیاوازە. مانای وانییە ئەوە باشەو ئەوە خراپە، وەک چۆن وەزیفەی پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆن جیاوازە لە وەزیفەی پەرلەمانتاری دەسەڵات، ئەمە دابەشبوونی ئەرکەکانە، کە هەندێکی ژیان دروستی دەکات‌و هەندێکی یاسا رێکیدەخات، کەوایە لەبواری رۆژنامەنووسیشدا ئەرکەکان دابەشکراون، ئەو دابەشبوونە پەیوەندی بە دیدگاو بیروباوەڕەوە هەیە، هەیە پیشەکە وەک فۆڕمێک لە خەباتی مەدەنی بۆ گۆڕانکاری تەماشا دەکات‌و هەشە وەک جۆرێک لەکوردایەتی بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان لە قەڵەمی دەدات.

گرفتی سەرەکی میدیاکارانی ئێمە لەوەدایە، کە زۆرجار بیریان دەچێتەوە ئەوان چالاکوانی مەدەنی نین، دەبێت ئەو راستییە بزانین کە چالاکوانی مەدەنی وەزیفەکەی جیاوازە، چالاکوانی مەدەنی لەرێگەی چالاکی‌و جوڵەوە گوشاری مەدەنی دروستدەکات بۆ ئەوەی دەسەڵات لە هەندێک رەفتارو بڕیار پاشگەز بکاتەوەو پارێزگاری لەدیموکراسی بکات، رۆژنامەنوس ئیشەکەی جیاوازەو رۆژنامەنوس دەبێت موچە وەربگرێت بەرامبەر ئەو کارەی دەیکات، هەم مافی خۆیەتی‌و لەهەمان

کاتیشـدا یەکێـک لـە ناونیشـانەکانی ئـەوە، چالاکوانـی کۆمەڵـی مەدەنـی پـارە وەرناگرێـت لـە بەرامبـەر ئـەو کارەی دەیـکات، کـە پـارەی وەرگـرت بەواتـای ئـەوە دێـت وەزیفەیەکـی سیاسـی جێبەجێکـرد، کەواتـە ڕۆژنامەنـووس کاتێـک کاری ڕۆژنامەنوسـی دەکات نابێـت منـەت بـکات بەسـەر خەڵـکدا، چونکـە لەبەرامبـەر ئـەوەدا مافـی خۆیەتـی داوای بژێوییەکـەی خـۆی بـکات.

ئـەو تێکـەڵو پێکەڵیە لە ئەرک، ئـەو ئاڵودەبوونە بەناکۆکییە سیاسـییەکانو ڕۆڵ بینینـی ڕۆژنامەنـووس وەک کارەکتەرێکـی سیاسـی بـە تەنهـا لـە ئاسـتی بچوکـدا ڕەنگینەداوەتـەوە، بەڵکـو بەشـێکی زۆری ئـەو پۆخڵەواتـەی لەنـاو ململانـێ سیاسـییەکان ڕودەدەن، لەرێگـەی خـودی ڕۆژنامەنووسـانەوە دێنـە نـاو کایـەی ڕۆژنامەنووسـییەوە، ئیـدی دەرکەوتنـی جنێوفرۆشـیو تۆمـەت هەڵبەسـتنو پەنابردنـە بـەر شـێوازی ناپەسـەند بۆ بـە ئامانجگرتنی ژیانـی تایبەتـی کەسـەکان لـەو دۆخـەدا شـتێکی نامـۆ نابێـت، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە دەبێتـە ڕێگایـەک بـۆ شـکاندنی ڕکابـەرەکانو سـێرەگرتن لـە ژیانـی هاوسـەرو منـداڵو کەسـە نزیکـەکان.

ئـەو دیـاردە بەهەمـوو پێوەرێـک خاڵییـە لەهەمـوو ڕەوشـتو ئاکارێـک، بـەچ یاسـایەکی ئاسـمانیو زەمینـی ڕەوایـە، تـۆ لەبەرئـەوەی لەگـەڵ فیگەرێکـی سیاسـی ناکۆکـی، دێـی وێنـەی کچەکـەی لـە مەلەوانگەیـەک دەگـریو دەیخزێنیـە نـاو میدیـاو مـاس میدیـاوە؟ کـێ ئـەو مافـەی پێـدای وێنەکانـی نـاو مۆبایلەکـەی دزە پێدەکەیـتو وێنـە تایبەتییەکانـی وەک سـکانداڵێکی ئەخلاقـی بـە خەڵـک دەفرۆشـیتەوە؟ بـەچ شـەرعو یاسـایەک دەچیتـە نـاو

پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــیو ژیانــی خەڵکــی تــر تەنهــا بــۆ عەیبدارکردنــی ئــەو دەخەیتــە بــەر نەشــتەری ئابڕووبردنــەوە؟ کــێ ڕێــگای دای وێنــەی هاوســەرەکەی لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتیــەکان وەک قەرســەنە بــدزێو هــەزارو یــەک چیرۆکــی ئابڕووبــەری بەنــاوەوە دروســت بکەیــتو لەســەری ســاغ بکەیتــەوە؟ ئەمانــە ئــەو شــتانە نیــن کــە ڕۆژنامەنــووس شــانازییان پێــوە بــکات، ئەوانــە ئــەو ڕەفتارانــە نیــن کــە ڕێبــەرە پیشــەییەکانو چوارچێــوە ئاکارییــەکان فێرمــان دەکــەن، بەڵکــو ئــەو تایپەیــە لــە سیاســەتێکی قێــزەون کــە هەمــوو شــتێک بــۆ شــکاندنی ڕکابەرەکــەی بــەرەوا دەزانێــت، تەنانــەت ئەگــەر لەســەر حســێبی خەڵکانــی بــێ گوناهیــش بــن.

# سەروەری یاسا و دادپەروەری
# چ خێری بۆ ڕۆژنامەنووس هەیە

لـه چیرۆكـی سـەردانێك بـۆ لای خوالێخۆشـبوو (نەوشـیروان مسـتەفا)وە دەسـت پێدەكـەم، جارێكیـان دوای رێككەوتنەكـەی (یەكێتـیو گـۆڕان) بەیـاوەری وەفدێكـی راگەیاندنـی یەكێتـی سـەردانی گـردی زەرگەتەمـان كـرد، دیدارێكـی پـڕ بیـرەوەریو ئومێـد بـوو، هەندێـك دۆسـتی گـۆڕانو كۆمپانیـای وشـەش لـەوێ بـوون، مـن رایەكـی خۆمـم ئـاوا وت «لەكوردسـتان نـە جەنابـی مـام جـەلال كـە سـەرۆك كۆمـاری عێراقـەو نـە كاك مەسـعود كـە سـەرۆكی هەرێمـی كوردسـتانەو نـە جەنابیشـت كـە رێكخـەری گشـتی حزبێكـی گـەورەی پێویسـتتان بەسـێ شـت نیـە، یەكەمیـان دادپـەروەری، چونكـە لـە بنەڕەتـەوە گوزەرانتـان عەیبـی نیـەو هـەر سـێ ژەمەكەتـان مەیسـەرە، دووەمیـان یاسـا، چونكـە هـەر ناوەكەتـان لـە یاسـا دەتانپارێـزی، سـێهەمیش چانـس، چونكـە هەمـوو ئـەو شـتانەی مـرۆڤ خەونـی پێوەدەبینـێ بۆتـان دابینـە، ئـەوە ئێمەیـن وەك هاوڵاتـی، وەك رۆژنامەنـووس پێویسـتمان بەدادپەروەرییـەو لـە بـوونو سـەروەری یاسـا قازانـج دەكەیـنو دەپارێزرێیـنو دەرفـەتو چانسـیش دێتـە بەردەممـان».

بۆیـە كاك نەوشـیروان كـە ئێمـە جیاوازیـن لەبـەر قەناعەتـی

شێوەی ئیشکردنی ئەرک جیابین لە بنەما فیکرییەکان

جا هاوڕێم (مەلا ئاریان) ئەوەی پێویستی بە ژینگەیەکی سیاسیو دادپەروەری هەیە، ئەوەی بەحەوجێی ژینگەیەکی پاکی ڕۆژنامەنوسییە ڕۆژنامەنووسەکانن، ئەوەی پێویستیان بە جێبەجێکردنی یاساو پابەندبوونی یاسا هەیە ئێمەین، ئەوەی پێویستیان بەوەیە هەر کەسێک بچێتە شوێنی خۆی ئێمەین، پەرلەمانتار پەرلەمانتاربێت، دادگا دادگا بێت، پۆلیس پۆلیس بێت، حزب حزب بێت، هەمووی ئەو شتانە لە شوێنی خۆیان بن لە ژینگەی وادا ئێمە پێش هەموو کەسێک سودیان لێدەکەینو کەسیش زاتی ئەوە ناکات مافی ئێمە بخوات، تەنانەت بەحزبەکەی خۆشمانەوە، کە ئەو زەمانە هاتەدی ئیدی دادگاکانیش دەچنەوە خزمەت بەدیهێنانی دادپەروەریو هیچ کەیسێک شوێن بزر نابێت. خۆ ئەگەر وانەبێت وەک (مەسعود محەمەد) وتی «یاسا بۆ پیاوی فەقیر باشە، دەوڵەمەندەکان دەتوانن بڵێن بە پارە و موچەدا بوون خەڵک ببن بەحیمایەی ماڵەکەمو تەواو».

لەبەرئەوە دەبێت ڕۆژنامەنووسانو دەزگاکانی میدیا بە شێوەیەکی چڕترو قوڵتر لەسەر پرسی سەروەری یاسا و دادپەروەریو ئازادییەکان کاربکەنو هیچ دەرفەتێک نەهێڵنەوە لەبەردەم سنووردارکردنی ئازادییەکان، چونکە ئیدی لە دۆخی بێ یاساییو سەرکێشیدا ئەوەی زیانی گەورەی بەردەکەوێ تەنها ڕۆژنامەنووسان خۆیانن.

# وێنەکان



کەرکوک: شۆریجە کتێبخانەی موسەنا لە شۆریجە






ستران عەبدوڵڵا و دکتۆرە شیلان فەتحی و ماڵباتی رۆژنامەوانی



قۆناغی زانکۆ ساڵی ١٩٩٣



بەشداری لە مانگرتنی گشتی کۆتایی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١



قۆناغی زانکۆ کۆڕێک لەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی ساڵی ١٩٩٣



وەک فۆتۆگرافەرێک لە ئەمەریکا ساڵی ١٩٩٩
وێنەگرتنی هیندۆ سورەکان و خێوەتەکانیان لەواشنتۆن



مەکتەبی راگەیاندن: کۆڕی شازاد صائب نوێنەری یەکێتی لە ئەنقەرە



ساڵی ١٩٩٥ هەولێر بارەگای کوردستانی نوێ - لەگەڵ مامۆستا موکری و کاک لوقمان بەرزنجی



جندیان: گەشتی کوردستانی نوێ، لەگەڵ شیرزاد شێخانی و نەوزاد عەلی ئەحمەد



بەڕێوەبەری نووسینی کوردستانی نوێ لەساڵی ١٩٩٧ بەباوەشێ گۆڤاری تایمەوە



هەولێر: ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ بەشێک لەستافی کوردستانی نوێ





ساڵی  ١٩٩٨ - کۆڕی پرۆفیسۆر د.عزەدین مستەفا رەسوڵ لەسەر رۆژنامەگەری کوردی



کتێبخانەی گشتی سلێمانی: تەگبیر بۆ دروستکردنی نەقابەی رۆژنامەنووسان



هەڵەبجە: کۆبوونەوەی مەکتەبی راگەیاندن لەگەڵ راگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی



تیمی ڕاگەیاندنی یەکێتی لەگەڵ د.کەمال فوئاد
دوای کۆبوونەوەی ئاشتی لە مەسیف - ساڵی ١٩٩٥



هەولێر: بارەگای ئۆجاف تورکمان کۆڕی نووسەر لەسەر کێشەی تورکمان لە کوردستان






ساڵی ١٩٩٧ نێردرواوانی ڕاگەیاندن بۆ بەرەی نەبەردی پێشمەرگە -
لەگەڵ شەهید خەسرەو شێرە، کۆچکردوان عەباس بەدری و محەمەد موکری



مەکتەبی راگەیاندن: کۆڕی سیاسیی



رۆژی ماڵئاوایی لە کوردستانی نوێ کابینەی یەکەم - ساڵی ٢٠٠١



سمینار محەمەد تۆفیق رەحیم - خولی ٢٠٠٠ بۆ بواری رۆژنامەنووسی ساڵی ١٩٩٩



لەسەر شاخی سارا - شوێنی بورجی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان



چاوپێکەوتنەکانی کوردستانی نوێ لەگەڵ مام جەلال




کۆبوونەوەی مام لەگەڵ ستافی کوردستانی نوێ ساڵی ١٩٩٩




خولی دووهەزاری کوردستانی نوێ بۆ پێگەیاندنی رۆژنامەنووسان - ساڵی ١٩٩٩



رۆژی بوونی مام جەلال بەسەرکۆمار ٢٠٠٥/٤/٦ دیداری رۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ مام جەلال



بەغدا لەگەڵ سەرکۆماری کورد



رۆژی دامەزراندنی رێکخراوی ئازادی لاوان



نیسانی ٢٠٠٣ خانەقین دوای ئازادکردنی لە پرۆسەی رزگاری عیراقدا



کەرکوک: ساڵی ٢٠٠٣ وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم
لێکۆڵینەوە لەگەڵ سایەقی شۆفڵێکی ئەنفال دەکەم



سلێمانی: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە -  بەشی راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان



تاران ساڵی ٢٠٠٢ لەگەڵ دکتۆر بەرهەم سەرکی حکومەتی هەرێم (سلێمانی) و
رۆژنامەنووس  غسان جدو



راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکانی حکوومەت لەم بەشە هەم کوردی بەشەکانی تر و هەمیش عەرەبی عیراق بەشداربوون وێنەکە: هۆشەنگ دەروێش (کوردی سوریا) و هادی مەهدی (بەغدا)



هاوڕێیانی پرۆژەی گۆڤاری تایم



سلێمانی: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان
کارکردن لەسەر کارنامەی حکومەتی هەرێم



تیمی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان - حکومەتی هەرێم
لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکوومەتی هەرێم



سلێمانی: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەشی راگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان



ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا




یادی رۆژنامەنووسی کوردی ساڵی ١٩٩٨



ساڵی ١٩٩٧ نەبەردییەکانی گەردەلولی تۆڵە لەگەڵ فەرماندە جەبار فەرمان و هاوڕێکانی


نیۆرک: لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد ساڵی ١٩٩٩


کوردستانی نوێ: ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ کاک نەوشیروان مستەفا




کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ساڵی ٢٠٠١



هۆڵی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران



کۆنگرەی ٣١ی ئاب کۆڕی مامۆستا بەهادین نوری ساڵی ١٩٩٧



خەندان و رۆژنامەی ئاسۆ - قۆناغی کەرکوک



لوبنان: گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی الاسبوعیة



ئیمزاکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای دیزاین بۆ دیزاینی گۆڤاری الاسبوعیة



نووسینگەی خەندان کەرکوک



کردنەوەی نووسینگەی ئاسۆ لە گەرمیان



وۆرک شۆپی خەندان




رواندز: کۆڕی رۆژنامەنووسی بە بۆنەی یادی رۆژنامەنووسی کوردییەوە




کۆڕ لەسەر رۆژنامەگەری کوردی




کەرکوک: کۆڕی خەندان و ئاسۆ




ئۆردن: عەممان کۆڕی دەستووری عیراق و مەسەلەی کەرکوک - ساڵی ١٩٩٧

